# بەرچەنە..

خوێنـەری ئازیـز، ئـەم کتێبـەی بەردەسـتت، کـە لـە سـێ بـەش پێـک دێت، بایەخێکـی گرنگـی مێژوویـی و سیاسـی بـۆ ئێسـتا و داهاتـووی نەوەکانمـان هەیـە، بەتایبەتـی بـۆ ئـەو توێـژەر و مێژوونووسـانەی سبەی ڕۆژ بیانـەوێ، لێکۆڵینــەوە لەســەر ڕووداوێکــی وەک ١٦ی ئۆکتۆبــەری ٢٠١٧ و ڕۆڵــی پیلانگێڕانـەی نێوەدەوڵەتـی و هەرێمایەتـی لـەو ڕووداوەدا بکـەن.

دوور لـە ئینتیـمای سیاسـی و بیرکردنـەوەی ئایدۆلـۆژی هـەر یەکێکـمان، هەروەهـا لـە دەرەوەی ململانـێ و ناکۆکیـی حزبەکانـی کوردسـتان لەگـەڵ یەکـتر لەسـەر پۆسـت و ئیمتیـاز و بەشـینەوەی هەریسـەی دەسـەڵات، بــەڵام نووســەر و ڕۆژنامەنووســی کــورد لــە باشــووری کوردســتان، کــە شـایەتحاڵی ڕووداوەکان بـوون، نابـێ بـە هیـچ شـێوەیەک شـەرمیان بـەوە بێـت، ١٦ی ئۆکتۆبـەر بـە خیانـەت نـاو ببـەن، یـان بوێریـی ئـەوە بدەنـە بەرخۆیـان، بــە بیانــووی ئایدیۆلــۆژی، پاســاوی ئــەو خیانەتــە گەورەیــە

بدەنـەوە، کـە بـە هۆیـەوە زیاتـر لـە ٥٠٪ی خاکـی کوردسـتان، کـە بـە خوێنـی ئاڵـی هـەزاران پێشـمەرگەی شـەهید و برینـدار لـە دژی چەتـە و تیرۆریسـتانی دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش) ئـازاد کرابـوو، لـە دەسـتماندا. یـان ڕاسـت و ڕاشـکاوتر بڵێیـن، کرایـە پارووێکـی چـەور و لەسـەر سـنییێکی زێڕیـن، پێشکەشـی حکوومەتـی عێراقـی و میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی کـرا.

ڕاسـتییەکەی ئـەوە ئێمـە نیـن کـە بـە زۆری زۆرداری، یـان لـە دژی گرووپێـک، یاخـود بـۆ دڵـی هێزێکـی سیاسـی، ١٦ی ئۆکتۆبـەر بـە خیانـەت نـاو دەبەیـن. بـە پێچەوانـەوە، ڕاسـتی ڕووداوەکان خۆیـان، بەڵگـە و ئەرگۆمێنتـەکان خۆیـان، لێدوانـی خەڵکـی کەرکـووک و خورماتـوو و ناوچەکانـی تـر، گریـان و هەناسەسـاردی پێشـمەرگە قارەمانـەکان، لێـدوان و ددانپێدانانـی سـەرکردە سیاسـی و فەرماندەکانـی پێشـمەرگە لـە کوردسـتان، تەنانـەت لێـدوان و ددانپێدانانـی سـەرکردە سیاسـییەکانی عێـراق و فەرماندەکانـی حەشـدی شـەعبی (کـە هەمـوو ئـەو بەڵگانـە بـە ڤیدیـۆ، بـە دەنـگ و ڕەنـگ هـەن و مـاون)، ئـەوە پشتڕاسـت دەکەنـەوە، کـە ١٦ی ئۆکتۆبـەر، ئەڵقەیەکـی دیکـەی زنجیـرەی مێـژووی خیانەتکارییـە لـە کوردسـتان.

بەهەرحـاڵ، بەشـی یەکەمـی ئـەم کتێبـە تەوەرێکـی تایبەتیـی هەفتەنامەی (بـاس)-ە دەربـارەی ڕۆڵـی بەریتانیـا لـە پیلانگێـڕی و خیانەتەکـەی ١٦ی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ٢٠١٧، کـە بەنـدە ئامـادە و سەرپەرشـتی کـردووە و تیایـدا جگـە لـە وتارێکـی شـیکاریی بەنـدە لەمـەڕ ڕۆڵـی بەریتانیـا لـەو کارەسـاتەدا. بـە سوپاسیشـەوە، هـەر یەکـە لـە بەڕێـزان (پ.د. جەبـار قـادر، پ.د. خەلیـل ئیسـماعیل، مامۆسـتا عەبدولڕەحـمان سـدیق و چۆمـان تەقیەدیـن) بـە لێکۆڵینـەوەی جیـددی بەشـداریان تێـدا کـردووە

و لــە ژمارەکانــی () هەفتەنامەکــە بــڵاو کرانەتــەوە. هەرچــی بەشــی دووەمــە، بریتییــە لــە چەنــد وتارێکــی شــیکاریی بەنــدە، کــە ڕاســتەوخۆ پەیوەندییــان بــە دەرهاویشــتە نەخوازراوەکانــی دوای خیانەتەکــەوە هەیــە. بەتایبەتــی پرســی تۆخبوونــەوەی گوتــاری شــۆڤێنیزمی عەرەبــی لــە عێــراق بەرانبــەر بــە کــورد و سیاســەتەکانی گۆڕینــی دیمۆگرافیــای کوردســتان، کــە دەســەڵاتدارێتیی داگیرکەرانــەی حکوومەتــی عێــراق و حەشــدی شــەعبی لــە کەرکــووک و خورماتــوو و چەنــد ناوچەیەکــی دیکــە، وەک بەشــێک لــە ســتراتیژی بەعەرەبکــردن و پانشــیعەگەری، پەیڕەویــان لێــی کــرد و تــا چرکەســاتی ئێســتاش لەســەری بەردەوامــن. بەشــی ســێیەمیش، کــە وەک پاشــبەند، یــان پاشــکۆ دامنــاوە، ناوەڕۆکــی ڕاپۆرتێکــی تێروتەســەلە لەبــارەی هەمــوو ئــەو بڕگــە و مــاددە یاســایی و دەســتوورییانەی نــاو دەســتووری عێــراق، کــە حکومەتــی عێــراق پێشــێلی کــردوون. ئــەو ڕاپۆرتــە، کــە ژمارەیــەک توێــژەر و مامۆســتای ئەکادیمــی و پســپۆری یاســا و دەســتوور ئامادەیــان کــردووە، هــاوکارم (دیــار عەزیــز) لــە عەرەبییــەوە وەریگێڕاوەتــە ســەر زمانــی کــوردی و پوختــی کردووەتــەوە و دایڕشــتووەتەوە و وەک پاشــکۆیەکی ســەربەخۆی هەفتەنامــەی (بــاس)، لــە ڕێکەوتــی بــڵاو کراوەتــەوە.

لێــرەوە دەمــەوێ سوپاســی بــرای بەڕێــزم (ســاســان عەونــی، ئەندامــی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتیی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و بەرپرســی دەســتەی ڕێکخــراوە جەمــاوەری و پیشــەییەکان) بکــەم، کــە وێــڕای پێشــنیارەکەی بــۆ چاپکردنــی ئــەم کتێبــە، هــاوکات ئەرکــی چاکردنەکەیشــی خســتە ئەســتۆی دەســتەی ڕێکخــراوەکان.

# پێشەکی

بــە خوێندنەوەیەکــی ورد بــۆ ڕابــردووی دوور و نزیکــی کوردســتان، بەتایبەتـی لـەو قۆناغانـەی مێـژوودا، کـە کورد گەیشـتووەتە دەسـکەوتێکی سیاسـی و لـە سـەروبەندی بەیەکەوەنانـی کیانێکـدا بـووە، یـان کیانەکـەی بونیـاد نـاوە، جیـا لـە وڵاتانـی داگیرکـەری کوردسـتان، ژمارەیـەک وڵاتـی زلهێـز و بڕیاربەدەسـتی دونیـا، بەیەکـەوە هەماهەنـگ و هـاوکار بوونـە بــۆ لەگۆڕنانــی ئــەو ئاواتانــەی کــورد. بەریتانیــا وەک وڵاتێکــی زلهێــز و بڕیاربەدەســتی جیهــان، کــە ســەرلەبەری مێژووەکــەی بریتییــە لــە داگیرکردنــی وڵاتــان و چەوســاندنەوەی گەلانیــان، لــە ڕۆژئــاواوە بــۆ ڕۆژهـەڵات و لـە باکوورەوە بـۆ باشـووری گـۆی زەوی. یەکێـک بـووە، یـان ڕاسـتتر لـە پێشـەنگی ئـەو وڵاتـە زلهێزانـە بـووە، کـە بـە پلـەی ئیمتیـاز دژی خواسـت و مافـە ڕەواکانـی کـورد وەسـتاوەتەوە و ڕۆڵـی سـەرەکی لـە دابەشـکردنی کوردسـتان و بەدوایشـیدا، لـە پیلانگێڕانـەی لەناوبردنـی

دەسـكەوتەكانی كـورددا گێـڕاوە.

پرسیار ئەوەیە، بەریتانیا بۆچی ئاوا دژی خواست و مافی كوردانە؟

تۆڵەی چی و كێ لە كورد دەكاتەوە؟

كورد لە كوێدا لەمپەر بووە لە بەردەم سیاسەت و ستراتیژەكانی؟

ئەمانـە و زۆر پرسـیاری دیكـە، دەكەینـە تەوەرێكـی كـراوەی گفتوگـۆ و قسـە لەسـەركردن بـۆ ژمارەیـەك نووسـەر و مێژوونـووس، بـۆ ئـەوەی بـە كۆمەكـی ڕاوبۆچوونەكانیـان، كـۆدی ئـەم نهێنییـەی هەڵوێسـتی دوژمنكارانـەی بەریتانیـا بەرانبـەر گەلـی كـورد بكەینـەوە.

هەفتەنامەی (باس)

# کورد لەناو سێرەی ئینگلیزدا
# بەریتانیا تۆڵەی کێ لە کورد دەکاتەوە؟

نووری بێخاڵی

# کورد لە قەفەسی ستەمی نێودەوڵەتیدا!

بــە بۆچوونــی سۆسیۆلۆژیســتی تــورک، ئیســماعیل بێشــکچی، کــە لــە کتێبــە ناسراوەکــەی خــۆی (کوردســتان کۆڵۆنییێکــی نێودەوڵەتــی) ئامــاژەی پێــداوە: " ئامانجــی ســەرەکیی ڕێگرتنــی کۆڵۆنیالیزمــی نێودەوڵەتــی، لــەوەی کــورد ببێتــە خاوەنــی دەوڵەتــی ســەربەخۆ، بریتییــە لــە ئاســانکاری بــۆ دەســتگرتن بەســەر سامانی ســەر و ژێــر زەوی و ســەرچاوەکانی وزە لــە کوردســتاندا".

کاردانــەوەی هەلپەرســت و بەدنمەکانــەی نێودەوڵەتــی لــە بەرانبــەر ئەنجامــی ڕیفراندۆمــی کوردســتان لــە ٢٥ی ئەیلوولــدا، کــە کــورد وەک مافێکــی ڕەوا و دەســتووری ئەنجامــی دا، ڕێــک خەیاڵــمان دەباتــەوە ســەر چەندیــن ئەزمــوون و قۆنــاغ و جومگــەی مێژوویــی کــورد لــە پەیوەســت بــە هــەوڵ و تێکۆشــان و خەبــات لــە پێنــاو بونیادنانــی دەوڵەتــی ســەربەخۆ و ڕۆڵــی وڵاتانــی ڕۆژئــاوا لــە شکســتپێهێنانی هەمــوو ئــەو ئەزموونانــە و

زیندەبەچاڵکردنــی خەونــی ئازادیخوازیــی کــورد.

لـەم بارەیـەوە نووسـەری ئێرانی، محەممـەد ڕەزا جەلائی لـە کتێبەکەیدا بـە نـاوی (پرسـی کـورد)، بـە شـێوەیەکی ورد پـەردەی لەسـەر نهێنیـی هەڵوێسـتی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بـە گشـتی و بەریتانیـا بـە تایبەتـی لـە دژی کـورد لاداوە. جەلائـی ئـەم هەڵوێسـتە دوژمنکارانـەی نـاو نـاوە (تیـۆری بەرژەوەنـدی). بـەو مانایـەی کـە دوور لـە هەمـوو بەهـا و پرەنسـیپێکی یاسـایی و ویژدانـی و ئەخلاقـی، کـورد کراوەتـە قوربانیـی بەرژەوەندیـی سیاسـی و ئابووریـی ئـەو وڵاتانــە. بــە جۆرێــک، چەنــدە حوکمڕانیــی دەوڵەتەکانـی تورکیـا، عێـراق و ئێـران بەرژەوەندیـی وڵاتەکانـی ڕۆژئاوایـان لـە ناوچەکـەدا پاراسـتبێ و بـە ئاراسـتەی ویسـت و مەیـل و داواکاریـی ئـەوان کاریـان کردبێـت، ئەوەنـدە زیاتـر، وڵاتانـی بڕیاربەدەسـتی ڕۆژئـاوا و لەناویانـدا بەریتانیا، بەرگریـان لـە مانـەوەی ئـەو سیسـتەمە حوکمڕانییـە سـتەمکارانە و پـڕۆژە شـۆڤێنییەکانیان لـە کوردسـتاندا کـردووە.

هەڵوێسـتی دوژمنکارانـەی نێودەوڵەتـی لـە ددانەنان بـە جیابوونەوەی کـورد و مافـی ئـەو نەتەوەیـە لـە بونیادنانـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی خـۆی، شـتێکی نـوێ و هەنووکەیـی نییـە. تەنانـەت لـە ڕۆژگارێکـدا و لـە مـاوەی سـاڵانی (١٨٨٠ - ١٩٢٥)، لـە سـەردەمی لاوازبـوون و ڕووخانـی هـەردوو ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی و قاجـاری، کـە هەلومـەرج زۆر لەبـار بـوو بـۆ ئـەوەی کـورد بگاتـە ئـەو ئامانجـە نەتەوەییـەی، لـەو ڕێیەشـدا بـە خەبـات و قوربانیـدان درێغـی نەکـرد، کەچـی بەرژەوەندیـی زلهێزانـی ڕۆژئـاوا، ڕێگـر و ئاسـتەنگی سـەرەکی بـوو، لـە شکسـتپێهێنانی هەمـوو هەوڵێکـی کـورد. شانشـینی کوردسـتان لـە سـەردەمی شـێخی نەمـر (١٩٢٢ - ١٩٢٤)، کۆمـاری کوردسـتانی سـوور (١٩٢٣ - ١٩٢٩)، کۆمـاری ئاراراتـی ئیحسـان نـووری پاشـا (١٩٢٧ - ١٩٣٠)، کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتانی پێشـەوا

قـازی (١٩٤٦)، کۆمـاری کوردیـی لاچینـی ویکیـل مسـتەفاییف (١٩٩٢).

ئەمانـەی سـەرەوە بەشـێکی ئـەو ئەزموونانـەی هـەوڵ و تێکۆشـانی کـوردن لـە سـەدەی ڕابـردوودا، کـە بـە هەوڵـی نێودەوڵەتـی لەبـار بـردران. بـە سـەرنجدان لـە هەلومـەرج و قۆناغـی سیاسـیی سـەرهەڵدانی ئـەو دەوڵـەت و کۆمـارە کوردییانـەی سـەدەی بیسـتەم و وردبوونـەوە لـە هاوکێشـەی سیاسـی ناوچەکـە و جەمسـەربەندی وڵاتـان و هاوسـەنگیی هێـز، دەگەینـە ئـەو ڕاسـتییەی کـە هـۆکاری کەوتـن و شکسـتی هەموویـان هاوشـێوەن، بەتایبەتـی لـە پەیوەسـت بـە ڕۆڵـی بەرژەوەنـدی و پەیوەندیـی نێـوان وڵاتانـی داگیرکـەری کوردسـتان و وڵاتـە زلهێـز و بڕیـار بەدەسـتەکانی دونیـا لـەو سـەردەم و قۆناغانـەدا. واتـە بـە پلـەی یەکـەم هـۆکارە دەرەکییـەکان و پیلانگێڕیـی وڵاتـان لـە دژی کـورد، ڕۆڵـی کاریگەریـان لـە شکسـتپێهێنانی ئـەو ئەزموونانـەی کـورد و لەناوبردنـی دەسـکەوتە نەتەوەییەکانیـان هەبـووە، هـەر لـە ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتانی سـوور، پادشـایەتییەکەی شـێخ، کۆمـارە سـاواکەی پێشـەوا و ڕێککەوتنـی شـوومی جەزائیـر، تـا دەگاتـە پیلانگێـڕی و گەلەکۆمـەی ١٦ی ئۆکتۆبـەر.

# ئەو وڵاتەی خۆری ستەمکاری لێ ئاوا نابێت!

کە قسە دێتە سەر بەریتانیا (ئینگلتەرا)، یەکڕاست خەیاڵمان دەچێتەوە سەر دوو شت. یەکەمیان، بەڵگەنامەی یاسایی و دەستووری (مەگناکارتا، یان میساقی مەزن - ١٢١٥ز)، کە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ئینگلیزیی گرنگە و بە (میساقی مەزنی ئازادییەکانی ئینگلتەرا) دادەنرێ. یەکێک لە گرنگترین بەڵگە یاساییەکانی مێژووی دیموکراسیەتە و ڕۆڵێکی کاریگەری لە سەروەرکردنی یاسای دەستووری و تەنانەت لە دارشتنی بنەماکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و پێش ئەویش، لە دارشتنی بەڵگەنامەی مافە دەستوورییەکانی ئەمریکادا بینیوە. دووەمیان گوزارشتی (ئەو ئیمپراتۆریەتەی خۆری لێ ئاوا نابێت). بەو پێیەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، وەک گەورەترین ئیمپراتۆریەت لە مێژووی جیهاندا، لە ساڵی ١٩١٣ بەدواوە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، دەسەڵاتی داگیرکەرانەی خۆی بەسەر نزیکەی چارەگێکی ڕووبەری

زەوی و زیاتـر لـە چارەگێکـی ژمـارەی دانیشـتووانی جیهانـدا سـەپاندووە. هـەر بـە هـۆی ئـەم پاوانکارییـەی و لەبـەر ئـەوەی بـە درێژایـی مـاوەی دەسـەڵاتدارێتییە فراوانەکـەی، ئەگـەر لـە یەکێکیشـیان ئـاوا ببـوا، ئـەوا خـۆر لـە کۆڵۆنیایەکـی دیکـەی ژێردەسـتی هـەر دەردەکـەوت. بۆیـە بـە (ئـەو ئیمپراتۆریەتـەی خـۆری لـێ ئـاوا نابێـت) ناوبانگـی دەرکـرد.

لـەو ماوەیـەدا هـەر یەکـە لـە (ئوسـترالیا، نیوزیلانـد، سـیرالیۆن، لیبریـا، باشـووری ئەفریقیـا، هینـد، چین، سـەنگافوورە، عێـراق، فەلەسـتین، عومان، یەمـەن، سـینا، گوایانـا، فیجـی، کریباتـی، کەنـەدا) کۆڵۆنیالـی بەریتانـی و لەژێـر قەڵەمـڕەوی دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتـی مەزنـی بەریتانیـدا بـوون. بەمـەش بەریتانیـا بـۆ کۆڵۆنییەکانـی دەبێتـە مارکـە و براندی سـتەم و چەوسـاندنەوە لـە سـەدەی ڕابـردوودا. بـەو مانایـەی، ئـەوە خـۆری داگیـرکاری و چاوتێبڕینـی نـاو کەللـەی بەریتانیایـە، کـە لـەو سـەری پـڕ لـە پیـلان و ئاژاوەگێڕیـان ئـاوا نابێـت. خـۆری دوژمنـکاری و داگیـرکاری بـۆ تاریککردنـی ژیانـی مرۆڤایەتـی و گەلانـی چەوسـاوەی دەرەوەی خۆیـان. یەکێـک لـەو گـەل و وڵاتانـەش کـە زیاتـر لەسـەد سـاڵ، خـۆری چەوسـانەوە و سـتەمکاریی بەریتانیـا سـووتاندوویەتی و دەیسـووتێنێ، کـورد و کوردسـتانە.

# ئەو وڵاتەی خۆری ستەمکاری لێ ئاوا نابێت!

جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ - ١٩١٨) و ڕێککەوتنی ئاشتیی دوای جەنگ، بووە هۆی لەدایکبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ. لە ماوەی جەنگدا بەریتانیا لە پەیوەست بە دواڕۆژی ناوچەکە، ژمارەیەک بەڵێن و موژدەی بە گرووپ و پێکهاتەکانی ناوچەکە دا، بەڵام لە ڕێککەوتنی نهێنیی سایکس - بیکۆ (١٩١٦)، لە نێوان خۆیاندا، هەر یەکە لە بەریتانیا و فەڕەنسا، بڕیاری دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان دا و سیستەمی ئینتیداب بووە نەخۆشییکی درم و پەتایەکی کوشندە و جەستەی گەلانی ناوچەکەی هەلا هەلا کرد.

لەم ڕوانگەیەوە، ڕەگی هەموو ململانێ و ناکۆکییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست و درێژبوونەوەی سەت ساڵ ڕووباری خوێنڕێژیی لە

ناوچەکـەدا، بـۆ سـەردەمی پیلانگێڕییەکانـی کۆلۆنیالیزمـی بەریتانـی دەگەڕێتـەوە، بەتایبەتـی لـە مـاوەی نێـوان هـەردوو جەنگـی یەکـەم و دووەمـی جیهانـی و ڕووخانـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی و هاتنـە کایـەی سیسـتەمی ئینتیـداب. بۆیـە بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ ڕابـردوو و ئـەو قۆناغـە مێژووییـە، تێگەیشـتن لـە سروشـت و ماهیـەت و چیەتـی ئـەو ململانێیانـە.. سـیما و ئەدگارەکانـی داگیـرکاری و سـتەم.. هاتنەسـەر حوکمـی دیکتاتـۆرەکان.. بەردەوامیـی کودەتـای سـەربازی و چەوسـاندنەوەی گـەلان و پێکهاتـە ئیتنـی و مەزهەبییـەکان لـە لایـەن حوکمڕانانـی وڵاتانـی دەسـتکردی کۆلۆنیالیزمـی بەریتانـی و فەڕەنسـی.. گەشـەنەکردنی دیموکراسـیەت و خورتبوونـی بزووتنـەوە پەڕگیـر و تونـدڕۆ و تیرۆریسـتییەکان.. ڕۆڵـی سـەرچاوەکانی وزە و جەمسـەربەندی هێـز و بەرژەوەندییـەکان لەنـاو هاوکێشـەی ئـەو ململانـێ و ناکۆکییانـەدا، کارێکـی ئەسـتەمە.

هەمـوو ئـەو دەوڵـەت و دەوڵەتۆچکانـەی بەریتانیـا و فەڕەنسـا لـەو قۆناغـەدا دروسـتیان کـردن، سـەرچاوەی نەهامەتـی بـوون بـۆ گـەلان و پێکهاتەکانـی ناوچەکـە، کـە کـورد یەکێکـە لـە دیارتریـن و زیانمەندتریـن قوربانییەکانـی ئـەو سیاسـەتە. ئـەو دوو دەوڵەتـە کاتـێ دوای جەنگـی یەکـەم نەخشـەی ناوچەکەیـان داڕشـتەوە و سـنوورێکی هەڕەمەکیـان لـە ناوچەکـەدا لـە نێـوان ئـەو کۆلۆنییانـەی خۆیانـدا کێشـا، تەنیـا بـە ئامانجـی بەردەوامیـدان بـوو بـە دەسـەڵاتی هەژموونگەریـی خۆیـان و دەسـتگرتن بەسـەر سـامانی سـەر و ژێـر زەوی ناوچەکـە. بـۆ ئەمـەش پێویسـتیان بـە پشـتیوانیکردنی کاراکتـەر و حوکمڕانـی دیکتاتـۆر هەبـوو، کـە لـە پـای پاراسـتنی بەرژەوەندیـی کۆلۆنالیـزم، ئەوانیـش کورسـی دەسـەڵاتیان بپارێـزن. ڕێککەوتنێـک کـە لـە سـایەیدا نـەک سیسـتەمێکی دیموکـرات

لـە ناوچەکـەدا تـا ئەمڕۆکـەش بەرهـەم نەهـات و نەهاتـە سـەر تەختـی حوکـم، بەڵکـوو هەرچـی پێکهاتـەی نەتەوەیـی و ئایینیـی ناوچەکـە بـوون، کـە لـە نەتـەوەی سەردەسـتی دەوڵەتـە دەسـتکردەکان نەبـوون، ڕووبـەڕووی پاکتاوکـردن و لەناوبـردن بوونـەوە.

بـە کورتـی و بـە کـوردی، سیسـتەمی ئینتیـداب و سیاسـەتی کۆڵۆنیالیزم لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، کـە تـا ئەمـڕۆش بەردەوامـە و لـە فـۆڕم و بەرگێکـی دیکـەدا درێـژە بـە تەمەنـی دەسـەڵات و هەژموونگەریـی خـۆی و پاراسـتنی بەرژەوەندییـە ئابوورییەکانـی دەدات. واتـە سیسـتەم و سیاسـەتی بـە کۆیلەکردنـی کەمینەیەکـی حوکمـڕان بـۆ خەسـاندنی زۆرینـەی مرۆڤەکانـی ناوچەکـە، بـە ئامانجـی پاراسـتن و گەشـەپێدانی بەرژەوەندیـی سیاسـی و ئابووریـی وڵاتانـی کۆڵۆنیالیـزم و کۆنتڕۆڵکردنـی سـەرچاوەکانی وزە و تاڵانکردنـی سـامانی سـەر و ژێـر زەوی ناوچەکـە.

خوێندنـەوەی هـەردوو کتێبـی (حەفـت کۆڵەگەکـەی حیکمـەت)ی تۆمـاس ئێـدوارد لۆرانـس و (بیـری ژەهـراوی: میراتـی ئیمپراتۆریـەت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت)ی ڕۆجێـر هـاردی، بەرچـاوی مـرۆڤ لـەم بارەیـەوە زیاتـر ڕوون دەکەنـەوە. بـەو پێیـەی لـە میانـی خوێندنەوەیانـدا (ئەمـە جیـا لـە دەیـان و سـەدان سـەرچاوەی دیکـە) خوێنـەر دەگاتـە ئـەو ڕاسـتییەی، کـە ئـەوەی تـۆوی شـەڕانگێزی و سـتەمکاری و سـەرکوتکردن و دیکتاتۆریەتـی لـە خاکـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا چانـد، سیسـتەمی ئینتیدابـی بەرهەمـی سیاسـەتی کۆڵۆنیالیزمـی بەریتانـی - فەڕەنسـی بـوو.

ڕۆجـەر هـاردی، لـە کتێبیەکەیـدا ئامـاژە بـەوە دەکات، کـە سـەرەڕای دەرچـوون و ڕۆیشـتنی ڕۆژئاواییـەکان لـە ناوچەکـە، بـەڵام تـا هەنووکـەش شـوێنەوارە تاریکەکانـی سیاسـەت و بڕیـار و ڕەفتارەکانیـان لـە یادەوەریـی گەلانـی ناوچەکـەدا ماوەتـەوە و دەڵـێ: " ئێسـتاش لـە ڕۆژهەڵاتـی

ناوەڕاستدا یادی ڕووداوگەلێک دەکرێتەوە، کە پێش سەدەیەک ڕوویان داوە و وەک ئەوەی دوێنێ بێت ڕوویاندابێت. لەوانە، ڕێککەوتنی سایکس - بیکۆ و بەڵێنی بەلفۆڕ، ڕووداوگەلێک کە تائەوپەڕی تاریکن".

هاردیی ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر و شارەزای کاروباری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەرنامەیەکی لە ڕادیۆی (بی بی سی) بەناوی (پرۆسەی دروستکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) هەبوو. وەک خۆی لە پێشەکییەکەیدا باسی دەکات، کتێبەکەی کۆکراوەی زانیارییەکانی ناو زنجیرەکانی ئەو بەرنامەیە و چەندین سەرچاوەی مێژوویی و بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی و دیداری شایەتحاڵ و کەسایەتییەکان و ئەرشیفی وێنە و کتێبی بیرەوەرییەکانە. لە کتێبەکەیدا سەرەڕای ئاماژەکردن بەوەی، کە پێنج لە گەورەترین ئەو کارەساتانەی لە سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویانداوە، بەرهەمی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا بوون. هاوکات باس لەوە دەکات کە کۆڵۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی، ئینجا بەریتانییەکەی، هیچ میراتێکی باش و شایستە بە ستایشکردنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێنەهێشت.

لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین: سیاسەتی کۆڵۆنیالیزم و سیستەمی ئینتیدابی بەریتانی، برینێکی کراوەیە بە جەستەی ناوچەکە و تا ئێستاش خوێنی لەبەر دەڕوا. سیاسەتێکە لەپێناو درێژەدان بە هەژموونی دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆی کۆڵۆنیالیزم و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، دیکتاتۆریەت و ستەمکاری لە ناوچەکەدا کردە کولتوورێکی سیاسی و جەنگ و کودەتایشی کردە ئامرازی بەردەوامیی ئەو کولتوورە سیاسییە لۆکاڵییە. سیاسەتێکە، ناوچەکەی نقوومی جەنگی نەتەوەیی و تائیفی و گەلان و پێکهاتەکانیشی سەرگەردان

کـرد. سیاسـەتێکە، لـەوێ ڕۆژێـوە تـا ئەمـڕۆ، ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ، سـەرچاوەی نەهامەتـی و مەینەتییەکانـی ناوچەکـە بـووە.

# "ئەوەی لە مشک بێت، جەواڵ دڕێنە"

یەکێک لە میوانەکانی ئەڵقەیەکی بەرنامە سیاسییە هەفتەناییەکەم (هەڤپەیڤین) لە تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤، ئەنگەس مەککای، کونسوڵی پێشووی بەریتانیا لە هەولێر، بوو. من ڕۆژان و کاتژمێرەکانی پێش دیدارەکە (کە سوور بوو لەسەر ئەوەی بەرنامەکە ڕاستەوخۆ نەبێت!)، لە میانی گفتوگۆ و گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوون و پرسیار و وەڵامەکاندا، بەتایبەتی کاردانەوەکانی لە بەرانبەر ئەو سەرنج و تێبینییە مێژووییانەی لە بارەی ڕۆڵی بەریتانیا لە کوشتنی خەونی سەد ساڵەی کورد، بۆم دەخستەڕوو. بۆم دەرکەوت هەرچی پەیوەندی بە دۆستایەتیی کورد و بەریتانیا هەیە، لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە دووفاق و دڕدۆنگە دەرناچێت، کە بەریتانیا بە هۆیەوە ئامادەیە گەلانی ژێردەستە بە ئاسانی بکاتە قوربانی بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی. بەو مانایەی، لەوەدا کە کونسوڵ بە

ئەنقەست خۆی لە ناوبردنی کوردستان و کێشە ڕاستەقینەکەی گەلی کوردستان لەگەڵ عێراق و پێشێلکارییەکانی حکوومەتی ئەو وڵاتەی لە دەستوور دەبوارد، هەروەها بە هەناسەی عەرەبێکی عێراقچی داکۆکی لە پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکرد و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئاراستەی گفتوگۆکە بباتەوە سەر وردەشتی لابەلا، یان ئەوەی کە کورد تەنیا شایستە بە هەندێ مافی کولتووری و فەرهەنگی بێت.

# زمانی دیپلۆماسی، وەک (با)ی پێش تۆفان!

هـەر لـە ڕۆژی ٧ی حوزەیرانـی ٢٠١٧، کاتـێ حزبـە کوردسـتانییەکان لـە کۆبوونەوەیەکـدا بـە سـەرۆکایەتیی مەسـعود بارزانـی، (سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتانی دەسـت لەکارکێشـاوە)، بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمیـان دا، تـا دەگاتـە ڕۆژی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم، تەنانەت لـە کاردانەوەکانی دوای ئـەو پرۆسـەیەش، بەریتانیـا ڕژد بـوو لەسـەر دژایەتیکردنـی پرۆسـەکە. بـۆ کەسـی چاودێـر بەسـەر ڕووداوەکانـی ئەوکاتـە و لێدوانـە سیاسـی و کارە میدیاییەکانـی ئـەو وڵاتـە، زۆر ئاسـانە درک بـەو هەڵوێسـتە دوژمنکارییـەی بەریتانیـا بـکات، ئـەو هەڵوێسـتەی دواجـار لـە پیلانگێـڕان بـۆ سەرخسـتنی خیانەتەکـەی ١٦ی ئۆکتۆبـەر، گەیشـتە چڵەپۆپـە.

هــەر لەگــەڵ گەرمبــوون و نزیکبوونــەوەی پرســی ئەنجامدانــی ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی کوردســتان، بــە پاســاوی (نەگونجــاوی کات، لەبارنەبوونــی هەلومــەرج، بەردەوامــی شــەڕی داعــش و تێکچوونــی

ئاسایشـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت)، بەریتانیـــا بێپـــەردە و بەڕاشـــکاوی، لـــە ئاســـتی دیبلۆماســـیدا دژایەتیـــی خـــۆی بـــۆ ئـــەم داوا و مافـــە ڕەوا و دەســـتوورییەی کـــورد نەشـــاردەوە.

بۆریـــس جۆنســـۆن، وەزیـــری دەرەوەی بەریتانیـــا لـــە بەیاننامەیەکـــدا جەختـــی کردووەتـــەوە، بەریتانیـــا پشـــتگیری ڕیفراندۆمـــی ســـەربەخۆیی کوردســـتانی عێـــراق نـــاکات. هەروەهـــا ئامـــاژەی بـــەوە کـــرد، وڵاتەکـــەی لەســـەر کارکـــردن بـــۆ پاراســـتنی ســـەروەری و یەکپارچەیـــی خاکـــی عێـــراق، بـــەردەوام دەبێـــت.

لـــە بەیاننامەیەکـــدا کـــە لـــە ١٦ی ئەیلوولـــی ٢٠١٧ لـــە نووســـینگەی جۆنســـۆن دەرچـــووە، هاتـــووە " بەریتانیـــا پشـــتگیری ئـــەو ڕیفراندۆمـــە نـــاکات، هەروەهـــا بـــەردەوام دەبێـــت لەســـەر پشـــتیوانیکردنی پاراســـتنی ســـەروەری و یەکپارچەیـــی خاکـــی عێـــراق. هـــەر ڕیفراندۆمێکیـــش ئەگـــەر بکـــرێ، دەبـــێ بـــە ڕەزامەندیـــی حکوومەتـــی عێراقـــی بێـــت".

وەزارەتـــی دەرەوەی بەریتانیـــا لـــە بەیاننامەکەیـــدا، نـــەک هـــەر نیگەرانی خـــۆی لـــە هەڵوێســـت و ســـووربوونی هەنـــدێ ســـەرکردەی کـــورد لەســـەر ئەنجامدانـــی ڕیفرانـــدۆم دەربڕیـــوە، بەڵکـــوو ئەنجامدانـــی ڕیفراندۆمـــی ســـەربەخۆیی کوردســـتانی، وەک هەڕەشـــە و مەترســـی بۆســـەر ئاسایشـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت نـــاو بـــرد.

لای خۆیـــەوە وتەبێـــژ بەنـــاوی حکوومەتـــی بەریتانیـــا، جەختـــی کردووەتـــەوە، کـــە بەریتانیـــا پشـــتگیری ڕیفراندۆمـــی کوردســـتان نـــاکات و ســـووره لەســـەر پاراســـتنی ســـەروەری و یەکپارچەیـــی خاکـــی عێـــراق. ئیدویـــن ســـمۆئیل، وتەبێـــژ بـــە نـــاوی حکوومەتـــی بەریتانیـــا لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت و باکـــووری ئەفریقیـــا لـــە لێدوانێکیـــدا لـــە پەراوێـــزی خولـــی ٧٢ی نەتـــەوە یەکگرتووەکانـــدا لـــە نیویـــۆرک ڕایگەیانـــد " بەریتانیـــا لـــە ســـەرەتاوە

دژایەتیـی ڕیفراندۆمـی کـرد و گوتمـان دەبـێ لـەم بارەیـەوە ڕێککەوتـن لەگـەڵ حکوومەتـی عێـراق بکـرێ و پێویسـتە ڕیفرانـدۆم بەرمەبنـای یاسـاکانی عێـراق بێـت".

هـاوکات جۆناسـان ئالـن، نوێنـەری بەریتانیـا لە نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕایگەیانـد " ئێمـە بەردەوامیـن لەسـەر پشـتگیریکردنی سـەروەری و یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق، ئەمـەش هەڵوێسـتی هەمـوو ئەندامانـی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتییـە".

ئالـن جەخـت دەکاتـەوە " ئـەوەی بـۆ نەتـەوە یەکگرتـووەکان زۆر گرنگـە، هێورکردنـەوەی دۆخەکـە و ڕەچاوکردنـی شـەڕی داعشـە، بەتایبەتـی پاراسـتنی ئاسایشـی کەرکـووک و ناوچەکانـی مـاددەی ١٤٠"

وەکوتـر فرانـک بیکـەر، باڵیـۆزی بەریتانیـا لـە عێـراق، لـە کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانیـدا لـە پارێـزگای هەڵەبجـە ڕایگەیانـد " کاتەکـە بـۆ ئەنجامدانی ڕیفرانـدۆم لـە کوردسـتان گونجـاو و لەبـار نییـە، بۆیـە پێویسـتە هـەر بڕیارێکـی لـەم چەشـنە، بـە هەماهەنگـی و لەگـەڵ بەغـدا بـدرێ"

جێـی سـەرنجە، بـۆ ئـەوەی دژایەتیکردنـی خـۆی بـۆ ڕیفراندۆمـی کوردسـتان و ئیـرادەی گەلـی کـورد پاسـاو بداتـەوە، بەریتانیـا لـە سـەر زاری ئـەم بەرپـرس و دیبلۆماتکارانەیـەوە، قەوانـی سـواوی " ئێمـە لـە داخوازییەکانـی گەلـی کـورد تێدەگەیـن، بۆیـە وەک ئەلتەرناتیـڤ، پێشـنیاری دانوسـتاندنێک لـە نێـوان حکوومەتـی عێـراق و حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن، کـە هۆکاربێـت بـۆ نەهێشـتنی ناکۆکییەکان و چارەسـەرکردنی کێشـەکان" یـان لـێ دایـەوە.

# میدیاو وەک باسکی سیاسەت!

بەریتانیـا تەنیـا لـە ڕێـگای سیاسـی و دیبلۆماسـییەوە نـا، بەڵکـوو بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆش، لـە میدیاکانـی وڵاتەکەیـدا کەوتـە دژایەتیکردنـی خواسـت و مافـی ڕەوای کـورد لـە سـەربەخۆیی و بڕیـاردان لـە چارەنووسـی خـۆی. ڕەنگـە هـەروا ڕێکـەوت نەبـێ، لـە یـەک کاتـدا (وەزیـری دەرەوەی بەریتانیـا، نوێنـەری وڵاتەکـە لـە نەتەیەکگرتـووەکان، باڵیۆزەکـەی لـە بەغـدا و کونسـوڵەکەی لـە هەولێـر) دژی مافـی کـورد بوەسـتنەوە، هـاوکات هەنـدێ میدیـای ئـەم وڵاتـەش لـە بڵاوکردنـەوەی بابەتـی گومانـاوی لەسـەر کوردسـتان، بەتایبەتـی لەسـەر لەکەدارکردنـی پێشـمەرگە، درێغـی نەکـەن!

لەڕاسـتیدا ئـەم هەڵوێسـتە هێنـدەی لـە هەڵمەتـی دیبلۆماسـی و گەلەکۆمـەی میدیایـی بەریتانیـا لـە دژی خواسـت و مافـە ڕەواکانـی کـورد دەکات، ئەوەنـدە لـە ڕێکـەوت نـاکا. بەریتانیایـەک کـە زیاتـر لـە سـەت

ساڵە سڵی لە دژایەتیکردنی کورد و پارچەکردنی وڵاتەکەی نەکردووە. بەریتانیایەک کە سەرچاوەی سەرەکیی زۆرێک لە نەهامەتییەکانی کورد و شکستپێهێنانی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردەکانە لە هەر چوار پارچەی کوستان.

بەهەرحاڵ، بە تەنیشت گوتاری فەرمی سیاسی و دیبلۆماسیی دژایەتیکردنی مافی کورد لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆی، هەندێ میدیای وڵاتەکەش لە ناشیرینکردنی پێشمەرگە و ڕۆڵی کورد لە شەڕی تیرۆر، هەروەها لە گەورەکردنی قەبارەی هەڕەشە و مەترسییەکانی ڕیفراندۆم، درێغیان نەکرد.

لەو ماوەیەدا زۆرترین ڕۆژنامە و کەناڵی میدیایی بەریتانی، باس و خواسی شەڕی پێشمەرگە لە دژی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و خەونی کورد بۆ دەوڵەتی سەربەخۆییان کردە تەوەری سەرەکیی کارەکانیان و بە ئاراستەی لێدان لە بەرژەوەندیی کورد و کوردستان.

ڕۆژنامەی (تایمز)ی بەریتانی لە ڕێپۆرتاژێکیدا لەسەر شەڕی پێشمەرگە لە دژی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، ئاماژە بەوە دەکات، گوایە هێزی پێشمەرگەی کوردستان (ئەو هێزەی، ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی ڕۆژ تا ئێوارە دەیانگوت، لە جیاتی مرۆڤایەتی جەنگی تیرۆر دەکات!)، لەو ناوچانەی ئازادی کردوون، دەستی داوەتە پرۆسەی گۆڕینی دیمۆگرافیی ناوچەکان و پاکتاوی ڕەگەزیی عەرەبەکان و پێکهاتەکانی ناوچەکە.

تایمزی بەریتانی بەبێ ئەوەی شایەتحاڵێکی دیاری ناوچەکە بدوێنێ، ئاماژە بەوە دەکات کە " کوردەکانی باکووری عێراق بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژ، جگە لەوەی ڕێگای گەڕانەوەی ئاوارە عەرەبەکان نادەن،

هـاوکات دەسـتیان داوەتـە دەرکردنـی ئـەو عەرەبانـەش، کـە ماونەتـەوە و کـورد لـە شـوێنیاندا نیشـتەجێ دەکـەن و سیاسـەتی پاکتـاوی ڕەگـەزی پەیـڕەو دەکـەن". ئەمـە لەکاتێکـدا بـوو، کـە بـە دیوەکـەی تـردا وڵاتەکـەی (تایمـز) لەگـەڵ هاوپەیمانەکانـی، جگـە لـە گیانبـازی و قوربانیـدان و ئازایەتیـی پێشـمەرگە لـە تێکشـکاندنی تیرۆریسـتان، سـتایش و سوپاسـی هەڵوێسـتی حکوومـەت و سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتانیان دەکـرد لە داڵدەدانـی زیاتـر لـە یـەک ملیـۆن و نیـو ئـاوارە و دەربـەدەری عـەرەب و مەسـیحی، کـە قوربانیـی شـەڕی تایەفـی هێـزە تایەفەگەرەکانـی عەرەبـی عێـراق خۆیـان بـوون!

لەکاتێکـدا ڕۆژنامـە بەریتانییەکـە لـە هەمـوو خەڵـک باشـتر دەزانـێ، کـە سـوپای فشـۆڵی عێـراق، شـاری موسـڵ و چـەک و تفاقـی پێشـکەوتووی دوو فیرقـەی خـۆی (وەک ئـەوەی ڕێککەوتنیـان لەگـەڵ تیرۆریسـتانی داعشـدا هەبووبێـت!)، بەبـێ هیـچ تەقـە و بەرەنگارییێـک، ڕادەسـتی داعش کـرد و هـەڵات، کەچـی دەنووسـێ: " ئـەوەی لـە هەڵمەتـی نێودەوڵەتیـی ڕووبەڕووبوونـەوەی داعشـدا براوەیـە، کوردەکانـن. بەتایبەتـی هێـزی پێشـمەرگە سـنووری دەسـەڵات و فەرمانڕەوایەتـی و کۆنتڕۆڵـی خـۆی بەسـەر ئـەو ناوچانـەدا فراوانـتر کـردووە، کـە هێـزە عێراقییـەکان لێـی کشـانەوە!".

وەک ئـەوەی ئـەو ناوچـە کوردسـتانییانەی پێشـمەرگە بـە خوێنـی خۆی ئـازادی کـردن، (خاکـی بەریتانیـا بێـت!)، ڕۆژنامەکـە ئـاوا شـین و واوەیـلا دەکات و بـە بەلاغەتـەوە ئامـاژە بـەوە دەکات: " پێشـمەرگە کۆنتڕۆڵـی چەندیـن ناوچـەی باکـووری عێراقـی کـردووە، کـە ڕووبەرەکـەی دوو ئەوەنـدەی ئـەو ناوچانەیـە، کـە لەژێـر دەسـەڵاتی حکوومەتـی هەریمـی کوردسـتانی عێراقـدان". ئینجـا ڕۆژنامەکـە ئـەو سـەرکەوتن و پێشـکەوتنەی

هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان، کـە بەرهەمـی خوێنـی زیاتـر لـە ٢٠٠٠ هـەزار شـەهید و دە هـەزار برینـدار بـوو، وەک هەڕەشـە دەبینـێ و دەڵـێ:" دەرکەوتنـی کـوردەکان لـە ناوچەکـەدا بـەم بەهێزییـەوە، دەرفەتـی زیاتـری نێودەوڵەتییـان بـۆ دەرەخسـێنێ کـە خەونـی خۆیـان لـە بونیادنانـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ، بێننـە دی. بۆیـە هۆشـداری دەدات " ناکـرێ خەونـی دەوڵەتـی کـوردی لەسـەر بنەمـای هێـزی سـەربازی بونیـاد بـنرێ، بەڵکـو پێویسـتی بـە بنەمایەکـی ئـاکاری و مۆڕاڵـی هەیـە، کـە هەنووکـە ئـەم بنەمایـە لەژێـر هەڕەشـە دایـە!". بەڵـێ، بنەمایەکـی مۆڕاڵـی و ئـاکاری، کـە سـەد ساڵە وڵاتەکـەی تایمـز، لـە بەرانبـەر گەلانـی ستەمدیدەدا ژێـر پێیـان دەخـات!

ڕۆژنامـەی ( ز دەیلـی تەلگراف)یـش لـە یەکێـک لـە ژمارەکانیـدا نووسـیویەتی: " کـوردەکان لـە پـای ڕووبەڕووبوونـەوەی تیرۆریسـتانی داعـش و ئـەو قوربانییانـەی لـەو ڕێگایە بەخشـیویانە، چاوەڕوانی پاداشـت دەکـەن...... کـوردەکان نـەوە دوای نـەوە، خەونـی بونیادنانـی دەوڵەتـی سـەربەخۆیان زیاتـر و پتەوتـر دەبێـت، بۆیـە پێویسـتە بەریتانیـا بیـر لـە قۆناغـی دوای لەناوبردنـی داعـش بکاتـەوە!".

لـە لایەکـی دیکـەوە، ڕۆژنامـەی (سـەندای تەلگـراف) لـە بەدواداچوونێکـی ڕۆژنامەوانیـدا، ئامـاژە بـەوە دەکات، کـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە کەرکـووک، بڵێسـەی ئاگـری ململانێیەکـی درێژخایـەن لـەو شـارەدا هەڵدەگیرسـێنێ، ئـەو شـارەی لەسـەر دەریـای نەوتـە!".

ئـەو ڕۆژنامەیـەش بـە هەمـان ئـاواز و لەسـەر هەمـان ڕیتمـی (تایمـز)، خـۆی لـە ڕاسـتییە مێژووییەکانـی ڕاکردنـی سـوپای عێـراق لـە موسـڵ و ناوچەکانـی دیکـە و بەرگەنەگرتنـی شـەڕی داعـش دەبوێـرێ و دەنووسـێ: " لـە ئاکامـی پاشەکشـەی هێـزە عێراقییـەکان بە هـۆی هێرشـی چەکدارانی

داعــش، هێزەکانــی پێشــمەرگە توانیــان دەســت بەســەر ئــەو شــارە و ناوچەکانــی دیکــەدا بگــرن. بەمــەش وەک دیفاکتــۆ، جڵــەوی دەســەڵاتیان لــەو شــارە کەوتــە دەســت".

بەریتانییــەکان چونکــە هێشــتا خەنجــەری کۆنترۆڵکردنی ســەرچاوەکانی نــەوت لــە لایــەن ئەمریکییــەکان لــە دوای ڕووخاندنــی بەعــس لــە کەمەریــان دایــە، بۆیــە ڕۆژنامەکانیشــیان بــە ئــازاری ئــەم برینــە دەتلێنــەوە و دەنووســێ: " هەنووکــە حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتان بەبــێ ئــەوەی حیســاب بــۆ حکوومەتــی ناوەندیــی بەغــدا بــکات، کاروبــاری شــارەکە بەڕێــوە دەبــات و نەوتــی ناوچەکــە ڕاســتەوخۆ دەفرۆشــێتە کڕیــارە نێودەوڵەتییــەکان".

# بەریتانیا، پڕۆژەیەک دژی کورد!

مەسعود بارزانی لە کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد)دا دەڵێ:" بەریتانیا هەرگیز لە بەڵێنەکانیدا دەربارەی دروستکردنی دەوڵەت، لەگەڵ کورد ڕاستگۆ و جێی متمانە نەبووە". ئەم قسەیەی (بارزانی) سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ، تا چاوێک بە ئەزموونی شکستەکانی کورد لەناو گەردەلوولی پیلانەکانی بەریتانیادا بخشێنین.

بە گوێرەی سەرچاوەکانی مێژوو، لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا، بەریتانیا ڕۆڵی سەرەکی لە لەباربردنی چەندین ئەزموون و دەسکەوتی سیاسی و نەتەوەیی کورد و دەرفەتی بڕیاردان لە چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بینیوە (زیندوو و نوێترین نموونە، ڕۆڵی پیلانگێڕییەکەی بەریتانیا لە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر).

بەریتانیا لە پەیمانی (سیڤەر)دا هەوڵیدا دەرزییێکی هێورکەرەوە لە کورد بدات، تا ئەو دەمەی توورەییەکەی دادەمرکێ، ئەگینا لە بنەڕەتدا باوەڕی بە مافی کورد لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە. بۆیە زۆری نەبرد، لە کورد کەوتەوە سەر پاشوو و بەرمەبنای بەرژەوەندییە تەماحکار و چڵێسەکانی، بە ڕێککەوتنی (لۆزان)، دوا بزماری لە تابووتی خەونەکانی کورد دا. وەک چۆن لە تۆڵەی نەوت و گازی لەدەستچووی کوردستان، بە شێنەیی و شاراوەیی، بە بێدەنگی و ژێربەژێر، لە ١٦ی ئۆکتۆبەر، پیلانێکی ژەهراوی داڕشت و کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی بۆ ئێران و ملیشیا و کلکەکانی خستە سەر سفرەی زێڕین!

ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (لازاریف)یش لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی (کۆڵۆنیالیزم و پرسی کورد)، بە ڕوونی ئاماژەی بەوە داوە کە:" ڕۆڵی بەریتانیا لە دژی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی چڕتر بووەوە. بە جۆرێک بەریتانیا هەموو هەوڵەکان خۆی بۆ پارچەکردنی کوردستان و لەناوبردنی شۆڕشەکانی کورد بوو لە هەریەکە لە تورکیا، عێراق و ئێران. بۆ ئەمەو بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی سنوورەکان و گەمارۆدانی کورد و ڕێگاگرتن لە یەکگرتنەوەیان، چەندین ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا مۆرکرد".

مێژووی شکستەکانی کورد پێمان دەڵێ، پیلانگێڕییەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتیش هی بەریتانیا، هۆکاری سەرەکین لە هەموو ئەو کوشتوبڕ و جینۆساید و دەربەدەری و ئاوارەییەی بە درێژایی سەت ساڵی ڕابردوو بەسەر گەلی کورددا هاتوون. ئەوە بۆیەشە کورد بووەتە ئایکۆنی قوربانییەکانی دەستی سیاسەتی ستەمکارانەی کۆڵۆنیالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو ستەمکارییەی هۆکارەکەی بۆ پارچە

پارچەکردنی کوردستان لە لایەن بەریتانیا و دابەشکردن و لکاندنی هەر پارچەیەکی بە دەوڵەتێک دەگەڕێتەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوە و ڕاپەڕین و شۆڕشە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارپارچەی کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، کە دەسپێکی ژەهراویترین پیلانگێڕیی دابەشکاریی کوردستانە. خەبات و تیکۆشانی کورد، جگە لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش، لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا (لەناویاندا بەریتانیا) ڕووبەڕووی سەرکوتکردن بووەتەوە. بە قەد دوژمنایەتیی دەوڵەتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا و سیستەمە حوکمڕانەکانیان بۆ کورد، بەشێکیش لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، نەیار و ناکۆکیی سەرسەختی کورد و مافە ڕەواکانی بوونە. بۆیە ئەگەر لە قۆناغێکی دیاریکراو و لە سای هەلومەرجێکیشدا وەک تاکتیک پشتیوانیان لە داخوازیی کورد کردبێت، ئەوا وەک ستراتیژ، هەمیشە دژی ئەم خواست و داوایانەی کورد وەستاونەتەوە. بە مانایەکی دیکە، هەرکات سیستەمە حوکمڕانەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە، بە میزاج و ویستی ئەو وڵاتانە نەجوڵابنەوە، ئەوا کورد کارتێک بووە بە دەستیانەوە، لەو شوێنەشدا کە سیستەمەکان چوونەتەوە ژێرباری وەسیەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەوانیش کورد و بزووتنەوە و شۆڕشەکانی کورد، تەنانەت ئەزموونەکانی دەوڵەتداریی کوردیشیان کردووەتە قوربانی.

کورد ئەزموونی تاڵی لەگەڵ هەر یەک لە ڕووسیا، بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەمریکا هەیە، کە ڕەنگە تاڵترینی ئەو ئەزموونانەیشی لەگەڵ بەریتانیا و ئەمریکا بووبێت، کە تا ئەم چرکەساتەش بەدەست درۆ و دووڕووی و بێمتمانەیی و بێبەڵێنییەکانیانەوە دەناڵێنێت. ئەزموونی

مێژوویـی بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـی نەتەوەیـی کـورد لـە مـاوەی سـەدەی ڕابـردوو و تـا ئەمـڕۆ لەگـەڵ ڕۆژئـاوا ئەوەمـان بـۆ دەسـەلمێنێ، کـە هەمیشـە کارتـی (ڤیتۆ)یـان لـە دژی داخـوازی و مافـە ڕەواکانـی کـورد لـە بڕیـاردان لـە چارەنووسـی خـۆی و دامەزراندنـی دەوڵەتـی نەتەوەییـدا بـەرز کراوەتـەوە. بۆیەشـە لـە ڕێککەوتنـی سـایس - بیکـۆ (١٩١٦) تـا ئەمڕۆشـی لەگەڵـدا بێـت، سـەرەڕای هەنـدێ گۆڕانکاریـی ڕووکـەش لـە سیاسـەتی ئـەو وڵاتانـە و هاوسـۆزییێکی کاتـی بـۆ دۆزی کـورد، دەنـا ڕۆژئـاوا و بەتایبەتـی بەریتانیـا، وەک سـتراتیژ، هەمیشـە دژی خواسـتەکانی کـورد وەسـتاونەتەوە و بەرگرییێکـی سەرسـەختیان لـە پاراسـتنی سـنوور و سـەروەری و یەکپارچەیـی خاکـی دەوڵەتانـی (نـەک وڵات!)ی عێـراق، تورکیـا، ئێـران و سـووریا کـردووە.

لەکاتێکـدا وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و بەتایبەتـی بەریتانیـا بـە دابەشـکردنی میراتـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی، چەندیـن نەتـەوە و پێکهاتـی جیاوازیـان لـە شـام و حیجـاز و کەنـداوی عەرەبـی و باکـووری ئەفریقیـا و ناوچـەی بەڵقـان و ڕۆژهەڵاتـی ئەوروپـا کـردە خـاوەن دەوڵـەت و هاوکاریـان بـوون لـە بـوون بـە ئەنـدام لـە (کۆمەڵـەی گـەلان) و دواتریـش لـە (نەتـەوە یەکگرتـووەکان)، کـە ژمـارەی هەنـدێ لـەو دەوڵەتانـە بەیەکـەوە و بەسـەر یەکـەوە، ناگاتـە نیـوەی ژمـارەی کـورد. کەچـی سـەرەڕای پەیمانـی (سـیڤەر) و ددانـان بـە مافـی کـورد، تـا ئەمـڕۆش وڵاتێکیـان بـە کـورد ڕەوا نەبینـی، بـە کوردسـتانی خۆشـیانەوە، کـە بەریتانیـا وەک گۆشـتی خێـر بەسـەر عـەرەب و تـورک و فارسـدا بەشـیەوە!

بەهەرحـاڵ، ئەگـەر بـە خێرایـی ئاوڕێـک لـەو ئەزموونانـەی کـورد بدەینـەوە، کـە بەریتانیـا ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ، ڕۆڵـی لـە لەناوبردنیـان هەبـووە، ئەوکاتـە بـە لامانـەوە سـەیر نابێـت، کـە بەریتانیـا لـە سـەدەی

بیست و یەک و بە بەرچاوی هەموو دونیا، دوای زیاتر دوو هەزار شەهید لە جەنگی تیرۆر، کورد و دەسکەوت و قوربانیدانەکانی، بکاتە پارووێکی چەور و بیخاتە قورگی (عەبادی ڕەگەزنامە بەریتانی!) و حکوومەتی عروبەوی و مەزهەبیی عێراق.

ڕاپەڕینی میر بەدرخان (١٨٤٢ - ١٨٤٧) و دنەدانی مەسیحییە ئاشوورییەکان لە دژی ڕاپەڕینەکە لە لایەن بەریتانیا و هەڕەشەکردنی لە تورکیای ئەو کات، کە ئەگەر ئەم ڕاپەڕینەی کورد سەرکوت نەکات، ئەوا بە خۆی ڕاستەوخۆ دێتە ناو وڵاتەکە و بە ئاگر و ئاسن کۆتایی پێ دەهێنێ.

ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠ - ١٨٨٣)، کە یەکێکە لە دیارترین تەڤگەرە شۆڕشگێڕییە نەتەوەییەکانی کورد، نموونەیەکی دیکەیە لە قوربانییەکانی سیاسەتی دژە کوردی بەریتانیا، کە لە میانی کۆمەکیکردنی سەربازیی سوپای ئێرانیدا، ڕۆڵی لە دامرکاندنەوەی ئاگری ڕاپەڕینەکە و کۆتاییهێنان بە شۆڕشەکەی شێخی نەهریدا بینی. وەک چۆن بەریتانیا کەم و زۆر، ناڕاستەوخۆ، ڕۆڵی لە لەناوبردنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)یشدا بینی.

ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاو و ئاشکرای بەریتانیا، لە دژی مافەکانی کورد و هەوڵ و خەباتیان بۆ بونیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا زیاتر دەرکەوت. بۆ ئەمەش پارچە پارچەکردنی کوردستان و دابەشکردنی بەسەر دەوڵەتەکانی عەرەب و تورک و فارسدا، مەترسیدارترین سیاسەت و ستراتیژی دوژمنکارانە بوو. دوای پرۆسەی دابەشکردنی کوردستان، بەریتانیا بە هەموو هێزییەوە، لە هەر یەکە لە عێراق و تورکیا و ئێران، دژی هەر هەوڵ و تێکۆشانێکی کورد بۆ شۆڕش و ئازادی و جیابوونەوە وەستایەوە.

لـەو نێـوەدا، نـەک هـەر هاوکاریـی سـەربازی و لۆجیسـتی حکوومەتـی ئـەو دەوڵەتانـەی کـرد لـە دژی کـورددا، بەڵکـوو لـە هەنـدێ شـوێن و قۆناغـدا بـۆ خـۆی و بـە ڕاسـتەوخۆ، بـە ئاگـر و ئاسـن، بـە تانـک و تـۆپ و تەیـارە، کەوتـە وێـزەی کـورد و بزووتنـەوە و شۆڕشـەکانی. وەک ئـەوەی لـە باشـووری کوردسـتان و لـە سـەردەمی حوکمڕانـی پاشـایەتیی عێراقـدا، دەیـان جـار هێـزی زەمینـی و ئاسـمانیی خـۆی، دژی بزووتنـەوە و ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەکانی (شـێخ مەحمـوودی نەمر ١٩١٨ - ١٩٢٢) و (شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی و شـێخ ئەحمـەد بارزانـی ١٩٢٧ - ١٩٣٢) و (مـەلا مسـتەفا بارزانـی ١٩٤٣ - ١٩٤٥) بەکارهێنـا.

ئـەوەی لـە باکـوور و باشـووری کوردسـتان، بەریتانیـا لـە دژی ئیـرادەی کـورد کـردی، لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش هـەر درێغـی نەکـرد. بـۆ نموونـە، وەک چـۆن لـە کۆتایـی سـەدەی نـۆزدەدا بەریتانیـا پشـتیووانی ئیمپراتۆریەتـی قاجارییەکانـی لە دژی جوڵانـەوەی کـورد کـرد. بـە هەمـان شـێوەیش، لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، پشـتیووانی و هـاوکاری پەهلەوییەکانـی کـرد لـە سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی و شۆڕشـگێڕیی کـورد، بەتایبەتـی لـە پەردەپۆشـکردنی ئـەو قەسـابخانە و کۆمەڵکوژییانـەی دەوڵەتـی ئێـران لـە دژی خەڵکـی مهابـاد و کرماشـان ئەنجامـی دان. دامرکاندنـەوەی ئاگـری شۆڕشـی (سـمکۆی شـکاک ١٩٢٠ - ١٩٢٦) و لەناوبردنـی سـەرکردەی شۆڕشـەکە بـە هاوکاریـی بەریتانیـا، لاپەرەیکـی دیکـەی ڕەشـی ئەزموونـی کـوردە لەگەڵ ئـەو وڵاتـەدا. هاوکات دامەزراندنـی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان لـە مهابـاد بـە سـەرۆکایەتیی (پێشـەوا قـازی محەممـەد ١٩٤٦). ئـەو کاتـەی کـە ئینگلیـز باشـووری ئێرانـی داگیـر کردبـوو، نـەک هـەر ددانـی بـە کۆمارەکـەدا نەنـا، بەڵکـو هەمـوو هەوڵێکـی دا بـۆ ئـەوەی قەڵەمـڕەوی دەسـەڵاتی کۆمـار فراوانـتر

نەبێت و شارە کوردییەکانی دیکە نەگرێتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو پاش ئەوەی ڕووسیا ناوچەکەی چۆڵ کرد، بە ڕەزامەندی و ئاگاداریی بەریتانیا، هێزەکانی ئێران هاتنە کوردستان و کۆمارە ساواکەیان لەناوبرد و پێشەوا و هەڤاڵەکانیشیان لە سێدارەدا.

بەهەرحاڵ، نموونە و ئەزموونی دیکەی زۆرتر هەن، کە ئەوە بەرپرسیارێتی و ئەرکی مێژوونووسانی کوردە ئاوڕی جیددی لەو لاپەڕانەی مێژوو بدەنەوە و ڕووی ڕاستەقینەی پیلانگێڕی و دوژمنکارانەی بەریتانیا لە دژی کورد، بە نەوەکان ئاشنا بکەن. ئەو بەریتانیایەی کە تەنانەت ئەمریکاش کاوێژی لەسەر میراتەکەی کرد لە دژایەتیکردن و لەناوبردنی خەونی کورد (شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ١٩٦١) و چاوپۆشین لە (گەلەکۆمە و خیانەتکاری ١٦٢ ئۆکتۆبەر).

# بەرپرسیارێتی مێژوویی بەریتانیا لە تراژیدیای سەد ساڵەی کوردا

پ. د. جەبار قادر

سیاسەتە کۆڵۆنیالییەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان بوونە هۆی گەلێ کارەسات و ماڵوێرانی کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەسەر کورددا هاتن. ئەو سیاسەتانە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهان و ساڵانی دواتردا دەیان کۆسپ و تەگەرەی نوێیان لە بەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلی کورددا دروست کرد، کە تا ئەمڕۆش پێوەی دەناڵێت و نەیتوانیوە لە لێکەوتە و شوێنەوارەکانی خۆی ڕزگار بکات. بەرهەمی سیاسەتەکانی بەریتانیا دابەشبوونی جوگرافی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد و داگیرکاریی بیانیی کوردستان بوو. ئەم بارودۆخە سەدەیەکی تەواوە ژیانی نەتەوەیەکی گەورەی کردووە بە دۆزەخ. کردەوە دژە مرۆییەکانی داگیرکەرانی کوردستان لە بەرانبەر کورد و نیشتمانەکەی بە درێژایی سەدەی ڕابردوو بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەو بڕیارانە بوون، کە

بەریتانیا بە هاوکاری فەڕەنسا لەو ڕۆژانەدا لەسەری ڕێکدەکەوتن. هەڵبەتە تاوانەکانی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی پاکانە ناکات بۆ خوێنڕێژی و کاولکاریی داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی ئەو ماوەیە، هەروەها گەردنی سەرداران و ڕابەرانی ئەو سەردەمەی کوردیش لە بەرپرسیارێتی مێژوویی و ئەخلاقی ئازاد ناکات. سەردارانی کورد نە لە ئاست ڕووداو و گۆڕانکارییە مەزنەکانی ناوچەکەدا بوون و نە دەستبەرادی ململانێ و کێبڕکێی خێڵەکی، بنەماڵەیی و ناوچەیی خۆیان دەبوون، بۆیە لە ئەنجامدا نەیانتوانی سوود لەو دەرفەتە مێژووییە وەربگرن و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێنن، بۆ خۆشیان هەموو بوونە سووتەمەنی ئارەکانی داگیرکەران .

ئاشکرایە فاکتەری دەرەکی ناتوانێت ئەو ڕۆڵە چارەنووسسازە ببینێت ئەگەر بارودۆخی نێوخۆیی گەلان و وڵاتان هاوکار نەبن. بارودۆخی خێڵەکیی کۆمەڵگای کوردی، دابەشبوونی و دابڕانی جوگرافی دەڤەر و ناوچەکانی کوردستان لە یەکدی، داپەینی باری ئابووری کوردستان، ئاستی نزمی هۆشیاریی نەتەوەیی و سیاسی و کولتوریی کورد و ململانێ و کێبڕکێی سەردارانی لە پێناو بەرژەوەندیی تەسکی خێڵەکی و بنەماڵەیی، ئەو فاکتەرانە بوون کە ئەرکی داگیرکەرانیان لە کوردستان ئاسان دەکرد.

دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کورد ددان بە هەندێ ڕاستیی تاڵی مێژووی خۆیاندا بنێن و لەوە زیاتر دڵی خۆیان بە چیرۆکی هەڵبەستراوی بێ بنەما و بێ بەڵگە خۆش نەکەن. ئەمەی بەشێکی زۆر لە نووسەران و مێژوونووسانی کورد دەیکەن بریتییە لە مێژوویەك کە دڵ دەیخوازێ، نەك ئەوەی لە ڕاستیدا قەوماوە. گەلی کورد لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دوای شەڕیش، پرۆژەی

دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی نەبووە. کۆمەڵێک پڕۆژەی دەوڵەتۆکەی لۆکاڵ، ئۆتۆنۆمی، نیمچە سەربەخۆ لە ژێر چاودێریی ئەم وڵات و ئەو وڵاتدا لە ئارادا بوون، بەڵام هیچ کامیان پڕۆژەیەکی گشتگیری نەتەوەیی و نیشتمانی نەبوون، بەو واتایەی هەموو بەشەکانی کوردستان بگرێتەوە. وەک پڕۆژە گشتگیرەکە لە ئارادا نەبوو، هیچ یەکێك لە پڕۆژە لۆکاڵەکانیش زەمینەسازییان بۆ نەکرابوو و کۆڵەکە سەرەکییەکانیان بەردەست نەبوون، بۆیە هیچیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. نە بەرژەوەندیی کورد بە گشتی، نە هیچ یەکێك لە پڕۆژە لۆکاڵەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیی ستراتیژی یەکێ لە زلهێزەکاندا هاوتەریب و هاوئاهەنگ بوون، بۆیە ئەوەی بۆ گەلانی دیکە هەڵکەوت، بۆ کورد نەلوا.

کۆمەڵێ سەردار و ڕابەری کوردیش لەم بەشە و ئەو بەشەی کوردستان لە سەر گۆڕەپانەکە لە جموجوڵ و چالاکیدا بوون و لە هەوڵی ئەوەدا بوون شتێك بۆ کورد بە دەست بێنن، بەڵام سەرکردایەتییەکی دووربین و خاوەن کارێزما، کە زۆربەی کورد لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە لە هیچ شوێنێکی کوردستان لە ئارادا نەبوو. چالاکی و خەباتی خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد زیاتر لە ئیستانبوڵ قەتیس ببوو و کەم کەس لە کوردستان دەیناسین. نە لە ئیستانبوڵ و نە ئەوانەشی کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان توانیان لە گەڵ عەقڵیەت و هەڵسوکەوتی سەردارانی خێڵەکی و ئایینیی کورددا هەڵبکەن، بۆیە لە کۆتاییدا زۆربەی هەرە زۆریان لە دەزگا و ناوەندەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان گیرسانەوە و شارەزایی و ئەزموونی کارگێڕی و سەربازیی خۆیان خستە خزمەتی ئەو دەوڵەتانەوە.

لـە خـودی کوردسـتان چارەنووسـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد بـە دەسـتی سـەرەك هـۆز، دەرەبەگ، شـێخانی تەریقـەت و پیاوانـی ئایینییەوە بـوو، کـە مـەودای بیرکردنـەوە و ئاگادارییـان لـە دونیـای سیاسـەت و دەوڵەتسـازیدا زۆر سـنووردار و دواکەتـوو بـوو و هـەر یەکەیـان لـە ئاوازێـك دەیخوێنـد و چـاوی لـە دەوڵەتێـک بـوو. نـەک وەک مسـتەفا کەمـال و نـەک وەک شـەریفی مەککـە، کەسـێکیان تێـدا هەڵنەکـەوت گەلەکـەی ئامـادە بـکات بـۆ بەرگـری لـە نیشـتمان و مافـە نەتەوەییەکانـی. هەمیشـە چاویـان لـە هێزێـک بـوو یارمەتیـان بـدات و دەوڵەتیـان بـۆ دروسـت بـکات. لـە مەشـدا زۆر جـار مەبەسـتی سـەرەکییان پاراسـتنی بەرژەوەندییـە تایبەتییەکانـی خۆیـان و هـۆز و خێـل و گروپەکانیـان بـوو. ئەمانـە هەندێـك لـە ڕاسـتییە تاڵەکانـی مێـژووی نـوێ و هاوچەرخـی کـوردن کـە زۆر کـەم تیشـکیان دەخرێنـە سـەر و زەق دەکرێنـەوە.

وەنەبێـت ئەمانـە خەسـڵەتی تایبـەت بـە کـوردن بـن وەک گـەل و نەتـەوە، بەڵکـو ئـەم بارودۆخـە بەرهەمـی ڕەوتێکـی مێژوویـی دوور و درێـژی کۆمەڵـگای کوردسـتانە، کـە گرنگتریـن خەسـڵەتەکانی بریتیـن لـە دابەشـبوونی سیاسـیی چەنـد سـەدەیی، دابڕانـی ناوچـە جوگرافییەکانـی لە یەکـدی، شـەڕ و جەنگـی لـە بنەهاتـووی نێوخۆیـی و دەرەکـی، تاڵانـکاری ئابـووری، بونیـادی کۆمەڵایەتـی خێڵەکـی و داکەوتوویـی کولتـووری ...تـاد، کـە لـەم وتـارە کورتـەدا ناکرێـت زۆریـان لـە بـارەوە بڵێیـن.

لـە بەرانبـەردا بـێ تێگەیشـتن لـە لۆژیـک و شـێوازی مامەڵەکردنـی بەریتانیـا لـە گـەڵ دۆزی کـورد، ئەسـتەمە بەرپرسـیارێتیی مێژوویـی ئـەو زلهێـزە بـە وردیـی بخەینـە ڕوو، بۆیـە لێـرەدا ئامـاژە بـە چەنـد خاڵێکـی سـەرەکیی ئـەو لۆژیـک و شـێوازە دەکـەم. دەمێک بـوو ئینگلیز شـارەزاییان لـە سـەر کوردسـتان پەیداکردبـوو و زانیاریـی زۆریـان لـە بـارەی بونیـادی

کۆمەڵایەتـی، هـۆز، خێـڵ و بنەماڵـە دیارەکانییـەوە کۆکردبـووە. گەڕیـدە، بـازرگان، سـیخوڕ و مسـیۆنێرەکانیان سـەردانی زۆر ناوچەیـان کردبـوو و پەیوەندییـان لـە گـەڵ سـەرەك هـۆز و کەسـایەتییە دیارەکانـدا بەسـتبوو. بەداخــەوە ئــەم شــارەزایی و زانیارییانەیــان بــۆ چارەســەرکەدنی دۆزی کـورد نـا، بەڵکـو بـۆ داگیرکردنـی کوردسـتان و ئاڵۆزکردنـی زیاتـری ڕەوشـی گەلەکـەی بەکارهێنـا. بـۆ بەرپرسـانی بەریتانیـا لـە ڕۆژهـەڵات و بـە تایبەتـی لـە میسـۆپۆتامیا، قەت کوردسـتان یەك کوردسـتان نەبـووە و دۆزی کوردیـش یـەک دۆز نەبـووە. ئەمـە نـەک تەنهـا لـە سـەر ئاسـتی هەمـوو کوردسـتان، بەڵکـو لـە سـەر ئاسـتی باشـووری کوردسـتانیش ئـەوان چەنـد کوردسـتانێکیان دەبینـی. بڕیاربەدەسـتانی بـاڵای بەریتانیـا لـە میسـۆپۆتامیا دەیـان جـار ئـەم بیرۆکەیـان لـە نامـە و نامەکارییـە نهێنـی و دواتریـش لـە بیـرەوەری و کتێبەکانیانـدا دووپـات کردووەتـەوە. ئەمـە خاڵێکـی گرنگـە بـۆ تێگەیشـتن لـە سیاسـەتەکانی بەریتانیـا چ لـە سـەر ئاسـتی باشـووری کوردســتان و چ لــە ســەر ئاســتی هەمــوو کوردســتان. دەبــێ ئــەوەش لەبیـر نەکرێـت کـە سیاسـەتەکانی بەریتانیـا بەرانبـەر بـە کوردسـتان لـە کاتــی شــەڕی یەکەمــی جیهــان و ســاڵانی دواتــردا گۆڕانکاریــی زۆریــان بەســەردا هــات، واتــا لــە دەســپێکەوە تــا کۆتایــی هەمــان سیاســەت و سـتراتیژ و تاکتیـک نەبـووە، بەڵکـو بـە پێـی ڕووداوەکان نـوێ کراونەتـەوە و گۆڕانکارییــان تێــدا کــراوە. جیاوازیــی زۆریــش لــە نێــوان داڕێژەرانــی سـتراتیژ و سیاسـەتەکاندا لـە لەنـدەن و هیندسـتان و ئەوانـەی لـە سـەر ئـەرزی واقیـع کاریـان دەکـرد لـە ئـارادا بـوون، بـەڵام ئـەو جیاوازییانـە لــە ســەر شــێوازی جێبەجێکردنــی سیاســەتە کۆڵۆنیالییــەکان بــوون نــەک گەوهــەر و ناوەڕۆکەکانیــان. ئــەم خاڵــەی دوایــی زۆر توێــژەری کــورد و بیانیشـی بەهەڵـەدا بـردووە و وای لـە هەندێکیـان کـردووە بـاس لـە فڵانـە

ئەفسـەر و بەرپـرس بکـەن گوایـە لایەنگـری کـورد بـووە و هەوڵیـداوە دەوڵەتیـان بـۆ دروسـت بـکات.

لـە بـەر ڕۆشـنایی ئـەو خاڵانـەی سـەرەوە، لـەم وتـارەدا دۆزی کـورد لـە چەنـد ڕەهەنـد و لـە سـەر چەنـد ئاسـتی جیـاوازدا لێکدەدەینـەوە. ئـەو سـەردەمە بەریتانیـا لـە دیاریکردنـی چارەنووسـی گەلانـی ناوچەکـەدا ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینـی و هێـز نەبـوو ڕکابەرایەتـی بـکات. تێڕوانینـی بەریتانیـا بـۆ بەشـەکانی کوردسـتان زۆر جیـاواز بـوو، پلانـە سـەرەکییەکانی بـۆ هـەردوو بەشـی ئێرانـی و عوسـمانی وەک یـەک نەبوون. لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان ئەرکـی بەریتانیـا ئاسـان بـوو، چونکـە دەمێـك بـوو باڵادەسـتیی بەریتانیـا لـە ئێـران مسـۆگەر کرابـوو. ئـەوەی بابـەت و مایـەی بگـرە و بـەردە بـوو کوردسـتانی عوسـمانی بـوو، کـە لـەو ڕۆژانـەدا هێشـتا نەدەزانـرا چارەنووسـی چـۆن دەبـێ.

**بەریتانیا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

بـە پێـی پەیماننامـەی ١٩٠٧ کـە لـە سـان پیتەربـورگ لـە نێـوان وەزیری دەرەوەی ڕووسـیا و باڵیـۆزی بەریتانیـا لـەو وڵاتـە مۆرکـرا، ئێـران بـۆ سـێ زۆن دابەشـکرا: باشـوور بـۆ باڵادەسـتیی بەریتانیـا، باکـوور بـۆ ڕووسـیا و زۆنێکیـش لـە نێـوان هـەردوولادا بـۆ دەسـەڵاتی حکومەتـی شـای ئێـران دانـرا. باشـووری ئێـران بـۆ بەریتانیـا لـە دوو ڕووەوە گرنـگ بـوو، یەکـەم دەسـتگرتن بـە سـەر نەوتـی عەبادانـدا و دووەمیـش بـۆ پارێزگاریکـردن لـە ڕێـگای دەریایـی بـۆ هیندسـتان. لـە سـاڵانی شـەڕدا بەریتانیـا ئەوەنـدی دیکـە پێگـەی خـۆی لـە ئێـران قایـم کـرد. دەرچوونـی ڕووسـیا لـە شـەڕ لـە دوای شۆڕشـی ئوکتۆبـەری ١٩١٧ و شکسـتی تـەواوی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە ١٩١٨، هەمـوو خاکـی ئێرانـی کـرد بـە گۆڕەپانـی باڵادەسـتی بەریتانیـا.

ئەڵمانیـا کـە ڕکابەرێکـی بەهێـز بـوو شـەڕی دۆڕانـد و فەڕەنسـاش بـە لاوازی لـە شـەڕ دەرچـوو بـوو، بۆیـە کـەس نەبـوو لـە ئێـران لـە گـەڵ بەریتانیـادا کێبرکـێ بـکات. لـە دوای ڕێککەوتننامـەی ٩ی ئابـی ١٩١٩ لـە نێـوان بەریتانیـا و حکومەتـی ئێرانـدا، لـە واقیعـدا ئـەم وڵاتـە بـوو بـە پارێزراوگەی(محمیـة) بەریتانـی. بەریتانیـا بـە تونـدی دژی هـەر هەوڵێکـی نێوخۆیـی و دەرەکـی بـوو دەسـت بـۆ ئێـران ببـات و باسـی گۆڕانـکاری لـە نەخشـەکەیدا بـکات. هـەر زوو ئـەو پەیامـەی بـە گوێـی کوردانـی ڕۆژهەڵاتـدا دا، کاتێـك ژمارەیـەك لـە کەسـایەتی و سـەرەک هۆزەکانیـان لـە ئاهەنگـی دانانـی شـێخ مەحمـوددا بـە حوکمـدار لـە سـلێمانی ئامـادە بـوون و خواسـتی ئەوەیـان دەربـڕی کـە ناوچەکانـی ئەوانیـش بخرێنـە نێـو ئـەو دەوڵەتـە کوردییـەوە کـە گوایـە بـە سـەرۆکایەتیی شـێخ دامەزرێـت. نوێنەرانـی دەسـەڵاتی کۆڵۆنیالـی بەریتانـی لـە میسـۆپۆتامیا بـە تونـدی ئەوەیـان ڕەتکـردەوە و پێیـان ڕاگەیانـدن نابێـت بیـر لـەوە بکەنـەوە و باشـترە بگەڕێنـەوە بـۆ ئێـران. فەرمانـڕەوای مەدەنـی بەریتانیـا لـە میسـۆپۆتامیا ئارنۆڵـد ویڵسـن ئـەم سیاسـەتەی وڵاتەکـەی بەرامبـەر بـە ئێـران لـە چەنـد وشـەیەکدا بـە ڕاشـکاویی بەرجەسـتە کـرد، کاتـێ دەڵێـت «بـە هەمـوو شـێوەیەکی گونجـاو ئـەو هەوڵانـەی کـورد لـە باردەبەیـن بـۆ جیابوونـەوە لـە دەوڵەتـی ئێـران»(١).

ئـەم هەڵوێسـتەی بەریتانیـا ئەوەمـان بـۆ ڕووندەکاتـەوە بۆچـی لـە هەمـوو ئـەو بـاس و خواسـانەی لـە سـاڵانی شـەڕی یەکەمـی جیهانیـدا و دواتریـش لـە بـارەی دۆزی کـورد و دەوڵەتـی کوردییـەوە دەکـران نـاوی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە ناوانـدا نەبـوو. هەمـوو کەسـێک بـۆی هەیـە بپرسـێت: چـۆن دەبێـت بـاس باسـی دەوڵەتـی کـوردی بێـت، کەچـی بەشـێکی گرنگـی کوردسـتان پشـتگوێ بخرێـت و نێـوی لـە ناوانـدا

نەبێـت؟. هـەر بۆیـە دەبینیـن نـە لـە ڕێککەوتنامـەی سـایکس – پیکـۆ و نـە لـە وتووێژەکانـی کۆنفرانسـی ئاشـتی و پەیماننامـەی سـێڤر (١٩٢٠) باسـی ئـەم بەشـەی کوردسـتان بـە هیـچ شـێوەیەك نەکـراوە. هەمـوو هەوڵەکانـی ڕابەرانـی کـوردی ئـەو بەشـەی کوردسـتان لـەو سـەردەمەدا بـۆ بەدەسـتهێنانی پشـتگیری بەریتانیـا بـێ ئـاکام بـوون. تـا حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردووش بەریتانیـا لـە هێڵـە گشـتییەکانیدا هەر ئەم سیاسـەتەی پەیـڕەو کـردووە.

ئـەو کاتـە هێشـتا نەدەزانـرا ئاکامـی ڕووداوەکانـی ئاسـیای بچـووک (تورکیـا) چـۆن دەبـن، چارەنووسـی ویلایەتـی مووسـڵیش « تـۆ بڵـێ باشـووری کوردسـتان» تـا ئاسـتێکی زۆر بەنـد بـوو بـەو پێشـکەوتنانەوە کـە لـەوێ دەگـوزەران، بۆیـە تەنهـا ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـوو کـە بـۆ باڵادەسـتیی بەریتانیـا یەکلابـووەوە. لـە لایەکـەوە ئێـران بـە فەرمـی بەشـداری لـە شـەڕدا نەکردبـوو، هەرچەنـدە کـەس ڕێـزی لـەو بێلایەنییـەی ئێـران نەگرتبـوو و بەشـێکی گرنگـی ئـەو وڵاتـە بـە تایبەتـی کوردسـتان و ئازەربایجانەکـەی ببـوون بـە گۆڕەپانـی شـەڕێکی خوێنـاوی لـە نێـوان ڕووسـیا و دەوڵەتـی عوسـمانیدا. بۆیـە تەنانـەت ڕێگـە بـە نوێنەرانـی ئێـران نـەدرا لـە کۆنفرانسـی ئاشـتی بەشـدار بـن و لـە لێکەوتـە و دابەشـکردنی دەسـتکەوتەکانی دوای شـەڕدا شـتێکیان بەربکەوێـت. هەمـوو ئەمانـە هـۆکاری سـەرەکی نەبـوون، پرسـی یەکلاکـەرەوە ئـەوە بـوو کـە باشـووری ئێـران سـاڵانێک بـوو و بـەر لە شـەڕیش کەوتبـووە ژێـر ڕکێفـی بەریتانیاوە و ڕێگـەی نـەدەدا هیـچ دەوڵەتێکـی دیکـە کێبڕکێـی لـە گەڵـدا بـکات، بۆیە نـە لـە کۆنفرانسـی ئاشـتی و نـە لـە پەیماننامـەی سـێڤر بـە یـەک وشـەش باسـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان نەکـرا. لـە سـاڵانی دواتریشـدا بەریتانیـا بەرانبـەر بـە کـوردی ڕۆژهـەڵات هەمـان سیاسـەتی پەیـڕەو دەکـرد.

**بەریتانیا و سایکس - پیکۆ:**

داڕێژەری سەرەکی ڕێکەوتننامەی سایکس - پیکۆ بەریتانیا بوو، کە بە هاوکاری فەڕەنسا و دواتریش بەشدارپێکردنی ڕووسیا مۆریان کرد. ڕووسیا لە دوای ساڵ و نیوێك، واتا دوای شۆڕشی ئوکتۆبەری ١٩١٧، لە شەڕی جیهانی و ڕێککەوتننامەکانیش کشایەوە. دابەشکردنی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبوو، لە سەر ئەرزی واقیع زۆر جیاواز بوو لەوەی لە بەندەکانی سایکس - پیکۆدا هاتبوون. بۆ نموونە لە ڕێککەوتننامەکەدا باکووری کوردستان بۆ ڕووسیا دانرا بوو. کاتێك ڕووسیا کشایەوە، ئەو بەشەی کوردستان بێ خاوەن مایەوە، کێبڕکێ و ململانێی توندی بەریتانیا و فەڕەنسا بۆ داگیرکردنی زۆرترین خاکەکەی هاتە ئاراوە. پێشتر بەریتانیا نەیدەویست لە هیچ شوێنێک دراوسێی ڕووسیا بێت، بۆیە بەشێکی گەورەی ویلایەتی مووسڵی، کە لە زێی بچووکەوە بەرەو باکوور دەستیپێدەکرد، بە پێی سایکس - پێکۆ بۆ فەڕەنسا دانا. لێ پاش کشانەوەی ڕووسیا، بەریتانیا کەوتە خۆی بۆ نزیکبوونەوە لە سنوورەکانی ڕووسیا لە قەفقاز و فەڕەنسای ناچار کرد دەست لە ویلایەتی مووسڵ هەڵبگرێت. ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە، کە بەریتانیا هەر لە کاتی سایکس - پیکۆوە ئەو سەرزەمینەی، کە لە زێی بچووکەوە، واتا لە سەرووی کەرکووکەوە دەستپێدەکات و تا دەگاتە خوارووی خانەقین و دەریایەکی نەوتی لە ژێردا بوو و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە زانا جیۆلۆجییەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ج. مۆرگانی فەڕەنسی توانیبوویان سنوورەکانی دیاری بکەن، خستبووە دەرەوەی ئەو بەشەی ویلایەتی مووسڵەوە کە بۆ فەڕەنسا تەرخان کرابوو.

لـە باكـووری كوردسـتان بزووتنـەوەی كەمالـی پلانەكانـی بەریتانیـا و فەڕەنسـای تێكشـكاند و هەمـوو باكووری كوردسـتانی خسـتە ژێـر ڕكێـف و داگیركاریـی خۆیـەوە. لـەو ساڵانەشـدا كـە ململانـێ و كێبڕكێیەكـی تونـد لـە سـەر ویلایەتـی مووسـڵ (١٩١٨ -١٩٢٥) لـە ئـارادا بـوو، توركیـای كەمالـی هەوڵـی زۆریـدا دەسـت بگرێتـەوە بـە سـەر باشـووری كوردسـتاندا. هەڵبەتـە بەریتانیـا، كـە فەڕەنسـای ناچـار كـرد دەسـت لـە مووسـڵ هەڵبگرێـت، ئامـادە نەبـوو بـە هیـچ شـێوەیەک مـل بـۆ داخوازیی كەمالییـەكان لـە بـارەی موسـڵەوە بـدات. نـەك هـەر ئـەوە، بەڵكـو چـاوی بڕیبـووە دەڤـەری هەكاریـش، كـە بـۆ دوو مەبەسـت دەیویسـت بیخاتـە سـەر عیـراق: یەكـەم بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی ویلایەتـی مووسـڵ بـە هەموو باشــووری كوردســتانەوە و دووەمیــش بــۆ گێڕانــەوەی ئاســوورییەكان بــۆ ئــەوێ و ئەگــەر دەرفەتیــش پەیــدا بــوو قەوارەیەكــی ئەتنیكییــان بــۆ دروســت بــكات.

ئـا بـەو شـێوەیە كوردسـتانی عوسـمانی بـە شـێوازێكی زۆر جیـاواز لــەوەی لــە ســایكس – پیكــۆ بڕیــاری لێدرابــوو دابەشــكرا و دەڤــەرە جیاوازەكانــی لێــك دابڕێــنران. ڕۆژئــاوای كوردســتانیش، كــە لــە ڕاســتیدا درێژكــراوەی جوگرافــی و ئەتنیكــی باكــووری كوردســتان بــوو، بــە پێــی ڕێككەوتنامــەی ١٩٢١ لــە نێــوان فەڕەنســا و كەمالییەكانــدا خرایــە ژێــر مەندەیتـی فەڕەنسـییەوە و بوو بە بەشـێك لە سـووریای داهاتـوو. باكووری كوردســتانیش لــە دوای ســەركەوتنی كەمالییــەكان و پاشــگەزبوونەوەی دەوڵەتانـی هاوپەیـمان لـە پەیماننامـەی سـێڤر، كـرا بـە بەشـێك لـە توركیـا و ڕووبـەڕووی دەیـان كارەسـات و كوشـتار بـووە و تـا ئێسـتاش لـە بارێكـی زۆر سـەختدا دەژییـت. ئـەوەی دەبێـت لێـرەدا بوترێـت ئەوەیـە، ئەگـەر بەندەكانـی سـێڤر جێبەجـێ بكرابایـەن، ئـەوا ئەرمینیـا بـە پێـی ماددەكانـی


٨٨ – ٩٣ زۆربەی خاکی باکووری کوردستانی پێ دەبەخشرا.(بڕوانە: نەخشەکەی سێڤر کە لەگەڵ ئەم وتارەدا بڵاوکراوەتەوە).

چارەنووسی باشووری کوردستان بە ڕەهایی کەوتە ژێر دەستی بەریتانیاوە. پرۆسەی بەزۆر لکاندنی بە عیراقەوە لە یەکەم ڕۆژانی دوای شەڕەوە بوو بە سیاسەتی فەرمی کاربەدەستانی کۆڵۆنیالی لە میسۆپۆتامیای داگیرکراوادا. لەو چەند ساڵەدا واتا لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە ١٩١٨ تا سەرکەوتنی کەمالییەکان و مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان لە ١٩٢٣، هەوڵی لکاندنی بە زۆری ویلایەتی مووسڵ و باشووری کوردستان بە عیراقەوە چارەنووسی کوردی لەم بەشەی کوردستان دیاریکرد. بڕیاربەدەستانی بەریتانیا ناچار بوون هەندێ گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیاندا بەرانبەر کورد و داهاتووی کوردستان بکەن، کە ببوو بە یەکێك لەو پرسە گرنگانەی ڕووبەڕوویان دەبووەوە چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چ لە لەندەنی پایتەخت.

لەم بارەیەوە ژمارەیەکی یەگجار زۆر نامە و نامەکاری لە نێوان کاربەدەستانی سەربازی و دیپلۆماسی بەریتانیا لە ئیستانبوڵ، تاران، قاهیرە، بەغدا و وەزارەتەکانی دەرەوە، کۆڵۆنییەکان، کاروباری هیندستان...تاد لە بەردەستدان، کە چیرۆک و وردەکاریی ئەو پلان و سیاسەت و پیلانانە دەگێڕنەوە کە لەو ڕۆژانە سەبارەت بە دواڕۆژی کورد و کوردستان دوور لە خواستەکانی گەلەکەی دادەڕێژران.

**بەریتانیا و ئەفسانەی دەوڵەتی کوردی:**

هەندێ جار باس لەوە دەکرێت گوایە بەریتانیا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ویستوویەتی دەوڵەت بۆ کورد دروستبکات. ناوی هەندێك لە ئەفسەرانی بەریتانیش، بە تایبەتی مەیجەر نۆیل





دەبڕێت کە هەوڵی زۆری بۆ گەیشتن بەم ئامانجە داوە. گوایە ئەمیش وەک چۆن لۆرەنس دەوڵەتی بۆ عەرەبەکان دروست کرد، دەیویست دەوڵەتێك بۆ کورد دروست بکات. بەڵگە مێژووییەکان، بەر لە هەمووشیان بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی کۆڵۆنیالی بەریتانیا، ئەم جۆرە لێکدانەوەیە پشتڕاست ناکەنەوە. نۆیڵ دەیویست هەمان

سیاسەتی کۆڵۆنیاڵی و ئەفسەرە سیاسییەکانی دیکەی بەریتانیا جێبەجێ بکات. ڕەنگبێ تەنها جیاوازیی نۆیڵ لە گەڵ ئەوانی دیکەدا ئەوە بووبێت کە ئەم ویستوویەتی واقیعییانەتر و بە تێچووی کەمتر بگاتە هەمان ئەنجام. بۆ ئەفسەرێکی بچووکی وەک نۆیڵ نەدەبوو ستراتیژی بەهێزترین دەوڵەت لە سەر ڕووی زەوی ، کە خۆر لە ئیمپراتۆرییەکەی ئاوا نەدەبوو، دابڕێژێ و دیاری بکات. ئەرکی نۆیڵ جێگیرکردنی سیاسەتی بەریتانیا بوو لە دەڤەری سلێمانی، کە ئامانجە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە کارکردن بۆ ئاسانکردنی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عیراقەوە، هەروەها دامەزراندنی سیستەمێکی کارگێڕی گونجاو لە گەڵ بونیادی خێڵەکی ناوچەکەدا، هەڵبەتە ئەوەندی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا ڕێگەیان پێدەدا. بە وتەی لۆنگریگ « کێشەی باشووری کوردستان لە نۆڤەمبەری ١٩١٨ دا بریتی بوو لە دامەزراندنی سیستەمێکی کارگێڕی بۆ ئەوەی جێگەی ئەو بێسەروبەرییە بگرێتەوە کە باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشابوو. ئەم سیستەمە نەدەبوو زیان بگەیەنێت بە بەرژەوەندییەکانی ئێران و عیراق، هەروەها جێبەجێکردنیشی نەدەبوو پێویستی بە هێزی سەربازیی زۆر هەبوایە، کە ژمارەیان لەو کاتەدا زۆر کەم بوو»(٢).



هەندێ جار باس لەوە دەکرێت گوایە بەریتانیا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ویستوویەتی دەوڵەت بۆ کورد دروستبکات. ناوی هەندێك لە ئەفسەرانی بەریتانیش، بە تایبەتی مەیجەر نۆیڵ دەبرێت کە هەوڵی زۆری بۆ گەیشتن بەم ئامانجە داوە. گوایە ئەمیش

وەک چۆن لۆرەنس دەوڵەتی بۆ عەرەبەکان دروست کرد، دەیویست دەوڵەتێك بۆ کورد دروست بکات. بەڵگە مێژووییەکان، بەر لە هەمووشیان بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی کۆلۆنیالی بەریتانیا، ئەم جۆرە لێکدانەوەیە پشتڕاست ناکەنەوە. نۆیل دەیویست هەمان سیاسەتی کۆلۆنیاڵی و ئەفسەرە سیاسییەکانی دیکەی بەریتانیا جێبەجێ بکات. ڕەنگبێ تەنها جیاوازیی نۆیل لە گەڵ ئەوانی دیکەدا ئەوە بووبێت کە ئەم ویستوویەتی واقیعییانەتر و بە تێچووی کەمتر بگاتە هەمان ئەنجام.



بۆ ئەفسەرێکی بچووکی وەک نۆیل نەدەبوو

بەڵگەنامە فەرمییەکانی بەریتانیا ئەو ڕاستییە دەخەنە ڕوو کە بەریتانیا لە دوای شەڕ ویستوویەتی باشووری کوردستان بە زۆر بە میسپۆتامیاوە بلکێنێ و دەوڵەتی عیراقی لێ دروست بکات. ئەنجامی ئەو ئەرکەی بە نۆیل سپێردرابوو دامەزراندنی ئەو جۆرە کارگێڕییە بوو، واتا کارگێڕییەک کە سەرەک هۆز و دەرەبەگەکان هەر کەسەیان لە دەڤەرەکەی خۆی خاوەن دەسەڵات بوایە، بەڵام دەبوایە داردەستی ئینگلیز بوونایە و لە ڕێگەی ئەوانەوە کوردستان داگیربکرابایە و بەڕێوەببرایە. ئەم دابەشبوونە سیاسی، کارگێڕی و خێڵەکییە نەک هەر نەدەبووە مایەی دروستکردنی دەوڵەت بۆ کورد، بەڵکو کوردستانی داگیرکراوی دەگێڕایەوە بۆ سەردەمی پێش میرنشینەکان، کە ژمارەیان بە دەیان بوو. کۆلۆنیالیزمی بەریتانی لە بواری جیبەجێکردنی سیاسەتی پەرتکردنی گەلی باشووری کوردستاندا ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆی

لـە هیندسـتان خسـتبووە گـەڕ. مایـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە پرسـەکانی تایبـەت بـە کـورد تـا سـاڵی ١٩٢١ لـە دەسـتی وەزارەتـی کاروبـاری هیندسـتاندا بـوو، لـەو سـاڵە بـەدواوە ئـەم پرسـە ڕادەسـتی وەزارەتـی کۆڵۆنییـەکان کـرا. مەبەسـتی سـەرەکیی کاربەدەسـتانی بەریتانیـا لـەم شـێوازە بەڕێوەبردنـە خەرجکردنـی پارەیەکـی کەمتر و پەنابـردن بـۆ هێـزی سـەربازی سـنووردار بـوو.

هـەر گرێـدراو بـەو ئامانجـەی لـە سـەرەوە ئاماژەمـان پێکـرد، ئەرکێکی سـەرەکیی دیکـەی نۆیـڵ ئـەوە بـوو بـەر بـە پلانەکانـی مسـتەفا کەمـال بگرێـت بـۆ داگیرکردنـەوەی ویلایەتـی مووسـڵ و باشـووری کوردسـتان. لــە هەمــوو پەیوەندییەکانیــدا هەوڵیــدەدا ڕێگــە لــە پڕوپاگەنــدەی کەمالێیــەکان لــە نێــو کوردانــی باشــووردا بگرێــت. لــە باکــووری کوردسـتانیش دەبوایـە ئەوەنـدی پێیدەکـرا کـورد بـە دوور بگرێـت لـە بزووتنـەوەی کەمالـی، چونکـە سـەرکەوتنی کەمالییـەکان بـۆ ئینگلیـزەکان یـەک واتـای هەبـوو، ئەویـش شکسـتی پلانەکانیـان بـوو لـە باکـوور و بگـرە باشـووری کوردسـتانیش. کەمالییـەکان ئامـادە نەبـوون ددان بنێـن بـە داگیرکردنـی ویلایەتـی مووسـڵدا و خسـتبوویانە نێـو سـنوورەکانی پەیمانـی نیشـتمانی «میسـاقی میللـی» خۆیانـەوە. هاندانـی کوردانـی باکـوور لـە دژی کەمالییـەکان لـە لایـەن بەریتانیـاوە کردنـی بـە ئامانجـی پەلامارەکانـی مسـتەفا کەمـال و زیانـی گـەورەی بـە بزووتنـەوەی کـورد لـەو بەشـەی کوردسـتان گەیانـد. ئـەم سیاسـەتەی بەریتانیـا لـە کاتـی کێشـەی ویلایەتـی مووسڵیشـدا بـوو بـە هـۆی ماڵوێرانـی زۆر بـۆ کـورد لـە باشـوور و باکـووری کوردسـتانیش. ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٢٥ بـە قازانجـی ئینگلیـز شـکایەوە لـە پرسـی لکاندنـی ویلایەتـی مووسـڵا بـە عیراقـەوە. لـە دوای لێکتێگەیشـتنی تورکیـا و بەریتانیـا لـە بـارەی مووسـڵەوە، ئیـدی

ئینگلیز کاری بە کوردی باکوور نەما و کەوتە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کەمالییەکاندا لە دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کورد لە سەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان باشوور و باکووری کوردستان.

**بەریتانیا و پەیماننامەی سێڤر:**

هەرچەندە ژمارەیەک دەوڵەت لە هەردوو بەرەی سەرکەوتوو و دۆڕاوی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەشداری وتووێژەکانی ئاشتییان لە پاریس دەکرد، لێ لە ڕاستیدا بەریتانیا بە هاوکاری فەڕەنسا و لە هەندێ پرسیشدا ئەمریکا بڕیاردەری سەرەکی بوون. لە میانەی وتووێژەکانی کۆنفرانسی ئاشتیدا ناوی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە کانوونی دووەمی ١٩١٩ لە تەك ئەرمینیا، میسۆپۆتامیا، سووریا، فلەستین و عەرەبستان «ئەرابیا» پەیدا بوو، لەوێدا باس لە ڕزگارکردنی ئەو وڵاتانە لە دەستی تورک دەکرا. هەڵبەتە ڕزگارکردنەکە یەکجاری نەبوو، بەڵکو دەبوایە بخرێنە ژێر چاودێریی «مەندەیتی» وڵاتێکی سەرکەوتووەوە کە ئەو کاتە بریتی بوون لە بەریتانیا، فەڕەنسا بە پلەی یەکەمین و ئەمریکا بە پلەی دووەمین. هەر ئەو کاتە بۆچوونێکی وا لە ئارادا بوو کە باشووری کوردستان دەبێت لە ژێر ڕکێف و چاودێریی بەریتانیا بێت و باکووری کوردستانیش لە گەڵ ئەرمینیا لە ژێر چاودێریی ئەمریکا بن. ئەو بەشەی ڕۆژئاواش لە ژێر مەندەیتی فەڕەنسیدا بێت. واتا لە یەکەمین مانگەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی پڕۆژە ئیمپریالییەکان لە بارەی کوردستانەوە گۆڕانکاریی جددیان بەسەردا هات بە بەراورد لە گەڵ ئەوانەی پێش و سالآنی شەڕدا، بە تایبەتی لەگەڵ بەندەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس – پیکۆدا. هەڵبەتە ئەمانەش هێشتا کۆتایی نەبوون چونکە

ڕووداو و بارودۆخەکان لە گۆڕانی بەردەوامدا بوون. دوای ماوەیەکی کورت ئەمریکا لە یارییەکە کشایەوە و چارەنووسی کوردستان کەوتەوە دەست بەریتانیا و فەڕەنسا. هەر لەو مانگەدا کۆنفرانسی ئاشتی گوێی لە نوێنەری ئەرمەن ئاڤێتیس ئەهارۆنیان گرد کە سەرۆکی کۆماری ئەرمەنستان بوو. پانخوازیی ئەرمەنەکان هەموو سنوورەکانی بەزاندبوو. ئەوەی ئەهارۆنیان باسی لێوە دەکرد دامەزراندنی



ئیمپراتۆریایەکی ئەرمەنی بوو، نەک دەوڵەتێك بۆ دانیشتوانی ئەرمەن. بە پێی ئەهارۆنیان دەبوایە ئەو دەوڵەتە ئەرمەنییە کیلیکیا، مەراش، ئەرزەڕۆم، بدلیس، وان، دیاربەکر، خەربوت، سیواس بگرێتە خۆ. تەنها هەکاری و بەشێک لە باشووری دیاربەکری بۆ کورد هێشتبووەوە، لەگەڵ هەندێك ناوچەدا کە دانیشتووانەکانی تورک و عەرەب بوون. بۆ ئەوەی دەرچەشی هەبێت بۆ سەر دەریای ڕەش، دەبوایە بەشێک لە ویلایەتی ترابزۆنی بخرێتە سەر. ئەو هەکارییەشی ئەهارۆنیان بە کوردی ڕەوا بینیبوو، ئاسوورییەکان چاویان تێ بڕیبوو و دەیانویست دەوڵەتی خۆیان لە سەر خاکەکەی دامەزرێنن کە دەبوایە سنوورەکانی بە پێی پڕۆژەی ئاسوورییەکان هەموو ئەو سەرزەمینەی نێوان هەردوو گۆلی وان و ورمێی بگرتبایەتەوە. ئەمەش لە بیرخەرەوەی نوێنەرانی ئاسووریدا هاتبوو کە پێشکەشی کۆنفرانسی ئاشتییان کرد. نوێنەرانی ئاسوورییەکانیش وەک کورد ڕێگەیان پێنەدرا لە بەردەم کۆنفرانس قسە بکەن. هەڵبەتە ڕێگە دەدرا کێ چی دەڵێ با بیڵێ و میمیراندەمی خۆی پێشکەشی بکات، بەڵام کەس ئەو نەخشە

خەیاڵییانەی بە جیددی وەرنەدەگرت و هەموو لایەک دەیانزانی لە کۆتاییدا لۆید جۆرج و جۆرج کلیمەنسۆ بڕیار دەدەن. کاربەدەستانی بەریتانیا لە ورمێ و میسۆپۆتامیا نەهامەتی ئاسوورییەکانی هەکارییان زۆر خراپ بەکارهێنا. دروستکردنی هێزی سەربازی لێڤی و هەندێ پرۆژەی ناواقیعی وەک ئەوەی لیچمن بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی ئەتنیکی بۆ ئاسوورییەکان لە سەر حیسێبی ڕاگوێزانی بەزۆری هەزاران خێزانی کورد لە هەندێ دەڤەری بادینان، بوونە هۆکاری کارەسات و نەهامەتی زیاتر بۆ ئاسوورییەکان.

لە دوای ئەهارۆنیان گوێ لە فەیسەڵی کوڕی شەریفی مەککە گیرا. ئەویش خەونی بە دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەکی عەرەبییەوە دەبینی، هێڵێکی لە ئەسکەندەرۆنەوە بۆ باشووری دیاربەکر کێشا و هەموو ئەو سەرزەمینانەی دەکەوتنە ژێر ئەو هێڵەوە بە لای فەیسەڵەوە خاکی عەرەب بوون و دانیشتووانی بە عەرەبی قسەیان دەکرد و بە ڕەچەڵەک سامی بوون، کەمینە ئەتنییەکانی، هەڵبەتە کوردیش لە نێو ئەو کەمینانەدا بوو، بە وتەی فەیسەڵ تەنها یەك دەر سەدی دانیشتووانیان پێکدەهێنا. بە بۆچوونی فەیسەڵ دەبوایە لەو جوگرافیا پان و پۆڕەدا یەک دەوڵەتی عەرەبی پێکبهێنرابایە. کوردناسی ناسراوی ڕووسیا م. س. لازەرێف ئەم بۆچوونەی فەیسەڵی جوان لێکداوەتەوە و بە بنەمای ئەو لێکدانەوە شۆڤینییە عەرەبییەی دادەنێت کە تا ئەمڕۆش لە عیراق و سووریا باڵادەستە و نکۆڵی لە هەبوونی کورد وەک گەلێک و خاکەکەی وەک نیشتمانێک دەکات(٣).


لە بەرانبەردا کوردیش میمیراندەمێکی لە ٢٢ مارتی ١٩١٩ لێ وەرگیرا. شەریف پاشای خەندان بە ناوی سەرۆکی شاندی کوردییەوە پێشکەشی کۆنفرانسی کرد، کە لە ڕاستیدا نە کەس ددانی بەو

شـاندەدا نابـوو و نـە شـاندێکیش لـە ئـارادا بـوو. شـەریف پاشـا داوای کردبـوو نـاوی خـۆی و کچەکـەی و زاواکـەی وەک سـەرۆک و ئەندامانـی شـاند تۆمـار بکرێـن. لـە کاتێکـدا شـەریف پاشـا لـە کۆنفراسـی ئاشـتیی پاریـس داخوازیـی کوردانـی دەخسـتە بـەردەم هاوپەیمانـان، شـێخ مەحموودیـش ئیمـزای سـەرەک هـۆز و پیاوماقوڵانـی کـۆ دەکـردەوە و هەوڵیـدەدا بیگەیەنێتـە شـەریف پاشـا بـۆ پشـتگیری لـە داخوازییەکانـی و نوێنەرایەتیـی ئەمانیـش بـکات، فەڕەنسـییەکان لـە سـەر داخوازیـی ئینگلیز لـە حەلـەب گرتنیـان و ڕێگەیـان نـەدان بچـن بـۆ پاریـس. بەریتانییـەکان لـە هەمـوو بۆنەیەکـدا باسـی نەبوونـی یەکێتییـان لـە نێو کـوردا دەکـرد و ئەوەیـان دووپـات دەکردەوە کـە کـەس ناتوانێـت لافـی ئـەو لێبـدات نوێنەرایەتیـی کـورد، یـا تەنانـەت بەشـێکی کـورد دەکات. بـۆ ئـەوەی ئـەو بیرۆکەیـەش لـە لای نوێنەرانـی دەوڵەتـان جێگیـر بکـەن،



شـەریف پاشـایان بـە نوێنـەری کـەس دانەدەنـا و دەیانـوت تەنهـا بـۆ خـۆی کاردەکات. هەڵبەتـە هەنـدێ کـردەوەی سـەردارانی کوردیـش لـەو کاتـەدا ئـەو ئەرکـەی بەریتانییەکانـی ئاسـان دەکـرد، کاتێـک نوێنەرانـی «کۆمەڵـەی پێشـکەوتنی کوردسـتان» (کوردسـتان تعالـی جمعیەتـی)، کـە پێشـتر داوایـان لـە شـەریف پـاش کردبـوو نوێنەراتیـی کـورد بـکات، ڕایانگەیانـد کـە ئـەو ئیـتر نوێنەرایەتیـی ئـەوان نـاکات. کوردانـی لایەنگـری مسـتەفا کەمالیـش پەیتـا پەیتـا نامەیـان دەنـارد کـە ئـەوان نایانەوێـت لـە بـرا تورکەکانیـان جـودا ببنـەوە.

لـە سـەر پەیماننامـەی سـێڤر زۆر نـووسراوە و کـورد زۆریـان پێـدا




هەڵـداوە و تەنانـەت نـاوی منداڵانـی خۆشـیان نـاوە سـێڤر «سـیڤەر بـە کـوردی»، بۆیـە لێـرە بـە پێویسـتی نازانـم زۆری لـە سـەر بـڕۆم. تەنهـا بـە چەنـد ڕسـتەیەک و بـە پشتبەسـتن بـە سـەرچاوە و بەڵگەنامـەکان بۆچوونەکانـی خـۆم دەخەمـە ڕوو. ڕەنگبێـت بایەخـی سـێڤر تەنهـا لـەوەدا بێـت کـە بـۆ یەکەمیـن جـار لـە مێـژوودا و لـە پەیماننامەیەکـی نێودەوڵەتیـدا بـاس لـە دۆزی کـورد کـراوە. لـە ئیتالیـا زیاتـر هیـچ کام لەوانـەی مۆریـان کردبـوو لـە پاڕلەمانەکانـی خۆیانـدا ئیقراریـان نەکـرد. لـە دوای کەمتر لـە تەنهـا ساڵێک لـە مۆرکردنـی، سـەرەکترین مۆرکەرانـی، بـە تایبەتـی فەڕەنسـا، ئامادەیـی دەربـڕی بـە قازانجـی کەمالییـەکان پێداچوونـەوە بـە بەندەکانیـدا بـکات و ڕێککەوتننامـەی لـە گەڵیانـدا لـە ١٩٢١ مـۆر کـرد. بـە پێـی سـێڤر بەشـی هـەرە زۆری خاکـی باکـووری کوردسـتان بـۆ ئەرمەنسـتان تەرخـان کرابـوو و ئەگـەر ئـەو پەیماننامەیـە جێبەجـێ بکرابایـە، ئەمـڕۆ لـەو ڕووبـەرە فراوانـەدا یـەك کـورد نەدەبیـنرا، ئەگـەر کارەسـاتە خوێناوییەکانـی شـەڕی یەکەمـی جیهـان و کوشـتاری

ئەرمەن و ئاسووری و ڕاگواستنی کورد و کردەوەی چەتە ئەرمەنییەکان لە تەك سوپای ڕووسدا لە بەر چاو بگرین. ئەو خاڵانەش (٦٢- ٦٤) کە بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی تەرخان کرابوون، ئەوەندە مەرج و ئەگەر بۆ جێبەجێکردنیان دانرابوون، باوەڕ ناکرێت قەت لە سەر ئەرزی واقیع بهاتنایەتە دی، بە تایبەتی لەگەڵ پلان و پیلانە کۆڵۆنیالییەکانی بەریتانیادا بۆ لکاندنی بە زۆری باشووری کوردستان بە عیراقەوە لە ژێر داگیرکاریی ڕاستەوخۆ و دواتریش مەندەیتی خۆیدا.

**بەریتانیا و یلایەتی مووسڵ و چارەنووسی کورد:**

لە دەسپێکی شەڕی یەکەمی جیهانیدا پلانەکانی بەریتانیا زیاتر بۆ داگیرکردنی باشوور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا (هەردوو ویلایەتی بەسرە و بەغدا) بوو. باڵادەستی بەریتانیا لە کەنداوی فارس و باشووری ئێران و داگیرکردنی باشووری میسۆپۆتامیا پاراستنی ڕێگای هیندستان و نەوتی عەبادانیان بۆ دەستەبەر دەکرد. دواتر لەگەڵ سەرکەوتنە سەربازییەکاندا، هەڵکشان و پێشکەوتن بەرەو بەغدا، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ و کشانەوەی ڕووسیا لە شەڕ و تێکشکانی دەوڵەتی عوسمانی، پلانەکانی بەریتانیا گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هات. لە ئۆپەراسیۆنی داگیرکردنی میسۆپۆتامیادا سوپای بەریتانیا (٣١٥٠٠) کوژراو و (٦٦٥٠٠) بریندراری لە دەستدا، بڕی(١٥٠) ملیۆن پاوەنی ستەرلینی خەرج کرد، کە بە بەها و پێوەرەکانی ئەو ڕۆژانە، پارەیەکی یەکجار زۆر بوو. لە کۆتایی شەڕدا سوپایەکی زەبەلاحی (٤٠٣٠٠٠) سەربازی لە گۆڕەپانی شەڕی میسۆپۆتامیادا ئامادە بوو(٤).. ئەم سوپا گەورەیە گرنگی و پێگەی میسۆپۆتامیای لە پلانەکانی

بەریتانیا دەردەخست و ئەو ڕاستییە دەدرکێنێ کە ئەو وڵاتە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو دەستبەرداری بێت.

بەریتانیا لە میسۆپۆتامیا، کاتێ کردی بە دەوڵەت، هەر بە خۆیشی ناوی عیراقی لێنا، حکوومەتێکی تەواو گوێڕایەڵی دامەزراند کە یەکێك لە کەسە هەرە دڵسۆزەکانی خۆی فەیسەڵی کوڕی شەریفی مەککەی کرد بە مەلیکی. تەنها لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە گوێڕایەڵەدا بە ناچاری بۆ کورد جاروبار بیر لە هەندێ میرنشینۆکە و دەرەبەگۆلکەی لۆکاڵ و خێڵەکیی بچووک و ملکەچ دەکرایەوە. پلانی ئینگلیز ئەوە بوو ئەو یەکانە بۆ خۆیان لە کوردستان هەر بە گژ یەکدا بچن، بەڵام دوور لەوان و زیان بە بەرژەوەندییەکانیان نەگەیەنن لە میسۆپۆتامیا. ئەم بیرۆکانە بە ڕوونی لە بروسکە نهێنییەکانی فەرمانڕەوای مەدەنی عیراق بۆ وەزارەتی کاروباری هیند لە ٩ ئایاری ١٩١٩ و هەروەها بروسکەی وەزارەتی ناوبراو بۆ ئەو فەرمانڕەوایە لە بەغدا لە ٢٢ نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا خراونەتە ڕوو(٥). حوکمداریی شێخ مەحموود تەنها لەم چوارچێوەیەدا جێگەی بۆ کرابووەوە. هەر هەوڵێکی شێخیش بۆ فراوانکردنی هەرێمی حوکمدارییەکەی و دەسەڵاتەکانی بە دەرچوون لەو سنوورە دادەنرا و کاربەدەستانی کۆلۆنیالی بەریتانیا بە توندی ڕووبەڕووی دەبوونەوە. پێدەچێت فەیسەڵ لە دوای سەرکەشییەکەی لە سووریا، ئەویش هەر بە هاندانی ئینگلیز بوو، لەوە تێگەیشت کە بە بێ ڕەزامەندیی بەریتانیا هیچ ناکرێت، بۆیە بە تەواوی ملکەچی هەموو داخوازییەکانی ئینگلیز بوو. لە بەرانبەردا ئینگلیزەکان سەیریان کرد، کە شێخ مەحموود وەك فەیسەڵ گوێڕایەڵیان نابێت، لە دوای هێنانەوەیشی لە هیندستان لە ساڵی ١٩٢٢ پەندی لە ئەزموونەکەی ساڵی ١٩١٩ وەرنەگرت، بۆیە

بەریتانیـا بـە یەگجـاری دەسـتی لـێ شوشـت.

لـە کێشـەی ویلایەتـی مووسـڵدا بەریتانیـا هەمـوو ئامێرەکانـی خـۆی خسـتە کار بـۆ ئـەوەی ئـەو هەرێمـە گرنگـە لـە دەسـت نـەدات. لـە لایەکـەوە لـە سـەر ئـەرزی واقیـع و لـە ڕۆژانـی یەکەمـی دوای شـەڕەوە دەسـتی کـرد بـە جێگیرکردنـی سیسـتەمی داگیـرکاری و مەندەیـت لـە دەڤـەرە جیاوازەکانـی ویلایەتەکـەدا و ئامـادە نەبـوو کات لـە دەسـتبدات و چاوەڕوانـی چارەسـەرکردنی کێشـەکە بـکات. تـا کاتـی بڕیـاری کۆمەڵـەی گـەلان هـات، دەسـەڵاتی بەریتانـی لـە عیـراق، لیواکانـی ئـەم ویلایەتـەی بـە دەیـان ڕێگـە و شـێواز بـە بەغـداوە گرێدابـوو و لـە بـاری واقیعییـەوە وەک بەشـێک لـە عیـراق هەڵسـوکەوتیان لەگەڵـدا دەکـرا، قانوونەکانـی ئەوێیـان بەسـەردا دەسـەپێنرا. لـە ڕیفیراندەمـی دانانـی فەیسـەڵدا بەشـدارییان پێدەکـرا و دەبوایـە نوێنەرانیـان



بـۆ ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عیـراق هەڵبژێـرن. کاتێکیـش لـە وتووێژەکانـی لۆزنـدا کێشـەکە چارەسـەر نەکـرا، بەریتانیـا یەکسـەر هەواڵـەی کۆمەڵـەی گەلانـی کـرد، کـە لـە ڕاسـتیدا بریتی بـوو لـە ئامێرێکـی ملکەچ بە دەسـتی خۆیـەوە. لـە کۆتاییـدا هەرچەنـدە کۆمەڵـەی گـەلان ناچـار بـوو ددان بـەو ڕاسـتییەدا بنێـت کـە: ئەگـەر پرینسـیپی نەتەوەیـی لـە بەرچـاو بگیرێـت، ئـەوا دەبێـت دەوڵەتێکـی کـوردی لـە ویلایەتـی مووسـڵ دروسـت بکرێـت، لـێ لەگـەڵ ئەوەشـدا بڕیاریـدا بیخاتـە سـەر عیـراق. زۆر بـە ناحـەق کـورد خرابـووە بـەردەم دوو بـژاردەی یـەك لـە یـەك خراپـترەوە: یـا عیـراق یـا تورکیـا. ئـەوەی لـەم کەیـن و بەینـەدا ونبـوو، پرسـیارە جەوهەرییەکـە

بــوو، کــە پرســیاری دەوڵەتــی ســەربەخۆی کوردســتان بــوو.

ئـا بـەو شـێوەیە بڕیـار لـە چارەنووسـی باشـووری کوردسـتان درا و داخوازییـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد ژێـر پـێ کـران. لەمەشـدا مەگـەر تەنهـا کـورد خـۆی ئەوەنـدەی بەریتانیـا لێـی بەرپرسـیار بێـت. نـەك هـەر ئـەوە، بەڵکـو ئـەو هەنـدە مافانـەش کـە لـە بەرانبـەر لکاندنـی مووسـڵ و باشـووری کوردسـتان بـە عیراقـەوە بـە کـورد دران، حکوومەتـە یـەك لـە دوای یەکەکانـی عیـراق بـە پشـتگیری ڕاسـتەوخۆ و بگـرە زۆرجـار بـە ڕێنمایـی و ئامۆژگاریـی ئینگلیـز ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پشـتگوێ دەخـران و ژێرپـێ دەکـران. وەک وڵاتـی چاودێریـش (خـاوەن مەندەیـت) لـە ڕاپۆرتـی سـاڵانەیدا بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان لـە سـەر ڕەوشـی عیـراق و بارودۆخـی دانیشـتووانەکەی، وێنەیەکـی لایەنگرانـەی ئەرێنـی دەسـەڵاتەکەی خـۆی و حکوومەتـە گوێڕایەڵەکـەی بەغـدای



پێشـکەش دەکـرد. سـەبارەت بـە کـورد و داخوازییـە ڕەواکانیشـی، هەرچـی شـتی نەرێنـی هەبـوو وەک باسـی ناڕێکـی، شـەڕ و ململانێـی نێوخۆیـی، ئاڵـۆزی و ئاژاوەگێـڕی بـە بەردەوامـی بـۆی ڕیـز دەکـردن. بـە واتایەکـی دیکـە، هەمیشـە پاکانەیـان دەکـرد بـۆ مانـەوەی کـورد بـە ژێردەسـتی و کۆیلەیـی و ڕێگەگرتـن لـە هەوڵەکانـی بـۆ ئـازادی و سـەربەخۆیی.


لــە هەمــوو ئــەو پەیماننامــە و ڕێککەوتننامــە دووقۆڵیانەشــدا کــە لـە نێـوان عیـراق و بەریتانیـا لـە بیسـتەکان و تـا وەرگرتنـی عیـراق لـە کۆمەڵـەی گـەلان لـە سـاڵی ١٩٣٢ مـۆر دەکـران، بەریتانیـا وەک وڵاتێکـی خـاوەن مەندەیـت و بەرپرسـیار هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ گەلـی کـوردا نەکـرد

و ئەرکەکانــی خــۆی بــە پێــی پرینســپەکانی مەندەیــت و مەرجەکانــی چارەســەرکردنی کێشــەی مووســڵ بەجــێ نەدەهێنــا. لــە هەمــوو ئــەو ڕێککەوتننامانەشــدا کــە لــە نێــوان عیــراق، هەڵبەتــە بــە ڕێنمایــی و ئامــۆژگاری و بەشــداریی ڕاســتەوخۆی بەریتانیــا، لەگــەڵ داگیرکەرانــی تــری کوردســتاندا مــۆر دەکــران، هەمیشــە خاڵــی ئامادەیــی بــۆ ســەرکوتکردنی «یاخیبــووان و چەتــەکان» لــەم بــەر و ئــەو بــەری سنوور، لــە ئــارادا بــوو.

### کۆمیدیـای مافـی کـوردان لە دیـدی کاربەدەسـتانی بـاڵای بەریتانییەوە لــە عیراقدا:

ڕەنگبێــت باشــترین بەرجەســتەکردنی تێڕوانینــی بەریتانیــا بــۆ کــورد و کوردســتان و کردنیــان بــە مایــەی بــەزم و جۆرێــك لــە کۆمیدیــا، ئــەم چیرۆکــەی مــس بێــڵ بێــت کــە لــە بــارەی مافەکانــی کــوردەوە لــە یەکێــک لــە نامەکانیــدا دەیگێڕێتــەوە. گێرتــرود بێــڵ لــە ســەردەمی داگیــرکاری و مەندەیتــدا ســکرتێری فەرمانــڕەوای بــاڵای بەریتانیــا بــوو لــە عیــراق، تــا ئــەو کاتــەی کۆچــی دوایــی کــرد لــە ســاڵی ١٩٢٦ دا، خــاوەن دەســەڵاتێکی گــەورە بــوو، کۆمەڵــێ نازنــاوی هەبــوو وەک «دروســتکەری شــا» و «شــاژنی بیابــان» و خاتــوون. لــە بەغــدا هــەر بــە «خاتــون» نێــوی دەبــرا. کــە دەوتــرا خاتــون، هەمــوو کــەس دەیزانــی بــاس لــە مــس بێــڵ دەکرێــت. لــە کۆمەڵــێ نامــەدا کــە بــۆ کەســوکار و دۆســتانی لــە بەریتانیــا دەینــاردن، بــاس لــە دیــد و بۆچــوون و هەڵســوکەوتەکانی خــۆی دەکات. ئــەم نامانــە لــە دوای مردنــی بــە ســاڵێک لــە کتێبێکــدا کۆکرانــەوە و بڵاوکراونــەوە و تەنهــا لــە ســاڵی ١٩٢٧ حــەوت چاپــی لــێ دەرچــوو. لــە یەکێــک لــە نامەکانیــدا کــە ٢٨ ئابــی ١٩٢١ بەســەرەوەیە، واتــا پێنــج ڕۆژ دوای دانانــی فەیســەڵ لــە ســەر تەختــی پاشــایەتی عیــراق، کــە مــس بێــڵ زۆر زەحمەتــی تێــدا

کێشابوو و لە یەکێک لە نامەکانیدا بە وەڕسبوونەوە نووسیبوی، کە جارێکی تر ئەم کارە قورسە ناکات، واتا شا دروستکردن، چونکە کارێکی زۆر زەحمەتە. لەو نامەیەدا باس لەو شاندانە دەکات کە لە ئاهەنگی تاج لەسەرنانی فەیسەڵدا ئامادە بوون، نوێنەرانی کەرکوک و سلێمانیان تێدا نەبوو، چونکە ئەوان بایکۆتیان کردبوو. باس لە شاندی مووسڵ دەکات کە هەندێ سەرۆک هۆزی کوردی بادینانشی گرتبووە خۆ، دەڵێت: " گرووپی سێیەم بریتی بوون لە سەرۆک هۆزە کوردەکانی ناوچە سنووورییەکان، کە خرانە سەر عیراق و بە هیوای ئەوەن کوردستان بە سەربەخۆیی ببینن، کە وەک خەونێکی پیرۆزییان دەمێنێتەوە.



دوای ئەوەی چارەکە سعاتێکیان لە گەڵ سێر پێرسی کۆکسدا بەسەر برد، هەموو کارەکان هاتنە لای من. مەیجەرەکە... پێی ڕاگەیاندم کە دەرفەتی ئەوەیان نەبوو لەگەڵ سێر پێرسیدا باسی دواڕۆژی کوردستان بکەن، بۆچوونی منی لەم بارەیەوە پرسی. من پێم ڕاگەیاندن لە باری ئابوورییەوە ناوچەکانیان گرێدراوی مووسڵن، گرنگە هەمیشە چەند کوردستانێك هەبن. ئەوان لەمەدا هاوبیر بوون، بەڵام وتیان پێویستمان بە فەرمانبەری کوردە. وتم لەمەدا کێشەی گەورە نابینم، دەبێت منداڵەکانتان لە قوتابخانەی کوردیدا بخوێنن، بەڵام هیچ کتێبێک بە زمانی کوردی لە بەردەستدا نییە. ئەمە نیگەرانی کردن، دوای هەندێ بیرکردنەوە، وتیان ئەکرێت خوێندن بە زمانی عەرەبی بێت. دوای ئەوە پرسیان: ئەی لە بارەی ئۆتۆنۆمییەوە چۆن دەبێت؟. منیش پرسیم: ئایە لەم بارەیەوە لەگەڵ

گەورەمـان فەیسـەڵ «بـە تـەوزەوە بـە فەیسـەڵی دەگـوت سـەیدا، یـا مەولانـا. ج» قسـەتان نەکـرد؟. وتیـان: نەخێـر، وتـم: باشـە دەبێـت هـەر ئێسـتا ئـەم کارە بکـەن، دەتانەوێـت لەگەڵیـدا کۆببنـەوە؟. وتیـان: بەڵـێ. ئـەو کاتـە تەلیفۆنـی ڕۆسـتەم حەیـدەرم کـرد « ناسیۆنالیسـتێکی عەرەبـی لوبنانـی بـوو و سـەرۆکی دیوانـی دەربـاری پادشـایەتی عیـراق بـوو. ج.»، بـۆ دوێنـێ دوای نیـوەڕۆ مەوعیـدم لـە گـەڵ فەیسـەڵ بـۆ وەرگرتـن!!!. حـەز ئەکـەم لـە فەیسـەڵ خـۆی گوێـم لێبێـت چـی دەکات؟. توخـوا مایـەی بـەزم و پێکەنیـن نییـە؟»(٦). ئـا بـەم شـێوە کۆمیدییـە شـاژنی بیابـان و ئافرێنـەری پادشـاکان و کاربەدەسـتانی دیکـەی بـاڵای بەریتانیـا لـە گـەڵ داخوازییـە ڕەواکانـی کـوردا هەڵسـوکەتیان دەکـرد و قوڕێکیـان بـۆ ئـەم گەلـە گرتـەوە، کـە هەرچـی دەکات لێـی دەرناچـێ.

سەرچاوەکان:

1. A.T. Wilson. Mesopotamia 1917 – 1920, A Clash of Loyalties, London 1930, p. 141.

2. Longrigg , Iraq 1900 to 1950, A Political, Social and Economic History, London 1953, p. 103

٣. م. س. ڵازاریف، ئیمپریالیزم و پرسی کورد ١٩١٧ – ١٩٢٣، مۆسکۆ ١٩٨٩. ل. ١٣٧ (بە زمانی ڕووسی).

٤. محمد عودة، ثورة العراق، دار النديم، القاهرة، د. ت، ل١١; هەروەها بڕوانە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستانی عیراق ١٩١٨ – ١٩٣٢، باکۆ ١٩٦٧. ( بە زمانی ڕووسی).

5. S.S. Gavan, Kurdistan: divided Nation of the Middle East, London 1958, pp.29- 30.

6. The Letters of Gertrude Bell, Selected and Edited by Lady Bell, D.B.E, Vol. I- II, London, Ernest Benn Limited, 1927. Vol. II, PP.620 -621

بەرەو سەدساڵەی پرسیاری کورد و وەڵامی بەریتانیا

# سەربەخۆیی کوردستان،
# یان یەکپارچەیی خاکی عێراق ؟

عەبدولڕەحمان سدیق

**پێشەکی:**

قسـەکردن لەبـارەی کـورد و بەریتانیـاوە کارێکـی ئاسـان نییـە ، نـەك لەبـەر ئـەوەی بەریتانیـا ئـەو ئیمپڕاتورییەتـە فراوانـە بـوو کـە ڕۆژی تێـدا ئـاوا نابـوو، بەڵکـو لەبەرئـەوەی زمانـی ئاخاوتـن و دەربڕیـن و نووسین و خوێندنـەوەی ناخـی هـەر ئینگلیزێـك، وەك گـەڕان وایـە بەنێـو ئۆقیانووسـدا.

دەشـێت ئینگلیـزی بزانیـت و قسـەی پـێ بکەیـت و پێشـی بخوێنیتـەوە، بـەڵام هێشـتا زۆر زەحمەتـە بـە تـەواوی لـە ماناکانـی پشـت لێـدوان و ڕەفتارەکانـی هـەر سیاسـەتمەدار و دیپلۆماتکارێکـی بەریتانـی تێبگەیـت.

بۆیـە لـەم پێشـەکییە کورتـەدا هـەوڵ دەدەم تەنهـا دابەشـکردنێکی مێژوویـی بـۆ ١٠٠سـاڵی بەریەککەوتنـی بەریتانیـا و کـورد بکـەم، نـەك

پەیوەندیـی نێـوان بەریتانیـا و کـورد. چونکـە لامواپـە ئێسـتاش شـتێك نییـە بـە نێـوی پەیوەندیـی نێـوان بەریتانیـا و کـورد، بەڵکـو ئـەوەی هەیـە پەیوەندیـی نێـوان بەریتانیـا و ئـەو عێڕاقەیـە کـە بەریتانیـا دروسـتیکرد و بـە توندییـش دەیپارێزێـت !

**قۆناغی یەکەم: لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ - ١٩٣٢**

لـە دەوروبـەری سـاڵی ١٩١٨ سـوپای بەریتانیـا گەیشـتە کەرکـووك و دەسـتی بـە هەڵکشـان کـرد بـەرەو شـارەکانی دیکـەی هەرێمـی کوردسـتان.

لـەم سـاتەدا هێشـتا دەوڵەتێـك نەبـوو بـە نـاوی عێـراق، ئـەوەی هەبـوو، میزۆپۆتامیـا بـوو، سـێ ویلایەتـی بـەسرە و بەغـداد و موسـڵ بـوو.

پێـش دروسـتبوونی عێـراق، شـێخ مەحمـوودی حەفیـد باڵادەسـت بـوو لـە سـلێمانی لـە سـاڵی ١٩١٨ دا، لـە سـاڵی ١٩١٩ شـدا شۆڕشـی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان کـرد، دوای شکسـت و نەفیکـردن و گەڕانـەوە، لـە ساڵی ١٩٢٢دا خـۆی وەك مەلیکـی کوردسـتان ناسـاند، بـەڵام بەریتانیـا لـە سـاڵی ١٩٢١دا فەیسـەڵی وەك یەکـەم مەلیکـی عێراقـی یەکگرتـوو ناسـاند و هـەر لەوسـاوە لـە دژی سـەربەخۆیی کوردسـتان بـوو.

تـا لـە ٣ ی ئوکتۆبـەری سـاڵی ١٩٣٢دا، بـە فەرمـی سـەربەخۆیی دەوڵەتـی عێراقـی ڕاگەیانـد وەك ئەنـدام لـە عوسـبەتول ئومـەم ، بـەڵام وەك بەڵگەنەویسـتێك، تـا ئەمـڕۆش بـە پێچەوانـەی وڵاتانـی دیکـەوە، هیـچ حکوومەتێکـی عێڕاقـی لەوسـاوە تـا ئێسـتا، ڕۆژی سـەربەخۆبوونی عێراقـی نەکـردووە بـە ڕۆژی نیشـتمانیی، وەك بڵێـی تـا ئێسـتاش عێـراق سـەربەخۆ نییـە و هـەر پاشـکۆی بەریتانیایـە !

ئەوەشـــمان لەبیـــر نەچێـــت کـــە ڕۆژنامەگەریـــی کـــوردی لـــە ســـەرەتای ١٩١٨ و تـــا ســـاڵانی دواتریـــش لـــەم ماوەیـــەدا زۆر بابەتـــی لەبـــارەی داواکردنـــی ســـەربەخۆییەوە نووســـیوە، کـــە ئەمانـــەی لای خـــوارەوە نموونـــەی هەندێکیانـــن:

پێشکەوتن: ١-١١٨

ڕۆژنامـــەی پێشـــکەوتن وەك یەکەمیـــن ڕۆژنامـــەی ســـلێمانی: ١٩٢٠ - ١٩٢٢

لـــە ســـاڵی یەکەمیـــدا، لـــە ژمـــارە ١٣ بـــەرواری ١٩٢٠/٧/٢٢ ، ل ٢، حاکمـــی سیاســـی چەمچەمـــاڵ، کاپـــتن ڤیڤیـــان هۆڵـــت (١٨٩٦ - ١٩٦٠) لەبـــارەی زیرەکیـــی کـــوردەوە نووســـیویەتی:

" لـــە غەزەتـــەی پێشـــکەوتندا هەدێـــك نووســـین و قســـەم دیـــوە کـــە هـــەر لـــە کـــردەوەی کـــورد و کوردســـتان ئەدوێـــن، بـــەڵام ئـــەم هەفتەیـــە منیـــش قەباحەتێکـــی تـــازەم دۆزییـــەوە کـــە کـــورد چاکیـــی خۆیـــان نازانـــن.. میللەتێـــك کـــە نـــاوی بـــە خراپـــە زڕا، چاکیـــش بێـــت هـــەر بەخـــراپ نـــاو ئەبرێـــت..

ئێســـتا ئـــەم میللەتـــە وایـــان لێهاتـــووە بـــڕوا بـــە پیـــاو چـــاك و لـــە خواترســـەکانی خۆشـــیان ناکـــەن، بـــەڵام مـــن کـــە زۆر وڵات و پیـــاوی ڕەنـــگ ڕەنگـــم دیـــوە، دەتوانـــم بڵێـــم لـــە هەنێـــك میللـــەت و قەومـــی تـــر زۆر زۆر چاکـــترە کـــورد".

لـــە ژمـــارە ١٠٠ بـــەرواری ٣/٢٣/ ١٩٢٢ دا نـــووسراوە: " بەشـــەر هەمـــووی لـــە عائیلەیەکـــە ... بـــەڵام ئێمـــە حـــەز دەکەیـــن دراوســـێ بیـــن، نـــەك ژێـــر ماڵە".

ژمـــارە ١١٤ بـــەرواری ١٩٢٢/٦/٢٩ دا، ئەحمـــەد حەمـــدی: (١٨٩٤ - ١٩٦٩) لـــە ژێـــر ناونیشـــانی: (بـــۆ تـــۆزی نووســـین زۆر خوێنـــدن لازمـــە)

نووسیویەتی: " کوردستان نە متمم و نە ئەجزای عێراقە، وەتەنێك لە خارجی عێراقا بێ، میللەتێك کە لسان و عنصری لە عراقی نەچێ ، دیارە نە ئەوە، نە لەوە".

لە ژمارە ١١٦ بەرواری ١٩٢٢/٧/١٣ دا پارێزەر، مەعروف عەلی ئەصغەر لە (العراق)وە وەڵامی نووسینێکی شێخ زادەی ڕواندزی لە غەزەتەی(العراق) داوەتەوە و دەڵێت: " جەنابی شێخ زادە فەرموویەتی کە مەسئەلەی فێربوونی لوغەتی کوردی و تأسیسی حکومەتی گەورەی کورد خەیاڵاتە. من زۆر أسف دەکەم لەسەر پەڕەی غەزەتە ئەم کەلیمە گرانانە ببینم کە لە قەڵەمی کوردێکی دەرسدەر دەرچووبێت. من لە خوێندەوارەکانی غەزەتە پرسیار دەکەم: ئایا أملی تأسیسی حکومەتی عێراق هەبوو؟ ئایا خەیاڵ دەکرا تأسیسی حکومەتی گورج و روسی جبار لە ناوا بێ؟ ئایا لە فکردا بوو بوخارا مستقل بێ؟".

**قۆناغی دووەم: لە نێوان ساڵانی ١٩٣٢ - ١٩٥٨**

لەم بیست و شەش ساڵەی نێوان سەربەخۆبوونی دەوڵەتی عێراق، تا کۆتاییهاتنی فەرمانڕەوایی پاشایەتی، هەمیشە بەریتانیا لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقدا بووە و بەردەوام هانی کوردانی داوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و حکوومەتەکانی عێراقدا، بەشدار بن.

بۆ ڕێگرتنیش لە دەوڵەتی عێراق سەبارەت بە هەوڵدان بۆ دژایەتیکردنی مافە ئیداریی و فەرهەنگییەکانی کورد لەلایەك، ڕێگرتنیش لە هەوڵی کورد بۆ جیابوونەوە لە عێراق لە لایەکی دیکە، بەریتانیا ١٦ خاڵی بە عێراق واژۆ کرد لەگەڵ سەربەخۆبوونیدا لە

ساڵی ١٩٣٢دا سەبارەت بە یمافی کەمینە ئاینییەکان و مافە ئیداریی و فەرهەنگییەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا، کە تا ئێستاش بەریتانیا هەر ئەوەی بە کورد ڕەوا بینیوە.

### قۆناغی سێیەم: لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ - ١٩٩١

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ وە سیستمی کۆماری هاتە ئاراوە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە لە دەستووردا ئەو بەندە نووسرا کە عەرەب و کورد هاوبەشن لە نیشتماندا، بەڵام دواتر بە هۆی پاشەکشە لە مافەکانی کورد، شۆرشی ئەیلوول هەڵگیرسا، تا ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتننامەی نێوان عێراق و شۆرشی کورد مۆرکرا. لەوەشدا لە ئۆتۆنۆمی زیاتر نەبوو.

ئەمەش هەر پەیوەستە بە ویستی بەریتانیاوە، کە سنووری مافەکانی کورد نابێت سنووری عێراق بشێوێنێت.

وێڕای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداریی کورد لە دوای ساڵی ١٩٧٥ وە هەتا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١. لەوەشدا هەر ویستی بەریتانییەکان سنووری بۆ بڕیاری ژمارە ٦٨٨ ی ساڵی ١٩٩١ ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی دانا، کاتێك لە١٩٩١/٧/٢١ دا دۆگڵاس هۆك، وەزیری دەوڵەتی بەریتانی بۆ کاروباری دەرەوە، لە لێدوانێکی فەرمییدا وتی: "کورد مافی ڕادەربڕینی هەیە بۆ مافە ڕەواکانی بەڵام لە چوارچێوەی سنووری نێودەوڵەتیی ئێستای عێراقدا".

### قۆناغی چوارەم: لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ - ٢٠٠٣

لەم ١٢ ساڵەشدا کە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ڕاگەیەنـرا، بەریتانیـا هەمیشــە نوێنەرێکــی لــە هەرێمــی کوردســتاندا هەبــوو، کــە زۆر جــار مانگانــە لەگــەڵ حزبــە کوردســتانی و عێراقییــە ئۆپۆزیســیۆنەکاندا کــۆ دەبوونــەوە و هەمیشــە باســی لــە عێراقێکــی یەکگرتــوو دەکــرد.

**قۆناغی پێنجەم: لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ - ٢٠١٧**

لــە دوای ڕووخاندنــی رژێمــی ســەددام و پێکهێنانــی ئەنجوومەنــی حوکــم بــە چاودێریــی بەریتانیــا و ئەمریــکا بــە پلــەی یەکــەم، دواتریــش ڕاگەیاندنــی حکوومەتــی ئەنجوومەنــی حوکــم و دانانــی ڕاوێــژکاری بەریتانــی و ئەمریکــی بــۆ هــەر وەزارەتێــك و بوونــی پــۆل بریمــەری ئەمریکــی و گرینســتۆنی بەریتانیــی لــە لوتکــەی دەســەڵاتی هاوپەیمانانــدا، بەڵگــەی گەڕانــەوەی بەریتانیــا بــوو بــۆ عێراقــی دوای ســەددام. تەنانــەت لــە نووســینەوەی دستووریشــدا بەریتانیــا و ئەمریــکا ڕۆڵــی ســەرەکییان هەبــوو بــۆ ئــەوەی دەســتوور کــورد لــە چوارچێــوەی عێراقێکــی بەنــاو فیــدڕاڵ و لــە بنــەڕەت ناوەندیــدا، بهێڵێتــەوە.

بــە کردنــەوەی کونســوڵخانەی زۆرێــك لــە دەوڵەتانیــش لــە هەرێمــی کوردســتاندا، بــەڵام هــەر ڕۆڵــی کونســوڵخانەی بەریتانیــا و ئەمریــکا باڵاتــرە لەوانــی دی و گەمــە سیاســییەکان لەلایــەن ئەوانــەوە کۆنتــڕۆڵ دەکرێــن. بۆیــە لــە ئەنجامدانــی ڕیفراندۆمیشــدا، بەریتانیــا و ئەمریــکا پێــش ئەوانــی دی، ناڕەزایەتییــان دەربــڕی و جەختیــان لــە یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق و عێراقــی یەکگرتــوو کــردەوە.

## قۆناغی شەشەم: لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ - ٢٠١٨

بـە درێژایـی سـەد سـاڵەی ڕابـووردوو، بەریتانیـا نەیویسـتووە نەوتـی کەرکـووك لـە دەسـتی کـورددا بێـت، جگـە لـەو مـاوە کەمـەی کـە کـورد کەرکووکـی لـە داعـش پاراسـت. دواتـر ویسـتی بەریتانیـا وابـوو، کـە حکوومەتـی عێـراق بگەڕێتـەوە کەرکـووك، لەبەرئـەوە و هـەر ڕۆژی دوای ١٦ ی ئوکتۆبـەری ٢٠١٧ بەریتانیـا دەسـتیکرد بـە پەیوەنـدی لەگـەڵ حکوومەتـی عێـراق بـۆ مۆرکردنـی گرێبەسـتێك لـە نێـوان وەزارەتـی نەوتـی عێـراق و کۆمپانیـای بریتـش پترۆلیـۆم (بـی. پـی) بـۆ پەرەپێدانـی کێڵگـەی نەوتـی کەرکـووك .

بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـە فەرمـی لـە ڕۆژی پێنـج شـەممە بـەرواری ١٨ی کانوونـی دووەمـی ئەمسـاڵ ٢٠١٨، جەبـار لعێبـی، وەزیـری نەوتـی عێـراق گرێبەسـتەکەی لەگـەڵ کۆمپانیـای بریتـش پترۆلیـۆم (بـی. پـی) مۆرکـرد. ئەمـەش ڕاسـتیی ئـەو بەڵگەنامانـە دەردەخـات کـە لیژنەکـەی چیلکـۆت خسـتییە ڕوو، سـەبارەت بـە ڕۆڵـی بەریتانیـا لـە بەشـداربوونی لـە جەنگـی ڕووخاندنـی سـەددام بـۆ وەرگرتنـی گرێبەسـتی نەوتـی لـە عێراقـی دوای سـەددامدا.

**دەرئەنجامەکان**

**دەرئەنجامی یەکەم:**

**عێراق دەوڵەتێکە بە هەڵە و لەسەر هەڵە دروستکراوە**

ئـەوەی هەسـتی پێدەکرێـت و دەبینرێـت ئەوەیـە، کـە زۆر گرنگـە بتوانیــن قەناعــەت بــە بەریتانیــا بێنیــن ئــەم عێراقــە ڕاســتە دەوڵەتــە، بــەڵام دەوڵەتێکـە هیـچ کات نەبـووە بـە نیشـتمان بـۆ دانیشـتووانەکەی، بۆیـە ئێسـتاش هـەر کـە باسـی مافـە ڕەواکانـی گەلـی کوردسـتان دێتـە پێشــەوە، یەکســەر بــاس دێتــە ســەر ئــەوەی نابێــت عێــراق دابــەش بکرێـت، ئەمـەو بـە بـێ ئـەوەی کـەس لەخـۆی بپرسـێت:

کـەی ئـەم عێراقـە کـۆك و کـۆ و یەکگرتـوو بـووە، هەتـا ئێمـە بێیـن دابەشــی بکەیــن؟

عێــراق دەوڵەتێکــە بــە هەڵــە و لەســەر هەڵــە دروســتکراوە، بۆیــە ئــەم دیــاردە ســەیرانەی لای خــوارەوەی تێــدا ڕوودواە کــە لــە هیــچ وڵاتێکــی دیکــەدا ڕوویــان نــەداوە. بــۆ نموونــە:

**یەکەم:**

١- عێــراق ئــەو دەوڵەتەیــە کــە لەگــەڵ دامەزراندنیــدا پاشــای لــە دەرەوە بــۆ هــاوردە کــراوە.

٢- عەبدولئیلاهــی خــاڵ و سەرپەرشــتیاریی مەلیــك فەیســەڵی دووەم، ڕەگەزنامــەی عێراقــی نەبــوو و ئــەو ڕۆژەی بــوو بــە سەرپەرشــتیاریی مەلیــك، ڕەگەزنامــەی عێراقــی پێــدرا.

٣- مەلیـك فەیسـەڵی یەکـەم دەڵێـت: " هێشـتا لـە عێراقـدا گەلێـك نییـە بـە نـاوی گەلـی عێراقـەوە، بەڵکـو ئـەوەی هەیـە بریتییـە لـە چەنـد

قەوارەیەکـی مرۆیـی خاڵیـی لـە هـەر بیرۆکەیەکـی نیشـتمانی“.

٤- (تۆبـی دۆج) کـە سیاسـەتمەدارێکی بەریتانییـە و لـە باڵیۆزخانـەی ئەمریـکا لـە بەغـدا ڕاوێـژکار بـوو، لـە دوای پڕۆسـەی ئازادکردنـی عێـراق، لـە سـاڵی ٢٠٠٧ دا کتێبێکـی بـە زمانـی ئینگلیـزی نووسـی بـە نـاوی (ئینڤێنتینـگ ئیـراك، واتـە داهێنـان و داتاشـینی عێـراق) و تیایـدا دەڵێـت: ” عێـراق دەوڵـەت نەبـوو، ئێمـەی ئینگلیـز دامانتاشـی و بـە کۆکردنـەوەی سـێ ویلایـەت ئـەم عێراقەیـان لـێ دروسـتکرد“.

٥- عێـراق ئـەو دەوڵەتەیـە کـە گەلانـی دیکـەی بـۆ کۆکراوەتـەوە، لەکاتێکـدا لـە جیهانـدا ئـەوە گەلانـن کـە دەوڵـەت بـۆ خۆیـان دروسـت دەکـەن.

٦- عێـراق دەوڵەتـە، بـەڵام نیشـتمان نییـە. بۆیـە دەبینیـت هاووڵاتییەکانـی بـە ملیۆنـان ئـاوارەی هەنـدەران بوونـە.

٧- لـە عێراقـدا قەیرانـی حوکمڕانیـی هەیـە، نـەك تەنیـا قەیرانـی حکوومـەت. بۆیـە بـە گۆڕینـی حکوومەتـەکان کێشـەکانی چارەسـەر نابـن.

٨- عێراقـی زوو هەرگیـز کوردسـتانی لەگەڵـدا نەبـووە، بـۆ نموونـە ئیمامـی مـاوەردی دەڵێـت: ” عێـراق بۆیـە ناونـراوە عێـراق، چونکـە خاکەکـەی نـە دۆڵـی قـووڵ و نـە چیـای بڵنـدی تێـدا بـووە“ و هـەر ئـەو دەڵێـت: ”وشـەی عێـراق لـە زمانـی عەرەبـدا واتـە تەخـت و ڕاسـت“.

٩- ئـەو لیژنەیـەی لـە سـاڵی ١٩٢٥ بـۆ یەکلاکردنـەوەی کێشـەی ویلایەتـی موسـڵ پێکهێـنرا، لـە ڕاپۆرتەکەیـدا نووسـیویەتی: ” تـا ئـەم کاتـە، هیـچ کاتێـك وشـەی عێـراق لای دانیشـتووانی ویلایەتـی مووسـڵ وەك ناوێـك بـۆ وڵاتەکەیـان نەبیسـتراوە“.

١٠- بـە پێچەوانـەی گشـت وڵاتـان، پێـش دانانـی پاشـا لـەم عێراقـەدا،

لـە پێشـدا ئینگلیـزەکان سـوپایان بـۆ دروسـتکرد، دواتـر پاشـایان بـۆ هێنـا. سـوپا لـە ٦ ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٢١ دامـەزرا، کەچـی پاشـا لـە ٢٣ ی ئابـی سـاڵی ١٩٢١ هێـنرا.

١١- هەتـا مەلیـك فەیسـەڵی یەکەمیـش هـات، ئینگلیـزەکان بـەم ناوچەیەیـان دەگـوت (میزۆپۆتامیـا)، کـە فەیسـەڵی یەکـەم کـرا بـە مەلیـك، ئـەو نـاوی میزۆپۆتامیـای کـرد بـە عێـراق.

**دەرئەنجامی دووەم:**

**دابینکردنی نەوای ئارام سەلماندی کە کوردستان جیایە لە عێڕاق**

هــەروەك (ســامۆئێل کریمــەر) لــە کتێبــی (مێــژوو لــە ســۆمەرەوە دەســتی پێکــرد)، نزیکــەی (٢٧) ڕووداوی ژمــاردووە کــە تیایــدا عێــڕاق یەکــەم شــوێن بــووە لــەو ڕووداوانــەدا لەســەر ئاســتی جیهــان. بۆیــە دەگوترێـت کـە عێـڕاق - وێـڕای خـاوەن سـەروەرێتی یاسـایی و ئەندامێتـی لــە نەتــەوە یەکگرتووەکانــدا - یەکــەم وڵات بــووە کــە ئەنجوومەنــی ئاسـایش بـە بڕیـاری ٦٨٨ لـە ١٩٩١/٤/٥ دا دەسـت بخاتـە نێـو کاروبـاری نێوخۆییـەوە، بـۆ پاراسـتنی گەلـی عێـراق بـە گشـتیی و کـورد بەتایبەتـی.

ئـەم بڕیـارە لـە کاتـی خۆیـدا لەسـەر ئاسـتی جیهـان مشـتومڕێکی زۆری نایــەوە، بەتایبــەت لەلایــەن ئــەو دەوڵەتانــەی کــە لەلایــەن ڕژێمـی دیکتاتۆرییـەوە بەڕێـوە دەبـران. هـەر بۆیـە وڵاتانێکـی ئەنـدام لـە ئەنجوومەنـی ئاسـایش لـە دژی ئـەم بڕیـارە دەنگیانـدا وەك (یەمـەن و کوبـا و زیمبابـۆی).

گرنگیی ئەم بڕیارە لە زۆر خاڵدا بوو لەوانە:

**یەکەم: بۆ کوردستان**

١- ئـەم بڕیـارە بـووە هـۆی دیارکردنـی ناوچـەی ئـارام لـە سـەرووی هێڵـی ٣٦ بـۆ هەرێمـی کوردسـتان و پاراسـتنی گەلەکـەی لـە ڕژێمـی سـەددام.

٢- ئــەم بڕیــارە بــوو بــە هۆکارێکــی یاریــدەدەر بــۆ ئەنجامدانــی هەڵبژاردنەکـەی سـاڵی ١٩٩٢ بـۆ پەرلەمـان و حکوومەتـی هەرێمـی کوردســتان و زۆربــەی دەســتکەوتەکانی دواتریــش.

**دووەم: بۆ عێراق**

١- ئــەم بڕیــارە بــووە هــۆی دەرچوواندنــی بڕیــاری کۆنگریســی ئەمریــکا لــە ســاڵی ١٩٩٦ لەژێــر نــاوی (ڕزگارکردنــی عێــراق)

٢- یارمەتیدانــی ئۆپۆزیســیۆنی عێراقــی بــۆ ڕووخاندنــی ڕژێمــی ســەددام.

**سێیەم: لەسەر ئاستی جیهان**

١- یەکەمجـار بـوو کـە بنەمـای دەسـتێوەردانی مرۆیـی لـە کاروبـاری نێوخۆیـی وڵاتانێکـی خـاوەن سیسـتمی ستەمکار، پەسـەند کـرا.

٢- لــە حوزەیرانــی ١٩٩١ ڕێککەوتننامەیەکــی نێودەوڵەتیــی واژۆکــرا بـۆ پێدانـی مافـی دسـتێوەردانی مرۆیـی بـۆ ڕاگرتنـی ئـەو ستەمکارییانەی دژ بــە مافەکانــی مــرۆڤ و یاســا نێودەوڵەتییــەکان دەکرێــت لــە هــەر وڵاتێکـدا.

٣- لــە کانوونــی یەکەمــی ١٩٩١ نەتــەوە یەکگرتــووەکان بڕیارێکــی پەســەند کــرد کــە ڕێگــەی بــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان دەدا بــۆ یارمەتیدانــی هــەر دەوڵەتێــك بــۆ ئەنجامدانــی هەڵبــژاردن لــە

چوارچێـوەی پڕۆسـەی ئاشـتیی ناوچەیـی و جیهانیـی لەسـەر داوای هـەر دەوڵەتێکـی خـاوەن سـەروەری.

بۆیـە لـە هـزری ئێمـەدا کـۆڕەو و بڕیـاری ٦٨٨ تـا ئێسـتاش پێکـەوە دێنـە باسـکردن، چونکـە کـۆڕەو هـۆکاری دەرچوواندنـی ئـەم بڕیـارە گرنگـە بـوو. کـۆڕەو وێـڕای ئـەوەی کارەسـاتێکی مرۆیـی بـوو، لـە هەمـان کاتیشـدا جووڵەیەکـی بـە کۆمەڵـی گشـتی و سەرتاسـەریی نەتەوەیـەك بـوو، کـە زۆر مانـا و ئامـاژەی گـەورەی تێـدا بـوو لەوانـە:

یەکـەم: کـۆڕەو خـۆی لـە خۆیـدا ڕەتکردنـەوەی زوڵـم و سـتەم بـوو لەلایـەن گەلێکـەوە کـە ئامـادە نەبـوو لەژێـر دەسـتی ڕژێمێکـی کۆکـۆژدا درێـژە بـە ژیـان بـدات.

دووەم: لـە کـۆڕەودا لـە نێـوان دووانـەی نـان و ئازادییـدا، گەلـی کوردسـتان ئـازادی هەڵبـژارد و چوونەدەرەوەیشـی خۆدەربازکـردن بـوو لـە کـۆت و بەنـدی دەسـەڵاتێکی دژ بـە ئـازادی.

سـێیەم: کـۆڕەو ڕیفراندۆمێکـی سەرتاسـەریی میللـی بـوو، کـە تیایـدا گەلـی کوردسـتان بـە شـێوازێکی نـوێ، واقیعێکـی دەیـان ساڵەی سـەپێنراوی ڕەتکـردەوە، لـە هەمـان کاتیشـدا داوایەکـی خۆڕسـکانە بـوو بـۆ دیارکردنـی مافـی چارەنووسـی خـۆی.

زۆرن ئـەو هەنگاوانـەی کـە پێویسـتن لـە دوای کـۆڕەوی بەهـاری سـاڵی ١٩٩١ بگیرێنـە بـەر، لەوانـەش:

یەکـەم: ئاگادارکردنـەوەی بەردەوامیـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـی لـەو ڕاسـتییەی، کـە بـە زۆر پێکەوەلکاندنـی گـەلان پڕۆسـەیەکی کارەسـاتهێنە و گەلانـی ئازادیخـواز دەکاتـە قوربانیـی دەسـتی ستەمکاران.

دووەم: زیندووکردنـەوەی کێشـەی لەمێژینـەی گەلەکەمـان و بەدەمەوەهاتنـی زلهێـزان بـەلای دۆزی کـوردەوە، وەك دۆزێکـی سیاسـیی

ڕەوای گەلێك، کە شایانی مافێکی سیاسیی باشتر بێت لەوەی ئێستای.

سێیەم: دابینکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان و پێدانی هەلی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم

چوارەم: مافی هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلی کوردستان، ئەو گەلەی کە وەك جوانترین نمونە لەم ناوچەیەدا، بە کردەوە ئاشتی و پێکەوەژیانی سیاسیی و ئایینی بەرجەستە کردووە.

**دەرئەنجامی سێیەم:**

**کوردستان شایانی ئاوڕلێدانەوەیەکی باشترە لەلایەن بەریتانیاوە**

هەرێمی کوردستان شوێنێکی ستراتیژی و زۆر گرنگە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لەسەر نەخشەی جیهان، ئەمەش لەبەر زۆر هۆی جیاجیا و لە زۆر ڕووەوە، بۆ نموونە:

یەکەم: لە ڕووی سیاسییەوە ئەزموونێکی دیموکراسیی تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتووە لە ناوچەکەدا .

دووەم: لە ڕووی ئابوورییەوە خاوەنی نەوت و غاز و کانزای گرانبەها و ڕووبەری کشتوکاڵیی فراوانە بۆ ئایندە.

سێیەم: لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەیەکی کراوەی مەدەنی و پێشکەوتنخوازە.

چوارەم: لە ڕووی ئایینییەوە شوێنی پێکەوەژیان و قەبوڵکردنی جیاوازییەکان و کولتووری لێبوردەییە.

پێنجەم: لە ڕووی سەربازییەوە پێشمەرگە وەك سیمبوڵ بۆ هێزێکی نیزامی و خاوەن دیسپلینی سەربازی، وەك پشتیوانیش بۆ هاوپەیمانیی جیهانی تەماشا دەکرێت. بۆیە لەلایەن هاوپەیمانانی جیهانییەوە چەکی پێدەدرێت و مەشقیشی پێدەکرێت.

شەشــەم: لــە ڕووی جیۆپۆلۆتیکیشــەوە هەرێمــی کوردســتان: ناوەندێکــی پێکەوەگرێدانــی نێــوان هــەر چــوار وڵاتــی عێــراق، ئێــران، ســووریا و تورکیایــە.

٢- هێڵــی ترانزێتــە لەنێــوان تورکیــاو ئەوروپــا بــەرەو عێــراق و وڵاتانــی کەنــداو.

٣- پێگەیەکــە بــۆ دامەزراندنــی بنکــەی هاریکاریــی لۆجیســتیی لەگــەڵ هاوپەیمانانــی جیهانیــدا.

٤- کاریگەریــی ئەرێنــی و ڕۆڵــی ئەکتیڤکردنــی سیاســەتی ئاشــتیخوازانەی لەســەر پارچەکانــی دیکــەی کوردســتان هەیــە.

٥- ڕێرەوی زۆرێك لە سەرچاوە ئاوییەکانە لێرەوە بەرەو عێراق .

بۆیــە ئەمــڕۆ پێویســتە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی خێراتــر و باشــتر بێتــە ســەر هێڵــی کاراترکردنــی ڕۆڵــی هەرێمــی کوردســتان لــە ناوچەکــەدا ئەویــش لــە ڕێگــەی:

١- هێشــتنەوەی هەرێمــی کوردســتان وەك ناوچەیەکــی خــاوەن تایبەتمەنــدی، خــاوەن کولتــووری پێکەوەژیانــی جیاوازییــەکان بــە ئاشــتی و بــە ئاراســتەی ســەربەخۆیی و بــوون بــە دەوڵــەت.

٢- هاندانی کۆمپانیاکان بۆ وەبەرهێنانی بیانیی زیاتر لە هەرێمدا.

٣- ڕێنماییکردنــی وڵاتانــی دۆســت بــۆ کردنــەوەی کونســوڵخانەی وڵاتەکانیــان لــە کوردســتان.

٤- ڕوانینــە هێــزی پێشــمەرگە وەك هێزێکــی جێگــەی متمانــە بــۆ یارمەتیدانــی سیاســەتی هاوپەیمانیــی جیهانیــی دژ بــە تیــرۆر لــە ناوچەکــەدا.

٥- نرخاندنــی ڕۆڵــی گەلــی کوردســتان، کــە دوای دەیــان ســاڵ لــە دابەشــکردن و ســووتاندنی خــاك و وێرانکردنــی گونــد و کیمیابارانکــردن

و جینۆسـایدو و ئەنفـال و کـۆڕەو و پەنابـەری و ئاوارەبـوون، ئەمـڕۆ توانیویەتـی لەسـەر پێـی خـۆی بووەسـتێت بـۆ بنیاتنانـی ئـەم هەرێمـەی، کـە بووەتـە نـەوای ئارام بـۆ چەندیـن ملیـۆن مرۆڤـی ئـاوارە و پەنابـەر.

٦- ڕوانینـە هەرێمـی کوردسـتان وەك خـاوەن دۆزێکـی سیاسـیی ڕەوا بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس .

٧- زانینـی ئـەو ڕاسـتییەی کـە ناسـنامەی نیشـتمانی، ناسـنامەی ناسـینەوەی وڵات و بەرهەمـی کـۆی ناسـنامە نێوخۆییەکانـی هـەر وڵاتێکـە و پێویسـتە مەرجەکانـی ناسـنامەی نیشـتمانیش بێنـە دی، لـە ڕووی داننـان بـە ڕەوایەتـی ناسـنامەی پێکهاتەکانـی نێـو وڵات .

٨- زانینـی ئـەو ڕاسـتییەش کـە ئەمـڕۆ لـەم عێڕاقـە پاشـکەوتووەدا ڕێگـری زۆر هـەن لـە بـەردەم فـرە ناسـنامەیدا چونکـە لەعێراقـدا قەیرانـی هەمیشـەیی هەیـە، کـە قەیرانـی حوکمـە، نـەك قەیرانـی کاتـی و حکومـی.

٩- پەیـبردن و بینینـی ئـەو دیمەنـەی، کـە زامنکردنـی دەسـتوورییانەی یەکسـانی لـە مـاف و ئـەرك لـە نێـوان پێکهاتەکانـی خـاوەن ناسـنامەی جیـاواز، لـەم عێراقـەی ئەمـڕۆدا بوونـی نییـە و عێراقـی ئەمـڕۆ وەك سـیمبولێك بـۆ فرەچەشـنی، ناڕوانێتـە ناسـنامە نێوخۆییـە جیـاوازەکان، بەڵکـو وەك دژایەتیکردنـی نێوانیـان چـاوی لێـدەکات.

١٠- لـە ڕوانگـەی داماڵینـی پیـرۆزی لـە سـنوورە دەسـتکردەکانی دوێنـێ و هەبوونـی مافـی ڕاپرسـی لەسـەر ئاییندەی گشـت پێکهاتـەکان، لەلایـەن پێکهاتەکانـی عێـڕاق خۆیانـەوە. پێویسـتە ئـەو ڕاسـتییە درك پێبکرێـت کـە ڕێگەچـارەی گونجـاو بۆ ئێسـتا و ئاییندەی ئـەم عێڕاقە، هەر دابەشـکردنەوەیەتی بـۆ چەنـد دەوڵەتێـك، وەك ئـەو ئەزموونانـەی لـە

زۆربـەی وڵاتانـدا بینیـمان .

**دەرئەنجامی چوارەم:**

**بـا بەریتانیـا سـوود لـە ئەزموونـی گـەلان وەربگرێـت و بژاردەیەکـی ئاشتییانەمان بـۆ دابیـن بـکات**

بــۆ چارەســەرکردنی دۆز و کێشــەی کــورد لــەم عێراقــەدا، باشــترە بەریتانیــا ڕەچــاوی ئــەم چەنــد ڕاســتییانە بــکات:

١- ســوود وەرگرتــن لــە ئەزموونــی گەلانــی دنیــا و بــە ئاشــتییانە جیاکردنــەوەی عێـراق و کوردسـتان وەك دوو دراوسـێی بـاش بـۆ یەکـدی، هاوشـێوەی چیـك و سـلۆڤاك.

٢- زۆر بــە دوای چارەســەری نموونەییــدا نەگەڕێــت، چونکــە وەك تۆمـاس ئـی واکـس لـە گۆڤـاری فـۆرن ئەفێـرزدا دەڵێـت: " لـە عێراقـدا چارەســەری بــاش و خــراپ نییــە، بەڵکــو چارەســەری خــراپ و کەمــتر خــراپ هەیــە".

٣- پێویســتە لایەنــە عێراقییــەکان خۆیشــیان لــە خەمــی دۆزینــەوەی ڕێگەچــارەی گونجــاودت بــن، نــەك بــە دوای ناوبژیوانــدا بگەڕێــن بــۆ ئــەم پرســە. چونکــە وەك کۆفــی ئەنــان لــە یاداشــتەکانیدا نووســیویەتی: " هیــچ ناوبژیوانێـك سـەرناکەوێت، ئەگـەر حـەزی ئـەو بـۆ ئاشـتی، لـە حـەزی لایەنـە کێشـەدارەکان بـۆ ئاشـتی، زیاتـر بێـت".

٤- تێگەیشــتن لــەو ڕاســتییەی کــە مافــی دیارکردنــی چارەنــووس، مافێکــی ڕەوای هــەر گەلێکــە و تــا ڕۆژێــك زووتــر ئــەم مافــە پیــادە بکرێــت، گەلانــی عێــراق زیاتــر ســوودمەند دەبــن.

## سەرچاوەکان

هەندێـك لـەو سـەرچاوانەی لـە نووسـینی ئـەم باسـەدا سـوودم لێوەرگرتـوون:

١- العراق من الاحتلال حتى الاستقلال ، عبدالرحمن البزاز
٢- تاريخ الوزارات العراقية ، عبدالرزاق الحسنى.
٣- الماوردى ، الاحكام السلطانية والولايات الدينية
٤- رسـالة دكتـوراه فاضـل حسـين ، دراسـة في الدبلوماسـية العراقيـة الانكليزيـة التركيـة ، وفي الـرأى العـام، مطبعـة الرابطـة بغـداد ، ١٩٥٥ ، ص(٧٨)
٥- حامد الحمداني في كتاب صفحات من تاريخ العراق
٦- توبي دوج: كتاب اختراع العراق.

# ڕەنگدانەوەی یەکەمین جەنگی جیهان
# بە سەر پرسی کوردەوە

## ئینگلتەرا بە نموونە


**پ. د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد**

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

**تاریق کارێزی**

توێژینەوەکانی مێژووی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان ئاماژە دەکەن، کە حکوومەتی بەریتانیا بایەخی بە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی دەدا، نەخاسمە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ئامانجی ئەوەی ڕێی هاتن و چوونی بەرەو ئاسیا مسۆگەر بکات، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە چاوی لەوە بوو جێ پێیەك لە «دوو چۆمان: میزۆپۆتامیا» قایم بکات. سەرکەوتنی هاوپەیمانانیش لە جەنگی یەکەمی جیهاندا، دەرفەتێك بوو بۆ دەسکاریکردنی نەخشەی ئەو ناوچەیە، بەو جۆرەی کە بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆی مسۆگەر دەکات(١).

ڕێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ) لە ساڵی ١٩١٦دا، دیارترین ڕواڵەتەکانی بایەخدانی بەریتانیا بوو بە عیراق بە گشتی، بە باشووری کوردستانیش بە شێوەیەکی تایبەت. ئەمەش وای لە

حکوومەتــی بەریتانیــا کــرد، کــە لایەنــی فەڕەنســا ڕازی بــکات دەســت لــە ویلایەتــی (مووســڵ) هەڵگرێــت، ئەویــش لــە بەرژەوەندیــی دەوڵەتــی تــازەی عیــراق. لەمەشــدا بەریتانیــا دوو ئامانجــی پێــکا:

١-بەرژەوەندیی خۆی لە بواری نەوت مسۆگەر بکات.

٢-پێکهاتــەی دانیشــتووان لــە بەرژەوەندیــی تایەفــەی (ســوننە) ســاغ بکاتــەوە، کــە ڕێژەکەیــان لــە (٢٠٪ بــۆ ٤٠٪) لــە تێکــڕای دانیشــتووان بــەرز بــووەوە(٢).

ئەمــەش واتــای ئەوەیــە کــە بەریتانیــا پشــتی لــە هەمــوو ئــەو بەڵێــن و ڕێککەوتننامانــە کــرد، کــە چ بــە نهێنــی، یــان بــە ئاشــکرا لەگــەڵ کــورد لــە عیراقــدا دابــووی و کــرد بوونــی. لێــرە بــە دواوە ئەمــە ڕوون دەکەینــەوە.

بۆچوونــی حکوومەتــی بەریتانیــا لــە ڕووی لکاندنــی ویلایەتــی (مووســڵ) بــە عیراقــەوە، وەك کــە لــە (یاداشــتی) نوێنــەری بــاڵای بەریتانیــا بــۆ فەیســەڵی یەکەمــدا هاتــووە، بــەوەی کــە یارمەتیــدەر دەبێــت بــۆ ســەقامگیریی عیــراق، هەلومەرجــی گونجاویــش بــۆ وەبەرهێنانــی دەرامەتــی ئابووریــی ئــەو وڵاتــە (بــە تایبەتــی نــەوت) دەڕەخســێنێ. هەروەهــا لایەنگیــری کردنــی کــورد لــە عیــراق دەبێتــە مایــەی پاراســتنی وڵات و دابینکردنــی ڕێــی نێوانــی بەغــدا و مووســڵ. (یاداشــتەکە) هۆشــداریی ئەوەشــی بــە شــا فەیســەڵ دا، کــە ئەگــەر ناوچــەی کوردنشــینی لەبەردەســتدا نەبێــت، یارمەتیــدەری نابێــت بــۆ کۆنتڕۆڵکردنــی ئــەو دەشــتەی بــەرەو باشــوور دادەکشــێ، هەروەهــا ئــەو ئاســنە ڕێیــەی پێیــدا تێپــەڕ دەبێــت(٣).

لــە لایەکــی دیکــەوە، وێــڕای ئــەوەی حکوومەتــی بەریتانیــا، لــە کاتــی جەنگــی یەکەمــی جیهــان و پــاش ئەویــش، بەڵێنــی نیمچــە

سەربەخۆیی، یان سەربەخۆیی تەواوی بۆ گەلی کورد فەرامۆش کرد، بەڵام زۆر بە ڕوونی ئاماژەیان بە زاراوەی «کوردستان» کرد وەك نیشتیمانی کورد، هەروەها ئاماژەیان بە سنوورەکەشی کرد، کە لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە تا پشت چیای حەمرینە(٤). هاوکات «فۆستەر» فەرامۆشکردنی ڕێککەوتننامەی (سیڤەر) لە لایەن بەریتانیاوە سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی بۆ ئەوە گێڕایەوە، کە کوردستان ناوچەیەکی (داخراوە) و دەروازەی دەریایی نییە، ئەمەیان لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە چونکە کەوتووەتە نێوان تورکیا و ئێرانەوە، ئەمانیش هەردووکیان دژ بەو دەوڵەتە دەوەستنەوە(٥).

## ڕەهەندی سیاسییانەی هەڵوێستی بەریتانیا سەبارەت بە پرسی کورد:

لە سایەی ئەو ڕووداوگەلە سیاسییە خێرایەی لە کاتی یەکەمین جەنگی جیهاندا لە عیراقدا ڕوویان دا، بەریتانییەکان هەوڵیان دا ناوەڕاستی (دارەکە) بگرن، لە نێوان ئەو بەڵێنانەی بە گەلی کوردیان دابوو پەیوەست بە دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە سەبارەت بە بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆیان، کە بە عیراقەوە گرێ درا بوو. دوای داگیرکردنی عیراق، مەیجەر (سۆن) وەك حاکمی سەربازی دامەزرا، وەك هەوڵێك بۆ ڕاکێشانی هۆزەکانی کورد بە لای خۆیاندا. لە کۆنگرەی (لەندەن) لە ساڵی ١٩١٩دا، بە سەرۆکایەتیی لۆرد (کرزن) وزیری دەرەوەی بەریتانیا، ئاراستەیەك هەبوو بۆ دامەزراندنی (قەوارە)یەکی کورد لە عیراق، کە مووسڵ ببێتە پایتەختی. لە هەمان کاتدا مەیجەر (نوئێل) لەو ڕاپۆرتەی پێشکەش بە کۆنگرەی لەندەنی کرد، پێشنیاری

کـرد (سـلێمانی) ببێتـە ناوەنـدی ویلایەتـی باشـووری کوردسـتان(٦).

لـە سـاڵی ١٩٢٠دا لـە کۆنگـرەی (سـان ڕیمـۆ)، مافـی مانـدات بـە سـەر عیـراق و ویلایەتـی مووسـڵەوە بـە بەریتانیـا درا. مـاددە (١٦)ی ئـەو کۆنگرەیـە ئامـاژەی کـردووە، کـە ئـەو مانداتـە ڕێ لـە بەریتانیـا ناگرێـت حکوومەتێکـی سـەربەخۆ بـۆ هەرێمەکانـی کـورد دامەزرێنێـت(٧). لـە کۆنگـرەی (قاهیرە)شـدا کـە لـە سـاڵی ١٩٢١دا بـە سـەرۆکایەتیی (چەرچـڵ) بەسـترا، پرسـی کـورد وروژێندرایـەوە. ڕێککەوتنیـش کـرا کـە (ناوچـەی کوردنشـین) بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لـە لایـەن نوێنـەری بـاڵای بەریتانیـاوە بەڕێـوە دەبردرێـت. ڕای (لۆرانس)یـش وا بـوو، کـە کـورد نەخەنـە بـن سەرپەرشـتیی حکوومەتێکـی عەرەبییـەوە.

لـە بـەر ڕۆشـنایی ئـەوەی گوتمـان، زۆر بـە ڕوونـی هەڵوێسـتی بەریتانیـا لـە پـاش یەکەمیـن جەنگـی جیهانیـدا بەرانبـەر بـە مافـی ڕەوای نەتەوەییانـەی گەلـی کـورد لـە عیراقـدا دەردەکەوێـت، کـە بـە ئاسـتی هـەرە نزمـی نەگەیشـتووە، کـە دەکـرێ هـۆی پشـتگوێ خسـتنی بەڵێنـەکان لـە لایـەن حکوومەتـی بەریتانیـاوە، بـۆ ئەمانـە بگێڕینـەوە:

١-هەڵوێسـتی ڕێبەرانـی کـورد سـەبارەت بـە کەمالیسـتانی تورکیـا لـە لایـەك، لـە لایەکـی دیکـەوە هەڵوێسـتیان سـەبارەت بـە سـۆڤیەت.

٢-زیاتـر پێویسـتیان بـە بەهێزکردنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ حکوومەتـی عیـراق بـوو، لـە پـای هـۆکاری ئابـووری و نەخاسـمە سـەبارەت بـە نـەوت، ئنجـا لەبـەر هـۆکاری سیاسـی.

٣- سـەبارەت بـە ئایینـدەی پرسـی کـورد، دیدێکـی هاوبـەش لـە نێـوان ڕێبەرانـی بزووتنـەوەی کـورددا نەبـوو، چ سـەبارەت بـە ناوخـۆی عیـراق، یـان دەوڵەتانـی دەرەوەی.

## پەراوێـــزەکان:

١. بڕوانـە: عبدالعزيـز المفتـي، السـعودية و حكمـة الاخبـار، عـمان، ٢٠١١، ص ١٢٦.

٢. خليـل اسـماعيل محمـد، جغرافيـة القوميـات، مطبعـة زانكـو، اربيـل، ٢٠١٠، ص ٥٦.

٣. كـمال مظهـر احمـد، كركـوك و توابعهـا، الجـزء الاول، اربيـل، ص ١٢٢-١٢٣.

٤. هەمان ژێدەر.

٥. هـنرى فوسـتر، نشـأة العـراق الحديـث، ترجمـة سـليم طـه التكريتـي، الجــزء ١، بغــداد، ١٩٨٩، ص ٢٣٧- ٢٣٨.

٦. كمال مظهر احمد، المصدر السابق، ص ١٠٥.

٧. بڕوانـە: عبدالـرزاق الحسـني، تاريـخ الـوزارات العراقيـة، بغـداد، ط ٧، ١٩٨٨، ص ٣٠٢- ٣٠٢.

وايضـا: عبدالرحمـن البـزاز، محـاضرات عـن العـراق، القاهـرة، ١٩٥٤، ص ١٣٠.

# بەیەکگەیشتنی کورد و بەریتانیا

## ئینگلیز تۆڵەی سەڵاحەدین ئەیووبی لە کورد دەکاتەوە

## ئا:چۆمان تەقێدین

دەستپێکی یەکەم بەیەکگەیشتنی کورد و بەریتانی، بۆ دەستپێکی هەڵمەتەکانی خاچپەرستان بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ناوچەی ئورشەلیم بە تایبەتی دەگەڕێتەوە، چونکە لە دیدی ڕێکخەرانی ئەو هەڵمەتانە، ئۆرشەلیم شوێنی لەدایکبوونی پەیامبەر عیسای مەسیحە، ناوچەیەکی پیرۆزە و ئەبێت لە دەستی دەسەڵاتە مەسیحییەکانی خۆرئاوادا بێت. دەستپێکی ئەو هەڵماتانەی خاچپەردستانی ئەوڕوپا بۆ هاتنی پاپا ئوربانی دووەم(١٠٨٨-١٠٩٩ز)ئەگەڕێتەوە. پاش ئەوەی بووە پاپای ڤاتیکان، دەستی کرد بە هاندانی پاشا و سەرکردەکانی ئەوڕوپا بۆ دەستپێکردنی هەڵمەت بۆ خۆرهەڵات و داگیرکردنی. لە ڕێکەوتی(٢٧-١١-١٠٩٥) و لە کۆڕێکی ئایینیدا لە شاری کلێرمۆنتی فەڕەنسا، وتارێکی لە بەرانبەر هەزاران ئامادەبوو خوێندووە. لە

کاتـی وتارەکەیـدا هـاواری کـرد: تورکـە سـەلجووقییەکان خاکـی پیرۆزیـان پێشـێل کـردووە و شـوێنەوارە دێرینەکانـی مەسـیحییەکانیان کردووەتـە وێرانـە و تەنـگ بـە دانیشـتووانە مەسـیحییەکانی هەڵئەچنـن و شـەڕیان پـێ ئەفرۆشـن. بۆیـە هـاواری کـرد، کـە بـە هەڵمەتـی خاچپەرسـتان نەبێـت، خاکـی پیـرۆز هەرگیـز ئـازاد ناکرێـت و نابێتـە نیشـتمانی مەسـیحییەکان و گـۆڕی پەیامبـەر عیسـای مەسـیحیش ئـازاد نابێـت. هەروەهـا باسـی ئـەوەی کـرد، خاکـی پیـرۆز زۆر دەوڵەمەنـدە و خاکەکـەی بـە پیتـە و لـە خاکـی ئەوڕوپـا دەوڵەمەنـد تـرە. هێشـتا وتارەکـەی تـەواو نەکردبـوو، کـە جەمـاوەری ئامادەبـوو هاواریـان کـرد (ئەمـە فەرمایشـت و ئـارەزووی خوادیـە). ئیـتر ئەوەبـوو لـە چەنـد مانگـدا دەسـتکرا بـە خۆئامادەکـردن بـۆ هێرشـکردنە سـەر خاکـی وڵاتانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە گشـتی و ناوچـەی ئۆرشـەلیم بـە تایبەتـی.

یەکـەم قۆناغـی هەڵمەتـی یەکەمـی خاچپەرسـتان لـە مانگی(ئەبرێـل/١٠٩٦ز) دەسـتی پێکـرد و هەڵمەتەکـە تـا مانگی(ئۆکتۆبەری/هەمـان سـاڵ) بـەردەوام بـوو. ئـەو هەڵمەتەیـش بـە نـاوی هەڵمەتـی هـەژاران، یـان هەڵمەتـی گـەلان نـاسراوە. ئەوەبـوو سـوپای دەوڵەتـی تورکـە سـەلجووقییەکانی ڕۆم بـە سـەرکردایەتیی سـوڵتان کیلـچ ئەرسـەڵانی یەکـەم(١٠٩٢-١١٠٧ز) توانـی ئـەو هێرشـەی خاچپەرسـتان تێکبشـکێنێت. پـاش شکسـتی قۆناغـی یەکەمـی هەڵمەتـی یەکـەم، لـە هەمـان سـاڵدا قۆناغـی دووەمـی هەڵمەتـی یەکـەم دەسـتی پێکـرد و تـا سـاڵی(١٠٩٩ز) بـەردەوام بـوو. لـە ئەنجامـدا سـوپاکانی خاچپەرسـتان سـەرکەوتن و چەنـدان میرنشـین و کۆنتـی خاچپەرسـتان لـەو ناوچانـەی داگیریـان کردبـوون، دامـەزران. وەکـو کۆنتـی ڕۆحـا(١٠٩٨-١١٤٩) لـە باکـووری کوردسـتان، میرنشـینی ئەنتاکیـە(١٠٩٨-١٢٦٨ز) لـە

سـووریا و بەشـێکی باکـووری کوردسـتان، میرنشـینی کیلیکیا(ئەرمینیـای بچـووک)(١٠٨٠-١٣٧٥ز) لـە بەشـێکی باکـووری کوردسـتان و تورکیـا و میرنشـینی ئۆرشـەلیم(١٠٩٩-١٢٩١ز) لـە ئیسرائیـل.

هەڵمەتـی دووەمـی خاچپەرسـتان لـە نێـوان سـاڵانی(١١٤٥-١١٤٩ز) دابـوو، لـە ڕێکەوتەکانی(٦/٣تـا١٠/٢-١١٧٨) جەنگـی حەتیـن لـە ناوچـەی تـەلال حەتیـن، لـە نزیـک دەریاچـەی تەبەریـە، لـە نێـوان سـوپاکانی میرنشـینی ئۆرشـەلیم و کۆنتـی تەڕابلـوس و میرنشـینی ئەنتاکیـە و سـوارچاکەکانی هەیکـەل و سـوارچاکەکانی ئاسـپتاریە و سـوارچاکەکانی قەدیـس لازارۆس، بـە سـەرکردایەتیی (گـی دی لۆزینیـان و رایمۆنـدی سـێیەم و گیـرار دی رایدفـۆرد و گارنییـادی نابلـس و ئارنـات)، سـوپای دەوڵەتـی ئەیوبییەکانیـش بـە سـەرکردایەتیی سـوڵتان سـەحەڵادین ئەیووبـی(١١٧١-١١٩٣ز)، سـوڵتانی دەوڵەتـی ئەیووبییـەکان و سـوڵتان موزەفەرەدیـن کوکـبری(١١٩١-١٢٣٣ز)، سـوڵتانی هەولێـر و سـوڵتان موزەفـەر تەقێدیـن عومـەر(١١٧٨-١١٩١ز)، فەرمانـڕەوای ئەیووبییـەکان لـە شـاری حەمـای سـووریای ئێسـتا و سـوڵتان عادلـی یەکـەم (سـەیفەدین ئەبوبەکـر ١١٩٦-١١٩٩ز)، فەرمانـڕەوای ئەیووبییـەکان لـە شـاری دیمەشـقی پایتەختـی سـووریای ئێسـتا و سـوڵتانی دەوڵەتـی ئەیووبییـەکان لـە نێـوان سـاڵانی(١١٩٩-١٢١٨ز) و سـوڵتان فـەزەڵ نورەدیـن عەلـی(١١٩٣-١١٩٦ز)، فەرمانـڕەوای ئەیووبییـەکان لـە شـاری حەمـای سـووریای ئێسـتا بەرپـا بـوو. سـەرئەنجام سـوپای ئەیووبییـەکان سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا و شـاری ئۆرشـەلیم لـە ڕێکەوتی(٢-١٠-١١٨٧)گیـرا و بـووە بەشـێک لـە دەوڵەتـی ئەیووبییـەکان، ئەمـەش وایکـرد کـە پاشـاکانی ئەوڕوپـا بیـر لـە ئەنجامدانـی هەڵمەتێکـی تـر بکەنـەوە بـۆ سـەرخاکی خۆرهـەڵات

بـە گشـتی و شـاری ئۆرشـەلیم بـە تابیەتـی. بـۆ ئـەوەی خاکـی پیـرۆز بـە گشـتی و شـاری ئۆرشـەلیم بـە تایبەتـی ئـازاد بکەنـەوە، کـە دەوڵەتـی ئەیووبییـەکان دەسـتی بەسـەرداگرتبوو. ئەوەبـوو هەڵمەتـی سـێیەمیان دەسـت پیکـرد.

هەڵمەتـی سـێیەمی خاچپەرسـتان بـە سـەرکردایەتیی پاشـا ڕیچـاردی یەکـەم (دڵ شـێر ١١٨٩-١١٩٩ز) و ئیمپراتـۆر فریدریکـی یەکـەم (بارباڕۆسـا ١١٥٥-١١٩٠ز)، ئیمپراتـۆری ئەڵمانیـا و پاشـا فیلیپـی دووەم(ئوگوسـت ١١٨٠-١٢٢٣ز)، پاشـای فەڕەنسـا بـۆ سـەر شـاری ئۆرشـەلیمی پایتەختـی ئێسـتای ئیسرائیـل، دەسـتی پێکـرد و شـاری عەککایـان گەمـارۆدا. لـە پـاش دوو سـاڵ گەمارۆدانـی، شـاری عەککایـان داگیرکـرد و پاشـا ڕیچـاردی یەکـەم(دڵ شـێر) دیلـە موسـڵمانەکانی شـاری عـەککای کوشـت و پاشـان سـوپای بەریتانیـا بـە سـەرکردایەتیی پاشـا ڕیچـاردی یەکـەم(دڵ شـێر) بـەرەو شـارەکانی (حەیفـا) و (ئەرسـوف)چوو و دەسـتی بەسـەردا گرتـن، دواتـر بـەرەو شـارەکانی (لیـد) و (ڕوملـە) چـوو و ئەوانیشـی گـرت. لـە شـەڕی دووەمـی ئۆرشـەلیمدا توانیـان سـوپای دەوڵەتـی ئەیووبییـەکان بـە سـەرکردایەتیی سـوڵتان سـەحەڵادین ئەیووبـی تێکبشـکێنن، بـەڵام دواتـر سـوڵتان سـەحەڵادین ئەیووبـی بـە سـەرکردایەتیی سـوپای دەوڵەتـی ئەیووبییـەکان زۆر بـە تونـدی بەرەنـگاری سـوپای بەریتانیـا بـە سـەرکردایەتیی پاشـا ڕیچـاردی یەکـەم(دڵ شـێر) بـووەوە. پاشـا ڕیچـاردی یەکـەم(دڵ شـێر) لـە گرتنـی شـاری ئۆرشـەلیم زۆر نیگـەران بـوو و چەنـد شـەڕێکی لەگـەڵ سـوڵتان سـەڵاحەدین ئەیووبـی کـرد و خـودی خـۆی و بەشـێک لـە سـوپاکەی بـە دیلـی کەوتنـە دەسـت سـوڵتان سـەحەڵادین ئەیووبـی. لـە سـاڵی(١١٩٢ز) ڕێککەوتنـی ڕوملـەی لەگـەڵ سـوڵتان سـەلاحەدین کـرد و گەڕایـەوە بەریتانیـا،

بـــەڵام قینێکـــی گـــەورەی لـــە ســـوڵتان ســـەلاحەدین و کـــورد هەڵگـــرت، دواتـــر ئـــەو قینـــە بـــۆ تـــەواوی کاربەدەســـتان و دیبلۆمارتـــکاران و خەڵکـــی بەریتانـــی بەرانبـــەر بـــە کـــورد گواســـترایەوە. دواتـــر هـــەر ئـــەو ڕق و قینـــە دێرینـــەی بەریتانیـــا بەرانبـــەر بـــە کـــورد، لـــە هـــەردوو ســـەدەی نـــۆزدە و بیســـتدا دووبـــارە زینـــدوو بـــووەوە. ئەوەبـــوو بەریتانیـــا دەســـتی هەبـــوو لـــە ڕووخاندنـــی هەریەکـــە لـــە میرنشـــینەکانی بابـــان و ســـۆران و بۆتـــان، هەروەهـــا بەریتانیـــا توانـــی بـــە هاوکاریـــی لەگـــەڵ ڕووســـیای قەیســـەری، هەریەکـــە لـــە دەوڵەتـــی قاجارییەکانـــی ئێـــران و دەوڵەتـــی عوســـمانیی تورکیـــا لـــە یەکـــتری نزیـــک بخاتـــەوە، ســـەرەنجام پەیماننامـــەی ئەرزەڕۆمـــی دووەم لـــە ڕێکەوتـــی(٣١-٥-١٨٤٧) لـــە نێـــوان هەریەکـــە لـــە دەوڵەتـــی قاجارییەکانـــی ئێـــران و دەوڵەتـــی عوســـمانیی تورکیـــا واژۆ کـــرا. ئیـــتر هـــەردوولا دەســـەڵاتی ناوەندیـــان بەســـەر کوردســـتاندا ســـەپاند، بەمـــەش میرنشـــینە کوردییـــەکان دەســـەڵاتی خۆجێیـــی ناوخۆییـــان لەدەســـتدا و کـــورد لەلایـــەن دەســـەڵاتی ناوەندیـــی هـــەردوو دەوڵەتـــی قاجارییەکانـــی ئێـــران و دەوڵەتـــی عوســـمانیی تورکیـــاوە فەرمانڕەوایـــی کـــرا، ئەمـــەش دەرەنجامـــی سیاســـەتی دەرەوەی بەریتانیـــا بـــوو لـــە بەرانبـــەر کـــورد و دەســـەڵاتدارە خۆجێیەکانـــی کـــورد. هـــاوکات لـــە ســـەدەی نـــۆزدەوە بەریتانیـــا ڕۆڵێکـــی گـــەورەی گێـــرا لـــە شکســـتپێهێنانی شۆڕشـــی شـــێخ عوبەیدوڵـــلای نەهـــری، کـــە لـــە خۆرهەلاتـــی کوردســـتان لـــە دژی دەســـەڵاتی ســـتەمکارانەی دەوڵەتـــی قاجارییەکانـــی ئێـــران بەرپـــا کـــرا.

سەرچاوە:

١- د.مایکل هارت - سەد، و: ئەسعە دقەرەداغی - سلێمانی ١٩٩٠ز.
٢- یاسین سابر ساڵح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی - سلێمانی ٢٠٠٥ز.

٣- کامەران مەحمەد حاجی: کوردستان لە بازنەی کێشەی ڕۆژهەڵاتیدا ١٨٠٠-١٩٠٠-هەولێر ٢٠٠٧ز.

٤- پ.د.جڤری بڤرۆن: پوختەی مێژووی ئەوروپا، و: نیهاد جەلال حەبیب اللە سلیمانی ٢٠٠٩ز.

٥- د.ئەحمەد دموختار العبادی: مێژووی ئەییووبی و مەملوکییەکان، و: نیهاد جەلال حەبیب اللە هەولێر ٢٠١٠ز.

٦- د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی ئەوڕوپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا - سلێمانی ٢٠١٣ز.

٧- ئێنتەرنێت، ویکیپیدیای ئازاد.

# کورد لەناو گێژەنی شۆڤینیزمی عەرەبیدا

نووری بێخاڵی

# شۆڤێنیزمی عەرەبی لە بەنی ئومەییەوە بۆ بەنو عەباس!

**(کاردانەوە بەرامبەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک، وەک نموونە)**

بڵێی کۆدەنگیی عەرەبی (سوننە - شیعە) لە پەرلەمانی عێراق بۆ داگرتنی ئاڵای کوردستان لە شاری کەرکووک، ئەو کوردە بۆرانە بێدار بکاتەوە کە هێشتا پێیان وایە عێراق مایەی خێر و خۆشییە بۆ کورد؟

ڕاستییەکەی ئەو یەکدەنگییە عەرەبییە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی، هەرکێ لە بەغدا حوکمڕان بێت، بێ چەند و چوون، قەستەسەری کورد و مافەکانیەتی. ئەمەش بەو مانایە دێ کە لەناو مێژوو و ئەزموونەکانی شۆڤینیزمی عەرەبیدا، ئەگەر کاراکتەرەکانیش گۆڕا بن، وەلێ دواجار هەر یەکەیان و بە شێواز و میکانیزمێکەوە کاری بۆ چەسپاندنی بیری شۆڤینی پان عروبەوی کردووە. کوردیش لەو جوگرافیایەدا کە بەشێکی وڵاتەکەی لەناو دەمی تیمساحی عروبەدا بووە، هەر قۆناغە و سەردەمێک، بە گوێرەی هەلومەرجی سیاسیی باو، کراوەتە ئامانجی سڕینەوە و لەناوبردن، یان لە کەمترین

حاڵەتـدا پەراوێزخسـتن و هەوڵـدان بـۆ بـە بـرا بچووکـی گوێڕایـەڵ و پاشـکۆیی هێشـتنەوەی.

لـە سـای سـەرهەڵدان و چەکەرەکردنـی بیـری شـۆڤینیزمی عەرەبـی، لـە ئەمەوییەکانـەوە بگـرە تـا دەگاتـە ئەمـڕۆی حوکمڕانێتیـی شـیعەگەری بەغـدا. بـە جیاوازیـی سیسـتەمە حوکمڕانـەکان، لـە خەلافەتی ئیسـلامییەوە بگـرە، تـا دەگاتـە پادشـایەتی و کۆمـاری. هـاوکات بـە جیـاوازی دونیابینـی سیاسـی، لـە راسـتییەوە بـۆ چەپـی، لـە عەلمانییـەوە بـۆ ئایینـداری، لـە سـوونەیەوە بـۆ شـیعەکەی. یـەک خاڵـی هاوبـەش حوکمـڕان و دەسـەڵاتدارەکانی بەغـدای کـۆ کردووەتـەوە، ئەویـش زەوتکردنـی بـوون و ناسـنامەی کـورد بـووە.

دەی، لـە بنەڕەتـدا سـەددام هیـچ نەبـوو، جگـە لـە کاراکتەرێکـی کارای نـاو ئـەو بزاوتـە شـۆڤینییە. ئـەوەی سـەددام لەوانـەی پێـش و دوای خـۆی جیـا دەکاتـەوە، تەنیـا شـێواز و ئامـراز و میکانیزمـە دڕندەکانـی بـوون لـە میانـی چەسـپاندنی بنەماکانـی ئـەو شـۆڤینیزمە لـە پەیوەسـت بە پرۆسـەی سـڕینەوەی کـورد، ئەگینـا وەکوتـر، بەعـس و سـەددام درێژکـراوەی هەمـان کولتـوور و دونیابینـی سیاسـی بـوون. ئەمـڕۆش لـە بەغـدا جۆرێکـی دیکـەی ترسـناکتری شـۆڤینییەتی عەرەبـی لـە ئاسـتە (نەتەوەیـی - مەزهەبییەکـەی) دەرهـەق کـورد و کوردسـتان بەڕێـوە دەچێـت، ئەوەنـدە نەبێـت کـە زەمینـە و هەلومەرجـە سیاسـییەکانی سـەردەمەکەی ڕەنگـە تـا ئێسـتا بـواری ئەوەیـان نەدابێـت، لـە ئاسـتێکی دڕندەتـر لـەوەی بەعـس کـە دەرهەقـی کـوردی ئەنجـام دا، دەربکـەوێ و خـۆی نمایـش بـکات. تەنانـەت خـودی (دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام - ئـەوەی پێـی دەڵێـن داعـش!) لـە ئاسـتە عەقیدەیـی و مێژوویـی و عروبەوییەکەیـدا، درێژکـراوەی هەمـان گوتـاری تونـدڕۆ و توندوتیـژی شـۆفینیزمی عەرەبییـە

لـە بەرامبـەر کـورددا، کـە دەگاتـە چڵەپۆپـەی دڕندەیـی. کەواتـە ئـەوەی بە درێژایـی مـاوەی دوای ڕووخانـی سـەددام و بەعسـیش تـا ئێسـتا لـە بەغـدا دژی کـورد گـوزەراوە و دەگـوزەرێ، سـەیر و نـوێ و نامـۆ نییـە. بەڵکـو سـەیر ئەوەیـە کـە هێشـتا بـۆرە کـوردی خۆشـباوەڕ هەیـە، ئومێدەکانـی خـۆی لەسـەر پاشـکۆیەتی عێـراق و برایەتییێکـی درۆینـەی بەنـاو (برایەتـی کـورد و عـەرەب) هەڵچنیـووە. لـەوەش وێرانـتر، ئـەو گوتـارە عێراقچییـە هـەر بـەوە ناوەسـتێ ئـەو خەونـە نەزۆکـە تەنیـا بـە خـۆی ببینـێ، بەڵکـو ڕووقاییمانـە هەمـوو هەوڵێـک دەدات، کـۆی کۆمەڵـگای کـوردی، بباتـە ژێـر بـاری ئـەو پاشـکۆیەتی و گوێڕایەڵـی و شـوێنکەوتەییەی خـۆی بـۆ بەغـدای عروبـەوی شـیعی!

ئـەوەی لـە پەرلەمانـی عێـراق ڕوویـدا، بـەر لـەوەی خەڵکـی کوردسـتان قەڵـس بـکات، دەبـوو عارەقـەی شـەرم بـەو کـوردە مەوالییانـە بـکات کـە وەک ئـەوەی مارەییـان لـە عێـراق بڕابێـت، ئـاوا و تۆخـتر لـە عـەرەب، عێراقچـی بـوون و شـەڕی عێراقچێتییەکەشـیان بـە کوردایەتـی بـە خەڵـک دەفرۆشـنەوە.

کاتـێ عەرەبی سـوونە و شـیعەی نـاو پەرلەمانـی عێراق، لەگەڵیشـیاندا تورکمانەکانـی بـەرەی تورکمانـی، زاتـی بێڕێزیکـردن بـە ئـاڵای کوردسـتان دەکـەن و دژی ئیـرادەی نەتەوەیـەک دەوەسـتنەوە، ئـەوە بـەر لـەوەی هەراسـان کردنـی کـورد و پـڕۆژە و ئاراسـتە و گوتـارە نەتەوەییەکـەی نـاو بزووتنـەوە سیاسییەکەی کوردسـتان بێـت، بـە مەوالی و کۆیلە سـەیرکردنی هەمـوو ئـەو کـوردە بۆرانەیـە کـە خۆیـان بـە جوببـەی بەغـدا هەڵواسـیوە و دەسـتیان لـە گیرفانـی عێـراق بەرنابێـت و ئومێـدی سیاسـی و دواڕۆژی خۆیـان لەسـەر ئـەو شـۆڤینیانە هەڵچنیـووە. واتـە سـوکایەتیکردن و بـە کـەم سـەیرکردنی هەمـوو ئەوانەیـە کـە هێشـتا شـوکرانەبژێری بەردەوامـی

و مانەوەن، لەگەڵ عێراقێکدا کە تا ئەم ساتەوەختەش، مافی ژیان بە کورد ڕەوا نابینێ، بودجە و قووتی ژیانی خەڵکەکەی دەبڕێت.

بەڕاست، هەنووکە کوردە بۆرە عێراقچییەکان، چ وەڵامێکی خەڵکی کوردستان بە گشتی و کەرکووک بەتایبەتی، دەدەنەوە؟ ئەمجارە بەند و باوەکەیان بە چ ئاوازێک دەچڕنەوە؟ ئاخۆ هێشتا پێیان وایە بەغدا کێشەی لەگەڵ میزاجی کەسی هەیە، یان بەشی ئەوە بێدار بوونەتەوە کە بەغدای ئەمڕۆ، درێژکراوەی چەندین سەدەی عەقڵیەتی شۆڤینیزمی عەرەبییە، ئەو شۆڤینیزمەی هەر وەرزە و قۆناغ و سەردەمێک، کاژێکی نوێ و جیاواز لەوەی پێش خۆی فڕێ دەدات؟ ئایا سەریان دای لە بەردی ئەلحەد و لەوە گەیشتن کە بەغدا کوردی بچووک و گرگن و خۆبەکەمزان و گوێ لە مستی دەوێ، نەک کوردێک وەک کێو بە ڕوویاندا بچەقێ؟ ئێستا لەوە حاڵی بوون کە ئەو ئاڵایەی بەغدا چاوی پێ هەڵنایە، هی تەنیا کەسێک نییە و هی ئەوانیشە؟

ئەگەر ڕاستیتان دەوێ، هەڵوێستی پەرلەمانی عێراق لە ئاست هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا وەک ئەوەی نوێ و نامۆ نەبوو، هاوکات چاوەڕوان نەکراویش نەبوو، چونکە کاتێک لەناو کوردستاندا هێز و لایەنی کوردی هەبێت، ئەو بوێرییە بداتە بەر خۆی، بێڕێزی بەو ئاڵایە بکات کە سەدان هەزاران کورد لە پێناویدا گیانیان بەخشیوە و بیسووتێنێ، هەر زۆر ئاساییە نەوەکانی بەنی ئومەییە و بەنو عەباس، سوکایەتی بەو ئاڵایە بکەن. ئاخر ئەو کاتەی لەسەر خاکی کوردستان و بە بەرچاوی کوردە عێراقچییەکان، هێزێکی کوردی ئاڵای کوردستان بسووتێنێ و لەبەر ململانێی حیزبی و ناکۆکی سیاسی دەنگ نەکەن، ئەو ئاڵایەی هەزاران هاوسەنگەریان لە سایەیدا و لە پێناویدا لە سەنگەرەکاندا گیانیان بەخشی و بە سەدان هاوڕێیشیان چوونە بەر

پەتی سێدارە، ئەوا هەر زۆر ئاساییە ئەوانەی بەغدا نەک هەر بڕیاری داگرتنی ئاڵا لە کورکووک بکەن، بەڵکو بیخەنە ژێر پێشیانەوە.

هەنووکە لەوە حاڵی بوون کە هەموویان (لە دوێنێی بەنی ئومەییەوە تا ئەمڕۆی بەنو عەباس) هەمان مشکە ددان تیژە جەواڵ دڕێنەکەی فرچک گرتووی شیری عروبە و شۆڤینییەتی عروبەن؟

# شکستی عروبە لە بە ئامانجگرتنی کورددا

عێراق لە ناو گێژاوی قەیراندا

ئەوانـــەی پێیوایـــە کـــە قەیرانـــە سیاســـی و کێشـــە ئابوورییـــەکان و ململانـــێ و ناکۆکییـــە تایەفەگەرییەکانـــی عێـــراق، بـــەو کەڵەگاییـــەی حکوومەتـــی عەبـــادی بەرامبـــەر کوردســـتان و ئـــەو هەڕەشـــانەی کـــە میلیشـیاکانی حەشـدی سـەر بـە پاسـداران لـە خەڵکـی کورسـتانی دەکـەن، ئیـدی عێـراق دەبێتـە شـامی شـەریف، ئـەوا بـە هەڵـەدا چـوون. تەنانـەت ئـەو کـوردە عێراقچییانـەی کـە دەستکێشـی هێـزە هاوبەشـەکانی عێـراق و میلیشـیاکانی حەشـد و پاسـداران بـوون بـۆ داگیرکردنـەوەی کەرکـووک و ناوچەکانـی دی، بەوانەشـەوە کـە لـە بەغـدا بـەم شکسـتەی کـورد دەهـۆڵ لـە سـکیان دەگـەڕێ، ئـەو ڕۆژە دێ، سـەریان بـەر بـەردی ئەلحـەدی ئـەو بەغـدای تایەفەگەرییـە بکـەوێ و تێدەگـەن، کـە هەڵگەڕانـەوە لـە کوونـی خـۆت چ ئابڕووچـوون و شـەرمئاوەرییێکە!

ڕاستییەکەی، ئەوەی کە ناو نراوە سەرکەوتنی عەبادی و بەغدا بەسەر کوردستان، کە زۆرینەیەکی هەرە زۆری عەرەب شانازی پێوە دەکەن، بەو بۆرەکوردانەیشەوە کە لەبەر ڕقی ئایدیۆلۆژی و کینەی سیاسی و دڵڕەشی بەرامبەر هێزێک و سەرکردەیەکی کوردستان، لە وڵات و نەتەوەکەیان هەڵساونەتە سەر پاشوو و بە ئاوازی بەغدا سەما دەکەن، ڕووداوێکی کاتی و ڕاگوزەرە.

بە بۆچوونی زۆرێک لە نووسەر و شارەزا و چاودێرانی سیاسی عەرەب، (ئەم سەرکەوتنە تەواو ئێرانییە) و پێیانوایە ئەگەر ئەم ڕووداوە بۆ عێراق بە دەسکەوتیش بژمێردرێ، بەڵام دەسکەوتێکی کاتییە و زوو، یان درەنگ، ئەم شاییەی لەسەر خاکی داگیرکراوی ئێمەدا دەیکەن، لەناو ماڵی خۆیاندا لێیان دەبێتە شین. ئەمەش پەیوەندی بە کێشە کەڵەکەبووە هەڵپەسێردراوەکانی ناو خودی عێراق، هەروەها بەو گێژاوەوە هەیە کە پێش هەر کەس، خودی عەبادی لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە ناویانەوە. بەتایبەتی کاتێک لە نەشئەی ئەو سەرکەوتنەی بێدار دەبێتەوە و حاڵگرتوویی شانازییەکەی بەری دەدات، ئینجا دەزانێ بەسەر چ ئاگرێکدا کەوتووە!

**عەبادی لە غرووره بۆ سازش!**

عەبادی کە ئێستا لە ئاستی کورددا تووشی غروورێکی لەڕادەبەدەر بووە، غروورێک تا ئاستی شێتگیری، شێتگیرییێک کە هەر ڕۆژە و دەیخاتە ژێر دەرکردنی بڕیارێکی دوژمنکارانە بەرامبەر خەڵکی کوردستان، بە تێپەڕینی کات، بەسەر تەڵەکەیدا دەکەوێ. بەو پێیەی گرفتی عەبادی بەر لەوەی لەگەڵ کورد بێت، لەگەڵ ناو ماڵی شیعە خۆیەتی، هاوکات لەگەڵ بەرەی سووننەیە، ئەم گرفتانەش

لــە ســاتەوەختی نزیکبوونــەوە لــە هەڵبژاردنەکانــی عێراقــدا، زیاتــر زەق دەبنــەوە.

ئــەوەی کــە عەبــادی پێیوابێــت بــە داگیرکردنــەوەی کەرکــووک و ناوچەکانــی دیکــە، دەتوانــێ گــرەوی هەڵبژاردنــی داهاتــوو بباتــەوە و ببێتــەوە بــە ســەرۆک وەزیــران، لــە خۆشــخەیاڵیی سیاســی و کورتبینــی زیاتــر هیچــی دیکــە نییــە. دیــارە کــەم و زۆر ئــەم ڕەوشــەی لــە کوردســتاندا خوڵقانــدی، ڕەنگــە لــە ئاســتی شــەقام شــۆڤینی عەرەبــی عێراقــدا بــۆ داهاتــوو کۆمەکــی دەکات، بــەڵام پێــش ئــەوە، هەنــدێ دۆســیە هــەن کــە پەیوەســتن بــە ئاســۆی ناکۆکــی شــیعە - ســوونە، هەروەهــا ململانــێ سیاســییەکانی نــاو هێــز و گــرووپ و هاوپەیمانێتییــە سیاســییەکانی نــاو خــودی بــەرەی شــیعە لــە عێــراق، دەبــێ یەکلایــان بکاتــەوە، بــۆ ئــەوەی بتوانــێ گرەوەکــەی مســۆگەر بــکات، ئــەم مســۆگەرکردنەش شــەقام بــۆی یەکلایــی ناکاتــەوە، بەڵکــوو ئــەو هێــز و گرووپــە سیاســییانەی کــە شــەقامی تائیفــی عێــراق دەجوڵێنــن، یــەکلای دەکەنــەوە. ئــەو هاوپەیمانێتییــەی کــە عەبــادی تــا ئــەم چرکەســاتەش لــە کۆتــی مــەرج و منەتەکانــی دەرنەچــووە و بــۆ ئاییندەش خۆڕاپســکاندنی لــەو تەوقــی منــەت و مەرجانــە هــەروا ئاســان نییــە و نابێــت.

لــەم بارەیــەوە (مســتەفا زەیــن)، لــە وتارێکیــدا بــە ناونیشــانی (ســەرکەوتنەکانی عەبــادی) کــە لــە ڕۆژنامــەی (ئەلحەیات) بــڵاو بووەتەوە، ئامــاژە بــە خۆشــخەیاڵیی عەبــادی و حکومەتەکــەی دەکات، بــەوەی لــە حیســاباتەکانیدا لــەم هاوکێشــەیە بــە هەڵــەدا چــووە، ئەگــەر بــە وریاییــەوە مامەڵــە لەگــەڵ دەرهاویشــتەکانی دوای ئــەم ڕووداو و گۆڕانکارییانــەی نــاو وڵاتەکــەی، سروشــتی پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ دونیــای دەرەوەی خــۆی، کاریگەریــی وڵاتانــی دەوروبــەری عێــراق و دەســتتێوەردانەکانیان

لـە وڵاتەکەیـدا نـەکات و هاوسـەنگییێک لـە ئاسـتی ناوخۆیـی و دەرەکیـدا نەهێنێتـە کایـە، ئـەوا وەک دەڵێـن، دوور نییـە " جادووەکـە بەسـەری جادووکەرەکـەدا بشـکێتەوە".

لـەم ڕووەوە (زەیـن) نووسـیویەتی: " دوای تێکشـکاندنی داعـش و کۆنترۆڵکردنـەوەی ناوچـە کێشـە لەسـەرەکانی کوردسـتان لـە لایـەن حکوومەتـی ناوەندیـی عێـراق، قۆناغێکـی دیکـەی نـوێ لـە ئالنـگاری و ململانێـی ناوخۆیـی و دەرەکـی ڕووبـەڕووی عێـراق دەبێتـەوە. ئەمـەش عەبـادی دەخاتـە بـەردەم ئەرکـی زۆر قـورس".

عەبـادی کـە پێشـتر بـە ڕێککەوتـن و ڕەزامەنـدی لایەنەکانـی نـاو هاوپەیمانیـی نیشـتمانی شیعەکان لـە پەرلەمانـی عێـراق، پۆسـتی سـەرۆک وەزیرانـی وەرگرتـووە، پێویسـتە وەڵامگـۆی داخوازییەکانیـان بێـت و مل بۆ هـەر داواکاری و مەرجێکیان بدا. لەکاتێکیشـدا کـە ئەمریکا داوای لێکردووە و فشـارێکی زۆری بـۆ هێنـاوە (لـە سـەردانەکەیدا بـۆ ئێـران، عەبـادی ئـەم داواکاری و فشـارەی ئەمریـکای بـە خامەنەئـی و دەسـەڵاتدارانی ئـەو وڵاتە ڕاگەیانـد)، بـەوەی میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی هەڵوەشـێنێتەوە، یـان میکانیزمێـک بدۆزێتـەوە بـۆ ئـەوەی بیانباتـەوە ژێـر چەتـری دەسـەڵات و بڕیـاری دەسـتوور و دامـەزراوەی ئاسـایش و بەرگریـی عێـراق، هەروەهـا کۆتایـی بـە هەژموونـی دەسـەڵات و بڕیـاری ئێـران لـە وڵاتەکەیـدا بێنـێ، ئەمـە دەیخاتـە بـەردەم ئاسـتەنگێکی گـەورە. بەچاوپۆشـین لـەوەی کـە سـنووردارکردنی ڕۆڵ و کاریگـەری دەسـتتیوەردان و بڕیـاری ئێـران لـە عێراقـدا، نـەک هـەر ئاسـان نییـە، بەڵکوو لـە سـای هەلومەرجـی سیاسـیی هەنووکەیـی ناوچەکـە و جۆرێکیشـە لـە مەحـاڵ. وەکوتـر، ئـەوەی پەیوەنـدی بـە میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبییەوە هـەی، بـەو پێیـەی ئـەو میلیشـیایانە باڵـی سـەربازیی هێزگـەل و ڕەوتـی سیاسـیی جیاوازیـی

نــاو ماڵــی شــیعەن، هــەر جــۆرە فەرامۆشــکردن و پەراوێزخســتنێکیان، ســەقامگیری و ئاسایشــی حکوومەتــی عێراقــی لــەو ناوچانــەی ئۆتۆریتــە و دەســەڵاتیان هەیــە، دەخەنــە مەترسییەوە، کــە بــە بۆچوونــی (مەســتەفا زەیــن)، ئــەو مەترســی و ئاســتەنگانەی لــە ئاســتی ناوخۆییــدا دێنــە ســەر ڕێــگای عەبــادی ســادە و ئاســایی نیــن، بەڵکــوو ئاڵــۆز و پــڕ گیــروگازن و دەڵــێ: " دوورخســتنەوەی میلیشــیاکان لــە دەســەڵات و ملپێکەچکردنیــان بــۆ یاســا و دەســتووری عێــراق، کارێکــی ئاســان نییــە، چونکــە پێویســتی بــە قایلکردنــی ســەرکردەکانی ئــەم میلیشــیا کاریگەرانــە هەیــە، بــۆ ئــەوەی بێنــە نــاو ژیانــی سیاســیی مەدەنــی. خــۆ ئەگــەر ئــەو گرووپانــە نەهاتنــە نــاو ژیانــی سیاســی و مەدەنــی، ئــەوا هــەر دوورخســتنەوەیەکی ئــەو میلیشــیایانە، عەبــادی دەخاتــە بــەردەم مەترســیی هەڵوەشــانەوەی بەشبەشــێنە -محاصصــە -ی دەســەڵات. بــەو پێیــەی عەبــادی وەک ســیمبولی ئــەم دابەشــکارییە، بەرمەبنــای بەشبەشــێنە لەگــەڵ هێزەکانــی دیکــەی نــاو هاوپەیمانێتیــی نیشــتمانیی شــیعە، پۆســتی ســەرۆک وەزیرانــی مســۆگەر کــردووە".

هــەر لــەم بارەیــەوە، لــە وتارێکیــدا بــە ناونیشــانی (یاریــی نەتەوەیــی، یــان وێرانیــی عێــراق؟)، کــە هــەر لــە ڕۆژنامــەی (ئەلحەیــات) بــڵاو بووەتــەوە. (حــازم ســاغیە) خوێندنەوەیەکــی وردی بــۆ خەیاڵپــڵاوی عەبادی و حکومەتەکــەی بــەوەی ناویــان نــاوە ســەرکەوتن کــردووە. ســەرکەوتنێک، نووســەر بــە بەرهــەم و دەســکەوتی ئێرانــی دەزانــێ و حکوومەتــی عێــراق لــەو نەشــئەی شــانازیکردنە بێــدار دەکاتــەوە، تــا فریــای پێشــهاتەکانی دوای ئــەو ڕووداوە بکــەوێ. یــان ڕاســتتر بڵێیــن، نەشــئەی ئــەو ســەرکەوتنەی کــە لــە لایــەن ئێــران و بــە پشــتیوانیی نێودەوڵەتــی بــۆی خرایــە ســەر ســینی زێــڕ، وای لێنــەکات کێشــە گرنــگ و قەیرانــە قووڵەکانــی خــۆی بیــر بچێتەوە

و دەڵـێ: " ئـەم سـەرکەوتنە بـەر لـەوەی عێـراق بێـت، ئێرانییـە. ئەمـە و بەچاوپۆشـین لـەو پشـتیبوانییە جیهانییـەی کـە بـە تـەواوی ئامـرازە ماددی و مەعنـەوی، سـەربازی و سیاسـییەکانی لێـی کـرا. لـەو یەکانگیرییـەی نێـوان سـەرکەوتنی عێـراق بەسـەر کوردەکانـی باکـوور و خـودی عێراقـی پارچەکـراو و پـڕ ململانـێ خراپـتر ئەوەیـە، کـە سـەرکەوتن بەسـەر کـورد، جگـە لـە پارچەبـوون و ململانێـی زیاتـر، هیچـی تـر بـۆ عێـراق زیـاد نـاکات. سـەرنجدان و وردبوونـەوە لـە پەیوەندییەکانـی سـوونە - شـیعە، بەسـە بـۆ ئـەوەی لـە هـەر ئەگەرێکـی موژدەبەخـش، بێئومێـد بیـن".

بـە تەنیشـت گرفتـی شـیعە خۆیـەوە، بەرەکـەی دیکـە کـە دەبێتـە ئاسـتەنگ لەبـەردەم وەدیهاتنـی خەونـی عەبـادی، بـەرەی سـوونەیە. بەڕەچاوکردنـی گۆڕانـکاری و پێشـهاتەکانی ناوچەکـە و عێـراق، سـەرەڕای ئـەوەی کـە تـا هەنووکـەش سـوونەکان باجـی ئـەو هەڵـە سیاسـییەیان دەدەن، کـە لـە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس، خۆیـان لـە بەشـداریی سیاسـی بـەدوور گـرت، بـەڵام وێناچـێ لـە ئاییـندەدا، نـە ئـەوان بیـر لـە ڕاسـتکردنەوەی ئـەو هەڵەیەیـان نەکەنـەوە، نـە بـۆ شـیعەش بچێتـە سـەر، ئـاوا بیانخاتـە پەراوێـزی ڕووداو و بڕیـارەکان. هاوپەیمانیـی هێـزە عێراقییـەکان لەنـاو پەرلەمـان (کـە بەرەیەکـی سـوونییە) و ئەمـڕۆ شـوێنپێی لـە ململانێکانـی عێـراق بەرچـاوە، ڕەنگـە بـۆ ئاییـندە، ئەجێنـدا و ئەلتەرناتیڤـی دیکـەی هەبێـت، بـۆ ئـەوەی کارا و کاریگەرتـر لـە جـاران بێنـەوە نـاو گۆڕەپانـی ململانێیـەکان.

دەربـارەی ئـەم پرسـە، نووسـەری وتـاری (سـەرکەوتنی عەبـادی) ئامـاژە بـە ئەجێنـدای سـەردانی ئـەم دواییـەی (ئوسـامە نوجەیفـی، جێگـری سـەرکۆماری عێـراق) و نوێنـەری سـوونەکان بـۆ ئەمریـکا دەکات و نووسـیویەتی: " نوجەیفـی لـەم سـەردانەیدا کـە چـاوی بـە بەرپرسـە

باڵاکانی ئەمریکا کەتووە، ئامادەیی بۆ پشتیووانیکردنی عەبادی لە دەرچوونەوەی خوولی دووەم بۆ سەرۆکی حکوومەت پیشان داوە، بەڵام بە مەرجی ملپێکەچکردنی میلیشیاکان بۆ یاسا و دەستوور و دەسەڵاتی دەوڵەت، لەگەڵ ڕاگرتنی هاوسەنگیی لە پەیوەندییەکانی دەرەوە، کە مەبەست لێی، سنووردانانە لەبەردەم دەستتێوەردانەکانی ئێران لە عێراق و جڵەوکردنی حەشدی شەعبی". ئەو نووسەرە پێیوایە لە دۆخێکی ئاوادا، عەبادی دەکەوێتە ناو بەرداشی بەرەی شیعە و سووننە، بەرداشێک ئەگەر بە دیقەتەوە لەناویدا جووڵە نەکات، خۆی و خەونەکەیشی دەهاڕن، بۆ ئەمەش عەبادی لە بەردەم تەنیا بژارەیەکدا دەمێنێتەوە، ئەویش ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان پابەندبوونی بە هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە و سازش بۆ هاوپەیمانیی هێزە عێراقییە سووننییەکان!

کەواتە کێشەی جڵەوکردنی میلیشیاکان، گرفتی سنووردارکردنی دەستتێوەردانەکانی ئێران، ئاستەنگی فشارەکانی سووننە، هەوڵی بەردەوامی سووننە بۆ دامەزراندنی هەرێمی سووننە و دەنگۆی ئەگەری هێنانە پێشەوەی پاشماوەی بەعسییەکان بۆ ناو شانۆی سیاسیی عێراق. هەموو ئەم ئارێشانە و زۆر لەمپەری دیکەی، ئەگەر نەشڵێین عەبادی و عێراق دەبەنە ناو تونێڵێکی تاریک، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەیانخەنە بەردەم دووڕیانێکی سەخت.

لە لایەکی دیکە (مستەفا میرغەنی) لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (تاکو بەغدا لە چارەسەرکرنی قەیرانی کوردستاندا هەڵە نەکات) کە لە ڕۆژنامەی (ئەلشەرقولئەوسەت) بڵاو بووەتەوە. بە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ڕەوشی سیاسیی عێراق و دۆخی ململانێکان و پێدراوەکان و ئاراستەی ڕووداو و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە، سەقامگیری لە عێراق

بـە وەهـم دەزانـێ و دەڵـێ: " ئـەوەی پێـی وایە بەبـێ دۆزینەوەی شـێوازی دیکـەی بەیەکەوەژیانـی نێـوان پێکهاتەکانـی عێـراق، شـێوازێکی دوور لـە هـەر هەژموونێکـی تایەفەگـەری و کارتێکەریـی هەرێمایەتـی، دۆخەکـە سـەقامگیر دەبـێ، ورێنـە دەکات. چونکـە کێشـەکە تەنیـا کـوردەکان نیـن، بەڵکـو سـوونەکانیش نیگەرانـن و گومانیـان لـە پەراوێزخسـتن و گەشـەکردنی میلیشـیا شـیعییەکان و ئۆتۆریتـەی زاڵـی ئێـران هەیـە، کـە وا دەکـەن هەنـدێ لایەنـی شـیعە لـە هەڵوێسـتەکانیاندا تونـدڕۆ بـن و پێیـان وابێـت، دەتوانـن ئیـرادەی خۆیـان بەسـەر ئەوانـی دیکـەدا بسـەپێنن و ئـەو دەنگـە ژیرانـە پشـتگوێ بخـەن، کـە دەڵێـن بۆیـە عێـراق بـەم دۆخەی ئەمـڕۆی گەیشـت، چونکــە لــە بەدیهێنــان و چەسـپاندنی شووناسـێک شکسـتی هێنـا، کـە لەسـەر بنەمـای هاووڵاتیبـوون و یەکسـانی و پاراسـتنی مافەکانـی کەمینـەکان بێـت. شووناسـێک، لـە سـایەیدا پێکهاتەکان هەسـت بـەوە بکـەن بەشـێکن لـە نیشـتمانێک، کـە لەسـەر بنەمـای ئینتـما ئیتنـی و تائیفییـەکان جیایـان ناکاتـەوە و سـەرکوتکردن تیایـدا نابێتـە تاکـە ئامـرازی سـەپاندنی دەسـەڵات و زەوتکردنـی مافەکانیـان".

لای خۆیــەوە (زەیــن) جگــە لــە ئاســتەنگە ناوخۆییــەکان، جەخـت لەسـەر سـەبارەت بـە ئالنگارییـە دەرەکییـەکان و ئـەو ئەرکـە قورسـانەی ڕووبـەڕووی عەبـادی دەبنـەوە دەکاتـەوە و دەڵـێ: " لـە ئاسـتی دەرەوەدا عەبـادی گەیشـتووەتە ئـەو سـنوورەی کـە چەندیـن دەیەیـە بـە هێڵـی سـوور ڕەنـگ کـراوە و هێشـتاش هەر سـوورە، ئەویـش بەیەکگەیشـتنەوەی عێـراق و سـوورپایە. پێویسـتە هــەردوو وڵات وەک دوا دەسـکەوت، بــە دەرکردنــی داعــش لــە قائیــم و ئەلبوکەمــال، کۆتایــی پــێ بێنــن و پەیوەندییەکانیـان لـە دوای ئـەم قۆناغـە، تەنیا لـەو ئاسـتەدا بێت کـە ڕێگا لـە سـەرلەنوێ خۆڕێکخسـتنەوەی ڕیزەکانـی تیرۆریسـتانی داعـش بگـرن و

شـانە خەوتووەکانیـان لەنـاو ببـەن. جگـە لـەوە، هـەر ڕەتکردنەوەیەکـی بەغـدا و دیمەشـق، ئـەوا هێـزە ئەمریکییـەکان و کۆمپانیـا ئەمنییەکانیـان کـە لـە پارێـزگای ئەنبـاڕ و ڕەققـە هـەن، ئاسـتەنگ دەخەنـە بـەردەم هـەر ڕێککەوتنێکـی نێـوان عێـراق و سـووریا. چونکـە هـەر جـۆرە ڕێککەوتنێکی نێـوان ئـەم دوو وڵاتـە، واتـا بەهێزکردنـی ئۆتۆریتـە و هەژموونـی ئێرانـی، ئەمریـکاش جارێکـی دیکـە ئامـادە نییـە قوربانـی بـە دەسـکەوتەکانی بـدا و پێگـەی خـۆی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەراسـت بـۆ تـاران و مۆسـکۆ چـۆڵ بـکات. بۆیـە چ جەنگەکانـی ئێسـتا، یـان هـەر ئەگەرێکـی جەنـگ لـە ئاینـدەدا، بـە ئامانجـی ڕێگرتـن لـەو گۆڕانکارییـە جیۆسـتراتیژییەن کـە هاوپەیمانییەتیـی ڕووسـی - ئێرانـی دروسـتیان کـردووە“.

دواجـار نووسـەر جەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتەوە کە ” سـەرکەوتنەکانی عەبـادی لـە شـەڕی داعشـدا، مەحکوومـن بـە یاسـا و ڕێسـاکانی یاریـی ئەمریـکا. ئـەو یاسـا و یارییـەی، لـە بەرانبـەر جڵەوکردنـی حەشـدی شـەعبی، فڕێدانـی عەبـای ئێرانـی لـە شـانی ئـەم میلیشـیایە و نەبەزاندنـی هێڵـی سـووریی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ سـووریادا، بـواری سـەرکەوتنیان بەسـەر داعـش و بارزانـی، بـە عەبـادی دا“.

لـە لایەکـی دیکـەوە (عوسـمان میرغەنـی) لـە بەشـێکی وتارەکەیـدا ئامـاژە بـەوە دەکات، کـە ئـەو کەسـەی پێـی وایـە بـە سـەرکەوتنە سـەربازییەکەی بەغـدا بەسـەر کوردسـتان، کۆتایـی بـە چیرۆکـی یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق هـات و وڵاتەکـە سـەقامگیری بـە خۆیـەوە دەبینـێ، هەڵەیەکـی گـەورە دەکات و نووسـیویەتی: ” مـرۆڤ پێویسـتی بـە وردبوونـەوە، یـان شـیکردنەوەی زۆر نییـە بـۆ ئـەوەی بگاتـە ئـەو پوختەیـەی، کـە کوردەکان لـە گـرەوی ڕیفراندۆمـدا زۆر شـتیان لەدەسـت دا، بـەڵام ئـەم دۆڕانـە هەرگیـز بـەو مانایـە نایـەت، عێراق شـەڕی پارستنی

یەکپارچەییەکـەی بردووەتـەوە، یـان حکوومەتـی ناوەنـدی لـەوە دڵنیـا بێـت کـە لـە میانـی ڕێوشـوێنە سـەربازی و سیاسـی و ئابـووری کۆتایـی بـەو ئالنـگاری و ڕووبەڕووبوونەوەیـەی لەگـەڵ کوردسـتاندا هێنـا“.

دواجـار دەگەڕێینـەوە سـەر نووسـینەکەی (سـاغیە) کـە تیایـدا ئامـاژە بـە دەرهاوێشـتە نەرێنییەکانـی کاردانەوەکانـی بەغـدا دەکات و دەڵـێ: ” خراپتریـن شـتێک کـە ئەمـڕۆ لـە بەغـدا و هەرێمـی کوردسـتان دەگـوزەرێ، بەردەوامیـی حیسـاباتی هەڵەیـە. ئەگـەر خەونـی جیابوونـەوەی کـوردەکان بـە هـۆی سیاسـەتی سـەپاندنی دیفاکتـۆ نەهاتـەدی، ئـەوا ئـەو یەکێتـی و یەکپارچەییـەی عێـراق کـە بەغـدا باسـی دەکات، هەرگیـز بـە هێـز و زۆر، نایەتـەدی“. ئـەو نووسـەرەی ڕۆژنامـەی (ئەلحەیـات)، وەبیـری عەبـادی و هەمـوو ئەوانـەی دێنێتـەوە، کـە لـە سـەنگەری ئـەودان، کـە هێشـتا یارییەکـە نـەک هـەر کۆتایـی نەهاتـووە، بەڵکـوو لەوەشـدا بـە هەڵـەدا چوونـە کـە دەتوانـن کـورد ناچـار بـە هـە مـوو سازشـێک بکـەن و چـۆن بیانـەوێ، ئـاوا ڕووداوەکان ئاراسـتە بکـەن و داهاتـووی کوردسـتان بـە ویسـتی خۆیـان دیـاری بکـەن و دەنووسـێ: ” وێنـە بـاوە هەنووکەییەکـە ئەوەیـە، کـەوا هەنـدێ لایـەن لـە بەغـدا بـە هاوکاریـی ئێـران و تورکیـا و بـە فشـاری سـەربازی و ئابـووری، گـرەو لەسـەر ملپێکەچکردنـی هەرێمـی کوردسـتان دەکـەن. وەک چـۆن هەندێک لایـەن کار لەسـەر قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکانـی نێـوان کوردەکان دەکەن، بەتایبەتـی دوای تۆمەتبارکردنەکانی پارتـی و یەکێتـی بـۆ یەکـتری، هەروەهـا بەرپرسـیارێتی ئـەو زیانانـەی بـە هـۆی ڕیفراندۆمـەوە لـە کـورد کەوتـن، دەیخەنـە ئەسـتۆی مەسـعود بارزانـی. شـتێکی شـاراوە نییـە، کـە هەندێـک لایـەن پێیانوایـە پارچەکردنی ڕیـزی کـوردی و درزخسـتنە نێوانیـان و دابەشـکردنیان بەسـەر دوو کیـان، یـان دوو هەرێمـی جیـاواز کـە دوو بەڕێوەبردنـی جیاوازیـان هەبێـت،

زامنـی یەکپارچەیـی و یەکێتیـی عێـراق و دووبـارە نەبوونـەوەی سـیناریۆی داواکردنــی جیابوونەوەیــە، بــەڵام گرەوکــردن لەســەر دابەشــکردنی کـوردەکان، یـان لـە ڕێـگای سیاسـەتی فشـاری سـەربازی و ئابـووری بـۆ سـەر کـورد، چارەسـەری قەیرانەکـە و زامنـی یەکێتیـی عێـراق ناکـەن.

پەیوەسـت بـە گێژەنـی ئاییندەی عێـراق، (زەیـن) لـە وتارەکەیـدا، هــەر بــەو بۆچوونانــەی ناوەســتێ کــە لــە ســەرەوە ئاماژەمــان بۆیــان کـرد، بەڵکـوو ئەگـەری سـەر لـە نـوێ بەهێزبوونـەوەی کـورد لـە عێـراق بیـری عەبـادی و هاوپەیمانەکانـی دەخاتـەوە، کـە ئاسـتەنگێکی دیکەیـە و ڕووبـەڕووی بـەردەم عەبـادی دەبێتـەوە. ئالنـگاری و ئاسـتەنگێک کـە بـە بۆچوونـی نووسـەر، تێپەڕاندنـی هـەروا ئاسـان نییـە و دەڵـێ: " ڕاسـتە حکوومەتـی عەبـادی لـە ئاسـتی سـەربازیدا توانـی شکسـت بـە کـورد بێنێـت و لـە کەرکـووک و ناوچـە کێشـە لەسـەرەکان جڵـەوی دەسـەڵات و دەستپێشـخەری بگرێتـە دەسـت، هەروەهـا لـەوەدا سـەرکەوتوو بـوو کـە لـە دژایەتیکردنـی مەسـعود بارزانـی، سـۆزی تورکیـا و ئێـران بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـێت و درزێکـی گـەورەش بخاتـە نێـوان بارزانـی و بنەماڵـەی تاڵەبانـی"، بـەڵام بـە قسـەی نووسـەر، ئەمـە کۆتایـی یارییەکـە نییـە و ئـەم خۆشـخەیاڵییەی زۆر ناخایەنێـت و لـە ماوەیەکـی نزیکـدا نەشـئەی ئـەو سـەرکەوتنە سـەربازییانە بـەری دەدا و بێـدار دەبێتـەوە و تێـدەگات کـە: " ئـەو سـەرۆکە مێژوویيـەی هەرێمـی کوردسـتان، کـە خەریکـی سـەرلەنوێ تێهەڵچوونـەوە و ئامادەکارییـە بـۆ گـەڕی دیکـەی ململانـێ، بـە ڕاشـکاوی دەڵـێ، پاشەکشـەکەی تەنیـا قۆناغێکـە بـۆ پشـوودان و هەناسـەدان. هــاکا بینیــمان دێتــەوە نــاو گەرمــەی ململانــێ و هێزەکانــی لــە پێنــاو گەڕاندنــەوەی کەرکــووک تەیــار دەکاتــەوە، ئــەو کەرکووکــەی بارزانــی دەڵـێ، ئەگـەر خیانـەت نەبـووا، هەرگیـز نەدەکـەوت".

**عروبە لە خەونی یەکێتییەوە بۆ دژایتیکردنی کورد!**

داگیرکردنـەوەی کەرکـووک و ناوچەکانـی دیکـە، ڕاسـتییێکی مێژوویـی تاڵـی بـۆ کـورد ڕوون کـردەوە، ڕاسـتییێک کـە کـورد بـە سـادەیی و خۆشـباوەڕیی خـۆی و لـە پەنـا موجامەلـەی دروشـمی برایەتیـی کـورد و عـەرەب خـۆی لـێ دەدزیـەوە، ئەویـش ڕەگاژۆبوونـی شـۆڤینیزمی عەرەبـی و خۆبەرهەمهێنانەوەیەتـی لـە بەرامبـەر کـورد و مـاف و داخوازییەکانیـدا، لـە بـەرگ و گوتارێکـی دیکـەی نـوێ، هەروەهـا بـە میکانیـزم و ئەجێنـدای جیـاواز لـە دەورانـی پێـش خـۆی، مەبەسـت سـەردەمی بەعـس و پێـش ئەویـش، ئـەم ڕاسـتییەش پەیوەنـدی بـە گرفتـی شووناسـی دەوڵەتـەوە هەیـە.

کـە دەڵێیـن گرفتـی شـووناس، مەبەسـتمان بـێ شووناسـی عێـراق نییـە، بەڵکـوو ئـەم دەوڵەتـە بووەتـە خاوەنـی شووناسـێکی ترسـناکتری بـارگاوی بـە شـۆڤینیزمی نەتەوەیـی و فاشـیزمی مەزهەبـی. بـەو مانایـەی دەوڵەتـی عێراقـی دوای ڕووخانـی بەعـس، جیـاواز لـە ئەزموونەکانـی پێـش خـۆی ( لـە پادشـایەتییەوە تـا کۆماریـی بەعـس) شووناسـێکی مەترسـیدارتری بەرهەمهێناوەتـەوە. بـەو پێیـەی هەنووکـە دەوڵەتێکـە بـە دوو شووناسـی تیکـەڵ و جیـاواز هاتووەتـەوە گۆڕەپانەکـە، شووناسـێکی شـۆڤینیزمی نەتەوەیـی (عروبـەوی)، لەگـەڵ شووناسـێکی فاشـیزمی مەزهەبـی (شـیعەگەری).

عێراقـی دوای بەعـس، کـە بڕیـار بـوو ببێتـە عێراقـی (هیـوا و ئاشـتی!). عێراقێـک، ڕابـردووی ڕەشـی خـۆی بپێچێتـەوە و لاپەڕەیەکـی نوێـی سـپی بەسـەر ئێسـتا و ئاییـندەی خۆیـدا بکاتـەوە.. عێراقێـک، تـۆزی مێـژووی دڕندەیـی لـە شـانی خـۆی دابتەکێنـێ و بـە ڕەونەقـی ژیانـەوە بێتـەوە نـاو مێـژوو.. عێراقێـک، کاژی خوێناویـی ڕابـردووی فـڕێ بـدات و بـە بەرگێکـی

دیکـەی ڕەنگینـەوە دەرکـەوێ. کەچـی وەک عـەرەب خۆیـان دەڵێـن "عـادت حلیمـة الی عادتهـا القدیمـة"، عێـراق نـەک هـەر وەک جـاران گەڕایـەوە سـەر بناغـە و ڕەسـەنی خـۆی، بەڵکـو خراپـتر لـەوەش، دەسـتی دایـەوە خـوو و عادەتـی خـۆی.

دیـارە لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێکـی لـەم چەشنەشـدا، پێکهاتـە ئەتنـی و ئایینییـە جیاوازەکانـی عێـراق بـە گشـتی و لەناویانـدا کـورد بەتایبەتـی، ڕووبـەڕووی دوو مەترسـیی گـەورە بوونـەوە دەبنـەوە. بـە جۆرێـک کـە لەنـاو ئـەو هەمـوو دۆڕان و شسـکتەی خـۆی لـە دونیـای عەرەبـی و لـە ئاسـت بەرامبەرەکانیـدا، عروبـە لـە عێراقـدا یەکسـان بووەتـەوە بـە دژایەتـی و دوژمنایەتـی و لەناوبردرنـی کـورد.

لـەم ڕوانگەیـەوە، کاتـێ دەبینیـن غـرووری حکوومـەت و پەرلەمانـی عێـراق لـە بەرامبـەر کوردسـتاندا، گەیشـتووەتە ئاسـتی شـێتگیری، شـێتگیرییێک ڕۆژانـە یاسـا و بڕیـاری دوژمنکارانـە دژی گەلـی کوردسـتان دەردەکـەن. ئەمـە دەرکەوتێکـی سـەیر نییـە، بەڵکـوو لـە ڕاسـتیدا ئـەم غـرووره، دیوێکـی ئـەو شـۆڤێنییەتەی عروبەمـان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە، کـە لـە قۆناغـی لاوازی و بێدەسـەڵاتیدا دەچێتـە سـووڕی متبـوون، وەلـێ هەرکـە دەسـت و بەرچـاوی خـۆی بینـی، خوێنـی دڕندەیـی تێـدا دەگـەڕێ و دێتـەوە سـەر سروشـتی جانەوەرانـەی خـۆی لـە ئاسـت بەرامبـەرە جیاوازەکانیـدا. ئینجـا مەترسـیی ئـەم تایپـی شـۆڤینیزمی نەتەوەیـی و فاشـیزمی مەزهەبییـەی هەنووکە لـە عێراقـدا دژی کـورد فۆرمۆڵـە دەکـرێ، لـەوەدا نییـە کـە تەنیـا لـە گوتـاری سیاسـیدا ڕەنگـی داوەتـەوە، بەڵکـوو مەترسـیی هـەرە گـەورە ئەوەیـە، گوتـاری سیاسـی باڵادەسـت و عەقڵیەتـی حوکمڕانیـی بەغـدا، خەریکـە ئـەم شـۆڤینیزم و فشـیزمە دەکاتـە بەشـێک لـە هۆشـیاری دەسـتەجەمعی و جەمـاوەری، وەک ژەهرێـک دەیخاتـە

مێشــکی شــەقام. ڕەنگــە ڕووداوەکانــی خورماتــوو نزیکتریــن نموونــەی ئــەو مەترســییە بــن، کــە خەریکــە بــۆ جۆرێــک لــە کولتــووری سیاســی و کۆمەڵایەتــی دەگــۆڕێ. تــا ئــەو ئاســتەی، کــە ڕووداوەکانــی کەرکــووک و خورماتــوو، گوتــاری شــۆڤینیزمی عروبــە و فاشــیزمی مەزهەبــی لــە ئاســت کــورددا، گەیانــدە لووتکــە.

دیــارە ئــەوەی دەیڵێیــن تۆمــەت و بوختــان نییــە، بەڵکــو ئەمــە لــە نووســین و بۆچوونــی زۆر نووســەر و چاودێــری سیاســی عەرەبیــش ڕەنگــی داوەتــەوە. ئــەو نووســەر و چاودێــرە عەرەبانــە، بــە ڕوونــی و ڕاشــکاوی ئاماژەیــان بــە مەترســییەکانی ئــەم گوتــارە کوشــندە جیاوازیــی کــوژە کــردووە و هۆشــداری ئــەوەش دەدەن، کــە ئــەم تەوژمــی دژمنایەتیکردنــەی کــورد، بــەر لــەوەی بــە زیانــی کــورد تــەواو بێــت، دواجــار ســەری عــەرەب خــۆی دەخــوات.

دەربــارەی ئــەم هەســتی ئەنتــی کــوردەی عروبــە (حــازم ســاغیە) لــە وتارێکیــدا لــە ڕۆژنامــەی (ئەلحەیــات)دا، دەڵــێ: " لەگــەڵ کەوتنــی کەرکــووک، نیشــانەی شــانازیکردن بەســەر ڕووخســاری هەنــدێ نێوەنــدی عەرەبــی لــە نــاوەوە و دەرەوەی عێراقــدا دەرکــەوت: عــەرەب بەســەر کــورددا ســەرکەوت. لــە ڕاســتیدا ئــەو وەهمەیــش کــە گریمانــەی عروبە (کە لــە دۆخــی هەنووکــەدا بریتییــە لــە دژایەتیکردنــی کــورد)، ســووننە و شــیعە یــەک دەخــات، بازدانــە بەســەر هەمــوو شــتێکدا. چونکــە هەمــان شــتیش دەربــارەی ئــەو وەهمانــە دەگوتــرێ کــە (گەڕاندنــەوەی ئەلبوکەمــال)، (گەڕانەوەیــە بــۆ ڕێــگای نەتەوەیــی) نێــوان ســووریا و عێــراق".

(ســاغیە) بــە بوێــری و ڕاشــکاوییەوە قســە لەســەر گاڵتەجاڕیــی ئــەو دونیابینییــە عروبەویــە دەکات، کــە ســەرکەوتن بەســەر دەرووەی خۆیــدا، وەک دەســکەوت بــە گەلانــی خــۆی دەفرۆشــێتەوە، لەکاتێکــدا عــەرەب و

عروبـە شکسـتەکانی نـاو مێـژووی خـۆی بیرچووەتـەوە، نـەک هـەر ئـەوە، بەڵکـو وێرانییەکانـی ئێسـتای خـۆی پەردەپـۆش دەکات و نووسـیویەتی: " پێویسـتە سـەرکەوتنی عروبـە بـە شکسـتەکانی عروبـە پێوانـە بکـرێ، هەروەهـا باشـترە لـە پێوانەیەکـی دیکـەی عروبەویـدا، سـەیری دۆخـی ئەمـڕۆی جیهانـی عەرەبـی بکەیـن. بـە جۆرێـک کـەس ئـەوی دیکـەی قەبـووڵ نییـە، هیـچ یەکێـک جگـە لـە مـردن و لەناوچـوون، هیـوای زیاتـر بـۆ ئـەوەی دیکـە ناخـوازێ. عێراقـی ئەمـڕۆش ئەگـەر گرنگتریـن فیردەوسـەکەی نەبێـت، ئـەوا فیردەوسێکی ئـەو هەسـتە (نەتەوەیـی) و (برایەتی)یـەی عەرەبییـە".

لـە لایەکـی دیکـەوە، (موحەممـەد تۆفیـق عەلـلاوی) نووسـەری عێراقـی، لـە نووسـینێکدا کـە لـە ماڵپـەڕی (کتابـات) بـڵاو کراوەتـەوە، دەربـارەی مەترسـیی هەڵکشـانی ئـەم گوتـار و هەڵوێسـتە عروبەوییـە دەڵـێ: " گەورەتریـن هەڵـە کـە لـە پـاش ڕووداوەکانـی ئـەم دواییـەی عێراقـدا، عـەرەب دەیـکات، نیشـاندانی هەسـتی بێزارییـە لـە گەلـی کورد". ئـەو نووسـەرە بـە گەڕانـەوە بـۆ مێـژوو و سـەرلەنوێ بـۆ بیرخسـتنەوەی دەسـەڵاتدارانی ئەمـڕۆی عێـراق و ئـەو نـەوە نوێیـەی عەرەبـی عێـراق، کـە ئاشـنای ئـەو ڕابـردووە نیـن، بـە پەرۆشـەوە دەنووسـێ: " چـۆن دەبـێ ئـاوا و بـە هەسـتی ڕەگەزپەرسـتییەوە مامەڵـە لەگـەڵ کـورددا بکەیـن، ئـەو گەلـەی لـە کاتـی تێکۆشـانمان لـە دژی سـتەمکاریی بەعـس و تاوانەکانـی سـەددامدا، ئێمەیـان لـە بـاوەش گـرت و لەنـاو مـاڵ و چیاکانیانـدا داڵدەیان دایـن". هەروەهـا بـاس لـەوە دەکات، کـورد لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئـەو مافـە سروشـتی و یاسـایی و ڕەوایـەی خـۆی، لەسـەر دەسـتی ڕژێمێکـی عەرەبـی، کـە بـۆ خـۆی شـانازی بـەم دروشـم و مافانـەوە دەکـرد، کـورد دووچـاری جینۆسـاید بـووەوە، بەداخـەوە هەنووکـەش تەنیـا لەسـەر

دەنگدان لەسەر چارەنووسی خۆیان، وەک ماف، بە جۆرێکی دیکە سزا دەدرێن و دەڵێ: " ئەنفال و هەڵەبجە گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن، لە کاتێکدا ڕژێمێکی نەتەوەیی عەرەبی، کە دروشمی عروبەی بەرز کردبووەوە، بەرپەرچی داخوازیی ڕەوای نەتەوەیی کوردی دایەوە و مافی بەرزکردنەوەی ئەو دروشمەی لێ زەوت کردن. بۆیە من تەواو لەگەڵ ئەوانە ناکۆکم کە لە پای بەشداریکردنیان لە ڕیفراندۆم وەک مافێکی یاسایی و ڕەوا، سزای گەلی کورد دەدەن".

هاوکات (عەلـلاوی) مێژوویەکی دوورتر دێنێتەوە مەیدانی ئەمڕۆ و لە ڕێگایەوە سەرزەنشتی هەڵوێستی دووفاقیی دونیای عەرەبی دەکات لە پەیوەست بە هەستی نەتەوەیی و ماف و داخوازیي, بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و بیریان دەخاتەوە کە: " لە پرس و بابەتی هەستی نەتەوەیی  و سەربەخۆیی، پێویستە عەرەبێکی عێراقی، خۆی بباتە شوێنی کوردی عێراق و لە بیر نەکات، کە مەیلی سەربەخۆییخوازی کورد دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەرکەوت، لەکاتێکدا ئەو مەیلە زۆر بە ڕژد و قووڵتریش لە لای عەرەب بۆ پێش ئەو جەنگە دەگەڕێتەوە. بۆیە گلەیی لە کورد مەکەن کە لەو دۆخی داواکارییانەدا دەژیێت، لەکاتێکدا نەوەکانی عەرەب پێشتر بەو  دۆخەدا تێپەڕیون".

بە لای خۆیشیەوە نووسەر و میدیاکاری عەرەبی عێراقی (عەباس عەبدوڵـلا) هەر لە ماڵپەڕی (کتابات) لە نووسینێکیدا داخ بۆ بەردەوامیی هەڵوێست و عەقڵییەتی دەمارگیریی نەتەوەیی لە دونیای عەرەبی و بەتایبەتی لە عێراق دەخوات و بە گرێ و نەخۆشییێکی درمی دەزانێ و دەنووسێ: " بەداخەوە، شاگرێی مامەڵەکان لەگەل کوردی خاوەن ماف لەم وڵاتەدا ئەوەیە، لەکاتێکدا هەموو دونیا بە ئاراستەی بەرەوپێشچوونی پۆزەتیڤ هەنگاو دەنێ، کەچی

دەسـەڵاتدانی ئێمـە بـەرەو دواوە دەکشـێنەوە. لـەو دەمەیـدا چاوەڕوانـی ئەوەمـان لـە دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای عێـراق دەکـرد، نـەک هەنگاونـان، بەڵکـو هیـچ وشـەیەک دەرنەبـڕن کـە هەسـتی نەتەوەیـی کـورد برینـدار بـکات، کەچـی ڕاسـتەوخۆ لـە دوای ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم، لـە بـری هەرێمـی کوردسـتان کـە چەمکێکـی یاسـاییە و دەسـتوور ددانـی پێـدا نـاوە، نـاوی _ باکـووری خۆشەویسـتی وڵات - گەڕاندنـەوەی لـق بـۆ ڕەگ و ڕەچەڵـەک و ئـەو شـتانە دەڵێنـەوە".

نووسـەر شـۆک و سەرسـوڕمانی خـۆی لـە ئاسـت ئـەم هەڵوێسـتە دەمارگیرییـەی دەسـەڵاتدارانی عێـراق و بـە کـەم سـەیرکردنی کـورد و نیشـتمانەکەیان و قوربانیدانەکانـی سـەری سـوڕدەمێنێ و وەک ئـەوەی شـۆک گرتبێتـی، دەنووسـێ: " بەڕێـزان چـۆن شـەرم ناتانگـرێ، گاڵتـە بـە دیـرۆک و ئازایەتیـی و بەشـداریی مێژوویـی نەتـەوەی کـورد بکـەن، کـە زیاتـر لـە دوو هـەزار شـەهیدی لـە شـەڕی تیرۆریسـتانی داعـش بەخشـی و باوەشـی بـۆ زیاتـر لـە یـەک ملیـۆن ئـاوارەی عـەرەب کـردەوە و لـەو شـەڕە تائیفییـە نەگریـس و قێزەونـە پاراسـتنی، کـە ئێـوە ئاگرەکەیتـان هەڵگیرسـاندووە؟ چـۆن ئـەم چاکـەی کـوردان کـە نەهاتنـە نـاو شـەڕە تایەفەگەرییەکانتـان و جوامێرانـە عەرەبـە ئاوارەکانیـان لـە ئاگـری ئـەو شـەڕەی ئێـوە پاراسـت، بـەوە وەڵام دەدەنـەوە، کـە نیشـتمانی ڕەسـەنی ئـەوان بـە باکـووری خۆشەویسـتیی نیشـتمانەکەتان نـاو ببـەن؟".

دواجـار و لـە وتارەکەیـدا، (عەبدوڵـڵا) هۆشـداری دەداتـە عـەرەب و دەسـەڵاتدارانی عێـراق، کـە واز لـە دەمارگیـری بێنـن و دەڵـێ: " بـە ڕەچاوکردنـی ئـەو لۆژیکـەی، هـە مـوو شـتێک بـەرەو پێشـەوە دەچێـت. پێـمان خـۆش بێـت یـان نـا.. نزیـک یـان دوور، ڕۆژگار چەندیـش تێپـەڕێ. ڕۆژێـک لـە ڕۆژان نەتـەوەی کـورد هـەر دەبێتـە خاوەنـی دەوڵەتـی خـۆی،

یەکەم دراوسێی ئەو دەوڵەتەش، عەرەب دەبن. ئیتر بۆچی بە هۆی پشت بەستنتان بە دەمارگیریی کوێری نەتەوەیی، هەر بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە؟".

پەیوەست بەم گیروگاز و پارادۆکسەی ناو گوتاری عروبە، کە مافی نیشتمانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو بۆ خۆی بە ڕەوا و هەمان ئەو ماف و ئازادییە بۆ ئەوانی دیکەی بە ناڕەوا دەزانێ. خەیاڵم چووەوە سەر سەربووردەیەک کە پێشتر لە بارەیەوە خوێندوومەتەوە و خراپ نییە لێرە دووبارە تێهەڵکێشی بابەتەکەی بکەم، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ زیاتر ڕۆشن کردنەوەی بەرچاوی خوێنەر لەمەڕ گوتاری عروبە، گوتارێک کە نەک بڕاوی بە ماف و ئازادییەکانی ئەوی دیکەی جیاوازی ناو دونیای خۆی نییە، بەڵکوو هەمیشە و بە میکانیزمی جیاواز، لە هەوڵی ئەوە دابووە، ئەو جیاوازییانە بە جوگرافیا و مێژوو و شووناس و کولتوورەکەیانەوە، لە بۆتەی شووناسی نەتەوەیی و جوگرافیا و کولتووری عەرەبیدا بتوێنێتەوە.

لە شوێنێکدا خوێندوومەتەوە، کەوا لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، سەنتەری لێکۆڵینەوە نەتەوەییەکان لە بەیروت، کۆبوونەوەیەکی دەربارەی (چارەنووسی یەکێتیی عەرەبی) ئەنجامداوە. یەکێک لە بەشداربووەکان سەرنجی ئەوە دەدات، بەشداربووان لە گفتوگۆکانیاندا باس لە گرنگی گەشەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی و یەکێتیی عەرەب و ئایندەی نەوەکان و وڵاتەکانیان و هەر شتیک کە پەیوەندی بە عەرەب و لە بەرژەوەندیی عەرەب دایە، دەکەن، وەلێ خۆیان لەوە دەبوێرن باسی چارەنووسی هەموو ئەو پێکهاتە ئیتنی و ئایینی و مەزهەبیانە بکەن کە کۆڵۆنیالیزم، بوون و خاک و ناسنامەکەیانی، لەگەڵ عەرەب و نیشتمانی عەرەبیدا کردنە یەک. ئەمە

و بەبێ ئـەوەی ئاماژە بـە چارەنووسـی ئـەو نەتەوانـەش بکـەن، کـە لەنـاو دەوڵەتـی عەرەبیـی یەکڕەنگـدا، ڕووبـەڕووی زەبروزەنـگ و سـەرکوتکردن دەبنـەوە. ئیـتر ئـەم کەسـایەتییە بـە پرسـیارێک گۆمەکـە دەشـڵەقێنێ و بەشـداربووان تووشـی حەپەسـان دەکات، کاتـێ دەپرسـێ: باشـە ئێـوە باسـی هەمـوو شـتێکتان لـە بـارەی عروبـە و عـەرەب و یەکێتیـی عەرەبـی گـوت، ئـەی ئەگـەر ئێسـتا (بارزانـی) هـات؟

کابـرا کە دەزانێ بەشـداربووان سـەریان لەو پرسـیارە و لەو شـوێنکاتەدا سـوڕماوە، مەبەسـتی پرسـیارەکەی بـۆ ئامادەبـووان ڕوون دەکاتـەوە و پێیـان دەڵـێ: " لەبیرتـان چـوو، ئـەو نیشـتمانە یەکپارچـە و یەکگرتـووەی ئێـوە خەونـی پێـوە دەبینـن، بـە ئامانجـی ڕووخاندنـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی، هاوپەیمانەکانتـان پارچـە پارچەیـان کـرد و کردیانـە چەندیـن دەوڵـەت و دەوڵەتۆچکـە. بەڵکـوو بـەوەش نەوەسـتان و بـە زۆری و بەبـێ ویسـت و ئیـرادەی خۆیـان، کۆلۆنیالیزمـی هاوپەیمانتـان، هەنـدێ نەتـەوە و پێکهاتـەی ناعەرەبـی، کـە وەک ئێـوە خـەون بـە نیشـتمانێکی سـەربەخۆ و هێنانـەدی مافـە نەتەوەییەکانیـان دەبینـن، ناچـار بـە چوونـە ژێربـاری حوکمڕانـی ئـەو دەوڵەتـە عەرەبییانـە و ژینگـەی عەرەبـی کـرد؟ ئەوەتـا لـە پێنـاو هێنانـەدی ئـەم ئامانجەیـان، (مسـتەفا بارزانـی) لـە عێـراق و (عەقیـد کرەنـک) لـە وڵاتـە عەرەبییەکانـی باکـووری ئەفریقیـا، سـەرکردایەتیی شـۆڕش و بزووتنـەوەی چەکداریـی (کـورد و ئەماریـغ) دەکـەن. پرسـیارەکە ئەوەیـە: ئێـوە چـۆن خـەون بـە یەکێتیـی عەرەبـی و یـەک نیشـتمانەوە دەبینـن، لەکاتێکـدا ئەوانـە پشـتگوێ و پەراوێـز دەکـەن، کـە لەگـەڵ ئێـوەدا دەژیـن، کەچـی وەک ئێـوە خاوەنـی ئـەو خـەون و هەمـان ئـەو مافـە ڕەوایانـەن؟

ئـەم سـەربووردەیەم بـۆ ئـەوە هێنایـەوە تـا لێیـەوە سـەرنج لـە

بۆچوونێکـی (عەبـاس عەبدوڵـڵا)ی میدیـاکار و نووسـەر بدەیـن، کـە لـەم ڕووەوە ئامـاژە بـەوە دەکات، ئـەوان لـە ناوەڕاستی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا، کاتـێ لـە کـۆڕ و کۆبوونـەوە و بۆنەکانـدا، دەربـارەی ڕوانگـە میدیایـی و ڕۆشـنبیرییەکانی عەرەبـی لـە ئاسـت پرسـی کـورد گفتوگۆیـان دەکـرد. بەوانــەی کــە دژایەتیــی مافەکانــی کوردیــان دەکــرد، یــان کاریـان بـۆ پەراوێزخسـتنی دەکـرد گوتـووە، کـەوا ڕۆژێـک دێـت لەسـەر پشتگوێخسـتنی هەسـتی نەتەوەیـی و مافـە نەتەوەییـە ڕەواکانـی کـورد پەشـیمان دەبنـەوە و دەنووسـێ: " ئـەوکات پێـمان دەگوتـن، هەتـا ئێـوە لەسـەر ئـەم پشتگوێخسـتنەی داخوازیـی ڕەوای کـورد بـەردەوام بـن، ئـەوا هەوڵەکانـی هەڵوەشـاندنەوەی عێراقـی یەکگرتـوو زیاتـر و پەنجەرەکانـی هەڵاتنـی کـورد لـەم وڵاتـەدا ئاوەڵاتـر دەکـەن". ئـەم میدیـاکارە دەڵـێ لــەو کــۆڕ و نێوەنــدە سیاســی و میدیایــی و ڕۆشــنبیرییانەدا جەختــمان لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە، کـە هۆکارێکـی سـەرکەوتنی خەبـات لـە پێنـاو یەکێتیـی عەرەبـی، ددانانـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد و دەڵـێ: " دەیـان سـاڵە داواتـان لێدەکەیـن لـە ڕێـگای هاوکاریکردنـی کـورد بـۆ ئـەوەی بـە هەنـگاو و قۆناغبەندیـش بـێ، بـە ڕێگایەکـی یاسـایی و ڕەوا بگەنـە مافەکانیـان، پشـتیووانی و دۆسـتایەتیی ئـەم گەلـە بـۆ عـەرەب مسـۆگەر بکـەن، بیرتـان دەخەینـەوە و پێتـان دەڵێیـن: یەکێـک لـە پێداویسـتییەکانی سـەرکەوتنی خەبـات و تێکۆشـانی عـەرەب لـە پێنـاو یەکێتیـی خاکەکـەی و ئازادکردنـی فەلەسـتین ئەوەیـە، کـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی عەرەبـی ددان بـە مافـی چارەنووسـی نەتەوەیـی کـورددا بنـێ".

(عەللاوی)یـش لـە نووسـینەکەیدا نایشـارێتەوە کـە لـە سـای ئـەو هەلومەرجـە دژوارەی عێـراق و ناوچەکـەی پێـدا ڕەت دەبـێ، لـەو قۆناغـە مێژووییـە مەترسـیدارەی کـە خەریکـە ناوچەکـە دەرگیـری شـەڕێکی

خوێناویی دوورمەودا دەکات، ئەو لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و بانگەشەی جیابوونەوەی کورددا نەبووە، بەڵام ناکۆکییەی بەوە یەکسان ناکات، کە ئەو دژی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت و دەنووسێ: " من وەک خۆم، ناتوانم دژی خواستی گەلی کورد بم بۆ سەربەخۆیی و بونیادنانی دەوڵەتی خۆیان. بۆیە کە ئەو ڕابردووە خوێناوییەی ئەوان و ئێستای سەرکوتکردنی داخوازیەکانیان دەبینم، ناتوانم گلەیی لە سووربوون و پێداگیریی کورد بکەم لەسەر خواست و خەونە نەتەوەییەکانیان کە ساڵانێکی زۆرە لە پێناویدا تیکۆشاون و قوربانیان داوە".

## ” شکستی ڕیفراندۆم و سەرکەوتن بەسەر داعش“

# عەبادی و گوتاری شۆڤینیزم

**عەبادی، دۆڕاوی شەڕی تیرۆر!**

کاتــێ (عەبــادی) دێــت و بێشــەرمانە و بــە ڕووێکــی قایــم، بــە هەناسـەیەکی دوژمنکارانـە و گیانێکـی پـڕ لـە کینـەوە ”شکسـتی ڕیفراندۆم و سـەرکەوتن بەسـەر داعـش“، دەخاتـە یـەک تـای تـەرازوو، پێویسـتمان بـە هەڵوەسـتەکردنێکی ورد و قـووڵ هەیـە. چونکـە ئـەم زمانـە بـارگاوی بـە ڕقـە، ئـەم گوتـارە ئـاوس بـە دوژمنکارییـە، هـەر قسـەی بـاق و بریقـی میدیایـی نیـن، بەڵکـوو هەڵگـری چەندیـن مانـای مەترسـیدارترن.

کاتـێ (عەبـادی) کـردەوە دوژمنکارییەکـەی عێراقی عروبـەی مەزهەبی، لـە دژی ڕیفراندۆمـی کوردسـتان (وەک مافێکـی یاسـایی و دەسـتووری) هاوتـا و یەکسـان دەکاتــەوە بــە ســەرکەوتن بەســەر تیرۆریســتانی دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش). ئـەوا بـە ڕاشـکاوی پێـمان دەڵـێ، ئەجێنـدای دیکـەی دوژمنکارانـەی ترسـناکتری لـە ئاسـت گەلـی کوردسـتان لـە هەگبـە

دایـە. ئەجێنداگەلێـک کـە ئاکامەکەیـان بۆسـەر کوردسـتان و گەلەکـەی، لـە تراژیدیاکانـی داگیرکردنـەوەی (کەرکـووک) و جینۆسـایدکردنی (خورماتـوو)، مەترسـیدارتر نەبـن، موژدەبەخشـتر نیـن.

جێـی سـەرنجە کـە عەبـادی لـە هـەردوو ناونانەکـەی سـەروەدا بـە هەڵـەدا چـووە. چ ئـەوەی نـاوی نـاوە (شکسـتی ڕیفرانـدۆم)، یـان ئـەوەی بـە (سـەرکەوتن بەسـەر داعـش) بـە خەڵکـی دەفرۆشـێتەوە. چونکـە ئـەوەی ئـەو بـە شکسـتی نـاو دەبـات،ماڵـی خیانەتکارانـی کـورد ئـاوا نەبێـت، دەنـا عەبـادی ئەمـڕۆ نەدەبـووە ئـەو کەڵەگایـەی لـە ئاسـت مافـە دەسـتووری و ڕەواکانـی کوردسـتاندا، بکەوێتـە سـەر پاشـوو. بـۆ دووەمیشـیان، پەرێـزی تۆقیـن و ڕاکردنـی سـوپای عێراق لەبـەردەم باهۆزی داعـش ڕوون و ئاشـکرایە. ئـەو سـوپایەی بـە هەرچـی چـەک و جبەخانـەی پێشـکەوتووی ئەمریکـی هەیـە، نـەک هـەر نەیتوانـی کاتژمێرێـک بەرگـەی تیرۆریسـتانی داعـش بگـرێ، بەڵکـوو وەک ئـەوەی ڕێککەوتنـی پێشـوەختەیان هەبووبێـت، هەرچـی چـەک و جبەخانـەی قـورس، تانـک و زرێپـۆش، ئۆتۆمبێـل و لۆجسـتی سـەربازی هەیـە، لـە موسـڵ ڕادەسـتی داعشـیان کـرد. ئـەو موسـڵەی دوای ڕووبەڕووبوونـەوە و قوربانیـدان و تێکشـکاندنی داعـش، پێشـمەرگە بـە ئەمانەتـەوە کلیلـی ڕزگارکردنەکـەی ڕادەسـتی عەبـادی کـردەوە. ئـەو داعشـەی کـە ئەگـەر هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان نەبووایـە، هەنووکـە هاوشـێوەی موسـڵ، بەغدایشـی کردبـووە ویلایەتێکـی دیکـەی خەلافەتەکـەی!

(حـازم سـاغیە) لـە وتارێکیـدا، لـە بـارەی گاڵتەجاڕیـی ئـەو دونیابینییـە عروبەویـە، کـە وەهمـی سـەرکەوتن، وەک دەسـکەوت بـە گەلانـی خـۆی دەفرۆشـێتەوە، دەڵـێ: " پێویسـتە سـەرکەوتنی عروبـە، بـە جەنگەکانـی عروبـە پێوانـە بکـرێ، بەتایبەتـی دوای تێپەڕبوونـی چەنـد مانگێـک بەسـەر

پەنجایەمیـن بیرەوەریـی شکسـتی حوزەیرانـی ١٩٦٧. هەروەهـا باشـترە لـە پێوانەیەکـی دیکـەی عروبەویـدا سـەیری دۆخـی ئەمـڕۆی جیهانـی عەرەبـی بکەیـن، بـە جۆرێـک، کـەس ئـەوی دیکـەی قەبـووڵ نییـە، هیـچ یەکێـک جگـە لـە مـردن و لەناوچـوون، هیـوای زیاتـر بـۆ ئـەوەی دیکـە ناخـوازێ. عێراقـی ئەمـڕۆش ئەگـەر گرنگتریـن فیردەوسـەکەی نەبێـت، ئـەوا فیردەوسێکی ئـەو هەستە (نەتەوەیـی) و (برایەتی)یـەی عروبەیـە!“.

ئـەوە بۆیـە (عەبادی)ێـک بـە بەرچـاوی دونیـا خـۆی بـەدرۆ بخاتـەوە و هـەر پێنـج و دوو ڕۆژێـک لـە دوای ڕاگەیاندنـی سـەرکەوتنی یەکجاریـی سـوپا فشـۆڵەکەی بەسـەر داعـش، کەچـی لـە ڕاگەیەندراوێکـی دیکـە و بەپەلـەدا، (٧٢) کاتژمێـری تـر، مۆڵـەت بداتـە فەرمانـدە سـەربازییەکانی، کـە سـنوورەکانی ڕۆژئـاوای عێـراق لـە داعـش ڕزگار بکـەن. بـە دڵنیاییـەوە بـە لایـەوە ئاساییە، (شکسـت) بـە (سـەرکەوتن) بـە خەڵـک بفرۆشـێتەوە!

بەڕاسـت ئـەوە سـەرکەوتنە، یاخـود ئـەم مۆڵەتـی (٧٢) سـەعاتەی ئەمجارەشـیان، بـۆ ئـەوە بـوو لـە ڕێـگای چەتەکانـی حەشـدی شـەعبییەوە، قۆناغێکـی دیکـەی گۆڕینـی دیمۆگرافیـی ناوچەکـە جێبەجـێ بکـەن و مـاڵ و سـەروەت و سـامانی خەڵکـی ئـەو دەڤەرانـەش، هاوشـێوەی تـاڵان و بـڕۆ و فەرهوککردنـی خورماتـوو و کەرکـووک و شـنگال و زومـمار، وەک غەنیمـەی شـەڕ، بـە تـاڵان ببـەن؟

**لە پێشێلکردنی دەستوورەوە بۆ هەوڵی سڕینەوە!**

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ: " ئەوەی لە مشک بێت، جەواڵ دڕێنە". کەواتە لە هەڵوێستە دژە کوردەکانی (جەعفەری)یەوە بگرە، بۆ هەنگاوە دژە دەستوورییەکانی (مالیکی)، تا دەگاتە دوژمنکارییەکانی (عەبادی)، نابێ هیچیان تووشی شۆکمان بکەن. بەو پێیەی (مار)ی عروبە، لەسەر هێلکەی خۆی کڕ دەکەوێ و دەیترووکێنێ، نەک هی کۆتر!

میدیاکاری عێراقی (عەباس عەبدوڵڵا)، لە نووسینێکیدا دەربارەی دەمارگیریی نەتەوەیی لە دژی کورد، دەنووسێ: " بەداخەوە، شاگرێی مامەڵەکان لەگەڵ کوردی خاوەن ماف لەم وڵاتەدا ئەوەیە، لەکاتێکدا هەموو دونیا بە ئاراستەی بەرەوپێشچوونی پۆزەتیڤ هەنگاو دەنێ، کەچی دەسەڵاتدانی ئێمە بەرەو دواوە دەکشێنەوە. لەکاتێکدا چاوەڕوانی ئەوەمان لە دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق دەکرد، نەک هەنگاونان، بەڵکو هیچ وشەیەک دەرنەبڕن کە هەستی نەتەوەیی کورد بریندار بکات، کەچی ڕاستەوخۆ لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، لە بری هەرێمی کوردستان، کە دەستوور ددانی پێدا ناوە، ناوی _ باکووری خۆشەویستی وڵات - گەڕاندنەوەی لق بۆ ڕەگ و ڕەچەڵەک و ئەو شتانە دەڵێنەوە".

لەم گۆشەنیگایەوە، باسکردن لە پێشێلکردنی بڕگە و ماددەکانی دەستووری عێراق، بابەتێکی سواوە. چونکە کۆمارەکەی (قاسم)یش لە دەستووردا جێی مافی کوردی کردبووەوە، وەلێ بینیمان چی بەسەر کورد هێنا. بەعسیش لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار، ددانی بە بوون و مافی کورددا نا، دواتر بینیمان چ دۆزەخێکی بۆ کورد نایەوە. بۆیە شتێکی ئاساییە (عەبادی)، تەنانەت ئەوانەی دوای ئەویش، ئەم دەستووری دیاریی (بریمەر!)ە پێشێل بکەن. کەواتە

بـه هـەردوو بـاردا (سـەددام و عەبـادی) هیـچ نەبـوون و نیـن، جگـە لـە دوو کاراکتـەری کاراتـر (لەوانـەی پێـش خۆیـان!) لـە نـاو گوتـار و پـڕۆژەی عروبـە و مێـژووی شـۆڤینیزمی عەرەبـی. ئەمـەش بـەو مانایەیـە دێ، وەک چـۆن جیاوازیـی (سـەددام) لـە حوکمڕانەکانـی پێـش خـۆی ئـەوە بـوو، کـە لـە پەیوەسـت بـە پیادەکردنـی عروبـە و شـۆڤینیزم، قووڵـتر کاری کـرد. دەرکـەوت (عەبادی)یـش تۆخـتر لەوانـی پێش خـۆی، پێگیری پرەنسیپە دژە مرۆییەکانـی عروبـە بـووە. بنەڕەتـی پرسـەکەش ئەوەیـە، کـە حوکمڕانێتـی بەعـس و دەسـەڵاتدارێتیی عێراقـی دوای بەعـس (کـە لەژێـر وەسـایەی ویلایەتـی فەقیـە!) کار دەکات، میکانیزمـن، عروبە، سـتراتیژەکەیە. سـەددام و عەبـادی، ئامـرازن، عروبـە ئامانجـە ڕاسـتەقینەکەیە.

(موحەممـەد تۆفیـق عەلـلاوی) نووسـەری عێراقیـش، لـە نووسـینێکدا، هەڵکشـانی بـاس لـەم گوتـارە عروبەوییـە دەکات و دەڵـێ: " گەورەتریـن هەڵـە کـە لـە پـاش ڕووداوەکانـی ئـەم دواییـەی عێراقـدا، عـەرەب دەیـکات، نیشـاندانی هەسـتی بێزارییـە لـە گەلـی کـورد". ئـەو نووسـەرە بـە گەڕانـەوە بـۆ مێـژوو و سـەرلەنوێ بـۆ بیرخسـتنەوەی دەسـەڵاتدارانی ئەمـڕۆی عێـراق، بـە پەرۆشـەوە دەنووسـێ: " چـۆن دەبـێ ئـاوا و بـە هەسـتی ڕەگەزپەرسـتییەوە مامەڵـە لەگـەڵ کـورددا بکەیـن، ئـەو گەلـەی لـە کاتـی تێکۆشـانمان لە دژی سـتەمکاریی بەعـس و تاوانەکانی سـەددامدا، ئێمەیـان لـە بـاوەش گـرت و لەنـاو مـاڵ و چیاکانیانـدا داڵدەیـان دایـن".

هاوکات(عەبـاس عەبدوڵـڵا) لـە وتارەکەیـدا، لـە ئاسـت گوتـاری بـە کـەم سـەیرکردنی کـورد و نیشـتمانەکەیان و قوربانیدانەکانـی، وەک ئـەوەی شـۆک گرتبێتـی، دەنووسـێ: " بەڕێـزان چـۆن شـەرم ناتانگـرێ، گاڵتـە بـە دیـرۆک و ئازایەتیـی و بەشـداریی مێژوویـی نەتـەوەی کـورد بکـەن، کـە زیاتـر لـە دوو هـەزار شـەهیدی لـە شـەڕی تیرۆریسـتانی داعـش بەخشـی

و باوەشــی بــۆ زیاتــر لــە یــەک ملیــۆن ئــاوارەی عــەرەب کــردەوە و لــەو شــەڕە تائیفییــە نەگریــس و قێزەونــە پاراســتنی، کــە ئێــوە ئاگرەکەیتــان هەڵگیرســاندووە؟ چــۆن ئــەم چاکــەی کــوردان کــە نەهاتنــە نــاو شــەڕە تایەفەگەرییەکانتــان و جوامێرانــە عەرەبــە ئاوارەکانیــان لــە ئاگــری ئــەو شــەڕەی ئێــوە پاراســت، بــەوە وەڵام دەدەنــەوە، کــە نیشــتمانی ڕەســەنی ئــەوان بــە باکــووری خۆشەویســتیی نیشــتمانەکەتان نــاو ببــەن؟“.

بەهەرحــاڵ، ئــەوەی لــە گوتارەکــەی (عەبــادی) دەخوێندرێتــەوە، هــەر تەنیــا ئامــاژە نییــە بــۆ بەردەوامیــی ئــەو و حکوومەتەکــەی لەســەر شــکاندنی بەڵێــن، پاشــگەزبوونەوە لە ڕێککەوتنــی سیاســی، بەتاڵکردنەوەی دەســتوور لــە مانــا و بەهاکانــی، بەڵکــوو زۆر لــەوە ترســناکتر، ئــەم زمانــی قســەکردن و لۆژیکــی گوتــارە، ئاماژەیەکــی ڕوونــە بــۆ قۆناغێکــی دیکــە لــە زەمینەســازی ئــەو ســەرکردە سیاســییەی عێــراق و سپۆنســەرەکانی، بــۆ ســڕینەوەی کــورد لــە نەخشــەی سیاســیی عێــراق. ســڕینەوە بــە مانــای ڕەتکردنــەوەی هەمــوو ئــەو دەســتکەوتانەی کــە بــە تێکۆشــانی سەدســاڵە و ڕووبــاری خوێــن، کــورد وەدەســتی هێنــاون. ڕەتکردنــەوەی ئــەو مافــە ڕەوا و دەستوورییانەیشــی، کــە دەبــێ حکوومەتــی عێــراق پێیانــەوە پابەنــد بێــت و بێتەژێــر باریــان. ڕوونــتر بڵێیــن، (عەبــادی) کــە لــە دوای داگیرکردنــەوەی کەرکــووک و جینۆســایدکردنی خورماتــوو، دەیــان بڕیــاری دوژمنکارانــەی دژی کوردســتان داوە. ئامانجەکــەی شــکاندنی ئیــرادەی کــوردە، تــا دواجــار لــە ڕێــگای ئــەو ئیــرادە شــکاندنەدا، سیاســەتی دیفاکتــۆ بەســەر ســەرکردایەتیی سیاســی و گەلــی کوردســتاندا بســەپێنێ و ناچــار بــە ملکەچــی و ســازش و خۆبەدەســتەوەدانمان بــکات، بــەڵام ئاخــۆ ئیرادەیــەک کــە بــە درێژایــی ســەد ســاڵی ســتەمکاریی حوکمڕانەکانــی عێــراق، بــە ئەنفــال و کیمیابــاران نەشــکا، بــە (عەبــادی) دەشــکێ؟

**غروور وەک بەرهەمی خیانەت!**

ئـەوەی (عەبـادی) بـە سـەرکەوتن بەسـەر کـورد نـاوی دەبـات، نـەک هـەر سـەرکەوتن نەبـوو، تـا (عەبـادی) و سـوپا فشـۆڵەکەی پێیـەوە بنـازن، بەڵکـوو ئـەوە بەرهەمـی پیلانگێڕیـی (بەریتانیـا)، دەسـتتێوەردانی هەرێمایەتـی، گەلەکۆمـەی چەتەکانـی حەشـدی شـەعبی و حیزبوڵـڵای لوبنانـی سـەر بـە سـوپای پاسـداران و خیانەتـی کـورد خـۆی بـوو، ئـەم تراژیدیایـەی بەرهـەم هێنـا. ئـەوە بۆیـە تـا ئێسـتاش، نـە (عەبـادی) و کـوردە هاوئاوازەکانـی لـە پەرلەمانـی بەغـدا، نـە سـەرکردەکانی میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی و گرووپـە خیانەتکارەکـەی ١٦ی ئۆکتۆبەر، نـە میدیـا پـرۆ عێـراق - ئێرانییەکـەی کوردسـتان، لـە لێدانـەوەی قەوانـی سـواوی خۆیـان ناکـەون. قەوانـی ئـەوەی کـە تراژیدیـای داگیرکردنـەوەی کەرکـووک و جینۆسـایدکردنی خورماتـوو، لـە ئاکامـی ڕیفراندۆمـەوە بـوو.

وەک چـۆن ئـەوەی وا دەکات، عەبـادی بـە تێکشـکاندنی داعشـەوە بنـازێ، سـەرکەوتن نییـە. لەکاتێکـدا هێشـتا داعـش مۆتەکەیـە بەسـەر گیانـی عێراقـەوە. ئاخـر حکوومەتێـک دوو ملیـۆن پەنابـەر و دەربـەردەری هاونیشـتمانیی خـۆی، لـە ترسـی داعـش و حەشـد و ڕەفتـارە دوژمنکارییـە مەزهەبییەکانـی بەغـدای لـە هەرێمـی کوردسـتان هەبێـت و نەوێـرن بگەڕێنـەوە سـەر زێـد و ماڵـی خۆیـان، چ شـوورەیی و شـەرمێکە، بـاس لـە سـەرکەوتن بـکات؟

بەهەرحـاڵ، ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە، هەڵوێسـتی شـەقامی سیاسـی و کۆمەڵـگای کوردسـتانە لـە ئاسـت ئـەم گوتـارە شـۆڤینی و هەڕەشـە نوێیەی (عەبـادی). بۆیـە دەپرسـین: ئایـا هەڵوێسـتی حزبـە کوردسـتانییەکان و سـەرکردەکانیان، پەرلەمانتـارە کـوردە عێراقچییـەکان لـە بەغدا(بەتایبەتـی ئەوانـەی شـایی بـۆ دۆڕاندنـی - قودسـی کوردسـتان- و شـین و ڕۆڕۆ بـۆ -

قودسی فەلەستین - دەکەن!)، میدیای بەرهەتاو و سێبەری کوردستان، نێوەندی ڕووناکبیری و ئەو شتانە، کەمپینچی و موزاهەرەچی، ڕێکخراوەکانی بەناو کۆمەڵگەی مەدەنی و موشتەقاتەکانیان، چی دەبێت؟ ئاخۆ وتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوویان لە ئاستیدا دەبێ، یان هەریەکەو بەرمەبنای بەرژەوەندییەکانی خۆی، لە ئاوازێک دەخوێنێ؟ ئایا بێدەنگی هەڵدەبژێرن، یان وەک خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و بۆ (غایە فی نفس یعقوب!)، نەک هەر پینەی دەکەن، بەڵکوو پاساویشی دەدەنەوە؟

ئەوانەی بە نیازن بە (دوعا) دووبارەکەی عەبادی بڵێن (ئامین)، بەوەی کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، هۆکاری ئەو داگیرکردنەوەی کوردستان و ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و جینۆسایدکردنی خورماتوو بوو. ئەوا جگە لە درۆکردن لەگەڵ ویژدانی خۆیان، خەڵەتاندنی خەڵک و شێواندنی مێژوو، هاوکات خزمەتێکی گەورەش بە سەرکەوتنی پرۆژە و گوتاری نوێی شۆڤینیەتی عروبە و فاشیزمی مەزهەبی لە عێراق دەکەن.

ئینجا لەوەش وێوەتر، چونکە لە ڕیفراندۆمدا ئیرادەی نەتەوەیی بڕیاری دا، نەک سەرکردە. نەتەوە لە شووناسە نەتەوەییەکەی بە خاوەن دەرکەوت، نەک لە ئینتما حزبییەکەی. بۆیە پرۆسەکە، موڵکی تەواوی گەلەکە خۆیەتی، نەک شانازی حزب و سەرکردەیەک.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەو کوردەی بەو سووکایەتی پێکردن و هەڕەشە نوێیەی (عەبادی) ڕازی بێت، کە دەڵێ "شکستی ڕیفراندۆمی کوردستان و سەرکەوتن بەسەر داعش، یەک شتن!" و بە هەر بیانوویێکەوە بێت، لە ئاست ئەم گوتارە ژەهراوییە بێدەنگ بێت. ئەوا لە شەرمەزاریی ناو مێژوو زیاتر، هیچی دیکەی بۆ نامێنێتەوە. چونکە هیچ بیانوویێک

پاساوی بێدەنگی و بێهەڵوێستی لە بەرامبەر شەپۆلی نوێی شۆڤینیەتی عروبە و فاشیزمی مەزهەبی ناداتەوە، کە دواجار کورد بە هەموو ڕەنگەکان لە گەردەلوولی خۆیدا دەپێچێتەوە و بوون و بەهای مرۆیی و شووناسی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەموومان، بە جیاوازی ڕەنگ و ئایدیۆلۆژیا، دەسڕێتەوە.

# بەشیعەکردن،
# بناغەیەک بۆ کۆمەڵگایەکی یەکڕەنگ!

**سەرنج:**

بەڕەچاوکردنــی ئــەوەی کــە لــە هەشــتا ســاڵی ڕابــردووی ســەدەی بیســتەمدا، شــیعە لــە عێــراق وەک کــورد، ڕووبــەڕووی ســتەم و زۆری و پەراوێزخســتن بوونەتــەوە. هەروەهــا بەلەبەرچاوگرتنــی ئــەو ڕاســتییەی، کــە ڕێژەیەکــی زۆری کــوردی فەیلــی شــیعە مەزهــەب لــە عێراقــدا هــەن (ســەرەڕای ئــەوەی لەســەر کوردبــوون لــە ناســنامە بێبــەش کــران و دەســت بەســەر موڵــک و ماڵــی گوێــزراوە و نەگوێزراوەیانــدا گیــرا و بــەزۆر ئاودیوی ئێــران کــران، کەچــی لــە دوای ڕووخانــی بەعــس، زۆرینەیــان دڵســۆز و ئەمەکــداری مەزهەبەکەیــان بــوون، تــا نەتەوەکەیــان!) و ڕێزگرتــن لە خوێن و قوربانیدانــی هەردوولایــان (عەرەبــی شــیعە و کــوردی فەیلــی). بۆیــە ئەم وتارەمــان هەرگیــز بــە مانــای بێڕێزیکــردن بــە شــیعە، وەک مەزهــەب و شــیعەکان، وەک پەیــڕەوکاری مەزهەبەکــە نایــەت، بــەڵام کاتــێ ئاییــن و

مەزهەب دەبنە دۆگمی ئایدیۆلۆژی و دەخرێنە خزمەتی سیاسەتی پاوانخوازی و ئامرازی سڕینەوەی ئەوانی دیکەی جیاواز لە شووناس و ئینتما، قسەکردن لەسەر پرسەکە دەبێتە بەرپرسیارێتیی ویژدانی و پێویستییێکی مێژوویی.

**بەشیعەکردن، وەک زەوتکردنی شووناس!**

وەک ئەوەی بەدحاڵیبوونێک لە کرۆکی سیاسەتی بە شیعەکردنی عێراق هەیە، هاوکات بەهەڵە تێگەیشتنێکیش بۆ کۆنی و نوێی بابەتەکە هەیە. بەو مانایەی، جگە لەوەی کورتکردنەوەی پرۆسەکە لە هەوڵی شیعەکان بۆ بەشیعەکردنی سوننە، جۆرێکە لە بچووککردنەوەی ناوەڕۆک و ئامانجی پرسەکە، هاوکات بەستنەوەی تەشەنەسەندنیشی بە کاتێکی دیاری کراو، ئاماژەیە بۆ بێئاگایی. بەو پێیەی پرۆسەکە چ وەک ستراتیژ، یان شوێنکات، ڕەهەندی جیاواز، هەروەها ڕەگی مێژوویی قووڵیشی هەن. جیاوازییەکە تەنیا لەوێ دایە کە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخاندنی بەعس، دەرفەتەکە لە بەردەم سیاسەت و ستراتیژیی بەشیعەکردن واڵا و کراوەتر دەبێت.

لەم وتارەدا کەمتر بواری ئەوەمان دەبێ، ڕەهەندە مەترسیدارەکانی بزاوتی شیعەگەری و بەشیعەکردن، هەروەها هەوڵ و ڕەهەندە مێژووییەکانی ئەو بزاوتە (لە سەفەوییەکانەوە تا ئایەتوڵڵاکان!) بخەینەڕوو، چونکە ئەوە بابەتی لیکۆڵینەوەیەکی زانستیی وردە. بۆیە هەوڵ دەدەین بە چەند ئاماژەیەک، ڕووخسارە ترسناک و مەترسیدارەکانی ئەم پرسە لەسەر ئێستا و ئایندەی فرە شووناسی و جیاوازیی کولتووری پێکهاتەکانی عێراق بناسینەوە.

بە چاوپۆشین لە قووڵاییە مێژووییەکەی پرۆسەکە، وەکوتر لە

بـاری ئامانـج و میکانیزمەکانییـەوە، پرۆسـەکە زۆر لـەوە گەورەتـرە کـە وەک هەوڵێکـی موژدەبەریـی ئایینـی - مەزهەبـی سـەیری بکـرێ، بـەوەی سـوونەکان بکرێنـە شـیعە. بـە پێچەوانـەوە، پرۆسـەکە کـە پلانێکـی درێژخایـەن و سـتراتیژیەتێکی دوورمـەودای ئێرانـە، پەیوەنـدی بـە جـێ پـێ قایمکـردن و ڕەگداکوتینـی دەسـەڵاتگەرا و هەژموونگەرایـی شیعەوە هەیـە، لەنـاو کـۆی جومگەکانی ژیانی سیاسـی و کولتـووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵـگای عێراقـی و تواندنـەوەی پێکهـات و شووناسـە جیاوازەکانـی وڵاتەکـە لـە بۆتـەی پانشـیعەگەریدا. هـەر لەبـەر ئەوەیشـە کـە لـە دوای ٢٠٠٣، میکانیزمەکانـی سەرخسـتنی پـلان و سـتراتیژەکە لـە تەنیـا بـرەودان بـە سرووت و گوتـاری مەزهەبگەرایانـەی شـیعە تێپـەڕ دەکات، بـۆ چاندنـی تـۆوی تـرس و بیـم و تۆقانـدن، تـا دەگاتـە کـردەی تاوانـکاری و هەڵمەتـی دژەمرۆیـی لـە دژی شووناسـە ناشـیعەکان (بـە عـەرەب خۆیشـیەوە!).

**بەشیعەکردن، لە سەفەوییەکانەوە بۆ ئایەتوڵڵاکان!**

بـە گوێـرەی سـەرچاوە مێژووییـەکان، یەکـەم هەوڵـی شـیعە بـۆ بەشـیعەکردنی عێـراق، بـۆ کۆتاییەکانـی سـەدەی هـەژدەم (سـەردەمی سـەفەوییەکان) دەگەڕێتـەوە. هـەر لـەو سـەردەمدا و بـە هاوکاریـی هەنـدێ مەرجەعـی ئایینـی فـاس و عەرەبـی شـیعە، دەسـەڵاتداریتیی سـەفەوییەکان کاریـان بـۆ ئـەوە کـرد شـوێنپێی شـیعە لـەو ناوچانـەی ئێسـتا بـە (باشـووری عێـراق) نـاو دەبرێـن بکەنـەوە و لەگـەڵ دەسـتپێکی سـەدەی بیستەمیشـدا پـلان و پڕۆژەکەیـان چڕتـر کـردەوە و کـەم و زۆریش سـەری گـرت.

سـەرچاوەکانی مێـژووی هاوچەرخـی عێـراق ئاماژە بـەوە دەکـەن، کـە لـە بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا و لـە شۆڕشـی ١٩٢٠ لـە دژی ئینگلیـز،

شیعەکان هەوڵیان دا مەرجەعەکانیان جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست. ئەوەبوو دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە ساڵی ١٩٢١، بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی بەو مەرجە بەستەوە، کە حوکمی پادشایەتیی فەیسەڵی یەکەم، حوکمێکی پادشایی دەستووری بێت و پاشکۆی بڕیاری مەرجەعیەتی شیعە بێت، کاتێ ئەم مەرجەیشیان سەری نەگرت، لە ساڵی ١٩٢٧ هەڕەشەی جیابوونەوەیان لە عێراق کرد، بەڵام ئینگلیز شکستی بە پلانەکەیان هێنا.

دوای شکستهێنانی ئەو پلانەیان، کاریان بۆ ئەوە کرد خێزانە شیعەکان بێننە قووڵایی عێراق و بەتایبەتی ناو شاری بەغدا. زوڵم و زۆریی دەرەبەگایەتیی ئەو سەردەمەش لە ناوچەکەیاندا، بیانوویەکی لەبار بوو بۆ ئەوەی لە کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوو (سەردەمی سەرۆک وەزیران، ساڵح جەبری شیعە -١٩٤٨) بێن و لە بەری ڕۆژهەڵاتی بەغدا لە ناوچەی ڕەسافە بگیرسێنەوە. کاتێکیش کودەتای ساڵی ١٩٥٨ ڕوویدا و قاسم هاتە سەر دەسەڵات، بە بڕیارێکی فەرمی، ئەو پەرش و بڵاوی و بە هەڕەمەکی نیشتەجێبوونەی شیعەکانی لەو ناوچەیە کۆتایی پێهێنا و ناوچەیەکی بەناوی (شاری شۆڕش - مدینە الثورة) بۆ بونیادنان، ئەمەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی هێدی هێدی شیعەکانی باشوور بێنە ئەو ناوچەیە و نیشتەجێ بن.

ساڵی ١٩٦٨ ئەحمەد حەسەن بەکری سەرکۆماری عێراق هەوڵی دا ئەو خێزانە شیعانە بگەڕێنێتەوە شوێنەکانی خۆیان و بەڵێنی قەرەبۆکردنەوە و دابینکردنی کار و ژیانیشی پێدان، بەڵام وەک هەندێک سەرچاوە باسی دەکەن، سەددام حوسێن کە ئەوکات جێگری سەرکۆمار بوو، بە بیانووی ئەوەی کە شیعەش بەشێکن لە کۆمەڵگای عێراقی و حیزبی بەعس، حزبێکی نەتەوەییە، نەک تائیفی،

دژی ئـەم هەوڵـەی بەکـر وەسـتایەوە. دوای ڕووخاندنـی ڕژێمی پاشـایەتیی پەهلەوییـەکان لەلایـەن ئایەتوڵـڵاکان و هاتنـە سـەرتەختی خومەینـی (١٩٧٩)، هاوکێشـەکان گـۆڕان و کۆمـاری ئایەتوڵـڵاکان بەرنامەڕێژیـان بـۆ سیاسـەتی پانشـیعەگەری خۆیـان و بەشـیعەکردنی عێـراق کـرد. کاتێکیـش شـەڕی ئێـران - عێـراق هەڵگیرسـا (١٩٨٠ - ١٩٨٨)، لەلایـەک ئێـران کەوتـە ختوکەدانـی هەسـتی شـیعەکانی عێـراق و پشـتیووانیی مـاددی و مەعنـەوی و لۆجیسـتی حزبـە شـیعییەکانی عێـراق و مەشـق و ڕاهێنـان و پڕچەککردنـی هێزەکانیـان، لـە لایەکـەی تـر و بـۆ ڕاکێشـانی سـۆزی شـیعە، سـەددام حوسـێن هەڵسـا بـە گۆڕینـی نـاوی (مدینـة الثـورة) بـۆ (مدینـة صـدام) و هـاوکات چەنـد گەڕەکێکـی نوێشـی هـەر لـە بەغـدا بـۆ کردنەوە (مدینـة الامیـن الاولـی و الثانیـة و حـی الشرطـة)، ئەمـەش هێنـدەی دیکـە دەروازەی لەبـەردەم کۆچـی شـیعەی باشـووری عێـراق بـەرەو بەغـدا کـردەوە. سـەددام و بەعـس لـەو گەمژەییـەی خۆیـان بـەردەوام بـوون و بـۆ ئـەوەی پرۆسـەی تەعریبـی کوردسـتان سـەربخەن و شووناسـی کوردسـتانیبوون لـە کەرکـووک و ناوچەکانـی تـر بسـڕنەوە، هەڵسـان بـە هاندانـی عـەرەب بـۆ نیشـتەجێبوون لـە کەرکـووک و ناوچەکانـی دەوروبـەری، شـیعە ئـەم دەرفەتەیشـی قۆسـتەوە و زۆربـەی ئـەو عەرەبانـەی لـە سـەروەختی پرۆسـەکانی تەعریبـدا هێندرانـە ئـەو ناوچـە کوردسـتانیانە، شـیعەکان بـوون، بەمـەش قووڵاییکـی دیکـە بـۆ شـیعە لـە عێراقـدا دروسـت بـوو. کاتێکیـش سـاڵی ١٩٩١، هاوکاتـی ڕاپەڕینـی گەلـی کوردسـتان، شـیعەکانیش ڕاپەڕینـی شـەعبانییەیان لـە باشـوور ئەنجامـدا، کار لـەکار ترازابـوو و لـەوە دەرچـوو بـوو بەعـس بتوانـێ ڕقـی مێژوویـی شـیعە دابمرکێنێتـەوە.

بەهەرحـاڵ، ڕووخاندنـی بەعـس لـە سـاڵی ٢٠٠٣ و فریوخواردنـی

ئەمریکا بەوەی کە شیعە ستەملێکراو بوونە، بە تەواوی دەستی شیعەی کردەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی جومگە سەرەکییەکانی حوکمڕانیی عێراق بکات، تا ئەوەی لە کۆی (٢٥) ئەندامی ئەنجوومەنی حوکمی عێراق، (١٥) کەسیان شیعە بوون، کە زۆربەیان سەرکردەی حزبی ئایینی و پاشکۆ و پیاوی ئێران بوون. کشانەوەی، یان خۆپەراوێزخستنی سوونەش لە پرۆسەی سیاسیی دوای بەعس، هۆکارێکی دیکە بوو، بۆ ئەوەی هێندەی دیکە شیعە دەست بەسەر عێراقدا بگرێ، وەک ئەوەی کە ئێستا دەیبینین.

**جیهانگەرایی شیعەگەری!**

ڕەوتی پانشیعەگەری، کە سەرچاوەکەی ئێرانە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نەک هەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکوو وڵاتانی باشووری ئاسیا و ئەفریقیایشی گرتووەتەوە. بۆیەشە هیچ ئاڵۆزی و خوێنڕێژییەک لەو وڵاتانەدا نادۆزیەوە، کە بەرەیەکی شیعە نەبێت. هەرچی پەیوەندیشی بە عێراقەوە هەیە، شەپۆلێکە تەواوی وڵاتەکەی کردووەتە ئامانج.

شەپۆلی پانشیعەگەری لە عێراق، هەر لەگەڵ ڕووخاندنی بەعسدا، پارێزگاکانی (بابل، ئەنبار، دیالە، سەڵاحەددین، مووسڵ) ی کردە ئامانج. دوای خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەریش، کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەوروبەری، بوونە کێڵگەیەکی کراوە لەبەردەم ئەو شەپۆلی شیعەگەرییەی، کە هەر ئایین و مەزهەب نا، بەڵکوو گۆڕینی دیمۆگرافیا و نەخشەی جوگرافیشی کردووەتە ئامانج.

یەکێک لە ڕووخسارە ناچیزە و ترسناکەکانی ئەم سیاسەتی بەشیعەکردنە، چاندنی تۆوی ترس و تۆقین بوو لە عێراقدا. بە گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی پرۆسەکە و بەتایبەتی دوای ئەوەی سوونە

نەهاتـە نـاو پرۆسـەی سـیایی عێـراق و پەراوێـز کـەوت، ئەدگارەکانـی سیاسـەتەکە ڕوونـتر دەرکەوتـن. هـەر لـە ڕاگواسـتنی زۆرەملێـی سـووننە بگـرە، تـا گرتـن و ئەشـکەنجەدان، ڕفانـدن و کوشـتنی خەڵکـی سـوونندە. لـە سیاسـەتی هەژارکردنـی ناوچـە سوونەنشـینەکانەوە، تـا تەقاندنـەوەی مزگـەوت و مەزارەکانیـان، هەتـا زەمینەخۆشـکردن بـۆ تێوەگلاندنـی گرووپگەلـی سـوونی توندڕەو لـە ڕووداوی تائیفـی و تەقاندنـەوەی حوسـەینییەکان لـە ناوچـە شیعەنشـینەکانەوە، بـۆ ئـەوەی ڕەوایەتـی بـە سیاسـەتە سـەرکوتکارەکانیان لـە گرتـن و کوشـتن و ڕاگواسـتنی سـوونە بـدەن.

دەرکردنـی یاسـای ڕیشەکێشـکردنی بەعـس و یاسـای ژمـارە (٤)ی تیـرۆر و زۆر هـەوڵ و هەنـگاوی دیکـە، بـۆ ئـەوە بـوون کـە شـیعەکان ڕووپێکـی یاسـایی بـە سیاسـەتە سـتەمکارەکانیان بـدەن. لـەو پرۆسـەیەدا و بـە گوێـرەی بۆچوونـی هەنـدێ لێکۆڵـەر و چاودێـر، هەندێـک لـە سیاسـییەکانی سـوونەش هـاوکار و زەمینەسـاز بـوون بـۆ ئـەوەی شـیعە لـەو سیاسـەتانەیدا سـەرکەوێ.

**عاشورا وەک هاوسۆزی، تیرۆر وەک پاساو!**

عاشـورا بۆنەیەکـی لەبـار بـوو بـۆ ئـەوەی شـیعەکان بیقۆزینـەوە و بیکەنـە ئامرازێکـی دیکـەی گەشـەپێدانی سیاسـەتی پانشـیعەگەریی خۆیـان لـە عێراقـدا. هەنـدێ سـەرچاوەی زانیـاری بـاس لـەوە دەکـەن، سـەرکردە شـیعەکان هـەر زوو بـۆ سەرنجڕاکێشـان و هاندانـی سـوونەکان، خـەڵات و پاداشـتێکی داراییـان بـۆ هـەر کەسێکی سـوونە دیـاری کـرد، کـە خـواردن و خواردنـەوە بەسـەر زیارەتکارانـی ڕۆژی عاشـورا دابـەش بـکات. هـاوکات بـۆ پـارە و ئیمتیـاز بووبێـت، یاخـود لـە ترسـی سـتەم،

لەو بۆنە مەزهەبییەدا زۆرێک لە سووننەکان (بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە لەگەڵ شیعەدا بەیەکەوە دەژیان) ئاڵایەکی ڕەش، یان وێنەکانی ئیمامی عەلی و حوسەین و عەباسیان بە دەروازەی ماڵ و دوکانەکانیانەوە هەڵدەواسی و جلی ڕەشیان دەپۆشی!

دوای ڕووخانی بەعس و بەدیاریکراویش پاش هەڵبژاردن و دامەزراندنی یەکەم حکوومەت و بەشداریی لاوازی سوونە لە پرۆسەکە، دەزگاکانی سوپا و پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگری کەوتنە دەستی شیعە، زانکۆکان و دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانیش هەروا. ئەمەش دەرفەتێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی شیعە بچێتە ناو هەموو جومگەکانی ژیانەوە. کاتێکیش تەقینەوەکان دەستیان پێکرد، شیعە بیانووی زیاتری خستە دەست بۆ سەرکوتکردن، بۆ نموونە هەڵمەتەکانی گرتن و ئەشکەنجەدان و کوشتن و ڕاونانی سوونەکان، لە دوای تەقاندنەوەی مەزاری (ئەلعەسکەری) لە سامەڕا لە ٢٠٠٦. هاوکات کردەوە تیرۆریستییە هەڕەمەکییەکانی ئەلقاعیدە (سوونە مەزهەب) لەناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و کوشتنی بە کۆمەڵی شیعە، بیانووی زیاتری دایە شیعەکان بۆ ئەوەی بە ئاگر و ئاسن مامەڵە بکەن.

**ڕاکردن، یان بەرگەگرتنی ئازارەکان!**

بــە گوێــرەی بەدواداچوونێکــی کەناڵــی ئەلعەرەبییــە، ڕێکخــراوە نێوخۆیــی و نێودەوڵەتییەکانــی چاودێریکردنــی مافەکانــی مــرۆڤ، چەندیــن پێشــێلکاریی میلیشــیاکانی حەشــدی شــەعبییان لــە مووســڵ و ناوچەکانــی دەوروبــەری تۆمــار کــردووە، کــە دوای ڕزگارکردنیــان لەداعــش چوونەتــە ناویــەوە. بەپێــی گوتــەی شــایەتحاڵەکانی ناوچەکــە و ڕاپۆرتــی ئــەو ڕێکخراوانــە، پێشــێلکارییەکانی حەشــدی شــەعبی بریتیــن لــە (گرتــن، ئەشــکەنجەدان، ڕفانــدن، کوشــتن، دزی و تــاڵان و بــڕۆ، بــەزۆر ڕاگواســتنی خەڵکــی ناوچەکــە، ڕێگاگرتــن لــە گەڕانــەوەی ئــاوارەکان، تەقاندنــەوەی ماڵ و شــوێنی کاری هاووڵاتییــان. هەمــوو ئــەو تــاوان و پێشێلکارییانەشــیان، کــە تــرس و بیمێکــی زۆری لەنــاو خەڵکــی ناوچەکــە چانــدووە، بــە بیانــووی ئــەوە دەکــەن، گوایــە خەڵکەکــە ســەر بــە داعــش بوونــە، یــان هــاوکاری ئــەو ڕێکخــراوە تیرۆریســتیەیان کــردووە.

چاودێرانــی سیاســی و ڕێکخراوەکانــی مافــی مــرۆڤ لەســەر ئــەوە کۆکــن، کــە ئامانجــی ســەرەکیی ئــەم هەڵمەتــەی حەشــد لــەو ناوچانــەدا، گۆڕینــی دیمۆگرافیــای ناوچەکەیــە. لــە بەدواداچوونەکــەی کەناڵــی ئەلعەرەبییــەدا هاتــووە: " ســەرچاوەکانی زانیاریــی ئامــاژە بــەوە دەکــەن، کــە میلیشــیا شــیعەکان بــە شــێوەیەکی پــلان بــۆ داڕێــژراو، کــە مەبەســت لێــێ بەشــیعەکردنی مووســڵ و ناوچەکەیــە، ئــەو تــاوان و پێشــێلکارییانە ئەنجــام دەدەن".

کەناڵــی ئەلعەرەبییــە لــە بەدواداچوونەکەیــدا جەخــت لەســەر ئــەوەش دەکاتــەوە کــەوا: " میلیشــیاکانی حەشــدی شــەعبی هەمــوو ئــەو پێشــێلکارییانەیان بەرانبــەر بــە هاووڵاتییانــی ســڤیلی شــارەکە، بــە ڕۆژی ڕوونــاک و بەبەرچــاوی ســوپای عێــراق و پۆلیســی فیدڕاڵــی و هێــزە

ئەمنییـەکان ئەنجـام داوە”. ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ کاریگەریـی دەسـەڵاتی تاکڕەوانـەی شـیعە لـە عێـراق، هەروەهـا بـەو مانایـەش دێـت کـە ئـەوەی لـە مەیدانـدا فەرمـان دەکا و بڕیـاری بەدەسـتە، میلیشـیاکانن، کـە لـە لایـەن ئێرانـەوە پشـتیووانیان دەکرێـت.

وەکوتـر خـودی نەتەوەیەکگرتـووەکان و ئاژانسـەکانی سـەر بـەم ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـە، چەندیـن جـار لـە ڕێـی لێـدوان و بەیاننامـەوە، هۆشـداریان لەبارەی مەترسییەکانی ئەو هەڵمەتانەی میلیشـیاکانی حەشـد داوە، جگـە لـەوەی زۆر لـەو پیشێلکارییانەیشـیان لـە ڕاپۆرتەکانیانـدا وەک بەڵگـە یاداشـت کـردووە. تـا ئـەو ئاسـتەی بەشـێک لـەو پێشـێلکارییانەیان بـە تاوانەکانـی جینۆسـاید و پاکتاویـی نـەژادی نـاو بـردووە، بەتایبەتـی ئـەو تاوانانـەی کـە پێـش مووسـڵ، حەشـد لـە ناوچەکانـی (فەللوجـە و سـامەڕا و ئەنبـاڕ و تکریـت و سـەڵاحەددین و بابـل و تەنانـەت بەغـدا) ئەنجامیـان داون. هـاوکات پێشـێلکاری و تاوانەکانـی حەشـد لـە مووسـڵ و دەوروبـەری بـە ئەڵقەیەکـی نەپچـڕاوەی ئـەو زنجیـرە تاوانکارییـە دادەنێن و دەڵێـن: ” ئێسـتا خەڵکـی مووسـڵ متمانـەی بەهێـزە ئەمنییەکانـی شـارەکە نییـە، ترسیشـی لـە حەشـد هەیـە، بۆیـە لەبـەردەم تەنیـا بـژارەدا ماونەتـەوە، کـە هەردووکیـان ئازاربەخشـن، یـان ڕاکـردن و بەجێهێشـتنی زێـد و ماڵـی خۆیـان، یاخـود بەرگەگرتنـی ئـازار و ئاکامـی ئـەو کـردە و پێشـێلکاری و تاوانانـە“.

# کەرکووک و خورماتوو، وەک قوربانی!

بەهــۆی خیانەتەکــەی ١٦ی ئۆکتۆبــەری ســاڵی ڕابــردوو، کەرکــووک و خورماتــوو و ناوچەکانــی دەوروبەریــان، ڕادەســتی پاســداران و میلیشــیاکانی حەشــدی شــەعبی و حزبوڵــڵای لوبنانــی کــران. هــەر بــە هــۆی ئــەو خیانەتەشــەوە، زیاتــر لــە ٥٠٪ی خاکــی کوردســتان، کــە بــە خوێنــی پێشــمەرگە ئــازاد کرابــوو، لەدەســتمان دا. دوای خیانەتەکــە و داگیرکردنــەوەی ئــەو ناوچانــە، میلیشــیا تائیفییــەکان لــە بەرانبــەر کــورد، درێغیــان لــە ئەنجامدانــی هیــچ تاوانێکــی هۆڤانــە نەکــرد. ڕاپۆرتەکانــی ڕێکخــراوە ناوخۆییــەکان و دەزگا میدیایــی و ئاژانســەکانی هــەواڵ، هەروەهــا ڕاپۆرتەکانــی ڕێکخــراوی ئەمنیســتی و بەتایبەتــی ڕاپۆرتــی (نێــردەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان بــۆ یارمەتیدانــی عێــراق -یۆنامــی - لــە ٢٠١٧/١٢/٢٣)یــش ســەرەڕای کەموکــوڕی و بۆشــاییەکانی و تێبینییەکانــی (ئۆفیســی وەڵامدانــەوەی راپۆرتــە نێودەوڵەتییــەکان لــە حکوومەتــی

هەرێمــی کوردســتان لــە ٢٠١٨/١/٢) لەســەر ڕاپۆرتەکــە، نزیــک و زیندووتریـن بەڵگـەی ئـەو تاوانکارییـە دژە مرۆییانـەی حەشـدی شـەعبین، کـە دەرهــەق بــە کــورد ئەنجامیــان داون.

دوو ڕۆژ بەسـەر داگیرکردنـی کەرکـووک و خورماتـوودا ڕەت نەببـوو، کە میلیشـیاکانی شـیعە (حەشـد و حزبوڵـڵا) بـە هاوکاریـی هەنـدێ دەربـار و کەواسـووری کـورد، جگـە لـە سـووکایەتیکردن بـە سـیمبول و پیرۆزییەکانـی کوردسـتان، بێڕێزیکـردن و شـکاندنی شـکۆی هاووڵاتییانـی کـورد. هـاوکات دەسـتیان لـە گرتـن، ئەشـکەنجەدان، ڕفانـدن و کوشـتنی خەڵکـی سـڤیل، بەتاڵانبردنـی سـەروەت و سـامان، سـووتاندنی مـاڵ، تەقاندنـەوەی خانـوو و شـوێنی کار و سـەرچاوەی بژێویـی هاووڵاتییانـی کـورد نەکـرد.

داگرتــن و ســووتاندنی ئــاڵای کوردســتان لــە تــەواوی ناوچەکــە، شـێواندن و بێڕێزیکـردن بـە دیواربەنـدی شـەهیدانی پێشـمەرگە و وێنـەی سـەرکردەکانی کـورد (بـە وێنـەی ڕەوانشـاد تاڵەبانـی - سـەرۆکی پێشـووی کۆمــاری عێراق!)یــش. لــە بەرامبــەر ئــەوەدا میلیشــیاکانی حەشــدی شــەعبی لــە شــەقامەکانی شــاری کەرکووکــدا، وێــڕای وێنــەی ســەرکردە شـیعەکان، وێنـەی (عەلـی خامنەیـی، ڕابـەری کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران) یشـیان هەڵواسـی.

### داگیرکردن و دابەشکردنی زەوی!

دوای ئــەوەی لــە خیانەتــی ١٦ی ئۆکتۆبــەری ســاڵی ٢٠١٧، شــاری کەرکـووك و ناوچـە کوردسـتانییەکانی ئـەو سـنوورە ڕادەسـتی حەشـدی شـەعبی کـران. هاوشـێوەی ناوچـە عەرەبییـە سـوونییەکانی عێـراق، ئـەو میلیشـیا شـیعییە بـە بەرنامـە و پـلان، خەریکـی جێبەجێکردنـی سیاسـەتی تەعریـب و بـە شـیعەکردن بـوون، ئەویـش بـە هێنانـی عەرەبـی شـیعە لـە

ناوچەکانی دیکەی عێراق بۆ (کەرکووک، خورماتوو، داقووق و داودە) داگیرکردنی زەوی و زاری کورد لە دەوروبەری و بەخشینی بەو عەرەبە هاوردەکراوانە. هاوکات بە مەبەستی تۆقاندن و ترساندنی خەڵکی ئەو ناوچانە، چەشنی ناوچە سوونییەکان و مووسڵی دوای داعش، سەرەڕای ڕێگرتن لە گەڕانەوەی ئاوارەکان، پەرەی بە دیاردەی کوشتن و تەقینەوە و ڕفاندن و دزی و ماڵ سووتاندن دا.

مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو و بە بڕیارێکی ئەنجومەنی پارێزگای بابل، هۆشداریی دراوە لەوەی هەر کەس و لایەنێک داوای گەڕانەوەی هاووڵاتییانی ناوچەی جەرفولسەخر لە ٦٠ کیلۆمەتریی باشووری بەغدا بکات، ئەوا ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە. جەرفولسەخر سەر بە پارێزگای بابلە و سوونەنشینە، دوای ساڵی ٢٠١٤ داعش ئەو ناوچەیەی داگیر کرد، هەنووکەش لە دەست میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دایە.

هەر لە دوای خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر، پۆلیسی فیدڕاڵیی عێراقی بە چاودێری حەشدی شەعبی لە سنووری شارەدێی سەرگەڕانی سەر بە شارۆچکەی دوبزی پارێزگای کەرکووك، پرۆسەی دووبارە تەعریبکردنەوەی ناوچەکەیان دەست پێکرد، ئەویش بە هەڕەشەکردن لە دانیشتووانی گوندەکانی (پەڵکانە، شەناغە و سەربەشاخ) بۆ ئەوەی خانووەکانیان جێبهێڵن. تاکو لە شوێنی ئەواندا و لەسەر ماڵ و حاڵەکانیان عەرەبی (بەدو)، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەکانی «بەعاج و حەزەر» و سنوورەکانی سووریان، نیشتەجێ بکەن.

لە کۆتایی مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا، ڕاکان سەعید، پارێزگاری حەشدی شەعبی لە کەرکووک، بڕیاری ڕووخاندنی ١٣٠ ماڵی کوردی گەڕەکی نەورۆزی شاری کەرکووک دەرکرد. پێش ئەو بڕیارە دوژمنکارانەیەش، ڕاکان سەعید، چەندین نووسراوی بۆ

بەعەرەبکردنەوەی سنووری پارێزگای کەرکووک، ئاراستەی لایەنە پەیوەندارەکان کردووە.

دواجار بڕیاری حەیدەر عەبادی بۆ بەخشینی پارچە زەوی بە چەکدارانی حەشدی شەعبی لەناو شاری کەرکووک، ئەوەی کە لە کۆتایی مانگی ڕابردووی ئەمساڵ لە ڕێوڕەسمیکدا و لە لایەن (محەممەد مەهدی ئەلبەییاتی، بەرپرسی میلیشیای حەشد لە کەرکووک) ڕاگەیەندرا، کاردانەوەیەکی توندی لە شەقامی سیاسیی کوردی و سوونەی عەرەب لێکەوتەوە. ئەم کاردانەوەیە دوای ئەوە هات، کە هەندێ پەرلەمانتاری عێراق، پیلانێکی دیکەی حکوومەتی عەبادی و میلیشیاکانی شیعەی هاوشێوەی ئەوەی کەرکووکیان لە هەر یەکە لە پارێزگاکانی (دەشتی نەینەوا لە مووسڵ، ناوچەی نەخیب لە ئەنبارِ، سەلاحەددین، بەری کەرخ و باشوور و ڕۆژئاوای بەغدا) ئاشکرا کرد.

بە گوێرەی بڕیارەکە خێزانی هەر چەکدارێکی کوژراو، یان بریندار و کەمئەندامی حەشد لە شەڕی داعش، پارچە زەوییکیان لە شارەکە پێدرا و هەر لە ڕێوڕەسمەکەشدا، بەڵگەنامەی یاسایی و قۆچانی زەوییەکانیان پێبەخشرا.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەم هەنگاوەی حکوومەتی عەبادی، پیلان و بەرنامەی ئێرانە بە ئامانجی گۆڕینی دیمۆگرافیا و سەرخستنی سیاسەتی بەشیعەکردنی عێراق و پتەوکردنی کۆڵەگەکانی ستراتیژیی پانشیعەگەری لە عێراق و ناوچەکە.

# حەشدی شەعبی و سڕینەوەی فرەشووناسی

**لێدانی زەنگی مەترسی!**

ڕوانگـەی ئاشـووری بـۆ مافەکانـی مـرۆڤ، لـە ڕاپۆرتێکیـدا میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی بـە خاپوورکـردن و سـووتاندنی خانـووی مەسـیحییەکان لــە شــارۆچکەی قەرەقــۆش و چەنــد شــارەدێ و گوندێکــی دیکــەی مەسـیحییەکان لـە دەشـتی نەینـەوا تۆمەتبـار دەکات. ڕوانگـەی ناوبـرا و لـەو ڕاپۆرتەیـدا کـە لـە (ئـارا نیـوز) بـڵاو کراوەتـەوە ئامـاژە بـەوە دەکات، دوای دەرکردنـی چەکدارانـی داعـش لـە ناوچەکـە، ئـەو خانووانـەی کە ئەو ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییە تێکـی نەدابـوون، کەچـی میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی دوای گەڕانەوەیـان بـۆ ئـەو شـوێنانە، بـە مەبەسـتی ڕێگریکـردن لـە گەڕانـەوەی مەسـیحییەکان بۆسـەر زێـد و مـاڵ و حاڵـی خۆیـان، کـە ئامانـج لێـی گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچەکەیـە، ئـەو خانووانەیـان تێکداون و سـووتاندوون.

ڕوانگــەی ئاشــووری بــۆ مافەکانــی مــرۆڤ نیگەرانــی خــۆی لــەو کــردەوە تاوانکارییانــە دەردەبــڕێ، کــە بەرانبــەر مەســیحییەکانی دەشــتی نەینــەوا ئەنجــام دەدرێ و داوا لــە حکوومەتــی عێراقــی و هەرێمــی کوردســتان دەکات، بــە چاودێــری نێودەوڵەتــی لیژنەیــەک بــۆ لێکۆڵینــەوە لــەو تاوانانــەی - کــە ڕێکخراوەکــە نــاوی نــاون کۆمەڵکــوژی - لــە دژی گەلــی کلدانــی سریانــی ئاشــووریی مەســیحی ئەنجــام دراون و دەدرێــن. ڕێکخــراوی ناوبــراو پێیوایــە ئــەم تاوانانــە ئەڵقەیەکــی نوێــن لــەو زنجیــرە تاوانانــەی ئامانجیــان ســڕینەوەی شــووناس و گۆڕینــی دیمۆگرافیــای ناوچەکەیــە. بۆیــە داوا لــە نەتەوەیەکگرتــووەکان و دامــەزراوە نێودەوڵەتییــە تایبەتمەنــدەکان و یەکێتیــی ئەوروپــا دەکات، بــە گوێــرەی پرەنسیپی (پاراستنی نێودەوڵەتــی)، کــە ســاڵی ٢٠٠٥ نەتەوەیەکگرتووەکان چەســپاندوویەتی، گەلــی کلدانــی سریانــی ئاشــووریی مەســیحی لــەو ناوچانــە بپارێــزن، ئەویــش بــە دابینکردنــی ناوچەیەکــی ئــارام و ئاســایش لەژێــر چاودێریــی یوئێــن و بــە هاوکاریــی هێــزی ئاشــتیپارێزی نێوەڵەتــی، بــۆ ئــەوەی ئــاوارە و ڕاگوێــزراوەکان بتوانــن بــە دڵنیاییــەوە بگەڕێنەوە ســەر زێــدی خۆیــان و ڕێ لــەو پیلانــە داڕێــژراوە بگیــرێ، کــە ئــەو میلیشــیانە بــە ئامانجــی ڕیشەکێشــکردنی - وەک ئــەوەی ڕوانگەکــە نــاوی بــردووە - ئــەو پێکهاتانــە لەســەر زەوی مێژوویــی خۆیــان دەیانــەوێ جێبەجێــی بکــەن.

**نەینەوا، دوێنێ و ئەمڕۆ!**

موســڵ، کــە ســەنتەری پارێــزگای نەینــەوا و دووەم گــەورە شــاری عێراقــە، یەکێکــە لــە کۆنتریــن شــارە مێژووییەکانــی ناوچەکــە و لانکــەی شارســتانییەکانی ئاشــوور و بابــل و ســۆمەر و ئەکــەد. هــاوکات لــە ســەردەمی عوســمانییەکاندا ویلایەتێکــی گــەورەی نــاو عێراقــی عوســمانی

بـووە. بـە درێژایـی مێـژووی خـۆی، موسـڵ زێـدی پێکهاتـە ئیتنـی و ئایینـی و مەزهەبـە جیـاوازەکان بـووە، ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت، کـە دیمۆگرافیـا هەمەڕەنـگ و فرەشووناسـەکەی کەتووەتـە بـەر هەڕەشـە و مەترسـیی شـێواندن و تێکـدان لـە لایـەن میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی، بـەڵام ئـەو جیاوازیـی پێکهاتـە و سروشـتە کۆمەڵایەتییـە هەمەڕەنگـەی بەشـێکە لـە ناسـنامەکەی.

بــە گوێــرەی ســەرژمێریی بەریتانییــەکان لــە ســاڵی ١٩٢٠، ژمــارەی دانیشــتووان و دابەشــبوونی دیمۆگرافــی موســڵ بــە پێــی دابەشــبوونی کارگێـڕی، بـە جۆرێکـە کـە گەواهـی لەسـەر فرەیـی ئـەم دەڤـەرە دەدات، بەتایبەتـی ئـەو ناوچەیـەی کـە پێـی دەگوتـرێ دەشـتی نەینـەوا. بـە پێـی ئـەو سـەرژمێرییە، ژمـارەی دانیشـتوواني موسـڵ ٣٥٠ هـەزار و ٣٧٨ کـەس بــووە، ئــەم ژمارەیــەش بــە گوێــرەی دابەشــبوونی دانیشــتووانەکەی و بەرمەبنـای کۆمەڵـە ئیتنـی و ئایینـی و مەزهەبییـەکان بـەم چەشـنە بـووە: موســڵمانی ســوونە لــە کــورد و عــەرەب و تورکــمان ( ٦٩٪)، موســڵمانی شـیعە تورکـمان (٤.٩٪ )، مەسـیحییەکان بـە تایەفـە جیاوازەکانیـان ( ١٤.٥٪ )، جـوو ( ٢.٢٪ ) و پێکهاتەکانـی دیکـەی ئایینـی و مەزهەبیـی ئێـزدی و شــەبەک ( ٨.٦٪ ).

بـەر لـە داگیرکردنـی ئـەو شـارە و ناوچەکانـی دەوروبـەری لـە لایـەن دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش)، ژمـارەی دانیشـتووانەکەی ٣ ملیـۆن و ٧٢ هـەزار و ٨٥٤ کـەس بـوو، کـە( ٦٠.٧٪) ئـەم ڕێژەیـە لـە سـەنتەری پارێـزگا و قـەزا و ناحیـەکان و( ١٩.٢٪) یشـی لـە دێهاتـەکان نیشـتەجێ بوونـە. زۆرینـەی دانیشـتووانی نـاو سـەنتەری پارێزگاکـە بریتـی بـوون لـە عـەرەب و کـورد و تورکـمان (سـوونە). ئـەوەی تریـش، تورکمانـی شـیعە و شـەبەک و ئێـزدی و مەسـیحییەکان. پارێـزگای نەینـەوا لـە ڕووی کارگێڕییـەوە

لـه هەشـت قـەزا و بیسـت و هەشـت ناحیـە پێـک دێـت، ئـەم قـەزا و ناحیانـەش هەریەکـە و بـە زۆرینەیـی و کەمینـەی پێکهاتـە جیاوازەکانـی دەناسرێنـەوە. ئـەوەی لـەم نێوەشـدا گرنگـە، پێکهاتـەکان و دیمۆگرافیـای قـەزا و ناحیەکانـی دەشـتی نەینەوایـە، کـە چ لـە کاتـی باڵادەسـتیی تیرۆریسـتانی داعـش، یـان لـە هەنووکـەی باڵادەسـتی میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی، چارەنـووس و ئاییندەیـان لەبـەردەم مەترسـیدا بـووە و دایـە. بەتایبەتـی چارەنووسـی مەسـیحی و ئێـزدی و شـەبەک و کاکەیـی لـەو سـنوورە.

# دەشتی نەینەوا و
# هەوڵەکانی گۆڕانکاریی دیمۆگرافی

دەشـتی نەینـەوا، کـە قەزاکانـی (حەمدانیـە و تلکێـف و شـێخان) و ناحیـە و ئاوایيەکانـی دەوروبەریـان دەگرێتـەوە، ناوچەیەکـی جوگرافیيـە دەکەوێتـە باکـوور و ڕۆژئـاوای پارێـزگای موسـڵ و دانیشـتووانەکەی (مەسـیحی، کـوردی ئێـزدی و کاکەیـی و شـەبەک)ن. بەشـێکی دەشـتی نەینـەوا، کـە دەکەوێتـە نێـوان هـەردوو ڕووبـاری دیجلـە لـە ڕۆژئـاوا و زێـی گـەورە لـە ڕۆژهـەڵات، وێـڕای پێکهاتـە دیمۆگرافیيەکـەی، وەکوتـر لـە بـاری هەڵکەوتـەی جوگرافیيـەوە، دەکەوێتـە چوارچێـوەی مـاددەی ١٤٠، واتـە ناوچـە کێشـە لەسـەرەکان، یـان ئـەوەی پێـی دەگوتـرێ، ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان.

داعـش هــەر بـە داگیرکردنـی موسـڵ و ناوچەکانـی دەوروبــەری، دەسـتیکرد بـە گۆڕینـی دیمۆگرافیـای دەشـتی نەینـەوا، لـەم ڕووەوە جگـە لـەو کوشـتوبڕ و بـە سـەبی و کەنیـزەک بردنـی کـچ و ژنەکانیـان و

سووتاندنی ماڵ و ئاواییەکانیان و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانیان و دڕندەییەی لە بەرامبەر خەڵکی سڤیلی ئەو ناوچانە بە گشتی و ئێزدییەکان بەتایبەتی ئەنجامی دا، بووە هۆی ئەوەی کە بە سەدان هەزار کەسیش ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ بن و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد. دوای ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە لە دەستی داعش و گەڕانەوەی هێزە هاوبەشە عێراقییەکان و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، دیسانەوە بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی سیاسەتی داعش، ئەوانیش دەستیان داوەتە هەڵمەتێکی چڕی گۆڕینی دیمۆگرافیای دەشتی نەینەوا. خاڵی هاوبەش لە هەردوو پرۆسەی داعش و حەشددا ئەوەیە، کە مەسیحی و کوردانی ئێزدی و شەبەک کراونەتە ئامانجی سەرەکی.

دوای دەرکردنی، داعش ناوچەکەی بە وێرانی لە دوای خۆی بەجێهێشت، بە قسەی خەڵکی ئەو ناوچانەش بێت، حەشدیش کە گەڕاوەتەوە، ئەو بڕە ئاوەدانییەی لەو ناوەدا مابوو، خەریکە بە تەواوی وێرانی دەکات. هەنووکە بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە وێرانن و هەناسەی ژیان و ئارامی و سەقامگیرییان تێدا نەماوە، ئەو ژمارە کەمەی ئاوارەکان کە دوای داگیرکاریی تیرۆریستانی داعش بە دڵەڕاوکێوە گەڕانەوە سەر زێد و ماڵ و حاڵی خۆیان، ئەمجارە لە دەست هەڕەشەکانی میلیشیاکانی حەشد ئاوارە بوونەتەوە و هەرێمی کوردستان وەک تاکە داڵدە و نەوای ئارام و ئاسایش، لە باوەشی گرتنەوە. گەورەترین مەترسیش بەسەر ئایینده و چارەنووسی ئەو پێکهاتانەی دەشتی نەینەوا، ئاوارەبوون و کوشتن نییە، بەڵکوو سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیا و دابەشبوونی جوگرافیای دانیشتووانە، ئەوەی کە هەنووکە حەشد بە بەرنامە دەیکات. بەو پێیەی گۆڕانکارییە

دیمۆگرافییـەکان لـە مەزنترینـی ئـەو مەترسـیانەن کـە ڕووبـەڕووی دانیشـتووانی ناوچەیەکـی جوگرافیـی دیاریکـراو دەبنـەوە، مەترسـییێک کـە کاریگەرییـە دەروونـی و کۆمەڵایەتـی و ئابوورییەکانـی تـا ماوەیەکـی درێژ بەسـەر پێکهاتـەی ئیتنـی و ئایینـی و مەزهەبیـی ئـەو ناوچانـەدا دەبێـت. گۆڕانکارییێـک نـەک تەنهـا شـیرازەی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگاکە و ڕووخسـارە فرەیـی و هەمەڕەنگـە کولتوورییەکـەی دەشـێوێنێ، بەڵکـوو بەردەوامـی و جێگیریـی بڕیـار و دەسـەڵاتی ئـەو هێـزەی پرۆسـەکە لـە ناوچەکـە ئەنجـام دەدا، کاریگەریـی بـۆ سـەر نەخشـەی جیۆگرافـی و سیاسـیی ناوچەکـەش دەبێـت و هۆکاریکـی سەرەکیشـە لـە سـەرلەنوێ قووڵکردنـەوەی ناکۆکـی و ململانێـکان و ختووکەدانـی هەسـتی دوژمنایەتـی و زیندووکردنـەوەی گیانـی تۆڵەسـەندنەوە لەنـاو پێکهاتەکانـدا و هەڵگیرسـاندنەوەی ئاگـری شـەڕی تائیفیـی درێژخایـەن. بـەو پێیـەی سیاسـەتی گۆڕینـی دیمۆگرافـی تەنیـا کاریگەرییەکـەی لـە شـێواندنی نەخشـەی دابەشـبوونی جوگرافیـی دانیشـتووان دەرناکـەوێ، بەڵکـوو ڕەنگدانەوە و دەرهاوێشـتە ترسـناکەکانی لەسـەر ئاسـتی بونیـادی کۆمەڵایەتـی و ئابوورییەکانیـش دەبێ و ئاسـۆکانی بەیەکەوەژیـان لـە ئاییندەدا لێـڵ و تاریکـتر دەکات.

**حەشدی شەعبی لە دوژمنی داعشەوە بۆ جەللادی پێکهاتەکان!**

بـە گەڕانـەوە بـۆ مێـژووی نزیـک لـە هەوڵەکانـی گۆڕینـی دیمۆگرافیـا لـە عێـراق، بەتایبەتـی قۆناغـی دوای ڕووخاندنـی بەعـس، ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ روون دەبێتـەوە، کـە تەسـفییەی حیسـاباتی مەزهەبـی و تائیفـی، هـۆکاری بنەڕەتیـن لـە بەردەوامـی ئـەو پرۆسـە دژە مرۆییـە. ئـەوەی کـە ڕێکخـراوی ئەلقاعیـدە لـە ناوچەکانـی ڕۆژئـاوای عێـراق بـە بیانـووی شـەڕی داگیـرکارە ئەمریکییـەکان کـردی، دیوێکـی ئەو پرۆسـەیە بـوو. وەک

چۆن بـە گرتنـە دەسـتی جومگـە سـەرەکییەکانی دەسـەڵات لـە بەغـدا، شـیعەکانیش لـە ناوەڕاسـت و بەشـێکی باشـووری عێـراق کاراکتەرێکـی کارای قووڵکردنـەوەی ئـەو سیاسـەتە بـوون. بـە دوای ئەوانیشـدا هاتنـی داعـش و ئینجـا دووبـارە گەڕانـەوەی حەشـد بـۆ ئـەو ناوچانـە، ئەمانـەش درێژەپێدانـی هەمـان سیاسـەتی سـڕینەوەی بەرامبـەرن لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی و ئایینـی و مەزهەبـی. بـە چاوپۆشـین لـە سـتراتیژییەتی دوژمنایەتیـی نێـوان عەرەبـی سـوونە و شـیعە، کـە تـا ئێسـتا دەسـتیان لـە یەکـتری نەپاراسـتووە، وەکوتـر ئـەوەی لـە بەردەوامیـی ئـەو پرۆسـە ترسـناکانەی دەشـتی نەینـەوا و لەنـاو بەرداشـی ململانـێ و ناکۆکیـی ئـەو تایەفەیـەدا بـە پلـەی یەکـەم کراوەتـە ئامانـج و بووەتـە قوربانـی (مەسـیحی و کـوردی ئێـزدی و شـەبەک و کاکەیـی)ن.

ئـەو ئاوارەبـوون و دەربەدەرییـە و نەگەڕانـەوە لـە ترسـیی کوشـتن و سـەرکوتکردن، ئـەوەی کـە دووچـاری مەسـیحی و کـوردی ئێـزدی و شـەبەک و کاکەیـی بووەتـەوە، دەسـتی هێـزەکان کراوەتـر دەکات بـۆ سەرخسـتنی پرۆسـەی ئـەو گۆڕانکارییـە دیمۆگرافییـە، بـە ئاراسـتەی گۆڕینـی یەکجارەکیـی نەخشـەی جوگرافیـی ناوچەکـە. ئینجـا خاڵـی سـەرنجڕاکێش لـەو نێـوەدا، هەڵوێسـتی تورکمانەکانـە، کـە زۆرجـار لەنـاو ئـەو پرۆسـانەدا خۆیـان وەک قوربانـی نیشـان دەدەن، بەتایبەتـی تورکمانـە شـیعەکان. هەنووکـە ئـەوان بوونەتـە کاڵای دەسـتی میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی و بـە گیانـی دوژمنایەتییێکـی کوێـر، کەوتوونەتـە پاڵپشـتیکردنی ئـەو پرۆسـەی گۆڕینـە دیمۆگرافییـە لـە ناوچەکانـی دەشـتی نەینـەوا. تورکمانـە شـیعەکانی دەشـتی نەینـەوا، کـە لـە تەلەعفـەر و هەنـدێ ناحیـەی و ئاوایـی دەوروبـەری ئـەو قەزایـەن، جگـە لـە بوونـی لیوایەکیـان بـە نـاوی (لیـوای ئەلحوسـەین) لـە چوارچێـوەی پێکهاتـەی

حەشــدی شــەعبیدا، وەکوتــر بــە هــەزاران چەکداریــان لــە ڕیزەکانــی گرووپــە میلیشــیاییەکانی دیکــەی حەشــدی شــەعبی (فیرقــەی ئەلعەبــاس، عەســائیب ئەهلولحــەق، ســەرایا ئەلســەلام و حزبوڵــڵا) دان. حەشــدی شــەعبی کــە لــە ٦٧ میلیشــیای شــیعەمەزهەبی عێراقــی پێــک دێــت، بــە فەتــوای ئایەتوڵــڵا عەلــی سیســتانی، مەرجەعــی بــاڵای شــیعەکانی عێــراق، لــە مانگــی حوزەیرانــی٢٠١٤ دامــەزراوە.

### شایەتحاڵەکان خۆیان دەدوێن!

شــێخ ئەمجــەد بابیــری، ئەندامــی ئێــزدی لــە ئەنجوومەنــی ناحیــەی تلکێــف بــە (باســنیوز)ی ڕاگەیانــد: « لەوەتــەی حەشــد هاتووەتــەوە تلکێــف، ڕێــگای گەڕانــەوەی لــە ئێمــە گرتــووە و کەســمان ناتوانیــن بچینــەوە ســەر کاری فەرمــی خۆمــان و کۆنتڕۆڵــی هەمــوو شــتێکی ئــەو ناحیەیــان کــردووە“.

هــاوکات لارا زارا، بەڕێوەبــەری ناحیــەی ئەلقــۆش بــە ئاژانســەکانی هەواڵــی ڕاگەیانــدووە کــەوا: «لەبــەر هەڕەشــە و دەســتدرێژییەکانی حەشــدی شــەعبی بــۆ ســەر پێکهاتەکانــی ســنووری دەشــتی نەینــەوا، دوو هــەزار خێزانــی کریســتیان، کــە ئــاوارە بوونــە، ناتوانــن بگەڕێنــەوە شــوێنی خۆیــان و مەترســیی ئەوەیــان هەیــە، لــە لایــەن گرووپەکانــی حەشــدی شــەعبی کۆمەڵکــوژ بکرێــن“.

لای خۆیشــیەوە، نوێنــەری مەســیحییەکان لــە ئەنجوومەنــی پارێــزگای دهــۆک جەخــت لەســەر ئــەوە دەکاتــەوە، کــە داوایــان لــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان و ئەمریــکا کــردووە، فریــای مەســیحییەکانی دەشــتی نەینــەوا بکــەون و ئاسایشــی خەڵکەکــە و ســەقامگیری ناوچەکــە مســۆگەر بکــەن، بــۆ ئــەوەی هاووڵاتییەکانیــان بتوانــن بەبــێ تــرس بگەڕێنــەوە ســەر

ماڵ و حاڵی خۆیان. لەم بارەیەوە لینۆس عەودیش پوترس، نوێنەری کریستیانەکان لە ئەنجوومەنی پاریزگای دهۆک بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاندووە: " بە هۆی ناکۆکیی سیاسی لە دەشتی نەینەوا، بەتایبەتی دوای هاتنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، ناوچەکە هێندەی دیکە ئاڵۆز بووە و پشێوی تێکەوتووە. ئەو میلیشیایانە ئاستەنگ لەبەردەم گەڕانەوەی هاووڵاتییانمان بۆ ناوچەکانیان دروست دەکەن، بۆیە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا دەکەین، چارەسەرێکی ئەم دۆخە بکەن".

لینۆس دەڵێ:" دوای سێ ساڵ ئاوارەیی، کریستییانەکانی دەشتی نەینەوا بە لەناوچوونی داعش ئومێدی ئەوەیان بۆ دروست بوو بگەڕێنەوە سەر زیدی خۆیان، بەڵام ئەوەتا بە هۆی سیاسەتەکانی حەشدی شەعبی، خەڵکیکی زۆری تلكێف و ناوچەکانی دیکە، ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان".

لە لایەکی تر، سەرۆکی جڤاتی قەزای شنگال باس لەوە دەکات، لەو ڕۆژەوەی کە میلیشیاکان هاتوونەتە ناو قەزاکە، دەستیان بە ڕفاندنی هاووڵاتیان و تاڵانکردنی سەروەت و سامان و تەقاندنەوەی ماڵەکانیان کردووە و دەڵێ: " تا ئێستا ١١ خانووی هاووڵاتیانیان تەقاندووەتەوە".

وەیسی نایف، سەرۆکی جڤاتی قەزای شنگال بە(باسنیوز)ی ڕاگەیاند: « جگە لە سەنتەری قەزاکەمان، لە گوندی گروڤێ دوو خانوو، لە ناحیەی گرعوزێر دوو خانوو و لە قابووسیەش چوار خانووی هاووڵاتیانیان تەقاندووەتەوە". ناوبراو ئاماژە بەوەش دەکات:" بە هۆی تەقاندنەوەی ئەو خانووانە ژمارەیەک هاووڵاتیی سڤیل گیانیان لەدەستداوە و بریندار بوونە. ئەم ڕەوشی ترس و تۆقاندنە کە

میلیشـیاکان دروسـتیان کـردووە، خەڵکـی ناوچەکـەی نیگـەران کـردووە“.

هـەر پەیوەسـت بـەم دەسـتدرێژی و پێشـێلکارییانەی میلیشـیاکانی حەشـد و هەوڵەکانیـان بـۆ دیمۆگرافیـای ناوچەکـە، موزاحـم ئەلحویـت، وتەبێـژی هـۆزە عەرەبەکانـی سووننە لـە دەشـتی نەینـەوا ڕایگەیانـد:“ لـە چوارچێـوەی هەوڵەکانـی بـۆ گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچەکـە، حەشـدی شـەعبی ژمارەیەکـی زۆر خانـەوادەی عەرەبـی لـە سـووریاوە هێناوەتـە ناوچەکـە“. ناوبـراو ئامـاژەی بـەوەش دەکات کـەوا ”حکوومەتـی عێـراق بـە هـاوکاری حەشـدی شـەعبی، دەسـتی بـە گواسـتنەوەی فەرانبەرانـی حکوومیـی خەڵکـی دەڤـەری زومـمار و ڕۆژئـاوای دیجلـە کـردووە و لـە شـوێنی ئەوانـدا، ئـەو کەسـانە دەگوازێتـەوە و دادەمەزرێنێـت کـە گومانلێکـراون و بـە هاوکاریکردنـی ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی داعـش تۆمەتبـارن“.

ئەلحویـت لـە لێدوانێکیـدا بـۆ (باسـنیوز)باس لـەوە دەکات، کـە میلیشـیاکانی حەشـد وێـڕای بردنـی پـارە و خشـڵ زێـڕ و کەلوپەلـی گرانبەهـای هاووڵاتیـان، چەندیـن ئۆتۆمبێلـی هاووڵاتیانیشـیان لـەو دەڤەرە دزیـوە و هەڕەشـەی بەردەوامیـش لـە خەڵـک دەکـەن و بەبەرچـاوی خەڵکـەوە سـووکایەتی بـە کەسـایەتییە ناسراوەکانـی ناوچەکـە دەکـەن و دەڵێـت: ” ئەمریکییەکانمـان لـەم ڕەفتارانـەی میلیشـیاکانی حەشـد ئـاگادار کردووەتـەوە“.

هـەر گرێـدراو بـە دەسـتدرێژی و هەڕەشـەکانی میلیشـیاکانی حەشـد و دەرهاوێشـتەکانی، ئەکـرەم فەتـاح، سـەرۆکی لیژنـەی کـۆچ و کۆچپێکـراوان لـە پارێـزگای دهـۆک دەڵـێ:“ بـە هـۆی هێرشـەکانی حەشـد بـۆ دەشـتی نەینـەوا، هەشـت هـەزار خیـزان ئـاوارە بوونەتـە دهـۆک“. سـەرۆکی لیژنـەی کۆچپێکـراوان دەربـارەی پرسـی تـالان و بـڕۆی ماڵـی هاووڵاتیـان

لـە لایـەن ئـەو میلیشـیایانەوە دەڵێـت: " ئـەو هاووڵاتـی و خێزانانـەی نەیانتوانیـوە خۆیـان لەژێـر دەسـەڵاتی حەشـدی شـەعبی ڕزگار بکـەن، هەنووکـە لـە دۆخێکـی خراپـدا دەژیـن. جگـە لـە ڕفاندنـی خەڵکـی سـڤیل و سـووکایەتی پێکردنیـان، چەکدارانـی میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی ماڵـی ٣٠ هاووڵاتییـان لـە شـارۆچکەی زومـمار، تـاڵان کـردووە".

لای خۆیـەوە، عیـماد یوحەننـای پەرلەمانتـاری مەسـیحی لـە ئەنجوومەنـی نوینەرانـی عێـراق، بـاس لـە دووبـارە ئاوارەبوونـەوەی ژمارەیەکـی زۆری خێزانـە مەسـیحییەکانی دەشـتی نەینـەوا بە هـۆی هێرش و کـردەوە سـەربازییەکانی حەشـدی شـەعبی دەکات و دەڵـێ: " لە ئاکامی هەڕەشـەکانی حەشـدی شـەعبی و بـە هـۆی کەمتەرخەمـی حکوومەتـی عێـراق لـە بەرقەرارکردنـی ئاسـایش و چەسـپاندنی یاسـا لـە ناوچەکـە، ٢٠٠ خێزانـی مەسـیحی لـە هـەردوو ناحیـەی ئەلقـوش و تەلسـقۆف لـە دەشـتی نەینـەوا ئـاوارە بوونەتەوە".یوحەنـا ئامـاژەوە بـەوە دەکات کـە: " ئـەو خێزانـە مەسـیحییانە بـۆ جـاری سـێیەمە ئـاوارە دەبنـەوە، دوای نەمانـی داعـش لـە ناوچەکـە، ئـەو خێزانانـە گەڕانـەوە سـەر زیـدی خۆیان، بـەڵام ماوەیەکـی کـەم بەسـەر گەڕانەوەیانـدا تێنەپـەڕی، کـە سـێبارە بـە هـۆی مەترسـی و هەڕەشـەکانی حەشـدی شـەعبی، ناچـاری ئاوارەبـوون کراونەتـەوە".

دواجـار، وەحیـدە یاقـۆ هورمـز، سـەرۆکی فراکسـیۆنی کلدانـی سریانـی ئاشـووری لـە پەرلەمانـی کوردسـتان بـە (باسـنیوز)ی ڕاگەیانـد: " ژیـانی مەسـیحییەکانی دەشـتی نەینـەوا ئێسـتا لـە مەترسـیدایە. دوای دەرکردنـی داعـش، خەڵکێکـی زۆری مەسـیحی گەڕانـەوە ناوچەکانیـان و هێـزی پێشـمەرگە ئەوانـی دەپاراسـت، بـەڵام کـە حەشـدی شـەعبی هاتـەوە بـۆ ناوچەکـە، دیسـان بـە هـۆی هەڕەشـەکانی ئـەو میلیشـیایانە،

مەسـیحییەکان ئـاوارە بوونـەوە“.

یاقـۆ جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، کـە ئـەوان داوایـان لـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی کـردووە، لـە دەسـتی حەشـدی شـەعبی بیانپارێزێـن و سـنوورێک لـە بـەردەم هەڕەشـە و مەترسـییەکانیان دابنێـن و دەڵـێ: ” ئەگـەر ئەوەمـان بـۆ ناکـەن، ئـەوا بـا ڕێگەمـان پێبـدەن کۆچـی بـە کۆمـەڵ بـۆ دەرەوەی وڵات بکەیـن“.

**پێشێلکارییەکانی حەشد لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکاندا!**

لـە ڕاپۆرتێکیـدا بـە ناونیشـانی (عێـراق: چاوپۆشـین لـە چەکدارکردنـی میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی)، ڕێکخـراوی لێبووردنـی نێودەوڵەتـی، میلیشـیا و گرووپـە چەکدارەکانـی ژێـر چەتـری حەشـدی شـەعبی بـە ئەنجامدانی پرۆسـەکانی کوشـتن و لەسێدارەدان، ڕفاندن و ئەشـکەنجەدان، پێشـیلکردنی مەترسـیداری مافەکانـی مـرۆڤ و یاسـای مرۆیـی نێودەوڵەتـی ” لەناویانـدا تاوانەکانـی جەنـگ“ تاوانبـار دەکات. لـە ڕاپۆرتەکـەدا کـە ئەمسـاڵ ٢٠١٧ بـڵاو کراوەتـەوە، ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی ناوبـراو، بـە گەڕانـەوە بـۆ هەمـوو ئـەو تاوانانـەی کـە ئـەو میلیشـیایانە لـە سـاڵی ٢٠١٤ دژی خەڵکـی سـڤیل ئەنجامیـان داوە، هاواکـت ئامـاژە بـە تاوانـە نوێیەکانـی ئـەم دواییانەشـیان دەکات.

بـە گوێـرەی ناوەڕۆکـی راپۆرتەکـە، دوای ڕزگارکردنـی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی داعـش، بـە بیانـووی ئـەوەی کـە ئـەو خەڵکانـەی لـە کاتـی دەسـەڵاتدارێتیی ئـەو ڕێکخـراوەدا لـە ناوچەکانیـان ماونەتـەوە، چەکـدار و لایەنگـری داعـش بوونـە، یـان هاوکاریـی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆی تیرۆریسـتانی داعشـیان کـردووە. میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی بـە شـێوەیەکی نـاڕەوا و لـە دەروەی هـەر یاسـا و عورفێـک، سـەدان کەسـیان

لــە پیــاو و مێرمنداڵــی ئــەو ناوچانــە ڕاســتەوخۆ گوللەبــاران کــردووە، بــە هەزارانیشــیان بــۆ شــوێنی نادیــار ڕفانــدووە و ئەشــکەنجەیان داون. ڕاپۆرتەکــە ئامــاژە بــەوە دەکات کــە میلیشــیاکان ئــەو خەڵکــە ســڤیلەیان لــە ماڵەکانــی خۆیــان، یــان لەســەر کار، یــان لەنــاو کەمپەکانــی ئاوارەیــی، یاخــود لــە خاڵەکانــی پشــکنین و شــوێنە گشــتییەکان دەســتگیر کــردووە و ڕاپێچیــان کــردوون، کــە تــا ئێســتا چارەنووســی ســەدان کــەس لــەو خەڵکــە دیــار نییــە. لەوەشــدا ڕێکخراوەکــە جەخــت لــەو تاوانانــە دەکات کــە میلیشــیاکان لــە گرتنــەوەی فەللوجــە و ناحیــەی ئامرلــی ئەنجامیــان داوە. وەک چــۆن ڕێکخــراوی ناوبــراو و چەندیــن ڕێکخــراوی دیکــەی نێودەوڵەتــی و لەناویانــدا ڕێکخراوەکانــی هیومــان رایتــس وۆچ و ئەمنیســتی ئەنتەرناشــیوناڵ، لــە دوا ڕاپۆرتەکانیانــدا، ئاماژەیــان بــە تاوانــە دژە مرۆییەکانــی ئــەو میلیشــیایانە کــردووە، کــە لــە ڕووداوەکانــی ئــەم دوایيــەی داگیرکردنــەوەی کەرکــووک و خورماتــوو و قەزاکانــی دەشــتی نەینــەوا و بــە هەمــان بیانــوو، دژی خەڵکــی ســڤیل ئەنجامیــان داوە. لــە کوشــتن و گرتــن و ئەشــکەنجەدانەوە بگــرە، تاکــو تاڵانکردنــی ســەروەت و ســامان و تەقاندنــەوەی خانــوو و ســووتاندنی مــاڵ و شــوێنی کار و گوزەرانــی خەڵکــی ئــەم ناوچانــە.

# کوردبوون وەک پرەنسیپ
# سەربەخۆیی وەک ستراتیژ

کوردبـوون پەیوەنـدی بـە شـوێنکاتەوە نییـە، بەڵکـوو پەیوەسـتە بـە ڕۆح و قووڵایـی هـزر و ئینتیـما و ڕاددەی هۆشـیاریی مـرۆڤ، بریتییـە لـە هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی. هـەر لـەو ڕوانگەیەشـەوەیە کـە مافـی بڕیـاردان لـە چارەنـووس و پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان، لـە دیـدی ئێمـەدا سـتراتیژە، نـەک تاکتیـک. پڕۆژەیـە، نـەک بەڵیندەرایەتی. پرۆسـەیە، نـەک یارییێکـی کاتـی. بـەو پێیـەی سـەربەخۆیی، سـتراتیژ و پـڕۆژە و پرۆسـەیەکی هەڵقـووڵاوی هۆشـمەندی و هۆشـیارییە، هۆشـمەندی و هۆشـیارییێک کـە درک بـەو ڕاسـتییە سیاسـی و مێژووییـە دەکات، بـە هێنانـەدی سـەربەخۆیی هـەروا ئاسـان نییـە. بـەو مانایـەی، ئـەو پرۆسـەیە بـە تێپەڕینـی ڕۆژگار و لـە سـای خەبـات و تێکۆشـانێکی نەپسـاوەی دوورمـەودا، دوای بڕینـی هـەوراز و لێژی و سـەختییەکان، پاش تێپەڕاندنی کۆسـپ و لەمپـەرەکان بـەر دەگـرێ و بـە ئـاکام دەگات.

لـەم گۆشـەنیگایەوە، ئەگـەر سـبەیش ڕیفرانـدۆم بکرێتـەوە، دووبـارە دەنـگ بـە (بەڵـێ) دەدەیـن و لـەو هەڵوێسـتەمان، نـەک هـەر پەشـیمان نیـن، بەڵکـو شانازیشـی پێـوە دەکەیـن. چونکـە ئـەو پرسـە لای ئێمـە باوەڕێکـی نەگـۆڕ و یەقینێکـی کۆنکرێتییـە. ڕاسـتتر، هۆشـیاری و بەرپرسـیارێتییە. بۆیەشـە بـە قـەد شـانازیکردنمان بـە بەشـداریکردن و سەرخسـتنی ڕیفرانـدۆم، زۆرتریـش خۆشـحاڵ بوویـن کـە لەوانـە نەبوویـن لـەو پرۆسـەیەدا، دەرویـش ئاسـا و بـە چـاوی نووقـاوەوە، دوای دروشـم و هوتـاف و هـەرا و هۆریـای حیـزب، کەفوکوڵ و جۆش و خرۆشـی سـەرکردە، هاشـوهوش و موزایەداتـی میدیـا کەوتـن. ئەوانـەی دوای خیانەتـی ١٦ی ئۆکتۆبـەر چوونـەوە قۆزاخـەی خۆیـان و شـەرم دەکـەن، داکۆکـی لـەو باوەڕەیـان بکـەن، کـە گوایـە دەنگیـان بـۆی داوە. وەک چـۆن، چەشـنی ئـەو پێـرە ڕۆژنامەنـووس، نووسـەر و ڕۆشـنبیرە (بێلایـەن و سـەربەخۆ و ئازادانەشـانەش!) نەبوویـن، کـە لەبـەر ڕقـی ئایدیۆلـۆژی و کینـەی سیاسـی بەرانبـەر فـڵان حـزب و فیسـار سـەرۆک، پەیڕەویـان لـە سیاسـەتی (کـەری دێـزە) کـرد و خۆیـان لـە هەڵدێـری عێراقچێتـی و عروبـەدا هاوێشـت. نـەک هـەر ئـەوە، بەڵکـوو دوای خیانەتەکـە چوونـەوە قاوغـی خۆیـان و لەگـەڵ ئـەوەی بوێـری و جوامێریـی ڕیسـواکردنی خیانەتکارییـان نەبـوو، کەچـی بێشـەرمانە، کەوتنـە تیـر و توانـج گرتـن لـە سـەربەخۆییخوازان!

بەهەرحـاڵ، لـە ڕوانگـەی یەقیـن و بـاوەڕی سـەربەخۆییخوازاندا، سـەربەخۆیی پرۆسـەیەک نییـە لـە خاڵێکـەوە دەسـت پێبکات و لـە پنتێکدا کۆتایـی پێبێـت. چونکـە سـەربەخۆیی وەک ئـەوەی بـڕوا و پرەنسـیپە، هـاوکات بەرپرسـیارێتی و بەرخـۆدان و بەردەوامیشـە. بۆیـە شکسـتپێهێنان بـە پـڕۆژەی سـەربەخۆیی نەتـەوە و نیشـتمانێک لـە شـوێنکاتێکی مێژوویـی و لـە سـای دۆخێکـی ناجـۆری هەرێمایەتـی و هەلومەرجێکـی

ڕیاکارانـەی نێودەوڵەتـی و کولتـووری ناپاکـی نێوخۆییـدا، هەرگیـز بـە مانـای کۆتاییهاتنـی پڕۆژەکـە و سـتۆکبوونی سـتراتیژەکە نایـەت. بـە لایەنـی کەمـەوە، لـە خەیـاڵ و ئەندێشـە و بیرکردنـەوەی سـەربەخۆییخوازاندا، ئەوانـەی نەتـەوە لـە سـەرکردە و نیشـتمان لـە حیـزب گەورەتـر دەبینـن. ئەوانـەی تێدەگـەن جیاوازییەکـی گـەورە لـە نێـوان کوردایەتـی، وەک بزووتنەوەیەکـی سیاسـی و کوردبـوون، وەک بـوون و شووناسـدا هەیـە. ئەوانـەی توانـای هەڵاوێرکردنـی دۆگمـی ئایدیۆلـۆژی و شـکۆی نەتەوەیـی، سـەروەریی نیشـتمانی و دەسـکەوتی سیاسـیان هەیـە.

بەداخـەوە، خیانەتـی ١٦ی ئۆکتۆبـەر هـەر بـە تەنیـا هـۆکاری لەدەسـتدانی سـنوورێکی جوگرافیـی فراوانـی کوردسـتان نەبـوو، کـە بـە خوێنـی سـەدان پێشـمەرگە ئـازاد کـرا، وەک چـۆن هـەر کاریگـەری لەسـەر گۆڕێنـی باڵانسـی هێـزی نێـوان کوردسـتان و عێـراق نەبـوو، تا ئەو ئاسـتەی حوکمڕانـە شـۆڤێنییەکانی بەغـدا ببنـە کەڵـەگا بەسـەر سـەری گەلـی کـورد، بەڵکـو ئـەو خیانەتـە گورزێکـی کوشندەیشـی لـە ڕەوتـی مێـژووی سـەت ساڵەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەییـمان دا، ژەهرێکـی کوشـندە بـوو ڕژێندرایـە مێشـکی خەڵـک و خەنجەرێـک بـوو، نامەردانـە لـە بزووتنـەوەی سـەربەخۆییخوازی گەلەکەمـان درا.

ئەگـەر ڕیفرانـدۆم بیانـووی دەسـتی ئەوانـە بێـت، کـە لەبـەر کینـەی سیاسـی و ڕقـی ئایدیۆلـۆژی، بـە هـۆکاری ئـەو کارەسـاتەی بزانـن، کـە ڕووبـەڕووی گەلەکەمـان بـووەوە، وەلـێ ئـەو بیانـووە لاوازە، هەرگیـز پاسـاوی ئـەو خیانەتـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییە ناداتـەوە، کـە بووەتـە بەشـێک لـە سـایکۆلۆژیای هەندێـک و خوێنێکـە بـە جینـات نەوەکانیـان بـۆ یەکـتری دەگوازنـەوە. خیانەتێـک کـە خەنجەرێکـی ژەهـراوی بـوو و ناجوامێرانـە و لـە دواوە لـە سـەربەخۆییخوازانی کـورد درا.

بەهەرحاڵ، کاتێ باس لە خیانەت دەکەین، ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە، کە هەڵە و کێماسی، خەوش و کەموکوڕی، درز و بۆشاییەکانی ناو پڕۆژەی سەربەخۆیی نادیدە بگرین. چونکە ئەو ڕاستییە باش دەزانین، کەوا گوتاری سەربەخۆیی و پڕۆژەی سەربەخۆییخوازیی ئێمە، هێشتا ناکامڵە و نەخەمڵیوە. ئەو ناکامڵی و نەخەمڵینەش بەشێکی پەیوەندی بە ستراکتۆری سیاسی، ئەتمۆسفیری کۆمەڵایەتی، پاشخانی ڕۆشنبیرییەوە هەیە. کاتێکیش لە کاردانەوەکانی دوای ڕیفراندۆم و ئاکامەکانی خیانەتەکە ورد دەبینەوە، باشتر درک بەو بۆشایی و خەوشانەی ناو هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سەربەخۆیی دەکەین. بۆشایی و خەوشگەلێک کە لە گوتاری حزبی و تەنانەت ڕووناکبیریش ڕەنگ دەدەنەوە و لە سای ئەو نابەرپرسیارێتییەی کایەی سیاسی و ڕووناکبیریی کوردیش، ڕەنگدانەوە و کاردانەوەکان لە نێوەندی کۆمەڵایەتی و ئاستی گەلێریدا بە جۆرێکن، کە خەڵکیان زارەترەک کردووە، تا ئاستی ڕاکردن لە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی.

بەداخەوە ململانێی سەقەتی حزبەکان (کە ململانێی دەسکەوت و ئیمتیاز و ڕقی مێژوویی و کینەی سیاسییە!)، هەروەها دابەشبوونی گوتاری ڕووناکبیریی کوردی (وەک بەشێک لە ململانێ حزبییەکە و درێژکراوەی ئەو!) و بچووکبوونەوەی تا ئاستی شار و گەڕەکچێتی، زیانێکی گەورەیان لە بزووتنەوەی سەربەخۆیی دا و ڕۆڵێکی ترسناکیشیان لە شێواندن و کوێرکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی گێڕا، تا ئەو ڕاددەیەی کوردبوون و کوردستانیبوون، لەبەر چاوی مرۆڤی کورد ناشیرین بێت و خەریکە ئەو بوون و شووناس و ئینتیمایە بە ئاقارێکی نەخوازراودا دەبرێ.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا پڕۆژەی سەربەخۆیی کۆتایی هات؟

ئاخـۆ خیانـەت و دەرهاویشـتە نەخوازراوەکانـی دوای خیانەتەکـە، بـەو مانایـە دێـن، کـە ئیـدی کـورد دەسـتبەرداری بـوون و شـووناس و مـاف و چارەنووسـی خـۆی بێـت؟ چ لۆژیکێـک لـەوە دایـە کۆمەڵـگا بـۆ ئـەو گوتـارە سـەقەتە حزبـی و تێڕوانینـە ڕووناکبیرییـە نەخۆشـە جێبهێڵیـن؟ ئایـا ڕەوای هەقـە کوردبـوون (وەک بـوون و شـووناس)، بکەینـە قوربانـی کوردایەتـی (وەک بزووتنەوەیەکـی سیاسـی)؟

بەڕاسـت، شـکۆی نەتەوەیـی و سـەروەریی نیشـتمانیی دەکەونـە کوێـی یادەوەریـی و هۆشـیاریی و ئایندەبینیـی ئێمـە؟

# دەوڵەت نەتەوە، یان نەتەوەدەوڵەت؟
# کورد لەناو وەهمی مێژوودا

مەبەسـتی ناونیشـانی ئـەم وتـارە، بـە هیـچ کلۆجیـک بـە مانـای نادیدەگرتـن و بـێ بەهـا سـەیرکردنی مێـژوو نییـە، بەڵکـو هەوڵێکـە بـۆ دەرزی ئاژنکردنـی یادەوەریـی نێوکۆیـی کـورد خۆی، هەروەهـا پەردەلادانە لەسـەر ئـەو دەسـتەپاچەییەی، بـە هـۆی خۆڕادەسـتکردنی بـۆ دەسـتی شـانازی مێـژوو و شـکۆی ڕابـردوو، کـوردی خسـتووەتە دەرەوەی سـووڕی مێـژوو خـۆی، تـا ئاسـتی توانـەوە لەناویـدا و ونکردنـی ئاسـۆکانی ئایندەی خـۆی و نەوەکانـی، وەک ئـەو بیرمەنـدەی کـە دەڵـێ " نەتەوەیـەک چـۆن دەتوانـێ تـا هەتایـە لەنـاو چنگـی مێـژوودا بمێنیتـەوە؟ چـۆن دەتوانـێ داهاتـووی خـۆی بونیـاد بنـێ کـە هێشـتا دیلـی ڕابـردووە، ڕابـردوو تیایـدا قەتیـس بـووە، ڕابردووییێـک بـە جۆرێـک دەیگوشـێ کـە گەردێـک وزەی ڕاچەنیـن و هێـزی جوڵانـی بـۆ ئایینـدە تێـدا نناهێڵـێ".،

بەهەرحـاڵ، قسـەکردن لەسـەر چەمکـی نەتـەوە و دەوڵـەت، یـان

شووناس و سەروەری، هەروەها پێشینەیی یەکێکیان بەسەر ئەوی تر، لەگەڵ سروشتی پەیوەندیی نێوانیان و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان، جەدەلێکی قووڵ و درێژ هەڵدەگرێ، بابەتێکە لە وتارێکی چەند وشەیەیی ڕۆژنامەیەکدا جێگای نابێتەوە و ئامانجی خۆی ناپێکێ.

ڕووداوە سیاسییەکان پرۆسەیەکی دووبارەبووەوەی ڕووت و پێدراوی جێگیر و بێ گیان نین، بەڵکو بە گوێرەی هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و دۆخە کۆمەڵایەتییەکان، هەمیشە لە جوڵە و گۆڕانکاریی بەردەوام دان. مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتیش پێمان دەڵێ، سەردەم و رووداو و پێشهاتەکان بە تەنیا یەک پێوەر، ناپێورێن. بۆیە لە ساتەوەختێکدا کە گەلەکەمان لەسەروبەندی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دایە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی، سەفسەتەی فەلسەفی و چەلەحانێی سیاسی، چاری دەردی ئێمە ناکەن.

لەم ڕوانگەیەوە، چیتر لە پرسێکی ئاوا چارەنووسسازدا، چەقەچەق و چەنەچەنی (نێرە، بیدۆشە)ی نێوانمان، نەک هەر خزمەت بە دۆزی ڕەوای نەتەوەییمان ناکات، بەڵکو زەبرێکی کوشندەش لە ئێستا و ئاییندەمان دەدات و بە دەستی خۆمان چاڵ بۆ لەگۆڕنانی ئامانجەکانمان هەڵدەکەنین، ئامانج و بەهای باڵا کە نزیک بە سەد ساڵە گەلەکەمان بە خوێن و گیان و سەر و ماڵ، تەنانەت بە ناموس و شەرەفی خۆیشی، قوربانی لەپێناودا داوە.

پاساودانەوەی ڕاکردن لە پرۆسەی ڕیفراندۆم، بە بیانووی پاشەکشەی بەها دیموکراسییەکان و ئەنجام نەدانی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، جگە لەوەی پاساوێکی پووچ و بێ بنەمایە، هاوکات خۆدزینەوەیەکی ئاشکرا و شەرمئاوەریشە لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و نیشتمانی سەر شانمان. چونکە گرفتی گەورەی ئێمەی کورد، ئەوە

نییـه کـه ئاخـۆ نەتـەوە پێـش دەوڵـەت دێـت، یـان دەوڵـەت پێـش ئـەو؟ ئایـا ئـەوە نەتەوەیـە دەوڵـەت دروسـت دەکات، یـان دەوڵەتـە نەتـەوە بەرهـەم دێنـێ؟ ئایـا شـووناس زامنـی سـەروەرییە، یاخـود سـەروەری، قـەڵای پاراسـتن و پتەوکردنـی شووناسـە؟

ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە پرسـی (نەتـەوە، واتـە خـاک) و (دەوڵەتیـش، لـە یـەک کاتـدا واتـە خـاک و گـەل و سیسـتەمی حوکمڕانـی) سـەرەتاییترین ئەلفوبـێ و فاکتـی جەدەلـی سیاسـی زیاتـر لـە دوو سـەدەیە. ئـەوەی ئاشـنای مێـژووی سیاسـیی سـەدەکانی حەڤـدە و هـەژدەی ئەوروپـا و فیکـر و فەلسـەفەی سیاسـی ئـەو سـەردەمە بێـت، ئـەو ئەلفوبێیـە بـاش دەزانـێ کـە بـەر لـە شۆڕشـی فەرەنسـی و یەکێتیـی نەتەوەیـی، ڕێکخسـتن و ڕێکخراوەیـی و بەدامەزراوەییکـردن، گەشـەی بـە یەکەمیـان دا و هـۆکار و بناغـەی گەشـەکردن و پێشـکەوتنی بـوون. واز لـەوە بێنـن کـە مێـژوو و ئەزموونـی دروسـتبوونی دەوڵەتانـی نـوێ، هـەر بـۆ نموونـە لـە ئیتاڵیـا و ئەڵمانیـاوە بگـرە، تـا ئەمریـکای ئەمـڕۆ، بەرهەمـی دیموکراسـی و بنەمـا و بەهاکانـی نەبـوون، بەڵکـو بەسـەر پشـتی ئێسـک و پرووسـکی مـرۆڤ و لەسـەر ڕووبـاری خوێـن بونیـاد نـران.

ئـەو مێـژووە پێـمان دەڵـێ، ئـەو بناغەیـەی کـە لـە مـاوەی دوو سـەدەی ڕابـردوودا دەوڵەتـی لەسـەر بونیـاد نـراوە، چەمکـی مافـی نەتەوە بـووە لـە بەرخوردبـوون لـە سـەروەری خـودی خـۆی. ئاشـکرا و ڕوونیشـە، کـەوا لەنـاو فەرهەنـگ و فیکـری سیاسـیی هاوچەرخـدا، سـەروەری بـە چ مانایـەک دێـت. دواجاریـش ئەزموونـەکان بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی کـە زۆربـەی هـەرە زۆری جـارەکان، خـودی ئـەو سـەروەرییە خودییـەی نەتـەوە (دەوڵـەت)، بووەتـە بنەڕەتـی یەکێتیـی نەتەوەیـی و پاراسـتنی شـووناس و لـە سـێبەریدا، تەبایـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و گەشـەکردنی

بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت و یاسا سالاری و دادپەروەری، گەشەیان کردووە و پتەو بوون.

قسەی ئێمە لێرە لەسەر مێژوو و خاک و زمان و شارستانییەت نییە، بەڵکو لەسەر جەوهەری خاوەن دەرکەوتن لەو بەها و گەنجینەیە و پاراستن و گەشەپێدانی دایە. بە مانایەکی دیکە، گرفتی ئێمەی کورد لە نەبوونی خاک و زمان و مێژووی هاوبەشدا نییە (بنەما کلاسیکییەکانی پێناسەی نەتەوە)، بەڵکو گرفتی سەرەکی و بنەڕەتیی ئێمە، لە نەبوونی چوارچێوە و قەوارەیەک دایە کە لە سایەیدا ئەم شووناسە گەشە بکات، چوارچێوەیەک کە تێیدا خاوەنی سەروەری بیت. تەنانەت ئەگەر باس لە بوونی کولتوور و فەرهەنگ و شارستانییەتی کوردیش بکەین، باسێکی بێ مانایە، لەکاتێکدا ئەو فەرهەنگ و کولتوور و شارستانییەتە لە سایەی خودسەروەریدا نەبێ، گەشە ناکات و پێش ناکەوێت. بەو پێیەی مێژووی گەلان و ئەزموونی دەوڵەتداری پێمان دەڵێن، کەوا گەشەی شارستانییەت و فەرهەگ و کولتووری نەتەوە، پەیوەستە بە گەشەی هۆشیاری و پێگەیشتوویی فیکری و مەعریفی نەتەوەکە خۆی، پرۆسەیەکی ئاواش لە سای خودسەروەریدا بەدی دێت، نەک لە سای ژێردەستەیی و داگیرکراویدا.

هیگڵ لە پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و ئازادیدا دەڵێ: " دەوڵەت ئەو فۆڕم و چوارچێوە مێژووییە تایبەتەیە کە لە سایەیدا، ئازادی بوونی بابەتیانەی خۆی وەدیدەهێنێ" ، یان ئەوەی کە لە شوێنێکدا دەوڵەت بە (ڕۆحی ڕەها نەتەوە) ناو دەبات. دیارە لەم نێوەدا بەشی ئەوە ئاگاییمان بە بۆچوونەکانی (کانت، نیچە، شوبنهاوەر، ڕۆسۆ، هۆبز) لەمەڕ جەدەلیەتی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئازادی، دەوڵەت و هاووڵاتی و ڕەهەندەکانی سیاسی و

کۆمەڵگەییەکانی دیکەی ئەو بابەتە هەیە، بەڵام لە ئاماژەدان بە ڕوانگەکەی (هیگڵ) بۆ دەوڵەت، مەبەستمانە بایەخی سەروەری بنرخێنین. بۆیە ئەگەر لەوەدا هاوکۆک بین کە هیچ دەوڵەتێک بەبێ بوونی مرۆڤ (نەتەوە) نەبووە و نابێ، ئەوا نابێ ئەو ڕاستییەش لەبیری خۆمان ببەینەوە کە دەوڵەت و سنوور و سەروەری، ئەو قەڵغانەن نەتەوە لە دۆخی مانەوە و بەردەوامیدا دەهێڵنەوە.. ئەو چەپەر و سەنگەرەن، لە مەترسیی توانەوە و لەناوچوون دەیپارێزن.. ئەو قووللە و قەڵایەن، لەناویدا بەرگری لە سووڕی ژیان و بەردەوامی خۆی دەکات.

هەڵەیەکی کوشندە دەکەین ئەگەر پێمان وابێت، نەخشەکان نابێ بگۆڕدرێن، یان ئەگەری گۆڕانی نەخشەی جوگرافی بوونی نییە، چییە گوایە نەتەوەکان ئەو دەوڵەتانەیان بونیاد ناون. بە پێچەوانەوە، ئەوە نەتەوەکان نین دەوڵەتیان دامەزراندووە و دایدەمەزرێنن، بەڵکو ئەوە دەوڵەتە کە دواجار وەک قەوارەیەکی سیاسیی خاوەن شکۆ و سەروەری، نەتەوە و شووناس بەرهەم دێنێتەوە.

بە لایەنی کەمەوە، مێژووی سەدساڵی ڕابردووی ناوچەکە و جیهان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەوە عەرەبەکان نەبوون، (٢٢) دەوڵەتیان بۆ خۆیان دروست کرد. ئەوە تورک نەبوو، دەوڵەتی بۆ خۆی دروست کرد. ئەوە ئیرادەی یەکگرتووی ئەڵمانییەکان نەبوو، دیواری بەرلینی ڕووخاند. ئەوە شەڕ و شۆڕشی نەتەوە نەبوو، دەوڵەتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی لە چوارچێوە و فۆڕم و بەرگێکی دیکەدا داڕشتەوە، بەڵکو ئەوە پێدراو و پێشهاتە سیاسییەکان، بەرژەوەندی و ململانێی هێز و سەرمایە بوون. ئەوەی هەنووکە مێژوو دروست دەکات و شووناس لە فۆڕمی ڕێزلێگیراویدا بەرهەم دێنێ، شەڕ و شۆڕش و توانای جەستەیی

و هێـزی بـازووی نەتـەوە نییـە، بەڵکـو بوونـی ئیـرادەی سیاسـی و ویسـتی خۆسـەلماندنە لەسـەر نەخشـەی نوێـی دونیـا، لەنـاو گوتـاری سیاسـیی نەتـەوەدا، وەبەرهێنانـە لەنـاو گەمـەی سـەرمایە و هێـزدا بـە قازانجـی زامنکردنـی سـەروەری.

لـەم گۆشـەنیگایەوە، بـۆ ئـەوەی کورد ئـەو گرێیـە مێژووییـەی بکاتەوە، بـۆ ئـەوەی ببێتـەوە بـە خـۆی و لـە خـودی خـۆی بـە خـاوەن دەرکەوێـت. سـەرەتا دەبـێ خـۆی لـەو تـرس و فۆبیایـەی ناڕەزایـی ئـەم و هەڕەشـەی ئـەو دامباڵـێ و نەکەوێتـەوە ژێـر بـاری سـۆزی برایەتیـی سـاختە و بەیەکەوەژیانـی درۆینـەی لەگـەڵ داگیرکەرانـی وڵاتەکەیـدا. هـاوکات چیـتر نابـێ بـە درۆی شـاخداری جاڕنامـەی مافەکانـی مـرۆڤ، ڕێککەوتننامـەی تایبـەت بـە مافـی سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی کەمینـە و پێکهاتـەکان، هاوسـۆزی درۆینـەی سـەکۆ و ڕێکخـراوە مرۆیـی و نێودەوڵەتیـەکان هەڵبخەڵەتـێ و لـەو دەرگایانـەدا سـواڵ بـکات و بنوزێتـەوە، بەڵکـو ئەوەنـدەی بەسـە ئیرادەیەکـی سیاسـیی ڕاسـتگۆ و باوەڕبەخۆکـردووی هەبێـت، ویسـتێکی ئیرادەگەرانـەی دەسـتەجەمعی کۆمەڵگـە هەبێـت، یەکڕیـزی و یەکدەنگـی هەبێـت، بـۆ دەرچـوون لـەو دۆخـە ناسروشـتییەی خـۆی، بـۆ تێپەڕاندنـی مەینەتـی بـێ دەوڵەتـی و بـێ سـەروەری.

لەڕاسـتیدا ئێسـتای ئێمـە، ئـەو دۆخـەی هەنووکـە ئێمـە تێیـدا دەگوزەرێنیـن، ئـەو ململانـێ و بەریەککەوتنانەمـان لەناوخۆمانـدا، ئـەو چرکەسـاتەیە کـە هیگڵ نـاوی ناوە (چرکەسـاتی هۆشـیاریی ئازارچەشـتوو)، چرکەسـاتێک، برینـی ئاگایـی و هۆشـیارییێک دەبـێ بێدارمـان بکاتـەوە لـەوەی لـەو ڕاسـتییە تێبگەیـن، کـەوا کـورد و هیـچ گەلێکـی دیکـە لـە دەرەوەی ئـەو شـکۆیە، لـە نەبوونـی ئـەو چوارچێـوە و سـەروەرییەدا، ناتوانـێ وەک نەتـەوە خـۆی پێنـاس بـکات، وەک نەتـەوە بێتـەوە نـاو

مێـژوو، وەک نەتـەوە شـان و باڵـی بـە پاشـخانی فەرهەنـگ و کولتـوور و شارسـتانییەت بـا بـدا.

دواجـار بـە قسـیەکی (د. زەکـی نەجیـب مەحمـوود) لـە بـارەی مەترسـیی زاڵبوونـی دەسـەڵاتی ڕابـردوو بەسـەر ئێسـتا و کاریگەرییـە نەرێنییەکانـی بەسـەر ئاییندەدا کۆتایـی دێنیـن کـە دەڵـێ: " باڵادەسـتی و هەژموونـی ڕابـردوو بەسـەر ئێسـتا، وەک هەژموونـی مـردووەکان وایـە بەسـەر زیندووەکانـدا، بۆیـە شـتێکی سـەیرە مـردووەکان ئـەم شـێوە هەژمـوون و باڵادەسـتی و زاڵبوونەیـان هەبێـت" .

# دەوڵەتی کوردستان، نەک دەوڵەتی کوردی

کـورد کـە بـە درێژایـی سـەدان سـاڵ بـە دەسـت جـەور و سـتەمی دوژمـن و داگیرکـەران و شـۆڤینیزمی نەتـەوەی سەردەسـت، ئازارێکی زۆری چەشـتووە. هـاوکات بـە هـۆی ئـەم داگیـرکاری و دڕندەییـەی سیسـتەمە حوکمڕانـەکان، نـەک تەنیـا لـە مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی بێبـەش کـراوە، بەڵکـو مافـی مرۆییشـی پـێ ڕەوا نەبیـنراوە. مافـی ژیـان و هەناسـەدان و بـە خـاوەن دەرکەوتـن لـە شـووناس و زمـان و کولتـووری خـۆی، مافگەلێـک کـە سروشـت کـرد و خودایـین. بۆیـە کاتـێ دێتـە سـەر ئـەوەی لـە هێنانـەدی ئەمانجـە سـتراتیژییەکەی کـە سـەروەریی نیشـتمانی و شـکۆی نەتەوەییـە نزیـک دەبێتـەوە، هـاوکات هەلـی ئـەوەی بـۆ دەڕەخسـێ، ببێتـە خـاوەن کیـان و ئـاڵا و سـنوور و سـەروەریی خـۆی، دەبـێ هەمیشـە ئـەوەی لەبەرچـاو بێـت کـە دەوڵەتـی کوردسـتان بونیـاد دەنـێ، نـەک دەوڵەتـی کـوردی!

یەکێـک لـەو دەسـکەوت و سـەروەرییە مێژووییانـەی کـورد شـانازی پێـوە دەکات، ئەوەیـە کـە کوردسـتان بـە درێژایـی مێـژوو، سـەرزەمینی بەیەکەوەژیانـی ئاشـتییانەی نێـوان نەتـەوە جیـاوازەکان (کـورد، تورکـمان، ئاشـووری، کلدانـی، سریانـی) و ئایینـەکان (موسـڵمان، جـوو، مەسـیحی، ئێـزدی، کاکەیـی، سـابیئە و...) بـووە. بـەو مانایـەی، دواجـار ئەوانیـش وەک کـورد هاووڵاتیـی ئـەم وڵاتـەن و دەبـێ لـە بـەری سـەربەخۆیی و دەوڵەتـی کوردسـتان بەرخـورد بـن. ئاخـر هـەر بـۆ نموونـە، کـەم نیـن ئـەو ئێـزدی، کاکەیـی و مەسـیحییانەی لـە ڕیـزی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیی کوردسـتان، لـە سـەردەمی شـاخ و پێشـمەرگایەتی لەگـەڵ ڕۆڵەکانـی کـورددا، لـە یـەک سـەنگەر گیانیـان بەخـت کـردووە. وەک چـۆن چەندیـن تیکۆشەریشـیان هـەر بـە هـۆی پابەندبوونیان بـەم پرەنسـیپە شۆڕشـگێڕییانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان، لـە زیندانەکانـدا و لـە ژێـر زەبـری ئەشـکەنجەی جەللادەکانـدا گیانیـان بەخشـی. کەواتـە بـۆ ئـەوەی هەمـووان بـەری هاووڵاتیبـوون لـە درەختـی دەوڵەتـی داهاتـوودا بڕنـن، هەموویـان شـانازی بـە وەدیهێنانـی ئـەو ئامانجـە بکـەن، هەموویـان پێگیربـن بـە بەیەکەوەژیانـی ئاشـتییانە، هەموویـان هەسـت بکـەن ڕێـز لـە بـوون و بەهـا و شووناسـی مرۆیـی، نەتەوەیـی و ئایینـی و کولتوورییـان گیـراوە و دەگیـرێ، پێویسـتە ناسـنامەی ئـەم دەوڵەتـە جێـی هەمـوو ئەوانـەی تێـدا ببێتـەوە، لەمەشـدا تەنیـا نـاوی کوردسـتان، وەک جوگرافیـا و مێـژوو، وەک نموونـەی بـەرزی نـاو ژیانـی ئاشـتەوایی پێکهاتـەکان، دەتوانـێ گوزارشـت لـەم هەمەڕەنگـی و فرەکولتوورییـە بـکات.

کـورد ئەگەرچـی لـەو نێـوەدا و بـە درێژایـی مێـژووی داگیرکاریـی وڵاتەکـەی، بەشـی شـێر و زۆر لەوەیـش زیاتـری لـە خەبـات و قوربانیـدان بەرکەوتـووە، بـەڵام هەمیشـە دەبـێ یادەوەریـی بچێتـەوە سـەر ڕۆژانـی

چەوسانەوەی خۆی بە دەستی بیری شۆڤینیزمی گەلانی سەردەست و حوکمڕانەکانیان. دەبێ بەردەوام ئاوڕێکی لە دواوەی خۆی بێت و تارمایی ئەو جیاکارییە نەتەوەیی و ئایینی و کولتووری و نەژادییە ببێنێ کە دوژمنان لەسەر وڵاتی خۆی دەرهەقیان پەیڕەویان دەکرد. پێویست دەکات دەست بەم شانازی و سەروەری و شکۆیەوە بگرێت، بەوەی چۆن لە ڕابردوو و ئێستا، داکۆکیکاری مافی پێکهاتەکانی دیکەی ناو وڵاتەکەی بووە، لە داهاتووشدا ڕژد و سوورتر دەبێت لەسەر ئەم پەیام و پرەنسیپە مرۆیی و ئەخلاقییەی. ئەمەش تەنیا بەوە دەکرێ، خۆی لەبەرچاوتەنگیی نەتەوەیی دوور بگرێ، ژەهری شۆڤینیزم نەڕژێنێتە هۆشیاریی نەوەکانی، دەبێ دەوڵەتی کوردستان، دەوڵەتی فرەڕەنگ و فرەدەنگیی پێکهاتەکان، پەیام و سەرمەشقی کاری بێت. کاتێک کە دەڵێین دەوڵەتی کوردستان، ئەمە هیچ لە ناسنامەی مێژوویی و جوگرافیی کوردبوونی ئەو خاکە کەم ناکاتەوە، بە قەد ئەوەی بەها و سەنگێکی زیاتری پێ دەدات.

بەداخەوە لە سەروبەندی ڕیفراندۆم و پرسی سەربەخۆییدا، جار جار لێرە و لەوێ، دەنگێکی نەشاز، گوتارێکی سەقەت، پەیامێکی نەخۆش (ئیتر بە ئاگاییەوە بێت، یان نائاگایی.. بە زانابیەوە بێت، یان نەزانی.. لە هۆشیارییەوە بێت، یان سەرخۆشی، بە ئەنقەست بێت، یان هەڕەمەکی، بە نیازخراپییەوە بێت، یان سادەیی و ساویلکەیی و.....) دەبیستین، دەوڵەتی کوردی کردووەتە دروشم و دەیجوێتەوە. لەکاتێکدا ئەو ئامانجەی کە کورد قوربانی لە پێناودا، خوێنی لە ڕێگادا ڕشت، دەوڵەتی کوردستان و بنەماکانی دیموکراسییەت و کۆمەڵگایەکی ڕەنگاوڕەنگ بووە. واتە خەمی کورد بە درێژایی مێژووی شۆڕش و تیکۆشانی، خەمە سەرەکییەکەی هەر بونیادنانی دەوڵەت و

سـەروەری نەبـووە، بەڵکـو بنەمـا و بەهـا بەرزەکانـی دیموکراسـییەت و بەیەکەوەژیانـی ئاشـتییانە و دادپەروەیـی کۆمەڵایەتـی، ئامانـج و سـتراتیژی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد بوونـە.

لـەم گۆشـەنیگایەوە و بـۆ ئـەوەی ئـەم ئامانجانـە بێنـە دی، ئـەوا دەوڵەتـی کوردسـتان بـە شووناسـی نیشـتمانیی دیموکراسـییانەی خـۆی، نـەک بە شووناسـی نەتەوەیـی بەرچاوتەنگ، بەرجەسـتەکەری ڕاسـتەقینەی ئـەم بنەمـا و بەهایانـە دەبـێ، وەک چـۆن بناغـەی پتـەوی گەشـەپێدانی بەیەکەوەژیـان دەبێـت. دەوڵەتێـک دەبێـت تیایـدا مـرۆڤ بـە بـوون و بەهـا سروشـتییەکەی خۆیـەوە، بـە شووناسـە مرۆییەکـەی خۆیـەوە، بـەر لـە شووناسـە ڕەگـەزی و نەتەوەیـی و ئایینـی و مەزهەبییەکـەی، سـەرچاوە و سـەنتەر دەبێـت، بـەو مانایـەی چەمکـی هاووڵاتیبـوون چەقـی بایـەخ پێدانـی دەبێـت. ڕوونـتر بڵێیـن، دەبـێ دەوڵەتێـک بێـت (وەک چـۆن بـە درێژایـی ئەزموونـی بیسـت و ئەوەنـدە سـاڵەی دوای ڕاپەڕیـن پێکهاتـەکان مافیـان پارێـزراو بـوو، سـەرەڕای گلەیـی و ڕەخنەشـمان لـە هەنـدێ بـواردا) سـبەی ڕۆژیـش لـە سـای دەوڵەتـی کوردسـتاندا، هاوشـێوەی کـورد (ئاشـووری، سریانـی، کلدانـی و تورکـمان.. مەسـیحی، ئێـزدی، جـوو، کاکەیـی و سـابیئە) هەسـت بـەوە بکـەن کـە هاووڵاتیـی کوردسـتانن.

دواجـار نابـێ ئەوەمـان لەبیـر بچێـت، ئـەو بنەمـا و بناغەیـەی کـە دەتوانـێ ئـەو ناسـنامە نیشـتمانی، دیموکراسـی و مەدەنییـەی دەوڵەتـی کوردسـتان مسـۆگەر و پتـەو و تۆکمـە بـکات، سـیکۆلاریزمە، دیـارە ئەویـش گرێـدراوی بوونـی دەسـتوورێکی سیکۆلارە. واتـە دەبـێ دەوڵەتـی کوردسـتان دەوڵەتێکـی سـیکۆلار بێـت، نـەک دەوڵەتـی ئایینـی و مەزهەبی و تەریقـەت. دەوڵەتێـک بێـت ئازادییـە تاکەکەسـی و گشـتییەکان، مافەکانـی مـرۆڤ بـە گشـتی و لـە نێویانـدا ئـازادی و مافەکانـی ژنـان

زامـن و مسـۆگەر بـگات. دەوڵەتێـک لـە ئاسـت پێداویسـتییە کۆمەڵایەتـی و خزمەتگوزارییـە ژیانییەکانـی (ئاسـایش، هەلـی کار، گـوزەران، پـەروەردە، تەندروسـتی) هاووڵاتیـان دابێـت، دەوڵەتێـک کار بـۆ چەسـپاندنی دادپـەروەری و وەک یەکـی هاووڵاتیـان لەبـەردەم یاسـا لـە ئـەرک و مافـدا بـکات.

پاشبەند...

# پێشێلکارییەکانی حکوومەتی عێراق بەرانبەر دەستووری عێراق

٦٣ ماددەی دەستووری عێراق بەتەواوی یان چەند بڕگەیەکیان پێشێل کراوە

وەرگێڕان و پوختکردنەوەی:

## دیار عەزیز مستەفا (باس)

بەگوێـرەی بەڵگەنامەیـەک کـە وێنەیەکـی دەسـت (بـاس) کەوتـووە و لەلایـەن ژمارەیـەک لـە شـارەزا و مامۆسـتای یاسـای دەسـتووری و یاسـا و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان لـە ئاسـتێکی بـاڵا لـە هەرێمـی کوردسـتان ئامـادە کـراوە، بـە شـێوەیەکی ورد سـەرجەم ئـەو بڕگـە و ماددانـە دەستنیشـان کـراون، کـە حکوومەتـی ئیتیحـادی لـە دەسـتووری هەمیشـەیی ٢٠٠٥ی عێراقـدا پێشـێلکاریی تێیانـدا کردووە.لـە پێشـەکیی ڕاپۆرتەکـەدا هاتـووە، گەلـی کوردسـتان کـە سـەرجەم ڕەگـەز و بنەماکانـی ناسـنامەی ڕۆشـنبیری و نەتەوەیـی و سیاسـیی سـەربەخۆی تێدایـە و هـەزاران سـاڵە لەسـەر نیشـتمانەکەی (کوردسـتان) بـوون و ناسـنامەی خـۆی پاراسـتووە، بەهـۆی ناکۆکـی لەسـەر ئیرادەکـەی و لەژێـر کاریگەریی بەرژەوەندیـی وڵاتانـی زلهێـز و هاوکێشـە سیاسـییەکانی پەیوەندیـدار بـە ململانێـی هێـزە هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان، لـەدوای جەنگـی جیهانیـی

یەکەمەوە بەزۆرەملێ بە عێراقەوە لکێنراوە و ڕووبەڕووی سەرکوتکردن بووەتەوە و لەلایەن حکوومەتەکانی عێراقەوە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و نەتەوەیی کراوە و ماف و ئازادییەکانی پێشێل کراوە، هەروەها کەوتووەتە بەر کۆمەڵکوژی و ئەنفال و چەکی کیمایی قەدەغەکراوی لە دژدا بەکار هێنراوە و تووشی کۆچ و کۆچپێکردنی زۆرەملێ کراوەتەوە و سەرجەم جۆرەکانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەبەرامبەردا بەکار هێندراوە.لە ساڵی ١٩٩١دا گەلی کوردستان لە دژی ڕژێمی بەعسی عێراقی ڕاپەڕی و دواتر لە ڕێگەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە ناوچەیەکی ئارامی بۆ دابین کرا.سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕۆڵێکی دیاری لە ئامادەکاریی سیاسی و سەربازی بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئازادکردنەوەی عێراق گێڕا و دواتر سەرجەم تواناکانی لەپێناو نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ لە عێراق تەرخان کرد، لە ئەنجامیشدا ساڵی ٢٠٠٥ لە چوارچێوەی ڕیفراندۆمێکدا دەستووری عێراق پەسەند کرا، کە بنەما سەرەکییەکانی بونیاتنانی دەوڵەتی عێراقی تێدا جێگیر کرا.ئەوەی جێگەی داخە کە نوخبەی سیاسیی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانی بەغدا لە دەستوور دەرچوون و پێشێلیان کرد و لەجێگەی بەرژەوەندیی نیشتمانی و لێبووردەیی، پێکهاتەکانی عێراقیان پەراوێز خست و پاشکۆیەتییان لە جێگەی بڕیاری سیاسیی نەتەوەیی و سەربەخۆی عێراقی هەڵبژارد. بەو هۆیەوە پێشێلکارییەکی گەورەیان لە ماددەکانی دەستووری عێراق ئەنجام دا، کە لێرەدا سەرجەمیان دەخەینە ڕوو:

**تەوەری یەکەم:**

**پێشێلکردنی بنەمای فیدراڵی و شەراکەتی ڕاستەقینە**

بنەمای هاوبەشی، بنەمایەکی سەرەکییە لە دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، لەو ڕووەوە کە سیستەمی فیدراڵی بەبێ ڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە نایەتە دی. لە کاتێکدا لە بڕیاری ٢٣٦٧ی ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ٢٠١٧ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی تایبەت بە عێراق، جەخت لە گرنگیی ئەو بنەمایە کراوەتەوە، کە داوای بەهێزکردنی هاریکاریی نێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، بە ڕۆحیەتی (شەراکەتی ڕاستەقینە) لە چوارچێوەی دەستوور.دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقی فیدراڵ بە دەق ئەم بنەمایەی لە زۆر ماددەیدا جێگیر کردووە، ئەوەش لەپێناو گەرەنتیکردنی بە یەکپارچەیی مانەوەی عێراق و ڕازیکردنی هەرێمی کوردستان بە گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لە ١٩٩١ەوە بەهۆی پشتگوێخستنی مافەکانی کوردستان لەلایەن حکوومەتەکانی عێراق، سەربەخۆیی لەو پرۆسەیەدا هەبوو.دەوڵەتی عێراق لەساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا، ئەو بنەمایەی بە شێوەیەکی بەردەوام پێشێل کردووە و ماددەکانی دەستووری لەم بوارەدا جێبەجێ نەکردووە. لێرەدا ئەو ماددانە دەخەینە ڕوو کە عێراق لەو چوارچێوەیەدا پێشێلی کردوون:

١- ماددەی ١ی دەستووری عێراق: ئەو ماددەیە کە سیمای دەوڵەتی عێراق گۆڕی و شێواز و سروشتی سیستەمی حوکمی لە عێراق دیاری کرد، بە جەختکردنەوە لەوەی عێراق (یەک دەوڵەتی ئیتیحادیی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی تەواوە و سیستەمی حوکم تێیدا کۆماریی نوێنەرایەتیی (پەرلەمانی)ی دیموکراسییە. ئەو دەستوورە

گەرەنتییـە بـۆ یەکپارچەیـی عێـراق، بـەڵام دەسـەڵاتی ئیتیحـادی ئـەو گۆڕانکارییانـەی لـە دەوڵەتـی عێراقـدا نەکـرد وەک لـە ماددەکـەدا هەبـوو و ئێسـتا دوای تێپەڕبوونـی زیاتـر لـە ١٠ سـاڵ بەسـەر کەوتنـەکاری ئـەو دەسـتوورە، هێشـتا دەوڵەتـی عێـراق لـە (دەوڵەتێکـی سـادە)وە نزیکـە، لـە جێگـەی ئـەوەی دەوڵەتێکـی ئیتیحادیـی ڕاسـتەقینە بێـت. ئەویـش بەهـۆی جێبەجێنەکردنـی بنەمـا سـەرەکییەکانی سیسـتەمی فیدراڵـی وەک بنەمـای دوولایەنیـی دەسـەڵاتی یاسـادانانی عێراقـی و بنەمـای شـەراکەت و بنەمـای فـرە هەرێمـی.

٢- مـاددەی ٤ بڕگـەی (یەکـەم و دووەم):بەپێـی ئـەو ماددانـە، زمانەکانـی عەرەبـی و کـوردی دوو زمانـی فەرمیـن لـە عێـراق و دامـەزراوە ئیتیحادییەکانـدا. ئـەو ماددەیـە بـۆ گەرەنتیکردنـی جێبەجێکردنـی بەشـداریکردنی ڕاسـتەقینەی پێکهاتـە سـەرەکییەکانی دەوڵەتـی عێـراق (عـەرەب و کـورد) دانـدرا، بـەڵام لـە لایەنـی کرداریـدا حکوومەتـی عێـراق یاسـای زمانـە فەرمییەکانـی نەخسـتە واری جێبەجێکردنـەوە و تـا ئێسـتاش زمانـی کـوردی لـە دامـەزراوە ئیتیحادییـەکان و گفتوگـۆی نێـو دانیشـتنەکانی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێراقـدا پەراوێـز خـراوە، بۆیـە لـە چوارچێـوەی کـرداردا ئـەو ماددەیـە جێبەجـێ نەکـراوە و هێشـتا زمانـی کـوردی کـە یەکێکـە لـە زمانـە فەرمییەکانـی عێـراق، لەسـەر دراوی عێراقدا نییـە.

٣- مـاددەی ٩ - یەکـەم بڕگەکانـی ا و ب: ئـەم مادەیـە لەبەرچاوگرتنـی هاوسـەنگی و نوێنەرایەتیـی پێکهاتەکانـی گەلـی عێـراق لـە پێکهاتـەی سـوپای عێراقـدا دەسـەپێنێت، لـە کاتێکـدا دانـدرا کـە گەلـی عێـراق ئەزموونێکـی تاڵـی لەگـەڵ خـراپ بەکارهێنانـی سـوپای عێـراق لەلایـەن یەکێـک لـە پێکهاتـە نەتەوەیـی و تائیفییەکانـی عێراقـدا هەیـە و سـوپاکە

وەک ئامرازێـک بـۆ سـەرکوتکردنی نەتـەوە و پێکهاتەکانـی عێـراق بـەکار هێـنراوە. ئێسـتا دوای تێپەڕبوونـی زیاتـر لە ١٢ سـاڵ بەسـەر پەسـەندکردنی دەسـتووری نوێـی عێـراق، بەڕوونـی پێشـێلکردنی ئـەو بنەمایـە دەبینرێـت و هاوسـەنگیی پێکهاتـەکان لـە پێکهاتـەی سـوپای عێراقـدا نییـە، بەڵکـوو ژمارەیـەک میلیشـیای سـەربازیی لـەدەرەوەی چوارچێـوەی سـوپای عێراقـدا هەیـە کـە دیارترینیـان میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبییە، کـە بـە یاسـای ژمـارە ٤٠ی سـاڵی ٢٠١٦ی بـڵاو کـراوە لـە ڕۆژنامـەی وەقائیعـی فەرمیـی عێراقیـی ژمـارە ٤٤٢٩ی یاسـای (دەسـتەی حەشـدی شـەعبی)، لەلایـەن پەرلەمانـی عێـراق لـە ڕۆژی ٢٠١٦\١١\٢٦ بەیاسـایی کـراوە. بەهـۆی ئـەو یاسـایەوە، دەسـتەی حەشـدی شـەعبی پێکهاتەیەکـی سـەربازیی سـەربەخۆیە لـە سـوپای عێـراق، بەڵکـوو هێزێکـی بەرامبـەر و ڕکابـەری سـوپاکەیە و لەسـەر بنەمایەکـی تائیفـی دروسـت کـراوە، لـە کاتێکـدا هێزێکـی ناڕێکخـراو و ناپیشـەییە و هەڵوێسـتی سیاسـییان هەیـە.

٤- مـاددەی ١٢- یەکـەم: دەسـەڵاتی یاسـادانانی عێراقـی ئـەو ماددەیـەی جێبەجـێ نەکـردووە کـە تایبەتـە بـە ڕێکخسـتنی ئـاڵای عێـراق و دروشـمەکەی و سروودی نیشـتمانییەک کـە گوزارشـت لـە پێکهاتەکانـی گەلـی عێـراق بـکات، بەڵکـوو تـا ئێسـتا، ئـاڵای عێـراق و دروشـمەکەی و سروودی نیشـتمانی گوزارشـت لـە سـەرجەم پێکهاتەکانـی گەلـی عێـراق نـاکات، تەنانـەت گوزارشـت لـە پێکهاتـە سـەرەکییەکانی گەلـی عێراقیـش نـاکات.

٥- ماددەکانـی ٤٨، ٦٥ و ١٣٧: لە دیارترین پێشـێلکارییە سـەرەکییەکانی بنەمـای بەشـداریکردن لـە دەسـەڵاتی ئیتیحادیـی گشـتیی دەسـەڵاتی یاسـادانانی ئیتیحادیـدا، جێبەجێنەکردنـی ئـەو ماددانەیـە لـە دەسـتووری عێراقـدا کـە پەیوەندیـدارە بـە بەدیهێنانـی بنەمـای بەشـداریکردن و

بەدیهێنانــی هاوســەنگی لەنێــوان دەســەڵاتی ئیتیحــادی و دەســەڵاتی هەرێمــەکان لــە چوارچێــوەی پێکهێنانــی ئەنجومەنــی ئیتیحــادی (ئەنجومەنــی دووەمــی پەرلەمــان). بەڵکــوو تــا ئەمــڕۆ پەرلەمانــی عێــراق تەنیــا بەپێــی بنەمــای زۆرینــە و بەبــێ لەبەرچاوگرتنــی ڕای هەرێــم و پارێــزگاکان، یاســا دەردەکات، ئەمــەش وای کــردووە کــە بەرژەوەندیــی هەرێمــەکان و پارێــزگاکان بکەوێتــە ژێــر ڕەحمەتــی حزبــە گــەورەکان. هەروەهــا بەرژەوەندیــی پێکهاتەکانــی (ســوننە و کــورد) لەژێــر ڕەحمەتــی پێکهاتــەی شــیعەی عێراقــدا بێــت، کــە زۆرینــەی گەلــی عێــراق و زۆرینــەی پەرلەمانــی عێــراق پێکدەهێنێــت. هیــچ بەڵگەیەکیــش لەســەر ئــەوە نییــە کــە پەرلەمانــی عێــراق یاســای پێکهێنانــی ئەنجومەنــی ئیتیحــادی لــە ئایندەیەکــی نزیکــدا دەربــکات.

٦- مــاددەی ٩٢: ئــەو ماددەیــە جەخــت لــە زەروورەتــی پێکهێنانــی دادگایەکــی ئیتیحــادی لــە چوارچێــوەی یاســایەک کــە لــە پەرلەمانــی عێراقــەوە دەربکرێــت، دەکاتــەوە، بــەڵام تــا ئێســتاش پەرلەمانــی عێــراق لــە لایەنــی کرداریــدا ئــەو ماددەیــەی لــەکار خســتووە و یاســایەکی دەرنەکــردووە کــە کاری دادگای ئیتیحــادی بەپێــی دەســتوور ڕێــک بخــات.

٧- ماددەکانــی ١٠٥، ١٠٦ و ١٠٧: جەخــت لــە زەروورەتــی دامەزراندنــی کۆمەڵێــک دەســتە دەکاتــەوە بەپێــی یاســا، وەک (دەســتەی گشــتی بــۆ گەرەنتیکردنــی مافــی هەرێمــەکان و پارێــزگا نەبەســتراوەکان بــە هەرێمــەکان)، (لــە بەشــداریکردنی دادپەروەرانــە لــە ئیدارەدانــی دامەزراوەکانــی دەوڵەتــی ئیتیحــادی، نوێنەرایەتــی و زەمالەکانــی خوێنــدن، شــاندەکان و کۆنگــرە هەرێمــی و نێودەوڵەتییــەکان، کــە دەبــێ ئــەو شــاندانە لــە نوێنەرانــی حکوومەتــی ئیتیحــادی و هەرێمــەکان و پارێــزگا نەبەســتراوەکان بــە هەرێــم پێــک بێــن). هەروەهــا دامەزراندنــی

(دەستەی گشتیی چاودێریکردنی تەرخانکردنی داهاتەکانی دەوڵەتی ئیتیحادی، ئەنجومەنی خزمەتگوزارییە گشتییە ئیتیحادییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەرکی گشتیی ئیتیحادی لەنێویاندا دامەزراندن و خانەنشینکردن..). بەڵام لە ئەرزی واقیعدا دەسەڵاتی ئیتیحادیی عێراقی هیچ هەنگاوێکی بە ئاراستەی دامەزراندنی ئەو دەستانە بۆ جێبەجێکردنی بنەمای فیدراڵی و شەراکەتی ڕاستەقینە نەناوە و هیچ بەرنامەیەکیش بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادده گرنگانە نییە کە بۆ پاراستنی مافەکانی گەلی کورد لای دەسەڵاتی ئیتیحادی زەروورن.

٨- ماددەکانی ١١٧\ دووەم، ١١٨ و ١١٩: ئەو ماددانە پەیوەندیدارن بە دامەزراندنی هەرێمی نوێ لە عێراقدا کە دەستوور ڕێگەی پێ داوە، بەڵام حکوومەتەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا دژایەتیی دامەزراندنی هەرێمی نوێیان لە عێراقدا کردووە، ئەویش بە شێوەی ئاشکرا یان نائاشکرا. دیارترین نموونەش لەمبارەیەوە ئەوەیە کە لە ڕۆژی ٢٠١١\١٠\٢٧، ئەنجومەنی پارێزگای سەڵاحەدین بڕیاری ئەوەی دا کە پارێزگاکە ببێتە هەرێمێکی فیدراڵی بەپێی دەستوور و داواکە بۆ حکوومەتی ئیتیحادی بەرز کرایەوە، بەڵام لەلایەن سەرۆک وەزیرانی ئەوسای عێراق (نووری مالیکی) ڕەت کرایەوە. دواتریش بەهۆی قبووڵنەکردنی ئەو بابەتە لەلایەن حکوومەتی ئیتیحادییەوە، کارکردن لەو دۆسیەیەدا وەستێنرا.

٩- ماددەی ١١٢١ دووەم و چوارەم: ئەم مادەیە پەیوەندیدارە بە مافە دارایی و دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ەوە هەرێمی کوردستان پشکی دادپەروەرانەی خۆی لە داهاتەکانی عێراقدا پێ نەدراوە و لە زۆربەی باڵویزخانە و نوێنەرایەتییەکانی عێراقدا، نووسینگەی نوێنەرایەتیی دیپلۆماسیی

هەرێمــی کوردســتان دانەمــەزراوە.

١٠- مـاددەی ١٤١: حکوومەتـی عێـراق دژایەتیـی جێبەجێکردنـی ئـەو ماددەیـەی کـرد لـە ڕێگـەی دژایەتیکردنـی ئـەو یاسـا و بڕیارانـەی لـە هەرێمـی کوردسـتانەوە دەرکـراون.

١١- یاسـای هەڵبژاردنـە گشـتییەکانی عێـراق: پەرلەمانـی عێـراق بەپێی زۆرینـەی ڕەهـا و بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی تێبینییەکانـی هەرێمی کوردسـتان، یاسـای هەڵبژاردنـە گشـتییەکانی عێراقـی دەرکـرد کـە بەهۆیـەوە عێـراق بەسـەر ژمارەیـەک بازنـەی هەڵبژاردنـدا دابـەش کـران، کـە یەکسـانن بـە ژمـارەی پارێـزگاکان، لـە کاتێکـدا لـە یەکەمیـن هەڵبژاردنـدا عێـراق وەک یـەک بازنـەی هەڵبـژاردن دیـاری کرابـوو، ئـەوەش بـە پێشـێلکارییەک لـە بنەمـای شـەراکەتی راستەقینە دادەنرێـت، لەبـەر زۆر هـۆکار:

یەکـەم، پەرلەمانـی عێـراق ژمـارەی کورسـییەکانی پەرلەمانـی بەسـەر پارێزگاکانــدا دابــەش کــرد، لەســەر بنەمــای کــۆی دانیشــتووانی هــەر پارێزگایـەک لـە کـۆی دانیشـتووانی عێـراق، بـەڵام لـە حاڵەتـی نەبوونـی سـەرژمێریی گشـتیی باوەڕپێکـراو (تـا ئێسـتا)، ناتوانـرێ ژمـارەی دانیشــتووان بــەوردی دیــاری بکرێــت.

دووەم، عێـراق بـۆ ژمارەیـەک بازنـەی هەڵبـژاردن دابـەش کـرا، بەبـێ تەرخانکردنـی کورسـی بـۆ کەمینەکان بـە شـێوەیەکی نادپەروەرانە، ئەوەش وای لـە کەمینـەکان کـرد کـە کورسـییە شایسـتەکانیان لەدەسـت بـدەن. جگـە لـەوەی ئەمانـە لـە نەبوونـی ئەنجومەنـی ئیتیحـادی (ئەنجومەنـی هەرێمـەکان) دەبێتـە هـۆی پێشـێلکردنی بنەمـای شـەراکەتی ڕاسـتەقینە و کاریگەریـی لەسـەر بنەمـای سـازان لەنێـو دەسـەڵاتی یاسـادانان دەبێـت.

**تەوەری دووەم:**

**پێشێلکردنی بنەمای دیموکراسی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان**

دەسـەڵاتی ئیتیحـادی پابەنـدی بنەمـای جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان نەبـووە، کـە بە سـتوونی سیسـتەمی دیموکراسـی و گەرەنتیـی دامەزراندنی دەوڵەتێکـی مەدەنـی دادەنـرێ. لـە کاتێکـدا مـاددەی ٤٧ لـە دەسـتووری هەمیشـەیی ٢٠٠٥ی عێراقـدا بـە دەق ئـەوە دیـاری کـراوە کـە دەسـەڵاتی ئیتیحـادی لــە دەســەڵاتەکانی (یاســادانان، جێبەجێکــردن و دادوەری) پێکدێــت و لەســەر بنەمــای جیاکردنــەوەی دەســەڵاتەکاندا ئەرکەکانیــان جێبەجــێ دەکــەن. بــەڵام ئــەو جیاکردنەوەیــە وەک چــاوەڕوان دەکــرا، جێبەجــێ نەکــرا و دامەزراندنــی (دەمــەزراوە ئیتیحادییــە پێویســتەکان بــۆ جیاکردنــەوەی دەســەڵاتەکان) تــەواو نەکــران و هیــچ یاســایەکیش دەرنەکـرا، کـە لەگـەڵ ئـەم بابەتـەدا هاوئاهەنـگ بـێ، کـە بـە ڕۆحـی سیسـتەمی دیموکراسـی دادەنـرێ و باڵادەسـتیی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن بەســەر دەســەڵاتەکانی دادوەری و یاســادانان دەبینرێــن. لێــرەدا وردتــر ڕوونیــان دەکەینــەوە:

١- ماددەکانــی (١٣٠، ١١٩\ پێنجــەم و ١١٢\ ئەلیــف، ١٣٧ یەکــەم\ ب و مــاددەی ٨٨) بەپێــی مــاددەی ١٣٠ی دەســتوور بــە دەق نووســیویەتی: (ئــەو یاســایانەی کارپێکــراون بــەردەوام کاریــان پــێ دەکرێــت، ئەگــەر بەپێــی حوکمەکانــی ئــەو دەســتووره هەڵنەوەشــابنەوە یــان هەمــوار نەکرابنــەوە). بــەڵام هێشــتا کار بــە زۆر بڕیــاری (مەجلیس قیــادە ســەورە) ی هەڵوەشــاوەی ســەردەمی ڕژێمــی بەعــس دەکرێــت، کــە دەســەڵاتی دادوەری بــە دەســەڵاتی جێبەجێکــردن دەدات. جگــە لــەوەی مــاددەی (١١٩\پێنجــەم) و مــاددەی (١١٢\١١٩\ئەلیــف) و مــاددەی (١٣٧\یەکــەم\ب) و مــاددەی ٨٨ جەختیــان لــەوە کردووەتــەوە: (تۆمەتبــار بــێ تاوانــە تــا لــە

دادگایەکی یاسایی دادپەروەردا تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە)، (ڕاگرتن قەدەغەیە، ناکرێ هیچ کەسێک ڕابگیرێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، تەنیا ئەگەر بڕیاری دادگا هەبێت)، (دادگا سەربەخۆیە و جگە لە یاسا هیچ دەسەڵاتێک لە دادوەرییەکەیاندا نییە و نابێ هیچ دەسەڵاتێک دەستێوەردان لە کاروباری دادگاکاندا بکات). بەڵام لەبەرامبەردا دەبینین کە تا ئێستا بڕیارەکانی (مەجلیس قیادە سەورە) کاری پێ دەکرێت، کە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری پێشێل دەکات. جگە لە چەندان ڕاپۆرت کە ئاماژە بە دەستێوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە بڕیاری دادگاکان دەکەن.

٢- ماددەی ٦١، بڕگەکانی پێنجەم و نۆیەم: بەپێی ئەو ماددەیە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، پەسەندکردنی دامەزراندنی (باڵوێز، خاوەن پلە تایبەتەکان، سەرۆک ئەرکانی سوپا و جێگرەکانی، لە فەرماندەی فیرقە بەسەرەوە، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری)یە لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام دەبینین کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەم ڕووەوە دەستێوەردان لە کارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان دەکات و حکوومەتەکانی عێراق دەسەڵاتەکان بەپێی ئەم ماددەیە دەسەڵاتەکان جیا ناکاتەوە و لە دامەزراندنی سەرکردە باڵاکانی سوپای عێراق و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، ڕەچاوی ماددەکە ناکات. لەکاتێکدا دەبێت ڕاگەیاندنی باری نائاسایی یان ڕاگەیاندنی شەڕ بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ (پلپین)ی پەرلەمانی عێراق و بە پشتبەستن بە داواکاریی هاوبەشی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێت.

٣- ماددەکانی ٨٠ و ٨٥: قۆرخکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عێراق و نووسینگەکەی. ئەو دوو

ماددەیــە لــە دەســتووری عێراقــی بــە شــێوەیەکی دروســت جێبەجــێ نەکــراون، وەک لــە مــاددەی ٨٠ی دەســتووردا هاتــووە و تاکڕەویکــردن لــە دەســەڵات لەلایــەن ســەرۆک وەزیرانــی عێراقــدا هەبــووە. لەکاتێکــدا مــاددەی ٨٥ی دەســتوور داوا دەکات کــە تــا دوای دوو خولــی هەڵبــژاردن، پەیــڕەوی ناوخــۆ بــۆ ئەنجومەنــی وەزیرانــی عێــراق دابنرێت کــە ئامانج لێی ڕێگەگرتنــە لــە حاڵەتــی تاکڕەویکــردن لــە دەســەڵات، بــەڵام بەڵگەنامــەی ڕێککەوتنــی سیاســی لــە ســاڵی ٢٠١٤ کــە بەهۆیــەوە ســێیەمین کابینــەی حکوومەتــی عێــراق پــاش کەوتنــەکاری دەســتوور پێکهێــنرا، جەختــی لــە زەروورەتــی دانانــی پەیــڕەوی ناوخــۆی ئەنجومەنــی وەزیــران کــردەوە، بــەڵام تــا کۆتایــی هەمــان ســاڵ پەیڕەوەکــە دانەنــرا، پــاش ئــەوەی بــووە هــۆی تاکڕەویکردنــی ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق لــە هەمــوو بــڕەکان لــە وڵاتــدا.

٤- مــاددەی (١٣٥ یەکــەم): دەســتێوەردانی دەســەڵاتی جێبەجێکــردن لــە کاروبــاری دەســتە ســەربەخۆکان. دەســتووری ٢٠٠٥ی عێــراق بەشــێکی تایبەتــی بــۆ دەســتە ســەربەخۆکان لــە ماددەکانــی تایبــەت بــە (کۆمســیۆنی بــاڵای مافەکانــی مــرۆڤ، کۆمســیۆنی ســەربەخۆی هەڵبژاردنــەکان و دەســتەی نەزاهــە) دانــا و دەســتە ســەربەخۆکان لــە کارەکانیانــدا دەکەونــە ژێــر چاودێریــی دەســەڵاتی یاسادانان (چاودێریــی پەرلەمــان)، بــەڵام کارەکانیــان بــە یاســا ڕێــک نەخــرا. هەروەهــا هەریــەک لــە (بانکــی ناوەنــدی، دیوانــی چاودێریــی دارایــی، دەســتەی ڕاگەیانــدن و گەیانــدن) بــە دەســتەی ســەربەخۆی دارایــی و ئیــداری دادەنرێــن و لەبــەردەم ئەنجومەنــی نوێنەرانــدا بەرپرســیارن و پێیــەوە بەســتراونەتەوە. تەنیــا دیوانەکانــی ئەوقــاف و دامــەزراوەی شــەهیدان بــە ئەنجومەنــی وەزیرانــەوە بەســتراونەتەوە، بــەڵام بڕیــاری ژمــارە ٨٨ی ســاڵی ٢٠١١ی

دادگای ئیتیحـادی، بــووە هــۆی ئـەوەی کـە کاریگەرییەکـی گـەورە لەسـەر سـەربەخۆیی ئـەو دەسـتانە دروسـت ببێـت و بـە ئەنجومەنـی وەزیرانـەوە ببەسـترێنەوە، کـە لـە ئەنجامـدا دەسـتێوەردان لـە کارەکانیان و ئیسـتغلالکردنیان بـە ئامانجی باڵادەسـتبوون بەسـەر سـەرجەم جومگەکانی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن لــە وڵاتــدا بەبــێ هیــچ چاودێرییــەک، ڕووی دا.مـاددەی (١٣٥ یەکـەم) لـە دەسـتووری عێـراق بـە دەق ئـەوەی دیـاری کـرد کـە (دەسـتەی نیشـتمانیی بـۆ لێپێچینـەوە و دادپـەروەری کـە جێگـەی دەسـتەی نیشـتمانیی بـاڵای بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی بەعـس گرتـەوە)، بەپێـی ئـەوەی دەسـتەیەکی سـەربەخۆیە و بـە هاوئاهەنگیـی لەگـەڵ دەسـەڵاتی دادوەری و دامەزراوەکانـی دیکـەی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن کار دەکات و دەکەوێتـە ژێـر چاودێریـی ئەنجومەنـی نوێنـەران، بــەڵام ئـەم دەسـتەیە بـە شـێوەیەکی خـراپ بـۆ پەراوێزخسـتنی ڕۆڵـی پێکهاتـەی سـوننە لـە عێراقـدا قۆسـترایەوە.

**تەوەری سێیەم:**

**ڕێگریکردنی حکوومەتی ئیتیحادی لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور**

دوای پرۆسـەی ئازادکردنـەوەی عێـراق و ڕووخاندنـی ڕژێمـی بەعسـی دیکتاتـۆری، ئیـرادەی گەلـی عێـراق بـە ئاراسـتەی چارەسـەرکردنی کێشـەی ناوچــە جێناکۆکــەکان و ئاســاییکردنەوەی شــوێنەوارەکانی گۆڕانکاریــی دیمۆگرافــی و دۆخــی ئیداریــی پارێزگاکانــی عێــراق ڕۆیشــت، ئەویــش لــە چوارچێـوەی مـاددەی ١٤٠ی دەسـتووریی ٢٠٠٥ی عێـراق کـە تێیـدا قۆناغەکانــی (ئاســاییکردنەوە، ســەرژمێری و ڕاپرســی لــە کەرکــووک و ناوچەکانــی دیکــە)ی لەخــۆوە گرتبــوو، بــۆ دیاریکردنــی ئیــرادەی دانیشــتووانی ئــەو ناوچانــە کــە دەبوایــە لــە ٢٠٠٧\١٢\٣١ کارەکانــی

تـەواو بکات.بەهـۆی ئـەو ماددەیـەوە دەسـتوور حکوومەتـی ئیتیحـادی بـە بەرپـرس دانـاوە لەبـەردەم جێبەجێکردنـی هەنـگاوە زەروورییەکانـی جێبەجێکردنـی مـاددەی ٥٨ی (یاسـای ئیـدارەی دەوڵـەت بـۆ قۆناغـی ڕاگواسـتن)، بـەڵام لـە ٢٠٠٥ەوە حکوومەتـی عێـراق هیـچ جدییەتێکـی لـە جێبەجێکردنـی ئـەو ماددەیـەی دەسـتووردا نەبـووە. تەنیـا چەنـد هەنگاوێکـی سـادەی لـەم بـوارەدا نـاوە، لەنێویانـدا دامەزراندنـی لێژنەیەکـی بـاڵا کـە لـە ٩ ئەنـدام پێکـدێ بـۆ جێبەجێکردنـی ماددەکـە، لەگـەڵ دامەزراندنـی پێنـج لێژنـەی دیکـە بـە ناوەکانـی (لێژنـەی سـکرتاریەت، لێژنـەی دارایـی، لێژنـەی دەرخسـتنی ڕاسـتییەکان، لێژنـەی تەکنیکـی و لێژنـەی بەدواداچـوون)، سـەرەڕای دامەزراندنـی ٣ نووسـینگە بـە ناوەکانـی (نووسـینگەی کەرکـووک، نووسـینگەی شـنگال و نووسـینگەی خانەقیـن)، ئـەو لێژنانـەش ڕاسـپاردەی خۆیـان بـۆ حکوومەتـی عێـراق بـەرز کردووەتـەوە، کـە خـۆی لـەم خاڵانـەدا دەبینێتـەوە:

١- گەڕاندنـەوەی ئـەو فەرمانبەرانـەی بەهـۆکاری سیاسـی فەسـڵ کـراون، بـۆ فەرمانگەکانـی، بـەڵام ئـەو داواکارییـە لـە ئاسـتی پێویسـت جێبەجـێ نەکـرا و ئـەو کەسـانە بـۆ فەرمانگەکانیـان نەگەڕانـەوە، تەنیـا لـە حاڵەتـی دەگمەنـدا نەبێـت.٢- گەڕاندنـەوەی کـۆچ پێکـراوان بـۆ شـوێنی ڕەسـەنی خۆیـان، بـەڵام ئـەو ڕاسـپاردەیەش لەلایـەن حکوومەتـی ئیتیحادییـەوە جێبەجـێ نەکـرا و تەنیـا بـە ڕێژەیەکـی کـەم و بـە شـێوەی خۆبەخشـانە کـۆچ پێکـراوان گەڕانـەوە.٣- گەڕاندنـەوەی ئـەو کەسـانەی کـە هێندرابوونـە ناوچـەکان و پێدانـی ٢٠ ملیـۆن دینـاری عێراقـی بـە هـەر خێزانێـک و پێدانـی پارچـە زەوییـەک لـە ناوچـە ڕەسـەنەکەی خۆیـان، بـەڵام ئـەو ڕاسـپاردەیەش جێبەجـێ نەکـرا و زۆرینـەی ئـەو عەرەبانـەی هێندرابوونـە ناوچـەکان، بـڕە پـارە دیاریکراوەکەیـان لەلایـەن حکوومەتـی

ئیتیحادییەوە پێ درا، بەڵام ناچار نەکران بۆ ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، بەڵکوو لە پارێزگاکاندا مانەوە و ئەو پارەیەی پێیان درابوو، بەکاریان هێنا بۆ کڕینی زەویی نوێ لە پارێزگاکان، ئەمە سەرەڕای هاتنە سەر هێڵی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە ساڵی ٢٠٠٧. جگە لەوانە، تا ئێستا پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچەکە لەلایەن حکوومەتی ئیتیحادییەوە بەردەوامە و بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق هەیە، کە ڕێگە دەدات بە گواستنەوەی ناسنامەی باری شارستانی بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە هاوسەرگیریی لەگەڵ عەرەبێک دەکەن لە دانیشتووانی ناوچەکە. هەروەها ئەو عەرەبانەی کە گەڕابوونەوە ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان، جارێکی دیکە تۆماری ناسنامەی باری شارستانییان بۆ پارێزگای کەرکووک گەڕانەوە و پسوولەی خۆراک و کارتی نیشتەجێبوون بە هەر ئاوارەیەک درا، کە لە پارێزگاکەدا خواستی لەمبارەیەوە هەبووە.٤- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان کە لە چوارچێوەی سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیا (سیاسەتی بەعەرەبکردن) لە ناوچە جێناکۆکەکان و لەنێویاندا لە کەرکووک کرابوو، بەڵام گرێبەستە کشتوکاڵییەکان وەک خۆیان مانەوە و حکوومەتی ئیتیحادی هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵوەشاندنەوەیان نەنا، بەڵکوو تا ئێستا عەرەبە هاوردەکان، زەوییە کشتوکاڵییەکان لە پارێزگای کەرکووک دەچێنن.٥- خەرجکردنی قەرەبووکردنەوەی ئەو خێزانانەی کە بڕگەکانی ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە، یەکێکی دیکە بوو لە ڕاسپاردەکانی لێژنەکە، بەڵام تەنیا بەشێکی کەم لە کۆچ پێکراوان ئەو قەرەبووەیان پێ درا و حکوومەتی ئیتیحادی بە بیانووی نەبوونی بودجەی پێویست، خۆی لە خەرجکردنی قەرەبووەکە لادا.٦- بڕیاری تایبەت بە ناوچەکانی (تسعين

و حمزەلـی)، لەبـارەی گەڕاندنـەوەی ئـەو موڵـک و ماڵـەی دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە بەبـێ قەرەبووکردنـەوە لەلایـەن ڕژێمـی دیکتاتۆریـی عێـراق، بـەڵام ئەنجومەنـی وەزیـران بڕیارەکـەی پەسـەند نەکـرد، سـەرەڕای جەختکردنـەوەی لێژنەکـە لەسـەر گرنگیـی ئـەو بڕیـارە لـە چارەسـەرکردنی زۆر کێشـەی موڵکـداری و مامەڵـەی دادوەری لـە کەرکـووک، هەرچەنـدە بڕیارەکـە لـە ٢٠٠٧\١٠\١١ دەرکـرا.٧- سـەرەڕای ئـەوەی سـەرۆکایەتیی کۆمـاری عێـراق بـەو پێیـەی بەشـێکە لـە دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـی ئیتیحـادی، پـڕۆژە یاسـای دووبـارە نەخشـەکردنەوەی سـنوورەکانی عێـراق (ئیـداری) بـۆ پەرلەمانـی عێـراق نـارد، بـەڵام ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق خـۆی لـە دەرکردنـی ئـەو یاسـایە لادا.٨- ئەنجومەنـی وەزیرانـی عێـراق داواکارییەکـی ئەنجومەنـی پارێـزگای کەرکووکـی لەبـارەی ئەنجامدانـی ڕاپرسـی لـە کەرکـووک ڕەت کـردەوە، بـە بیانـووی ئـەوەی جێبەجێکردنـی مـاددەی ١٤٠ هێشـتا لـە قۆناغـی یەکەمیدایـە کـە ئەویـش ئاسـاییکردنەوەیە.

**تەوەری چوارەم:**

**بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی ئیتیحادی**

لـە گرنگتریـن پابەندییـە دەسـتوورییەکانی دەوڵەتـی عێـراق بـە چەمکێکـی سـەردەمییانە، دابینکردنـی ژیانێکـی شـەرەفمەندانەیە بـۆ سـەرجەم هاووڵاتییانـی بەبـێ سـزادان، لـە چوارچێـوەی دابینکردنـی داهاتـی پێویسـت بـۆ پڕکردنـەوەی خەرجییـەکان لـە چوارچێـوەی بودجەی گشـتی، کـە حکوومەتـی ئیتیحـادی لـە سـەرەتای هـەر ساڵێکدا ئامـادەی دەکات و دەسـەڵاتی یاسـادانان بـەو پێیـەی نوێنـەری گەلـە، پەسـەندی دەکات.لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو یەکانـەی دەوڵەتـی عێراقیـان پێکهێنـاوە،

بریتیــن لــە (هەرێمــەکان، ویلایــەت و کانتۆنــەکان) کــە ســەربەخۆیی داراییــان هەیــە و بەشــێک لــە داهاتــی گشــتیی ئیتیحــادی بــۆ هەرێمــەکان تەرخــان دەکرێــت. لــەو کاتــەوەی دەســتووری ٢٠٠٥ی عێــراق کاری پــێ دەکرێــت، ڕێککەوتــن لەســەر ئــەوە کــراوە کــە ١٧٪ی کــۆی داهاتــی ڕاستەقینەی عێـراق بـە سـەرجەم جۆرەکانیـەوە، بـۆ هەرێمـی کوردسـتان تەرخــان بکرێــت و ســەرجەم یاســاکانی تایبــەت بــە بودجــەی گشــتیی ساڵانەی عێـراق لەسـەر ئـەو ڕێژەیـە دەرکـراوە و حکوومەتـی عێـراق بـەو ڕێژەیـەوە پابەنـد کـراوە، بـەڵام لـە ساڵی ٢٠٠٥ەوە حکوومەتـی ئیتیحـادی ئــەو پابەندییــە دەســتوورییەی پێشــێل کــردووە و سیاســەتی ئابووریــی تایبەتــی بــۆ تەســککردنەوەی بــاری ئابووریــی هەرێمــی کوردســتان جێبەجــێ کــردووە، ئەویــش لــە ڕێگــەی:

١- تەرخانکردنــی ڕێــژەی دیاریکــراو بــۆ هەرێمــی کوردســتان، لــە باشــترین حاڵەتــدا ١١ تــا ١٢٪ی تێپــەڕ نەکــردووە.

٢- جیاکردنــەوەی خەرجییــە ســیادییەکان لــە خەرجییــە گشــتییەکان لــە پشــکی هەرێمــی کوردســتان و موبالەغەکــردن لــە تەرخانکردنــی ئــەو خەرجییــە ســیادییانە، ســەرەڕای جــۆری نوێــی خەرجیــی ســیادی کــە لــە ســاڵی ٢٠٠٦دا جۆرەکانــی خەرجییــە ســیادییەکان گەیشــتە ١٦ جــۆر بەپێــی بڕگــەی (ب) لــە مــاددەی ١٣ی یاسـای بودجـەی گشـتیی ئیتیحـادی ژمـارە ١ی سـاڵی ٢٠٠٦. هەروەهـا بەپێـی بڕگـەی دووەمـی مـاددەی ١٨ی یاسـای بودجـەی ئیتیحـادی ژمـارە ٤٤ی سـاڵی ٢٠١٧، ژمـارەی خەرجییـە ســیادییەکان بــۆ ٣٣ جــۆر خەرجــی بــەرز کرایــەوە.

٣- بێبەشـکردنی گەلـی کوردسـتان بـە بڕینـی بەشـە بودجـەی هەرێمی کوردسـتان لە مانگـی شـوباتی ٢٠١٤ەوە.

٤- کەمکردنــەوەی بەشــە دەرمانــی هەرێمــی کوردســتان کــە لــە ســاڵی

٢٠٠٥ەوە و لــە باشــترین حاڵەتــدا ٦٠ تــا ٦٥٪ی ئــەو بەشــە دەرمانــەی دەبوایــە بــۆ کوردســتان بنێردرێــت، نێــردراوە. لــە ســەرەتای مانگــی ١٠ی ســاڵی ٢٠١٦ەوە لــە بەشــە شایســتەی دەرمانــی هەرێمــی کوردســتاندا تەنیــا ٢٥ تــا ٣٠٪ی دەرمــان بــۆ هەرێمــی کوردســتان نێــردراوە.

٥- خەرجنەکردنــی شایســتەکانی هەرێمــی کوردســتان لــە خەرجییــە ســیادییەکان کــە مافــی هەرێمــی کوردســتان بــووە بنێردرێــت، ئــەو خەرجییانــەی تایبەتــن بــە وەزارەتــی بەرگــری، لــە ڕێگــەی بێبەشــکردنی پێشــمەرگە لــە مووچەکانیــان و پڕۆژەکانــی بەنــداو و ســوودی گشــتی.

بڕینــی پشــکی هەرێمــی کوردســتان لــە بودجــەی گشــتی و ئــەو سیاســەتەی بەغــدا پەیــڕەوی کــردووە، پێشــێلکارییەکی ڕوونــی چەنــد ماددەیەکــی دەســتووری عێراقــە، کــە لێــرەدا دەیخەینــە ڕوو:

١- مــاددەی ٥: ئــەو ماددەیــە جەختــی لــەوە کردووەتــەوە کــە ئــەو یاســایانەی حکوومەتــی عێــراق پێشــێلی کــردوون و پێیانــەوە پابەنــد نەبــووە، ســەروەرییان هەیــە و لــە ٢٠١٤ەوە عێــراق بودجــەی هەرێمــی کوردســتانی بڕیــوە، لــە کاتێکــدا بڕیــاری بڕینــی بەشــەبودجەی هەرێمــی کوردســتان بڕیارێکــی تاکلایەنــەی ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق بــووە.

٢- مــاددەی ١٤: حکوومەتــی عێــراق جیاوازیــی کــردووە لەنێــوان هاووڵاتییانــی هەرێمــی کوردســتان و هاووڵاتییانــی دیکــەی عێــراق، ئەویــش بەهــۆی بڕینــی مووچەکانیــان و ســەرچاوەی بژێوییــان، ئەمــەش پێشــێلکارییەکی ئاشــکرای مــاددەی ١٤ی دەســتوورە، کــە جەختــی لــەوە کردووەتــەوە، عێراقییــەکان لەبەردەم یاســادا یەکســانن، بەبــێ جیاوازیکردن بەهــۆی ڕەگــەز یــان نەتــەوە، یــان ڕەچەڵــەک...

٣- ماددەکانــی ٢٥ و ٢٦: حکوومەتــی عێراق ئەو دوو ماددەیەی پێشــێل کــردووە کــە کارکردنــی دەوڵەتــی عێراقــی بــۆ چاکســازیکردنی ئابــووری

لـە عێـراق بەپێـی بنەمـای ئابووریـی سـەردەمییانە دەسـتەبەر کـردووە. بەڵکـوو حکوومەتـی ئیتیحـادی زیانـی بـە ئابووریـی هەرێمـی کوردسـتان گەیانـدووە و بووەتـە هـۆی دروسـتکردنی قەیرانێکـی ڕاسـتەقینەی ئابـووری لـە هەرێمـی کوردسـتان، لـە ڕێگـەی سیاسـەتی بڕینـی پشـکی هەرێمـی کوردسـتان لـە بودجـەی گشـتی، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر مامەڵـە بازرگانییـەکان دروسـت کـردووە، بەهـۆی ئـەوەی زۆربـەی مامەڵـە بازرگانییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان پشـت بـە سیسـتەمی قسـتی مانگانـە دەبەسـتن، بەتایبەتیـش پڕۆژەکانـی بونیاتنـان و ئاوەدانکردنـەوە و بانکـەکان و بـازاڕە بازرگانییـەکان. پێنەدانـی قسـتی و سـولفەی مانگانـە یـان دواخسـتنی بووەتـە هـۆی پەککخسـتنی زۆر لەوانـە.

٤- مـاددەی ٣٢: حکوومەتـی عێـراق پابەندیـی دەسـتووریی خـۆی بەرامبـەر کەمئەندامـان و خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتـەکان و دابینکردنـی پێویسـتییەکانیان بـۆ تێکەڵبوونیـان لەگـەڵ کۆمەڵگـە پێشـێل کـردووە، لـە کاتێکـدا مـاددەی ٣٢ی دەسـتووری عێـراق جەختـی لـێ کردووەتـەوە، بـەڵام حکوومەتـی ئیتیحـادی بەهـۆی دروسـتکردنی قەیرانـی دارایـی لەڕێگـەی بڕینـی بودجـەی هەرێمـی کوردسـتان، حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی ناچـار کـردووە کـە مووچەکانیـان کـەم بکاتـەوە و نەتوانێـت پێویسـتییە شایسـتەکانیان بـۆ دابیـن بـکات.

٥- هـەر سـێ بڕگەکـەی مـاددەی ١٠٦: ئـەو ماددەیـە پێکهێنانـی (دەسـتەی گشـتی بـۆ چاودێریکردنـی تەرخانکردنی داهاتەکانـی ئیتیحادی) بـە ئـەرک دانـاوە، بـۆ بەدیهێنانـی دادپـەروەری لـە دابەشـکردنی هـاوکاری و قـەرزی نێودەوڵەتـی بەپێـی شایسـتەی هەرێـم و پارێـزگاکان، بـەڵام عێـراق هێشـتا یاسـای بـۆ پێکهێنانـی ئـەو دەسـتەیە دەرنەکـردووە و تـا ئێسـتا هیـچ یەکێـک لـە بنەماکانـی ئـەو ماددەیـە جێبەجـێ نەکـراون.

٦- لەکۆتاییـدا بڕینـی بەشـە بودجـەی هەرێمی کوردسـتان لـە بودجەی گشـتیی عێـراق، کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر هاووڵاتییانـی هەرێمـی کوردسـتان هەبـووە، بـۆ جێبەجێکردنـی زۆر لـە مافـە دەسـتوورییەکانیان کـە ئەمانـەن:

ا- ماددەی

٣٣: تایبەتـە بـە مافـی تـاک بـۆ ژیـان لـە ژینگەیەکـی تەندروسـت و پاراسـتنی ژینگـە لەلایـەن دەوڵەتـەوە، بـەڵام حکوومەتی ئیتیحـادی بەهۆی بڕینـی بودجـە، ڕێگـر بـووە لـە دابینکردنـی ئـەو مافانـە بـۆ هاووڵاتییانـی هەرێمـی کوردسـتان.

ب- مـاددەی ٣٤: تایبەتـە بـە مافـی فێرکـردن و بەرەنگاربوونـەوەی نەخوێنـدەواری، هاندانـی توێژینـەوەی زانسـتنی، چاودێریکردنـی لێهاتووان و داهێنـان و چەنـد بوارێکـی دیکـە، بەڵام بڕینی بەشـەبودجەی کوردسـتان وایۆکـردووە هاووڵاتییانـی هەرێمـی کوردسـتان لـەو مافانـەدا بێبـەش بـن.

ج- مـاددەی ٣٦: تایبەتـە بـە مافـی تاک بـۆ وەرزشـکردن و پابەندبوونی دەوڵـەت بـە هانـدان و چاودێریکـردن و دابینکردنـی پێویسـتییەکانی چالاکییەکانـی تـاک، بـەڵام بڕینـی بەشـە بودجـەی کوردسـتان بووەتـە هـۆی ئـەوەی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان نەتوانێـت ئـەو مافانـە بـۆ تاکەکانـی کوردسـتان دابیـن بـکات.

د- مـاددەی ١٣٢: تایبەتـە بـە مافی کەسـوکاری شـەهیدان و زیندانییانی سیاسـی و زیـان لێکەوتووانـی سیاسـەتەکانی ڕژێمـی دیکتاتـۆری، هەروەها مافـی قەرەبووکردنـەوەی خانـەوادەی شـەهیدان و زیانلێکەوتووانـی کردەوەکانـی تیرۆرکـردن، بـەڵام حکوومەتـی ئیتیحـادی ئـەو مافانـەی بـە هاووڵاتییانـی هەرێمـی کوردسـتان نـەداوە.

**تەوەری پێنجەم:**

**شکستهێنانی حکوومەتی ئیتیحادی لە ئیدارەدانی دۆسیەی نەوت و ئیعتراف نەکردن بە بنەمای هاوبەش**

نەوت پێگەیەکی گرنگی لە ئابووریی عێراقدا هەیە، بەو هۆیەوە دەقی تایبەت و پڕ لە وردەکاری لە دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقدا بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوە، لەنێوایاندا ماددەکانی ١١١ و ١١٢ی دەستوور.

ماددەی ١١١: ئەو ماددەیە جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەو سامانە گرنگە موڵکی گەلە.

ماددەی ١١٢: ئەو ماددەیە وەک بەڵگەنامەیەکی نیشتمانییە کە دابەشکردنی سامانەکە لە عێراقی نوێ بەرجەستە دەکات. پێویست بوو ئەو دابەشکردنە لەسەر بنەمای هاوبەشییەکی ڕاستەقینە بێت لە دەسەڵات و سامانە سروشتییەکە. پێویست بوو ئەو ماددەیە، بەتایبەتیش برگەی یەکەمی ماددەی ١١٢ لە چوارچێوەی یاسایەکی تەواو و تەواوکار جێبەجێ بکرایە، بەڵام هێشتا قۆناغە نوێیەکە پێویستی بە یاسایەک هەیە، کە لەگەڵ قۆناغەکەدا بگونجێت، لەبەر سێ هۆکار:

هۆکاری یەکەم: لە عێراقدا یاسایەکی یەکگرتووی نەوت و غاز پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو بوونی نەبوو، بەڵکوو کۆمەڵە یاسایەک هەبوون کە ماوەیەکی زەمەنیی درێژیان بەسەردا چووە.

هۆکاری دووەم: سیستەمی ئابووریی کۆن لەسەر فەلسەفەی ئابووریی ئاراستەکراو لەژێر کۆنترۆڵی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی گشتگیر بونیات نرابوو، یاسا نەوتییەکان گوزارشتیان لەو فەرمانڕەواییە گشتگیرە دەکرد، بەڵام سیستەمی ئابووریی نوێ پاش بەکارخستنی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق، بەپێی فەلسەفەی ئابووریی ئازاد و کرانەوە

بـە ڕووی وەبەرهێنەرانـی بیانـی بونیـات نـراوە، ئـەوەش مانـای وایـە کـە یاسـا کۆنـەکان لەگـەڵ دۆخـی نوێـدا ناگونجێـن، بۆیـە دەرکردنـی یاسـایەکی نـوێ بـۆ نـەوت و غـاز دەکاتـە حەتمـی.

هـۆکاری سـێیەم: دەسـتوور بـە دەق جەخـت لـە (هاوبەشـکردن لـە ئیدارەدانـی نـەوت و غـاز لەنێـوان حکوومەتـی ئیتیحـادی و حکوومەتـی هەرێمـەکان، دابەشـکردنی داهاتەکانـی نـەوت بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە و تەرخانکردنـی پشـکی هەرێمـە زیانلێکەوتـووەکان) دەکاتـەوە، بـەڵام ئـەو بابەتانـە لـە یاسـا کۆنەکانـدا ڕێـک نەخرابـوون، بۆیە ڕێکخسـتنیان لـە یاسـایەکی نوێـدا بـە زەروورەت زانراوە.*لەگـەڵ ئـەوەدا حکوومەتەکانـی عێـراق بوونـە لەمپـەر لەبـەردەم دەرکردنـی یاسـای نـەوت و غـاز، لـە کاتێکـدا لـە ٢٠٠٧\٧\١٤ەوە پڕۆژەیاسـایەک لەمبارەیـەوە پێشـکەش بـە ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق کـراوە، هۆکارەکەشـی بـۆ بوونـی دەسـەڵاتی هەرێمـەکان لـە ئیـدارەدان و پێشخسـتنی کەرتـی نەوت و غـاز دەگەڕێتـەوە. پێشـتریش پـڕۆژە یاسـاکە لـە ٢٠٠٧\٢\٢٦ پێشـکەش بـە ئەنجومەنـی شـوورای دەوڵەتـی عێـراق کرابـوو، کـە دەسـەڵاتەکانی لـە داڕشـتنەوەی یاسـایی و زمانەوانـی زیاتـر نییـە و حکوومەتـی ئیتیحادیـش ڕێگـەی بـەم دەسـتێوەردانە دابـوو، بـەڵام ئەمـە لەکارخسـتنی بڕگـەی یەکەمـی مـاددەی ١١٢ی دەسـتووری عێراقییـە، کـە بڕیـاری لەسـەر بنەمـای هاوبەشـیی تـەواو لـە کەرتـی نـەوت و غـاز لەنێـوان حکوومەتـی ئیتیحـادی و حکوومەتـی هەرێمـەکان داوە.ئێسـتا کـە ١٢ سـاڵ بەسـەر دەرچوونـی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـدا تێپـەڕ دەبێـت، بـەڵام هێشـتا عێـراق لـە بۆشـایی یاسـاییدایە لـە گرنگتریـن کەرتـی ئابووریـی خۆیـدا، بەهـۆی ڕەتکردنـەوەی بنەمـای هاوبەشـکردنی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان (تاکـە هەرێمـی عێـراق) لـەم کەرتـەدا. ئەمـەش مانـای وایـە

کـە حکوومەتـی ئیتیحـادی سـەرجەم بەرپرسـیارێتیی یاسـایی گرێبەسـتە نەوتییەکانـی لەگـەڵ لایەنـی بیانـی و تـەواوی پرۆسـەکانی تایبـەت بـە نـەوت و غـاز دەکەوێتـە ئەسـتۆ.

**تەوەری شەشەم:**

**پێشێلکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان**

پاراسـتنی مـاف و ئازادییـە گشـتییەکان بەشـێن لـە بنەماکانـی هـەر دەسـتوورێکی سـەردەمییانە لـە جیهانـدا. دەسـتووری عێراقیـش لـە چەنـدان جێگـەدا بڕیـاری لەسـەر ئـەم بنەمایـە داوە، لـە دیباجەکـەی و چەنـدان بەشـدا ئامـاژەی پـێ داوە. پێشـێلکردنی ئـەو مافانـە بـە تەنیـا کاریگەرییـان لەسـەر تـاک لـە عێراقـدا نابێـت، بەڵکـوو کاریگەرییـان لەسـەر کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیشـدا دەبێـت، لەمەشـدا بەڕوونـی دەردەکەوێـت کـە پێشـێلکردنی ئـەو مـاف و ئازادییـە گشـتییانە بوونـە هـۆکاری سـەرهەڵدانی ڕێکخسـتنی تیرۆریسـتیی داعـش، لـەو شـوێنانەی کـە خەڵکەکـەی پەراوێـز خرابـوون و حکوومەتـی ئیتیحـادی سـادەترین مافەکانیـان پـێ ڕەوا نەدەبینیـن. دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق لـەم بڕگـە و ماددانـەدا مـاف و ئازادییـە گشـتییەکانی دیـاری کـردووە:

١- بڕگـەی دووەمـی مـاددەی ٢: ئامـاژە بـەوە دەکات کـە (ئـەم دەسـتوورە تـەواوی مافـە ئایینییـەکان بـۆ سـەرجەم تاکـەکان دابیـن دەکات، لـە ئازادیـی بیروبـاوەڕ و مومارەسـەکردنی ئایینـی خۆیـان). بـەڵام حکوومەتەکانـی عێـراق نەیانتوانیـوە بەرگـری لـە ئازادیـی بیروبـاوەڕ و مومارەسـەکردنی ئایینیـی کەمینـە ئایینییەکانـی وەک (ئێـزدی، مەسـیحی، سـابیئە و کاکەیـی) بـکات و پەیڕەوانـی ئـەو ئایینانـە لـە سـاڵی ٢٠٠٥ەوە ناتوانـن لـە ئاسایشـێکی دڵنیـادا پەیڕەویـی لـە ئایینەکانیـان بکـەن،

لەکاتێکـدا گرنگتریـن ئەرکـی حکوومەتـی عێـراق بەپێـی ئـەو ماددەیـە، پاراسـتنی پەیڕەوانـی ئـەو ئایینانـە و ئاسـانکاری بـۆ پەیڕەوکردنـی ئایینەکانیـان بـووە.

٢- مـاددەی ١٤: ئـەو ماددەیـە جەختـی لـەوە کردووەتـەوە (عێراقییـەکان لەبـەردەم یاسـادا یەکسـانن، بەبـێ جیـاوازی بەهـۆی ڕەگـەز، نەتـەوە و .. هتـد). بـەڵام حکوومەتەکانـی عێـراق سیاسـەتی جیاکاریـی ڕەگەزییـان بەرامبـەر پێکهاتـەکان گرتووەتـە بـەر و لـە زۆر بـواردا پێکهاتـەی شـیعەیان لـە تـەواوی پێکهاتەکانـی دیکـەی عێـراق جیـا کردووەتـەوە، وەک (کارکـردن لەگـەڵ حکوومـەت، دابەشـکردنی داهاتـەکان، خوێندنـی بـاڵا و زەمـالات، نێـردەی دیپلۆماسـی و تەنانـەت لـە دابینکردنـی ئاسـایش بـۆ دانیشـتووان). تەنانـەت کـرداری کۆچپێکردنـی ناچـاری بەرامبـەر بـەزۆر لـە نەتـەوە و مەزهەبەکانـی عێـراق جگـە لـە پەیڕەوانـی مەزهەبـی شـیعە گیراوەتـە بـەر و ئامارەکانـی تایبـەت بـە کـۆچ و کۆچبـەران دەری دەخـەن کـە زۆربـەی ئەوانـەی کۆچیـان کـردووە، لـە (عەرەبـی سـوننە، مەسـیحی، سـابیئە و خاوەنـی ئایینەکانـی دیکـە)ن و بەڵگـەی یەکلاکـەرەوەش لەمبارەیـەوە لێدوانـی سـەرۆکی وەقفـی شـیعییە کـە لـە سـاڵی ٢٠١٧ داویەتـی و جەخـت لـەوە دەکاتـەوە، (مەسـیحییەکان یـان دەبێـت (جزیـە) بـدەن، یـان دەبێـت ببنـە موسـڵمان، یانیـش دەبـێ بکوژرێـن)، بـەڵام کـەس لەسـەر ئـەو لێدوانـە لێپێچینـەوەی لەگەڵـدا نەکـردووە.

٣- مـاددەی (١٥ و ١٣٧ ب): ئـەو ماددەیـە ئامـاژەی بـەوە داوە: (هەمـوو کەسـێک مافـی ژیـان، ئاسـایش و ئازادیـی هەیـە و نابـێ لـەو مافانـە بێبـەش بکرێـن یـان کۆتوبەندیـان بـۆ دابـنرێ، تەنیـا بەپێـی یاسـا و لەژێـر ڕۆشـنایی بڕیارێکـی دەرکـراو لـە لایەنـی دادوەری نەبێـت).

مـاددەی (١٣٧ ب) دووپاتـی کردووەتـەوە: (نابـێ هیـچ کەسـێک ڕابگیرێـت یـان لێکۆڵینـەوەی لەگەڵـدا بکرێـت، تەنیـا بەپێـی بڕیـاری دادگا نەبێـت).

٤- بڕگـەی دووەمـی مـاددەی ٢٨ و مـاددەی ٢٩ و ٣٠: ئـەو ماددانـە جەختیـان لـە مافـە کەسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابوورییەکانـی تاکەکـەس لـە عێـراق کردووەتـەوە، وەک (کەمکردنـەوەی بـاج لەسـەر ئـەو کەسـانەی داهاتیـان سـنووردارە، پاراسـتنی کیانـی خێـزان، پاراسـتنی دایـکان و منـداڵان و بەسـاڵاچووان، چاودێریکردنـی گەنجـان، قەدەغەکردنـی ئیسـتغلالکردنی ئابووریـی منـداڵان، قەدەغەکردنـی توندوتیـژی لـە خێـزان و قوتابخانـە، دەسـتەبەرکردنی بیمـەی کۆمەڵایەتـی و تەندروسـتی و بنەمـا سـەرەکییەکان بـۆ ژیانێکـی شـەرەفمەندانە، دابینکردنـی داهـات و شـوێنی نیشـتەجێبوون بـۆ تـاک و خێـزان و دابینکردنـی بیمـەی کۆمەڵایەتـی و تەندروسـتی بـۆ عێراقییـەکان لـە حاڵەتـی بەسـاڵاچوون یـان نەخۆشـی یـان... هتد).حکوومەتەکانـی عێـراق هیـچ یەکێـک لـەو مافانەیـان بـە دروسـتی دابیـن نەکـردووە و هـەزاران خێزانـی عێراقـی بەهـۆی شـەڕ و هـەژاری و نەزانییـەوە لێکهەڵوەشـاونەتەوە، هـەزاران ژن و منـداڵ بەهـۆی تیـرۆر و کۆچپێکردنـی ناچـاری و نەبوونـی توانـای حکوومەتـی عێـراق بـۆ پاراسـتنی سـەقامگیری، شـوێنەکانیان بەجـێ هێشـتووە. هـەزاران منـداڵ لە مافـی خوێنـدن و ژیانێکـی شایسـتە بێبـەش کـراون و هەزارانیـان لەسـەر شـەقامەکان ڕووبـەڕووی جۆرەهـا شـێوەی پێشـێلکاری دەبنـەوە.

٥- ماددەکانـی ٣١ و ٣٢: کـە خـۆی لـە کۆمەڵێـک مافـی تەندروسـتی بـۆ تاکەکانـی عێـراق وەک (مافـی چاودێریـی تەندروسـتی، دامەزراندنـی نەخۆشـخانە و دامـەزراوەی تەندروسـتی، چاودێریـی کەمئەندامـان و خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتـەکان) دەبینێتـەوە. حکوومەتەکانـی عێـراق نەیانتوانیـوە ڕەچـاوی ئـەو مافانـە بکـەن بـۆ هاووڵاتییانـی هەرێمـی

کوردستان، سەرەڕای ئەوەی خەرجییەکانی تەرخانکراو بۆ کڕینی دەرمان و پێویستییە پزیشکییەکان لەنێو خەرجییە سیادییەکانی عێراقدان و بودجەی ئەم جۆرە خەرجییە پێش هەر بڕگەیەکی دیکەی بودجەی گشتیی عێراق دابین دەکرێت، بەڵام حکوومەتی عێراق پشکی هەرێمی کوردستانی لە دەرمان و پێویستییە پزیشکییەکان کەم کردووەتەوە، لە جێگەی ئەوەی زیادی بکات، هەرچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە زیاتر لە یەک ملیۆن و ٨٠٠ هەزار ئاوارەی پارێزگاکانی عێراق کردووە، کە ئەم ژمارە بەرزە پێویستییان بە هاوکاریکردنی پزیشکی هەبووە.

٦- ماددەی ٣٣: جەختی لە (زەروورەتی دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ هاووڵاتییانی عێراق) کردووەتەوە. بەڵام حکوومەتی ئیتیحادی نەیتوانیوە پابەندیی خۆی بەرامبەر ئەو لایەنە گرنگەی ژیانی هاووڵاتییان جێبەجێ بکات و ژینگەی عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە زیاتر تووشی پیسبوون بووەتەوە.

٧- ماددەی ٤١: لە دەقەکەیدا هاتووە: (عێراقییەکان لە پابەندییەکانیان بە باری کەسێتییاندا بەپێی ئایین و مەزهەب و بیروباوەڕ و هەڵبژاردن و.. هتد ئازادن)، بەڵام حکوومەتەکانی عێراق ئەو ماددەیەیان پەک خست، بۆ پەیڕەوانی ئایینەکانی (مەسیحی، ئێزدی، سابیئە و ئەوانەی دیکە) یاسای باری کەسێتییان بەپێی مەزهەب و بیروباوەڕیان ڕێک نەخست، ئەمەش سەرپێچیکردنێکی ڕاشکاوانەیە لە بنەمای ئازادیی بیروباوەڕ کە بە یەکێک لە گرنگترین مافەکانی هاووڵاتییان و بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێوان پەیڕەوانی ئایینە جۆراوجۆرەکانی عێراق دادەنرێ.

٨- بڕگەی یەکەمی ماددەی ٤٤ی دەستووری هەمیشەیی عێراق:

تێیـدا هاتـووە (عێراقییـەکان ئازادیـی گواسـتنەوە و نیشـتەجێبوونیان لەنێـو عێـراق و دەرەوەیـدا هەیـە). بـەڵام حکوومەتەکانـی عێـراق ئـەم بڕگەیەشـیان پێشـێل کـردووە و گەشـتکردنی ئافرەتیـان بـە تەنیـا قەدەغـە کـردووە.

٩- بڕگـەی سـێیەمی مـاددەی ٣٧:جەختـی لـە (قەدەغەکردنـی بازرگانیکـردن بـە ئافرەتـان) کردووەتـەوە. حکوومەتەکانـی عێـراق زۆر کەمتەرخەمییـان لـەم بڕگەیەشـدا کـردووە و دیـاردەی هاوسـەرگیریکردنی کیـژۆڵان و کچانـی خـوار تەمەنـی ١٨ سـاڵان بـڵاو بووەتـەوە.

١٠- مـاددەی ١٢٥:تێیـدا هاتـووە: (ئـەو دەسـتووورە مافـە ئیـداری، سیاسـی، ڕۆشـنبیری و فێرکارییـەکان بـۆ نەتـەوە جۆراوجـۆرەکان.. هتـد، گەرەنتـی دەکات). حکوومەتـی عێـراق ئـەو ماددەیەشـی پـەک خسـت، لـەو ڕوانگەیـەوە کـە وەکـوو پێویسـت بـوو، هیـچ یەکێـک لـەم مافـە ئیـداری، سیاسـی، ڕۆشـنبیری و تەعلیمییانـە بـە نەتـەوە جیاوازەکانـی عێـراق نـەدران.

١١- مـاددەی ١١١ یەکـەم و دووەم: تێیـدا هاتـووە: (دەوڵـەت چاودێریکردنـی کەسـوکاری شـەهیدان و زیندانییانـی سیاسـی و...، قەرەبووکردنـەوەی خانـەوادەی شـەهیدان و بریندارانـی کـردەوە تیرۆریسـتییەکان لەئەسـتۆ دەگـرێ). حکوومەتەکانـی عێـراق مافەکانـی شـەهیدان و زیندانییانـی سیاسـی، بەتایبەتیـش کەسـوکاری شـەهیدان و زیندانییانـی سیاسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان لەئەسـتۆ نەگرتـووە، ئەرکـی حکوومەتەکانـی عێـراق بـوو کـە کەسـوکاری شـەهید و ئەنفالکـراوان (لـە هەڵەبجـە و ئـەو شـوێنانەی دیکـە کـە لـە خەباتیانـدا دژی ڕژێمـی دیکتاتـۆری شـەهید بـوون) قەرەبـوو بکاتـەوە، لـە کاتێـکدا پەرلەمانـی عێـراق ئەنفـال و شـەهیدکردنی هاووڵاتییانـی هەڵەبجـەی لـە کۆمەڵێـک

کـرداری کۆمەڵکوژیـدا بەفەرمـی ناسـاندووە.هەرچی پەیوەندیـی بـە قەرەبووکردنـەوەی خانـەوادەی شـەهیدان و بریندارانـی کـردەوە تیرۆریسـتییەکانە، حکوومەتەکانـی عێـراق کەمتەرخەمییەکـی زۆریـان لەمبارەیـەوە هەیـە، بـۆ نموونـە لـە شـەڕی دژ بـە داعشـدا تەنیـا لەنێـو ڕیزەکانـی پێشـمەرگە هـەزار و ٦٩٣ پێشـمەرگە شـەهید بـوون و نزیکـەی ١٠ هـەزار پێشـمەرگەش برینـدار بـوون، بـەڵام حکوومەتەکانـی عێـراق کەسـوکاری ئـەو شـەهیدانە و بریندارەکانیـان قەرەبـوو نەکردووەتـەوە، تەنانـەت نیـازی قەرەبووکردنەوەشـیانی نییـە. هەمـان شـتیش لەبـارەی کەسـوکاری شـەهیدان و بریندارانـی کـردەوە تیرۆریسـتییەکان لـە ٢٠٠٣وە تـا ٢٠١٧.

**تەوەری حەوتەم:**

**تەواونەکردنی سیستەمی یاسایی و تەشریعی لە عێراق**

دەسـەڵاتەکانی ئیتیحادیـی عێراقـی چەنـدان جـار هەوڵـی پەکخسـتنی دەسـتووری عێراقیـان داوە، لـە ڕێگـەی پێشکەشـنەکردنی پـڕۆژە یاسـا لەلایـەن حکوومەتـەوە کـە سیسـتەمی فیدراڵـی لـە عێراقـی نوێـدا بەرجەسـتە بـکات. بەڵکـوو بـە شـێوەیەکی گشـتی حکوومەتـی ئیتیحـادی بـە سـیفەتێکی تایبەتـی و بـە ڕۆحـی سیسـتەمی مەرکـەزی کاری کـردووە، زۆر یاسـا و بڕیـار لـە عێراقـی نوێـدا دەرکـراون کـە مۆرکـی سیسـتەمی مەرکەزییـان بەسـەرەوەیە. پەرلەمانـی عێراقیـش ئەرکـی پێویسـت بـۆ دەرکردنـی ئـەو جـۆرە یاسـایانە بەجـێ ناهێنێـت. لێـرەدا چەنـد ماددەیەک دەخەینـە ڕوو، کـە پێشـێلکاریی ڕوونیـان تێـدا کـراوە:

١- مـاددەی ١٢: بەپێـی ئـەو ماددەیە:یەکـەم: بەپێـی یاسـا، ئـاڵای عێـراق و دروشـمەکەی و سروودە نیشـتمانییەکە ڕێـک دەخرێـت، کـە

گوزارشــت لــە ســەرجەم پێکهاتەکانــی عێــراق بــکات.

دووەم: بـە یاسـا، وەرزەکان و پشـووە فەرمییـەکان و بۆنـە ئایینییـەکان و نیشـتمانییەکان و ڕۆژژمێـری زایینـی و کۆچـی دیـاری دەکرێـت.

هــەروەک پێشــتر ئاماژەمــان پــێ دا، لــە سروودی نیشــتمانی و ئــاڵای عێراقــدا ڕەچــاوی پێکهاتــەکان تەنانــەت پێکهاتــەی کوردیــش نەکــراوە. هەروەهــا بۆنــە و جەژنەکانــی پەیوەندیــدار بــە گەلــی کــورد لەلایــەن دەســەڵاتدارانی ئیتیحادییــەوە پەراوێــز خــراون.

٢- مــاددەی ١٨: بەپێــی ئــەو ماددەیــەی دەســتووری عێــراق، هــەر کەســێک لــە دایکێکــی عێراقــی لەدایــک ببێــت، ئــەوا عێراقییــە، بــەڵام حکوومەتــی عێــراق ئــەو ماددەیــەی پــەک خســتووە و تەنیــا ڕەگەزنامــە بــەو کەســانە دەدات کــە لــە باوکێکــی عێراقــی لەدایــک بــوون، ئەمــەش کاریگەریــی لەســەر مافەکانــی ئافرەتانــی عێراقــی هەیــە.

٣- ماددەکانــی ٢١، ٢٢ و ٢٤: ئــەو ماددانــە مافــی پەنابەرێتیــی سیاســی و ڕادەســتنەکردنەوەی پەنابــەر، مافــی دامەزراندنــی ســەندیکا و یەکێتییــە پیشــەییەکان، ئازادیــی گواســتنەوەی دەســتی کار و کەلوپــەل، مافــی خاوەندارێتــی و قەدەغەکردنــی موڵکدارێتــی بــە ئامانجــی گۆڕینــی دیمۆگرافــی دەکاتــەوە، کــە حکوومەتــی عێــراق ئــەو ماددانــەی جێبەجــێ نەکــردووە.

٤- مــاددەی ٨٤: ئــەو ماددەیــە جەختــی لــەوە کردووەتــەوە کــە دەبــێ یاســایەکی تایبــەت بــە کاری دەزگا ئەمنــی و هەواڵگرییــەکان لــە عێــراق دەربکرێــت، بــەڵام تــا ئێســتا ئــەو یاســایە دەرنەکــراوە، کــە بەهۆیــەوە زۆر پێشــێلکاری بەرامبــەر بــە مافەکانــی مــرۆڤ کــراوە و توانــای ئــەو دامەزراوانەشــی لــە پاراســتنی ئاسایشــی نیشــتمانی پــەک خســتووە، لــە ئەنجامــی ئەمەشــدا بــوو کــە تیرۆریســتانی داعــش دەســتیان بەســەر

سـێیەکی خاکـی عێراقـدا گـرت.

٥- مـاددەی ٦١: دەرنەکردنـی یاسـای بـاری نائاسـایی بـۆ ڕێکخسـتنی کاروبارەکانـی وڵات لـە کاتـی شـەڕ، کـە بڕگـەی نۆیەمـی ئـەو ماددەیـە جەختـی لـێ کردووەتـەوە.

٦- مـاددەی ٨٦: هیـچ یاسـایەکی تایبـەت بـە کاری وەزارەتـەکان دەرنەکـرا، کـە بـووە هـۆی ئـەوەی زۆر مامەڵـەی کاروبـاری هاووڵاتییـان پەکیـان بکەوێـت و کەموکوڕییەکـی گـەورەش لـە دامەزراوەکانـی حکوومەتـی ئیتیحـادی و هەرێمـەکان و پارێـزگاکان دروسـت ببێـت.

٧- مـاددەی (١٩٣ شەشـەم): هیـچ یاسـایەک دەرنەکـرا بـۆ ئـەو حاڵەتانـەی کـە تایبەتـن بـە ئاراسـتەکردنی تۆمـەت بـۆ سـەرۆک کۆمـار و سـەرۆکی ئەنجومەنـی وەزیـران، ئەمـەش بـووە هـۆی نەبوونـی دادپـەروەری، بـۆ نموونـە، کاتێـک نـووری مالیکـی، سـەرۆک وەزیرانـی پێشـووی عێـراق، بودجـە و مووچـەی هاووڵاتییانـی هەرێمـی کوردسـتانی بـڕی، هیـچ یاسایەک نەبـوو کـە بەهۆیـەوە تۆمەتەکـەی ئاراسـتە بکرێـت و ڕووبـەڕووی دادگا بکرێتـەوە.

٨- مـاددەی ١١٢: دەرنەکردنـی یاسـای نـەوت و غـاز لـە عێـراق کـە دەبوایـە بەپێـی بڕگـەی یەکەمـی ئـەو ماددەیـەی دەسـتوور، دابمەزرایـە.

٩- مـاددەی ١١٣: هیـچ یاسـایەکی تایبـەت بـە شـوێنەوار دەرنەکـرا کـە بـووە هـۆی پشتگوێخسـتنی لایەنێکـی گـەورەی شارسـتانیەتی گەلانـی عێـراق و شارسـتانیەتی وادی ڕافیدەیـن.

١٠- مـاددەی ١١٤: بەپێـی بڕگـەی یەکەمـی ئـەو ماددەیـە، دۆسـیەی گومـرگ دەبوایـە بـە یاسـا ڕێـک بخرایە، بەڵام تـا ئێسـتا یاسـاکە دەرنەکراوە و دۆسـیەی گومرگەکانـی عێـراق بـە کێشـەیەکی یاسـایی گـەورەدا تێپـەڕ دەبێـت.

١١- مـاددەی ١٢٣: بەپێـی ئـەو ماددەیـە، دەبوایـە یاسـایەکی تایبـەت بـە گواسـتنەوەی دەسـەڵاتەکانی حکوومەتـی ئیتیحـادی بـۆ پارێـزگاکان دەربکرایـە، بـەڵام ئەمـەش نەکـرا، لەکاتێکـدا دەرنەکردنـی یاسـاکە پێچەوانـەی بنەمـای لامەرکەزیـی ئیدارییـە، کـە دەسـتووری عێراقـی لەسـەر بونیـات نـراوە.

١٢- مـاددەی ١٢٤: تـا ئێسـتا بـە یاسـا پایتەختـی عێـراق (بەغـدا) ڕێـک نەخراوە.

**تەوەری هەشتەم:**

**شکستهێنانی دەوڵەتی عێراق**

بـە شـێوەیەکی ڕوون شکسـتهێنانی دەوڵەتـی عێـراق و نەبوونـی توانـای ئـەو دەوڵەتـە لـە ئیدارەدانـی عێراقـی فیـدراڵ دەردەکەوێـت، بەڵکـوو عێـراق بووەتـە دەوڵەتێکـی لاواز کـە ناتوانێـت خزمەتگوزارییـە سـەرەتاییەکان و ئەمـن و سـەقامگیریی ئابـووری بـۆ هاووڵاتییانی دروسـت بـکات. لـەم خاڵانـەدا ئـەم بابەتـە ڕوونـتر دەردەکەوێـت:

١- مـاددەی (١٧ یەکـەم و دووەم): لـە خاڵـی یەکەمـی ماددەکـەدا جەخـت لـەوە کراوەتـەوە کـە هەمـوو ئـەو کیـان و میتۆدانـەی (ڕەگەزپەرسـتی، تیـرۆر، تەکفیرکـردن، ڕۆحـی تائیفـی، هانـدان و ...هتـد) لەخـۆوە دەگـرن، قەدەغـە دەکرێـت و نابێـت ئـەم بابەتانـە لەنێـو فرەیـی سیاسـی لـە عێراقـدا هەبـن. خاڵـی دووەمی ماددەکـەش دەڵێـت: (دەوڵەت پابەنـدە بـە ڕووبەڕووبوونـەوەی تیـرۆر بـە هەمـوو شـێوەکانیەوە، کار دەکات لەسـەر پاراسـتنی خاکەکـەی بـۆ ئـەوەی نەبێتـە بارەگایـەک یـان ڕێڕەوێـک یـان گۆڕەپانێـک بـۆ چالاکییەکانـی (تیـرۆر)). کۆمـاری عێـراق لـە ڕێگەگرتـن لـە دەرکەوتنـی قـەوارەی ڕەگەزپەسـتی و تیرۆریسـتی و

تەکفیـری شکسـتی هێنـاوە، بەڵکـوو ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییەکان لـە چالاکییـە خوێنـاوی و نامرۆڤانەکانیـان بەردەوامـن و دەوڵەتـی عێراقیـش نەیتوانیـوە ڕێگەیـان لـێ بگرێـت. ڕاگەیاندنـی ڕێکخـراوی تیرۆریسـتیی داعـش لەسـەر بەشـێکی گـەورەی خاکـی عێـراق، بەتایبەتیـش لـە شـاری مووسـڵی دووەم گەورەتریـن شـاری عێـراق، بەڵگەیـە لەسـەر ئەمـە. بەپێـی ئامارەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، عێـراق لـە دیارتریـن ئـەو وڵاتانەیـە کـە خەڵکەکـەی ڕووبـەڕووی کـۆچ و کۆچپێکردنـی ناچـاری و کۆچکردنـی بەکۆمـەڵ بوونەتـەوە. بەپێـی مـاددەی ١٠٩ی دەسـتووری عێـراق، (دەسـەڵاتی ئیتیحـادی یەکێتیـی عێـراق و سـەلامەتییەکەی و سـەربەخۆیی و سـەروەری و سیسـتەمە دیموکراسـییە ئیتیحادییەکـەی دەپارێزێـت). هەروەهـا بەپێـی مـاددەی (١١٠\ دووەم)، ئەرکـی حکوومەتـی ئیتیحادییـە سیاسـەتێکی ئاسایشـی نیشـتمانی دابنـێ و جێبەجێـی بـکات، لەنێویانـدا دامەزراندنـی هێـزی چەکـدار و ئیدارەدانـی بـۆ دڵنیابوونـەوە و گەرەنتیکردنـی ئاسایشـی سـنوورەکانی عێـراق و بەرگریکـردن لێـی. ئـەوە ڕوونـە کـە دەسـەڵاتەکانی عێـراق یەکێتیـی عێـراق و سـەربەخۆیی و سـەروەرییەکەیان نەپاراسـتووە، ماوەیەکـی زۆر بەشـێکی بەرچـاوی خاکـی عێـراق لەژێـر کۆنتڕۆڵـی تیرۆریسـتاندا بـووە. ئێسـتاش هیـچ گەرەنتییـەک نییـە کـە ڕێکخـراوی تیرۆریسـتیی نـوێ و بەهێزتـر لـە داعـش دەرنەکـەوێ.

٢- مـاددەی ٨: بەپێـی ئـەو ماددەیـە، عێـراق بنەمـای دراوسـێیەتییەکی بـاش لەبەرچـاو دەگرێـت و دەسـتێوەردان لـە کاروبـاری وڵاتانـی دیکـەدا نـاکات، پەیوەندییەکانـی لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندیـی هاوبـەش ڕێـک دەخـات و ڕێـز لە پابەندییـە نێودەوڵەتییـەکان دەگرێت، بـەڵام حکوومەتی عێـراق نەیتوانیـوە پارێـزگاری لـە سـەربەخۆیی و سـەروەریی خـۆی لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ دراوسـێکانیدا بـکات، بەڵکـوو عێـراق کەوتووەتـە ژێـر

هەژموونـی هەندێـک وڵاتـی دراوسـێ. بگـرە چەمکـی (دراوسـێیەتییەکی باش) بـۆ دەسـتێوەردان لـە کاروبـاری ناوخـۆی عێـراق ئیسـتغلال کـراوە و بـە نـاوی (دراوسـێیەتییەکی مەزهەبییانـەی بـاش) یـان ئایدۆلـۆژی، هەژموونـی هەندێـک دەوڵەتـی دراوسـێ لەنێـو عێراقـدا فـراوان کـراوە. هەروەهـا بەپێـی خاڵـی هەشـتەمی مـاددەی ١١٠ی دەسـتووری عێـراق، داڕشـتنی سیاسـەتەکانی پەیوەندیـدار بـە سـەرچاوەکانی ئـاو لـەدەرەوەی عێـراق و گەرەنتیکردنـی گەیشـتنی بـڕە ئـاوی پێویسـت و دابەشـکردنێکی دادپەروەرانـە بەپێـی یاسـا و عورفـی نێودەوڵەتـی، لـە دەسـەڵاتەکانی حکوومەتـی ئیتیحادیدایـە، بـەڵام حکوومەتـی ئیتیحـادی ئەرکەکانـی خـۆی بـۆ گەرەنتیکردنـی گەیشـتنی ئـاو بـە عێـراق جێبەجـێ نەکـردووە، بەڵکـوو بێدەنـگ بـووە لەبەرامبـەر دروسـتکردنی ئـەو بەنداوانـەی ئـاو کـە وڵاتانـی دراوسـێ لەسـەر سـەرچاوەکانی ئـاوی عێـراق دروسـتیان کـردووە، بـەو هۆیەشـەوە عێـراق لەداهاتـوودا دەکەوێتـە ژێـر هەڕەشـەی بێئـاوی لـە ڕووبارەکانـی دیجلـە و فـورات. هیـچ سیاسـەتێکی عێراقیـش نییـە پەیوەندیـدار بێـت بـە ئاوەکانـی دەرەوەی عێـراق، بەڵکـوو داهاتـووی عێـراق لـە ڕووی ئـاوەوە دەکەوێتـە ژێـر ڕەحمەتـی وڵاتانـی دراوسـێ.

٣- مـاددەی (١٩ یەکـەم): بەپێـی بڕگـەی (ا) ئـەو خاڵـەی مـاددەی ٩، هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق لـە پێکهاتەکانـی گەلـی عێـراق پێکدێـت کـە دەبێـت هاوسـەنگی هەبێـت و جیـاکاری و پەراوێزخسـتن نەبێـت، ئـەو هێزانـە دەکەونـە ژێـر سـەرکردایەتیی دەسـەڵاتێکی مەدەنـی و بەرگـری لـە عێـراق دەکـەن و نابنـە ئامرازێـک بـۆ سـەرکەوتکردنی گەلـی عێـراق و دەسـتێوەردان لـە کاروبـاری سیاسـی ناکـەن و ڕۆڵیـان لـە ئاڵوگۆڕکردنـی دەسـەڵاتدا نابێـت. هەروەهـا لـە بڕگـەی (ب) پێکهێنانـی میلیشـیای سـەربازی لـەدەرەوەی چوارچێـوەی هێـزە چەکـدارەکان

قەدەغـە کـراوە. حکوومەتەکانـی عێـراق نەیانتوانیـوە ڕێگـە لـە دروسـتبوونی میلیشـیا لـەدەرەوەی هێـزە چەکدارەکانـدا بگـرن، بەڵکـوو دەسـتەی حەشـدی شـەعبی سـەرەتا لـەدەرەوەی دامـەزراوە بەرگـری و دەسـتوورییەکانی عێـراق دامـەزرا و دوای ماوەیەکـی زۆر لـە پێکهێنانـی، لـە ڕۆژی ٢٠١٦\١٢\١٤، یاسـای حەشـدی شـەعبی ژمـارە ٤٠ی سـاڵی ٢٠١٦ دەرکـرا. لەکاتێکـدا دەسـتەی حەشـدی شـەعبی لـە ژمارەیـەک زۆر گـرووپ و فەسـیڵە پێکهاتـووە، هـەر یەکێـک لـەو گرووپانـە کەوتووەتـە ژێـر ڕکێفـی کەسـایەتی و حـزب و لایەنێکـی سیاسـیی دیاریکـراو. ئـەو دەسـتەیە ناپیشـەییە و لـە لایەنـی سەربازیشـدا هێزێکـی ڕێکخـراو نییـە، بەڵکـوو هەڵوێسـتی سیاسـییان هەیـە و دەسـتێوەردان لـە کاروبـاری نیشـتمانی و ناکۆکییـە سیاسـییەکاندا دەکـەن. عێـراق یەکێکـە لـەو دەوڵەتـە دەگمەنانـەی دونیـا کـە هێزێکـی بەرگریـی یەکگرتـووی نییـە، بەڵکـوو ئـەو دەسـتانە دیـاردەی (دەوڵـەت لەنـاو دەوڵـەت) بـرەو پـێ دەدەن و ئاسـایش و سـەقامگیریی عێراقیـش کەوتووەتـە ژێـر ڕەحمەتـی ئـەو کەتیبـە و گرووپانـەی نێـو میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبی. ئـەوەش هەمـووی پێچەوانـەی دەسـتووری عێراقـە.٤- مـاددەی ٢٥: بەپێـی ئـەو ماددەیـە، دەوڵەتـی عێـراق چاکسـازیی ئابـووری بەپێـی بنەمـا ئابوورییـە سـەردەمییانەکان لەئەسـتۆ دەگرێـت و وەبەرهێنانـی تـەواوی سـامانەکانی و زیادکردنـی سـەرچاوەکانی داهاتـی و هاندانـی کەرتـی تایبـەت و گەشـەپێدانی لەئەسـتۆ دەگرێـت، بـەڵام حکوومەتـی ئیتیحـادی ئـەم ئەرکانـەی بەجـێ نەهێنـاوە و تـا ئێسـتا داهاتـی دەوڵەتـی عێـراق بـە شـێوەیەکی ڕەهـا پشـت بـە نـەوت دەبەسـتێت.

٥- مـاددەی (١٢٨ یەکـەم و دووەم): بەپێـی ئـەو ماددەیـە، نابـێ هیـچ باجێـک لـەدەرەوەی یاسا بەسـەر خەڵکدا بسـەپێندرێت. هەروەهـا

ئەوانــەی کــە داهاتیــان ســنووردارە، لــە بــاج و زەریبــە دەبەخشرێــن. مـاددەی ١٠٦ جەختـی لـەوە کردووەتـەوە، کـە بـە یاسـا دەبـێ دەسـتەی گشــتی بــۆ چاودێــری تەرخانکردنــی داهاتەکانــی ئیتیحــادی پێــک بهێندرێـت، دەسـتەکەش لە پسـپۆڕانی حکوومەتـی ئیتیحـادی، هەرێمەکان و پارێــزگاکان پێــک دێــت، کــە کاریــان بەدیهێنانــی دادپەروەرییــە لــە دابەشــکردنی بەخشــش و هــاوکاری و قــەرزە نێودەوڵەتییــەکان بەپێــی شایسـتەی هەرێمـەکان و پارێـزگاکان. هەروەهـا گەرەنتیکردنی شـەفافیەت و دادپەروەرییــە لــە تەرخانکردنــی پــارە بــۆ حکوومەتــی هەرێمــەکان و پارێزگاکان.سـەرەڕای ئـەو مـاددە دەسـتوورییانە، بـەڵام عێـراق نەیتوانیـوە چاکسـازیی ئابـووری بەپێـی سیسـتەمی ئابووریـی سـەردەمییانە ئەنجـام بــدات، وەک ئــەوەی لــە مــاددەی ٢٥ی دەســتووردا هاتــووە، بەڵکــوو دەوڵەتــی عێــراق لــە ڕێکخســتنی بــاج و زەریبــە بــە یاســا شکســتی هێنــاوە. هەروەهــا دەســتەی گشــتی بــۆ چاودێریکردنــی تەرخانکردنــی داهاتەکانـی ئیتیحادییـش دانەمەزرێنـدراوە. بـەو هۆیانـەوە ئێسـتا عێـراق لــە هەرەســهێنانی ئابوورییــدا دەژی و بودجــەی ســاڵانەی عێــراق کــە لەلایـەن پەرلەمانـی عێراقـەوە بڕیـاری لـێ دەدرێـت، بـە هـۆکاری سیاسـی و تائیفـی جێبەجـێ ناکرێـت، بەتایبەتیـش ئـەو بـڕە پارەیـەی کـە لەلایـەن بەغـداوە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان تەرخـان دەکرێـت، لـە سـاڵی ٢٠١٤ەوە خـەرج ناکرێـت.

٦- مـاددەی (١١٢ دووەم): بەپێـی ئـەو ماددەیـە، بـە یاسـا، وەرزەکان و پشــووە فەرمییــەکان و بۆنــە ئایینــی و نیشــتمانییەکان و ڕۆژژمێرەکانــی زایینــی و کۆچــی ڕێــک دەخرێــن، بــەڵام نەتوانــراوە یاســایەک بــۆ ڕێکخســتنی پشــووە فەرمییــەکان لــە عێــراق دەربکرێــت و جەژنەکانــی عێـراق کـە گرنگترینیـان (جەژنـی ڕەمـەزان و جەژنـی قوربـان)ن لـە یـەک

ڕۆژدا بەڕێوە ناچن، تەنانەت لەنێو یەک شاریشدا هەندێک جار ڕۆژی جەژنەکان لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە جیاوازە.

٧- ماددەی (١١١٠ نۆیەم): ئەو ماددەیە جەختی لەوە کردووەتەوە کە سەرژمێری و ئاماری گشتیی دانیشتووان لە دەسەڵاتی حکوومەتی ئیتیحادیدایە. بەڵام لەو کاتەوەی کە دەستووری عێراق دەرکراوە، حکوومەتی عێراق لە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان شکستی هێناوە کە ئەمە کاریگەرییەکی دیاری لەسەر هەڵبژاردن و بابەتی دیموکراسی لە عێراقدا هەیە.هەروەها بەپێی ماددەی (١٤٩ یەکەم)، ئاماژە بەوە دراوە: "ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ژمارەیەک ئەندام پێک دێت، بە جۆرێک کە هەر کورسییەکی پەرلەمانی عێراق بەرامبەره بە ١٠٠ هەزار کەسە لە دانیشتووانی عێراق". بەڵام پەرلەمانی عێراق بەپێی ماددەی ١١ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە ٤٥ی ساڵی ٢٠١٣، کورسییەکانی پەرلەمانی بە ٣٢٨ کورسی دیاری کردووە. پرسیار ئەوەیە کە ئایا لەسەر چ بنەمایەک ئەو ژمارەیە دیاری کراوە؟ لەکاتێکدا سەرژمێرییەکی گشتیی دانیشتووان لەبەردەستدا نییە. بۆیە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران بەپێی داتاکانی تایبەت بە پسوولەی خۆراک، پێشێلکردنی دەستووری عێراقە.ئەوەی دەردەکەوێت کە ئەنجامنەدانی سەرژمێریی گشتیی لە عێراق بەپێی ماددەی (١١١٠ نۆیەم)، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەغدا نیازی باشی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق نییە، چونکە یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکانی ماددەی ١٤٠ بریتییە لە سەرژمێریکردن، بەڵام حکوومەتی ئیتیحادی نیازی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەی نییە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ڕێگەگرتن لە جێبەجێکردنی ماددەکە دەدات.

**دەرەنجام:**

کۆی ئـەو مـاددانـەی دەسـتووری عێـراق کـە پێشـێلکارییان بـە گشـتی یـان بـە شـێوەیەکی جوزئـی تێـدا کـراوە، ٦٣ مـاددەی دەسـتووری عێراقـە کـە بریتیـن لـە: (١، ٢، ٤، ٥، ٧، ٨، ٩، ١١، ١٢، ١٤، ١٥، ١٨، ١٩، ٢١، ٢٢، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٦، ٣٧، ٤١، ٤٤، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٦١، ٦٥، ٨٠، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٨، ٩٢، ٩٣، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٩، ١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٢١، ١٢٣، ١٢٤، ١٢٥، ١٣٠، ١٣٢، ١٣٥، ١٣٧، ١٤٠ و ١٤١).

# نووسەر لە چەند دێڕێکدا...

- نووری ئیبراهیم عەلی، ناسراو بە (نووری بێخاڵی).

- ساڵی ١٩٧١ لە ڕواندز لەدایک بووە.

- بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبی، زانکۆی بەغدا - سەلاحەددین ١٩٩٥.

- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

- ئەندامی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان.

# بەرهەمە چاپکراوەکان...

١-لـە پێنـاو هۆشـیاریی نەتەوەییـدا، نووسـین، چاپـی یەکـەم ٢٠٠٠، ژمـارە (٧)ی بڵاوکراوەکانـی هەفتەنامـەی میدیـا.

٢- گیـروگازی چەمکـی کۆمەڵـی مەدەنـی، وەرگێـڕان بـە هاوبەشـی، چاپـی یەکـەم ٢٠٠٢ و چاپـی دووەم ٢٠٠٤، لـە بڵاوکراوەکانـی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی فیکـری و ئەدەبیـی نمـا.

٣- قوتابخانـەی فڕانکفـۆرت، وەرگێـڕان بـە هاوبەشـی، چاپـی یەکـەم ٢٠٠٣، لـە بڵاوکراوەکانـی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی فیکـری و ئەدەبیـی نمـا.

٤- ڕاگەیانـدن و کاری ڕۆژنامەنووسـی، نووسـین، چاپـی یەکـەم ٢٠٠٦، ژمـارە (٣)ی بڵاوکراوەکانـی سـەنتەری ڕۆشـنبیریی سـۆران.

٥- شـەڵاڵم بـە عەتـری ئێـوارە، شـیعر، چاپـی یەکـەم ٢٠١٠، ژمـارە (٢) ی بڵاوکراوەکانـی سـەنتەری ڕۆشـنبیریی مێرگەسـوور.

٦- دیـدگا - لێکۆڵینـەوەی فیکـری و وتـاری ڕۆژنامەنووسـی، چاپـی

یەکـەم ٢٠١٨، لـە بڵاوکراوەکانـی ئەکادیمیـای بەدرخـان بـۆ توێژینـەوەی ڕۆنامەوانــی و کولتــوور.

٧- ڕوانگــە - گۆشــەی ڕۆژنامەنووســی، چاپــی یەکــەم ٢٠١٨، لــە بڵاوکراوەکانــی ئەکادیمیــای بەدرخــان بــۆ توێژینــەوەی ڕۆژنامەوانــی و کولتــوور.

٨- ســەفەر نیشــتمانی نییــە و موســافیر هــەر هیــچ، شــیعر، چاپــی یەکـەم ٢٠١٨، لـە بڵاوکراوەکانـی ئەکادیمیـای بەدرخـان بـۆ تویژینـەوەی ڕۆژنامەوانــی و کولتــوور.